# واتا و وەرگێڕان

## لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە

# واتا و وەرگێڕان

## لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە

نووسینی

پەروین عوسمان مستەفا عەللاف

دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

● **واتا و وەرگێڕان** (لێكۆڵینەوەیەكی واتاسازییە)

● **نووسینی:** پەروین عوسمان مستەفا عەللاف
● **بابەت:** زمانەوانی (واتاسازی)
● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
● **بەرگ:** حەمیدە یوسفی
● **چاپ:** یەكەم ٢٠٠٩
● **ژمارەی سپاردن:** ٩١٦
● **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
● **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
● **چاپخانە:** چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی كتێب (٤١٤)**

**هەموو مافێكی بۆ دەزگای موكریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



ئەم لێكۆڵینەوەیە نامەی ماستەری نووسەرە كە لە ساڵی ٢٠٠٨ بە سەرپەرشتی پ. ی.د. یوسف شەریف سەعید پێشكەشی كۆلێژی زمانی زانكۆی كۆیەی كردووە و بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی ماستەر لەزمانی كوردیدا.

مافی بەكارهێنانی هەر دەستەواژەیەك كە لە ناو ئەم كتێبەدا هەبێت پارێزراوە بۆ نووسەر.
(٢٠٠٩)

# پێشکەش

بە گیانی پەپوولەیی دایك و باوکم



# سوپاس و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستا بەڕێزانە دەکەم.

## ناوەرۆك


پێشەکی ..... ١٣

**بەشی یەکەم: چەمك و تیۆرەکانی وەرگێڕان و ئارێشەکانی لە ئاستەکانی زماندا** .... ١٥
چەمکی وەرگێڕان ..... ١٧
پێناسەی وەرگێڕان ..... ١٨
وەرگێڕان و چەند تیۆرێکی زمانی ..... ٢٢
دیٚ سۆسێر ..... ٢٢
آ.ف . فیدرۆڤ ..... ٢٤
ستراتیژییەتی وەرگێڕان ..... ٢٥
چەمکی هاوتابوون لە وەرگێڕاندا ..... ٢٨
ڕێگاکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ لەپرۆسەی وەرگێڕاندا ..... ٣١
ئایدیالۆجیای وەرگێڕان ..... ٣٢
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستەکانی زماندا ..... ٣٤
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ..... ٣٤
یاسا دەنگییەکان و گۆڕانی واتا لە وەرگێڕاندا ..... ٣٥
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ..... ٤١
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە (ناو، فرمان) دا ..... ٤٢
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستی سینتاکسدا ..... ٥٠
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ڕستەی ناویدا ..... ٥٢
ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ڕستەی فرمانیدا ..... ٥٢
ڕێژەی بکەر نادیار لە وەرگێڕاندا ..... ٥٣





**بەشی دووەم: واتا و جۆرەکانی وەرگێڕان** ..... ٥٧
واتاسازی و چەمکی واتا ..... ٥٩
ڕەگەزەکانی واتا ..... ٦١
ڕێزبەندی هەڕەمیی واتا ..... ٦٢
شیکردنەوەی واتای وشە ..... ٦٣
شیکردنەوەی واتای ڕستە ..... ٦٥
تیۆری کاتز و فۆدور بۆرستە ..... ٦٧
تیۆری فیلمۆر بۆ ڕێزمانی دۆخ ..... ٦٩
تیۆرەکانی واتا ..... ٧٠
تیۆری ئاماژەکردن ..... ٧٠
تیۆری هۆشەکی ..... ٧٢
تیۆری ڕەفتاری ..... ٧٤
کاریگەری تیۆری (بەرهەم هێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی لە وەرگێڕاندا ..... ٧٥
تیۆری شیکردنەوە ..... ٧٧
تیۆری بەکارهێنان ..... ٧٩
جۆرەکانی وەرگێڕان و چەند تیۆرێکی زمانی ..... ٨١
جۆرەکانی وەرگێڕان ..... ٨٦
وەرگێڕانی زارەکی ..... ٨٦
جۆرەکانی وەرگێڕانی زارەکی ..... ٨٧
وەرگێڕانی نووسراو ..... ٨٨
ڕێبازەکانی وەرگێڕان ..... ٨٨
وەرگێڕانی وشە بە وشە ..... ٨٨
وەرگێڕانی واتایی ..... ٩٠
وەرگێڕانی لێکدانەوەیی ..... ٩١
وەرگێڕانی داهێنانی ..... ٩٢
وەرگێڕانی کورتکراوە ..... ٩٣

**بەشی سێیەم: ئاریشەکانی واتا لە وەرگێڕاندا** ........ ٩٥
واتای فەرهەنگی ........ ٩٧
دەربڕینە واتاییەکان ........ ١٠٨
دەربڕین و هەڵەی وەرگێڕان ........ ١١٣
ئیدیەم و وەرگێڕان ........ ١١٣
سەرچاوەی دروستبوونی ئیدیەم ........ ١١٦
پەیوەندییە واتاییەکان و ئاریشەکانی وەرگێڕان ........ ١١٧
هاوواتایی ........ ١١٧
دۆزینەوەی دیاردەی هاوواتا لە وەرگێڕاندا ........ ١١٨
مەرجەکانی هاوواتایی لە زماندا ........ ١٢٠
جۆرەکانی هاوواتا ........ ١٢٣
هاوبێژی ........ ١٢٥
دژواتایی ........ ١٣٠
جۆرەکانی دژواتایی ........ ١٣١
فرە واتایی ........ ١٣٨
لێڵی واتایی ........ ١٤٣
هۆیەکانی لێڵی واتایی لە زماندا ........ ١٤٣
گرتنەوە ........ ١٤٨
جۆرەکانی گرتنەوە ........ ١٤٩
ئاریشەکانی میتافۆر لە کردەی وەرگێڕاندا ........ ١٥٢
جۆرەکانی میتافۆر ........ ١٥٣
جۆرەکانی وەرگێڕانی میتافۆر لای نیو مارك ........ ١٥٣
هێز و ئاواز گۆڕینی واتا لە وەرگێڕاندا ........ ١٥٨
ئاوازە ........ ١٦٢
ئاستەکانی ئاوازەی ڕستە ........ ١٦٣
نیشانەکانی خاڵبەندی لە وەرگێڕاندا ........ ١٦٦
نیشانەکانی خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا ........ ١٦٧



**بەشی چوارەم : پراکتیزەکردنی ڕستە و دەقەکان لە وەرگێڕاندا** ........ ١٧١
وەرگێڕانی وشە بە وشە ........ ١٧٣
وەرگێڕانی دەق بەپێی ڕێبازی وشەیی و واتایی ........ ١٧٩
وەرگێڕانی چەند دەقێك لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی ........ ١٨٥
ئەنجام ........ ١٩١
سەرچاوەکان ........ ١٩٢
فەرهەنگۆك ........ ٢٠٣
**ملخص البحث** ........ ٢٠٦
**Abstract** ........ ٢٠٧

# پێشەکی

## ناونیشانی نامەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (واتا و وەرگێڕان لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە)، تیشك لە لایەنێکی گرنگی زمانی کوردی دەدات، وەرگێڕان وەك بابەتێك، کە سەرچاوەی زانست و زانیارییە، بە شێوەیەکی زانستی لە زمانەکەدا لێی نەکۆڵراوەتەوە، وەك بابەتێکی سەربەخۆش باسی لێوە نەکراوە، بۆیە گرنگی بابەتەکە ئەوە دەخوازێت، کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە لێی بکۆڵرێتەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی نامەکە

بابەتی واتاسازی وەك لقێکی زانستی گرنگ لە زماندا، چەندین لێکۆلینەوە و نامەی ماستەر و دکتۆرای لەبارەوە نووسراوە، بەڵام گرنگیی ئەم بابەتە لە کردەی وەرگێڕاندا روون نەکراوەتەوە. هەر بۆیە ئەم بابەتە سەرنجی راکێشاین و وایکرد ئەم لێکۆڵینەوەی لەبارەوەئەنجام بدەین، هەروەها تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەم بابەتەدا نەکراوە، واتە ئاستی واتاسازی و رۆڵی لە کردەی وەرگێڕاندا روون نەکراوەتەوە.

## سنوور و کەرەستەی نامەکە

سنووری لێکۆلینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کرمانجیی (ناوەڕاست)دایە و نموونە و کەرەستەکانیش لە فەرهەنگ و زمانی رۆژانە و دەقە نووسراوەکانی زمانی عەرەبی و دەقە وەرگێردراوەکانی زمانی کوردی دان.

## رێبازی نامەکە

رێبازی لێکۆڵینەوەکە رێبازی زمانەوانیی پەسنیی سانکرۆنیکی بەراوردکارییە و تیۆرەکانی وەرگێڕانیش بەشێکن لە زمانەوانی پەسنیی بەرامبەری، وەرگێڕانی رستە و دەقەکان بەپێی هاوتابوونی واتایی نێوان زمانی عەرەبی (سەرچاوە) و زمانی کوردی (ئامانج) ئەنجامدراوە، هەروەها لێکدانەوە و شیکردنەوەی رستە و دەقەکان لە روانگەی ئەرکییەوە لێکدراوەنەتەوە، چونکە زمان هۆکارێکە بۆ (گەیاندن و تێگەیشتن)، ئەمەش بۆ نزیکردنەوەی چەمك و هزر و کلتووری زمانی سەرچاوەیە بۆ زمانی ئامانج.



## ئارێشەکانی نامەکە

دەکرێ ئەو ئارێشانەی، کەلە نووسینی ئەم نامەیەدا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانیان بکەین:

١- ئارێشەی وەرگێڕان لەو سەرچاوانەی، کە بە فارسی و ئینگلیزی بوون بە تایبەتی لە بواری زاراوەکاندا.

٢- داڕشتنی زاراوە بە تایبەتی ئەوانەی لە وەرگێڕاندا لە زمانی کوردیدا بەکارنەهێنراون و بەرامبەرکردنیان لەگەڵ زاراوەی جیهانی و عەرەبی...

## ناوەرۆکی نامەکە

نامەکە لە پێشەکییەك‌و چوار بەش پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی خراونەتە روو.

**بەشی یەکەم:**

ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: چەمك و پێناسەی وەرگێڕان و چەمکی هاوتابوون و ستراتیجییەت و ئایدیالۆجییەتی وەرگێڕان لەگەڵ باسکردنی چەند تیۆرێکی زمانی بۆ وەرگێڕان، هەروەها روونکردنەوەی ئارێشەکانی واتای وەرگێڕان لە ئاستی (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس)دا.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە تایبەتە بە چەمك و ڕەگەزەکانی واتا و شیکردنەوەی واتای (وشە و ڕستەکان) لە تەوەرێکی تری ئەم بەشەدا باس لە تیۆرەکانی واتا و تیۆرە باوەکانی وەرگێڕان کراوە.

**بەشی سێیەم:**

تەرخان کراوە بۆ ئارێشەکانی واتا لە وەرگێڕاندا، کە بەشێکی گرنگن لە نامەکەدا، تیایدا باس لە واتای فەرهەنگی و دەربڕینە واتاییەکان و ئیدیەم و میتافۆر لەگەڵ ئەو گۆڕانە واتاییانەی لە ڕێگەی پێوەندییە واتاییەکانەوە دروست دەبن، وەك: (هاوبێژی، هاوواتا، فرەواتا، دژواتا، گرتنەوە، لێلی واتایی) کراوە، هەروەها باس لە گرنگی ڕۆڵی هێز و ئاواز و خاڵبەندی لە گۆڕانی واتادا کراوە.

**بەشی چوارەم:**

تایبەتە بە پراکتیزەکردنی ڕستە و دەقەکان لە زمانی سەرچاوە (عەرەبی) و وەرگێڕانیان بۆ زمانی ئامانج (کوردی) بەپێی ڕێبازی وەرگێڕانی (وشە بە وشە) و ڕێبازی (واتایی) لەگەڵ وەرگێڕانی چەند دەقێك لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

خستنەڕووی هەموو ئەو بابەتانە و تەتەڵەکردنیان، لێکۆڵینەوەکەی گەیاندووەتە چەند ئەنجامێك کە لە دووتوێی ئەنجامگیرییەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

# بەشی یەکەم

## چەمك و تیۆرەکانی وەرگێڕان و ئارێشەکانی لە ئاستەکانی زماندا

**لەم بەشەدا ئەم بابەتانە دەخرێنە روو:**

چەمك و پێناسەی وەرگێڕان، لەم بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی لەم بابەتە دەدوێ، ئینجا چەند تیۆرێکی زمانی سەبارەت بە وەرگێڕان، بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەکان باس دەکرێن. لە دواییدا ستراتیجیەت و ئایدیالۆجییەتی وەرگێڕان دیاری دەکرێت، ئینجا روونکردنەوەی ئاریشەی وەرگێڕان لە ئاستەکانی زمان (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس)دا دیاری دەکرێت.

## چەمك و پێناسەی وەرگێڕان:

### چەمکی وەرگێڕان:

وشەی وەرگێڕان بەزمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Translation) واتاکەی لێکدانەوە دەگرێتەوە و (ترجمة) سەرەتا لە (تەرجومی) ئارامییەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی بۆ لێکدانەوەی (کتێبی پیرۆز)ی ئایینی بەکاردەهێنرا، کە بە زمانی ئارامی نووسرابوو، کاتێك دەگوترێت فلان کەس ئەو گوتەیەی (تەرجومە) کردووە، ئەوە دەبەخشێت، کە بە زمانێکی تر لێکیداوەتەوە یان دەری بڕیوە.

وشەی (ترجمة)ش لە زمانی عەرەبیدا بەم واتایانەی خوارەوە بەکارهاتووە:

١- ترجم الکلام واتای (روونکردنەوە) دەگەیەنێت.

٢- ترجم بالترکیة واتای (بیگۆڕە بۆ زمانی تورکی- وەرگێڕان) دەگەیەنێت.

٣- ترجم الکلام واتای (قسە پێ هەڵبەستن - بوختان) دەگەیەنێت.

٤- الترجمة واتای (ناوهێنانی کەسێك) دەگەیەنێت.

٥- ترجمة الکتاب[1]واتای ((لێبوونەوە لە نووسینی کتێبێك)) دەگەیەنێت. (لویس معلوف: ١٩٥٢:٥٨).

لە زمانی کوردیدا ئەگەر بمانەوێت وشەیەکی هاوواتا هەر بەئەو چەمكو واتایە بدۆزینەوە، وشەی (وەرگێڕان)ە، کە گواستنەوە و وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگەیەنێت.

(١) بۆ وەرگێڕانی ئەمە ئێستا لە زماندا دەگوترێت: (وەرگێڕانی کتێبێك).



### پێناسەی وەرگێڕان:

بەپێی پێویستیی بابەتەکەو بۆ زیاتر روونکردنەوە و دەرخستنی لایەنەکانی بە شێوەیەکی گشتی بۆچوون و تێڕوانینی چەند زمانەوانێك لەبارەی وەرگێڕان دەخەینە روو، پاشان سەرنج و تێبینییەکانی خۆمان لەم بارەیەوە تۆمار دەکەین.

١- نیدا (Nida) دەڵێت: ((وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بەئەو زمانە، کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ، لە پێشدا لەباری واتا و پاشان لەباری داڕشتنی شێوازەوە)) (تاهیرە سەففار زادە: ٢٠٠٥:٢٥).

٢- لیۆنارد فۆستەر، (Leonard Foster) دەڵێت: ((وەرگێڕان دەبێت هەر ئەومەبەستە بگەیەنێت، کە لە زمانی سەرچاوەدا گەیاندوویەتی)) (عەبدولکەریم الجبوری: ٢٠٠٥:١٢).

٣- نیومارك (Newmark)، دەڵێت: وەرگێڕان شارەزایی و لێزانینە و هەوڵدانە بۆلێکدانەوە و گواستنەوەی پەیامێك یان نووسراوێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

٤- صفاء خلوصی، دەڵێت: ((وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیەنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە روونی دەقەکە بکات هەر وەك چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێ دەکات)). (حفاء خلوصی: ١٩٥٦:١١).

٥- حەسەن عەمید، دەڵێت: ((وەرگێڕان بە واتای لێکدانەوە و گواستنەوەی بابەتێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، هەروەها بە واتای گێڕانەوەی رەفتار و رەچەڵەکی کەسێك دێ)). (حەسەن عەمید: ١٣٦٤: ٥٤٦).

٦- ئەی.ئە. فلیگان (A. A.philigan) گرنگی بە وەرگێڕانی واتایی دەدات زیاتر لە وەرگێڕانی وشەیی و دەڵێت: ((ئەگەر وەرگێڕان ئەرکی گەیاندنی نەبێت و نەبێتە هۆی گەیاندنی واتا بۆ لای وەرگر هیچ نرخێکی نابێت)). (عەبدولکەریم الجبوری: ٢٠٠٥:١٢) .

٧- عەبدوڵڵا عەبدولڕەزاق ئیبراهیم، دەڵێت: ((وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی بۆچوون و گوتەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لەگەڵ پاراستنی گیانی دەقە سەرەکییەکە)). (عەبدوڵڵا عەبدولڕەزاق: ٢٠٠٦:٧).

٨- پرۆچازکا(Prochazka)، دەڵێت: ((وەرگێڕان پێویستە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، چۆن لە دەقی سەرچاوەدا جێگەی سەرنجە)).(نیدا:١٩٧٦:٣١٧).

تا رادەیەك ئەو پێناسانەی، کە خراونەتە روو، زۆربەی لایەنە بنەڕەتییەکانی بابەتەکە دەگرنەوە و بیرە سەرەکییەکانی دەردەخەن، هەروەها بەپێی ئەم پێناسانەوە دیارە لە کردەی وەرگێڕاندا دەبێت دوو زمانی بنەڕەتی هەبن:

زمانی یەکەم: زمانی سەرچاوە (Source Language) دۆزینەوە و دەربڕینی واتا.

زمانی دووەم: زمانی ئامانج (مەبەست) (Target Language) شیکردنەوەی واتا و گواستنەوەی دەقەکەیە. (Larson: 1984: 4).




وێنەی ژمارە (١)

زمانەوانەکان بەگشتی لەبابەتی وەرگێڕاندا گرنگی بە واتا دەدەن و گرنگی بە وشە نادەن، چونکە ئەگەر ئەرکی گەیاندن بەجێ نەهێنێت و واتا نەگەیەنێتە (گوێگر یان خوێنەر) لەم بارەدا وەرگێڕان هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت. کەواتە لێرەدا دەکرێت بڵێین بریتییە لە ((گواستنەوەی واتا لە زمانێکەوەی بۆ زمانێکی تر)) (محەمەد الدیداوی: ٢٠٠٥: ٢٩).

واتاش سێ جۆری هەیە:

١- واتای واتاسازی: وردبوونەوە لە واتا و ئاماژە بۆکراوەکان، ئەوانەی، کە پێوەندییان بە بوویەرو ژینگەوە هەیە. ئەم جیاوازییەش لە هاوواتاییو هاوبێژیدا دەردەکەوێت.

٢- واتای دەوروبەر و دەوروبەری باری: ئەم واتایە پێوەندی بە دەوروبەر و هەڵوێستێکی دیاری کراوەوە هەیە لەوەرگێڕاندا.



٣- واتای دەق: ئەم واتایە ڕستە و توخم و پێکهاتە بەستراوەکانی نێو دەقە وەرگێڕدراوەکە دەگرێتەخۆ.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی گشت پێناسەکان، ئەم پێناسەیە بۆ وەرگێڕان پەسەند بکەین، کە گشت بنەماکانی وەرگێڕان بگرێتەوە. هالیدای (Halliday)، دەڵێت: هاوتابوونی دەق لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا تەنیا بەهاوتابوونی شێوە (فۆرم)ی هەردوو دەقەکە لەئاستی وشەکان و رێزماندا ناوەستێت، بەڵکو هاوتابوونەکە دەبێت هەموو ئاستەکانی نێو دەقەکە بگرێتەوە.

لێرەدا بۆ گشت بنەماکانی وەرگێڕان دەکرێت بڵێین وەرگێڕان گواستنەوەی هزر و بۆچوون و شێواز و زانیارییە و بۆ گەیاندنی واتا و دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بەمەبەستی دەربڕینی ئەزموونێك لەبارەی جیهان و دەوروبەر لە نێوان زمانی سەرچاوەو زمانی ئامانجدا بەپێی فەرهەنگی زمانی و کلتووری، چ بە شێوەی زارەکی یان نووسراو.

هەر بەم شێوەیە دەتوانرێت باشترین کردەی وەرگێڕان ئەنجام بدرێت لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا و مەبەستی سەرەکیش لەم کردەیەدا بەخشینی واتایەکی گونجاو و هەوڵی داڕشتنەوەی رێزمانێکی پتەوە بۆ نەهێشتنی هەڵە و ئاڕیشەکانی نێو دەقە وەرگێڕدراوەکە، کە لەم وێنەیەدا روونی دەکەینەوە:




وێنەی ژمارە (٢)

به شێوەیەکی گشتی وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی واتا بە شێوەی زارەکی یان نووسراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، دەتوانرێت کردەی وەرگێڕان و جۆرەکانی وەرگێڕان لەم وێنەیەی خوارەوەدا روون بکرێتەوە:




وێنەی ژمارە (٣)

کەواتە دەتوانین بڵێین پرۆسەی وەرگێڕان پرۆسەی وەرچەرخاندنی هزرێکە بە زمانێك بۆ هزرێك بە زمانێکی تر، هەروەها وەرچەرخاندنی دەقێکە بە هۆی دەقێکی ترەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ئاست و بەهای هونەریی دەقە بنەڕەتییەکە. بەم پێیەش وەرگێڕان پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، چونکە وەرگێڕ شت لە هزری خۆی دەخاتە سەر دەقەکە لە ساتێکدا دەیەوێ دەقە بنەڕەتییەکە لە زمانێکی ترەوە بخولقێنێتەوە.



## وەرگێڕان و چەند تیۆرێکی زمانی:

وەرگێڕان وەك بابەتێك ئاریشەیەکی زمانییە، چونکە ((لەلایەن هەندێك لە زمانەوانانەوە لە شیکردنەوەیاندا بۆ زمان پشتگوێ خرابوو، تەنیا چەند ئاماژەیەکیان کردبوو، ئەم ئاماژە پێکردنەش بۆ مەبەستو خودی وەرگێڕان نەبوو، بە تایبەتی لەلایەن فردیناند دی سۆسێر و بلومفیلد و یەسپرسن و ساپیرەوە)). (جورج مونان: ١٩٩٢: ٧٣).

**دی سۆسێر:**

سۆسێر، دەڵێت: ئەگەر زمان بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەکەی وەك نووسراوێك یان کۆمەڵە وشەیەك بۆ چەمکی ئەو شتانە دەگەڕێنەوە، کە بە شێوەی بیرێکی ئامادەکراو لەگەڵ وشەکانی پێشتردا هاوتا و بەرامبەریەك دەبن.

هەروەها دەڵێت: ((ئەگەر بێتو ئەرکی وشە تەنیا گەیاندنی بۆچوونەکانی پێشتر بێت، هەر وشەیەك هاوتایەکی بەرامبەری لە زمانێکی تردا دەبێت، بەڵام کار بەم شێوەیە نییە)). (جورج مونان: ١٩٩٢: ٨٢).

دەکرێت ئەو بۆچوونەی سۆسێر بۆ واتا شیکردنەوەیەکی زانستانەی بۆ بکرێت و بپرسین بۆ چی وەرگێڕانی وشە بە وشە هیچ کاتێك ئامانجی خۆی ناپێکێ؟، دیارە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە بە پێی پێویست شوێنی خۆی لە ناو زمانێکی تردا ناکاتەوە.

بەپێی بۆچوونی زمانەوانەکان پێوەندی لە نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی زماندا لە دوو ئاستدا دەستنیشان دەکرێ (ئاسۆیی-Syntagmatic) و پێوەندی (ستوونی-Paradigmatic) ((پێوەندی ئاسۆیی لە نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی هەر ئەو دەربڕینە زمانییە (ڕستە یا وشە...هتد) دایە و پێوەندی ستوونی لە نێوان هەر دانەیەکی زمانی ناو دەربڕین و دەرەوەی دەربڕین دایە)). (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٩:٩).

ئاشکرایە وەرگێڕان تەنها گۆڕینی وشەیەك نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان ڕستەیەك بۆ ڕستەیەکی تر، بەڵکو گوێزانەوەی وێنە و ڕووداوەکانە بە جۆرێك ئەو وێنەیە بەرجەستەیان بکات لەم ڕوانگەیەوە وەرگێڕان دوو جۆرە:

**١- وەرگێڕانی ئاسۆیی:**

ئەو وەرگێڕانەیە، کە وەرگێڕ هەوڵ دەدات لە پانتایی بابەتەکەدا بڕوات و تا ڕادەی نزیکترین واتا بۆ گۆڕینی بابەتێك بۆ بابەتێکی تر ڕەچاو بکات، وەك وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام یان وەرگێڕانی هەر دەقێکی تر.

## ٢- وەرگێڕانی ستوونی:

((گۆڕینی واتای گشتی بابەتێکە بۆ بابەتێکی تر بە جۆرێك مەرج نییە هەموو بڕگە و پەڕەگرافەکانی وەکو خۆیان بهێننەوە یان وەربگێڕدرێن، وەك وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ یان وەرگێڕانی هەواڵێك)). (هەڤاڵ حسێن: ٢٠٠٧: ١٠١).

پێوەندی ئاسۆیی و ستوونی (ڕۆنان) ((کە بەهۆی پێوەندی هاوسێیەتییەوە دەنوێنرێ، هیچ یەکێ لەم دوو پێوەندییانە بەبێ ئەویتر نایەن)). (ساجیدە عەبدوڵلا: ٢٠٠٣: ١٤).

بۆ نموونە لە ڕستەیەکی، وەك:

- ئەو دوێنێ وتارێکی خوێندەوە.

لەم ڕستەیەدا پێوەندی ئاسۆیی و ستوونی بەدی دەکرێت، کە چوار هێماکە بە هۆی ڕیزبوونەوە دەری دەخەن ئەم زنجیرە هێمایە، کە لە ئاستێکی قووڵتردا (بکەر، ئاوەڵفرمانی کات، بەرکار + فرمان) پێکهاتووە و بە (ڕۆنان) ناودەبرێ.

جگە لەمە پێوەندییەکی ستوونی هەیە، کە بریتییە لە پێوەندی هەر هێمایەکی ناو ڕستە، کە لەگەڵ هێمایەك هێمایەك یان چەند هێمایەکی تر بەپێی پێڕەوێکی دیاریکراو، کە لەم ڕستەیەدا هێمای یەکەم (ئەو) لەگەڵ هێمای تری وەك: (من، تۆ، ئێمە، ئەوان...) پێوەندی دەبەستێ، ئەم کۆمەڵە هێمایە بە یەکەوە پێڕەوێکی بچووك دروست دەکەن، کە (جێناوە کەسییەکانە)ە، کە تەنیا یەکێکیان لێرەدا بەکار دێت.

هێمای دووەم (دوێنێ) لەگەڵ هێمای تری وەك: (شەو، ئێوارە...) پێوەندی دەبەستێ، کە پۆلی (ئاوەڵفرمانی کات) دروست دەکەن، بۆ (بەرکار)یش (وتار) لەگەڵ ئەم هێمایانە (چیرۆك، شیعر...) پێوەندی دەبەستێ و فرمانی ڕستەکەش (خوێندنەوە) پێوەندی لەگەڵ (نووسییەوە، بڵاوکردەوە...) دەبەستێت.






### أ.ف. فیدرۆڤ (Anderi Fedorov):

فیدرۆڤ لە کتێبی (پێشەکییەك بۆ تیۆری وەرگێڕان) دا، کە لە مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٥٣)دا دەرچووە، دەڵێت: ((وەرگێڕان کردەیەکی زمانییە و دیاردەیەکی زمانییشە، پێویستە وەکو زانستێکی تایبەت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ بکرێت))و ((هەر تیۆرێکی وەرگێڕان دەبێ بە بەشەکانی تری زانستی زمانەوە ببەسترێتەوە)). (جورج مونان:١٩٩٢: ٧٤).

جورج مونان، بەم شێوەیە بۆچوونەکەی فیدۆروڤ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت ئەوەی ڕاستی بێت وەرگێڕان بە کردەیەکی زمانی دادەنرێت، چونکە شێوە و ناوەڕۆك لە وەرگێڕاندا یەك یەکەی زمانی پێك دەهێنن، ئەمەش لە زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا جیا ناکرێتەوە.

هەروەها بۆ بە زانستبوونی وەرگێڕان فیدۆروڤ، دەڵێت: دەبێت لە وەرگێڕاندا ئەو هۆکارە زمانییانە بدۆزرێنەوە، کە بتوانێت لە زمانی ئامانجدا گوزارشت بکات لەو شتانەی، کە لە زمانی سەرچاوەدا هەن. ئەمەش دەبێت لە کردەی وەرگێڕان یان لە یەکێك لە جۆرەکانی وەرگێڕاندا بەم دوو شێوەیە جێبەجێ بکرێت:

یەکەم: ئامانجی وەرگێڕان ئەوەیە، کە چۆن خوێنەر یان گوێگر، کە زمانی سەرچاوە نازانێت. بتوانێت دەقێکی دیاریکراو یان (ناوەڕۆکێکی ئاخاوتن) بە نزیکترین ڕێگا بناسێتەوە.

دووەم: وەرگێڕان بریتییە لە دەربڕینێکی ورد لە زمانێکدا، کە بەپێی شێوە و ناوەڕۆکێکی یەکگرتوو گوزارشت لە زمانێکی تر دەکات.

فیدۆرۆڤ لە خاڵی یەکەمدا زیاتر جەخت لەئاخاوتن دەکات، چونکە لە پراکتیزەکردنی وەرگێڕاندا بەشداربوان لە کردەی گەیاندندا بە تایبەتی وەرگر (خوێنەر و گوێگر) دەبن بە تەوەرێکی سەرەکی بۆ ئامانجی وەرگێڕان، بەڵام لە هی دووەمدا گرنگی شێوە و ناوەڕۆك لەگەڵ وەرگێڕاندا دەخاتە ڕوو.

کەواتە بە بۆچوونی فیدۆرۆڤ، وەرگێڕان کردەیەکی زانستییە و دەبێ بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ بکرێت. چونکە وەرگێڕان پێویستە ببێتە بەشێك لە زانستی زمان، بەڵام (کاری) (Cary) دەڵێت: ((وەرگێڕان کردەیەکی زمانی نییە، بەڵام دەتوانرێت لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیو وەرگێڕانی سینەمایی و دوبلاج کردن و چالاکییە سینەماییەکاندا...هتد بە کردەیەکی تایبەت دابنرێت)). (جورج مونان: ٢٠٠٢: ١٧٥).

ڕاستییەکەی بۆچوونەکانی (Cary) پێچەوانەی فیدۆرۆڤ (Fedorov) نییە، بەڵکو بە تەواوکەری ئەو دادەنرێت، چونکە وەرگێڕان تەنیا کردەیەکی زمانی نییە، تەنیا لە بواری زانستی زماندا بەکاربهێنرێت، بەڵکو بۆ زانستی دەروونی و کۆمەڵناسی و بۆ گشت زانستە مرۆڤایەتییەکان و کلتوورییەکان بەکاردەهێنرێت، ئەم نزیکبوونەوەیە لە نێوان زانستەکاندا، وا لە وەرگێڕان دەکات بکەوێتە سنووری زانستی زمانەوانی گشتییەوە.

## ستراتیجییەتی وەرگێڕان:

بۆ پێڕەوکردن و ئەنجامدانی هەر کردەیەکی وەرگێڕان، پێویستە سیستەمێکی دیاریکراو هەبێ، ئەم سیستەمەش پێی دەگوترێت ستراتیجیەتی گۆڕین(گواستنەوە) ( Transfer Strategy).

لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجییەتەدا، پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش دەبێ شیکردنەوەیەکی زانستییانەی زمانەوانی ڕەچاو بکرێت[٢].

کات فۆرد (Cat Ford) دەڵێت: وەرگێڕان بریتییە لە ڕاڤەکردنی دەقێکی نووسراو لە زمانی سەرچاوە (Sours Language) بۆ دەقێکی نووسراوی تر لە زمانی ئامانجدا (Target Language). بەپێی ئەم پێناسەیە کاریگەری دەقی نووسراو لە دەقی وەرگێڕدراودا دەردەکەوێ، بەڵام ئەم کاریگەرییە تەنیا لە گواستنەوەی پێکهاتە زمانییەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا نییە، بەڵکو لایەنی واتاییش دەگرێتەوە،ئەمەش بەپێی گەڕاندنەوەی کەرەسەکانە بۆ فەرهەنگی هەردوو زمانەکە و هاوتابوونی واتا لە نێوان هەردوو دەقەکەدا، وەرگێڕانیش تەنیا وەرگێڕانی دەقە نووسراوەکە نییە، بەڵکو ناوەڕۆك و واتای دەقەکەش دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە (Widdowson) دەڵێت: ((لە وەرگێڕانی دەقێکدا لە زمانی سەرچاوە پێویستە تەنیا داڕشتنی ڕستە و تێگەیشتنی ڕستە بەپێی یەکە زمانییەکان لەبەرچاو نەگرین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ڕستانە بۆ گەیاندنی مەبەست لە وەرگێڕانی دەقەکەدا ڕەچاو بکرێت)). (محەمەد حەسەن: ١٩٩٨: ٣٥).

(٢) بۆ چەمك و پێناسەی وەرگێڕان، بڕوانە: بەشی یەکەم، ل ٣-٤.



لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە وەرگێڕان دۆزینەوەی پێوەندییە لە نێوان دوو دەق یان کۆمەڵە دەقێك لە نێوان هەردوو زمانەکەدا. هەروەها پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدات و پێویستی بە وەڵام هەیە، ئەویش وەرگێڕان چۆن ئامانجی خۆی دەپێکێ؟

لێرەدا دەبێت وەرگێڕ لە دانانی پرۆگرامێکی دیاریکراو زۆر وردبێت ئەمەش ئایا تا چ ڕادەیەك دەبێ گرنگی بە داڕشتن و شێوازی وەرگێڕانەکە بدات؟ ئایا چەند گرنگی بە واتای دەقە وەرگێڕدراوەکە بدرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەپێناو ئەوەی، کە وەرگێڕ تووشی ئارێشە نەبێت، پێویستە چاکترین و ڕاسترین ڕێگە هەڵبژێرێت بەپێی ئەو ستراتیجییەتەی خۆی دایڕشتووە. ئەم ستراتیجییەتەش لەم ڕوانگانەوە جێبەجێ دەکرێت:

**١- لەسەر ئاستی وشە و زاراوەکان:**

وەك لە وشەی (رياضة) لە زمانی عەرەبیدا لەوانەیە (رياضة بدنية) یان (رياضة روحية) یان (رياضة) بە واتای (بیرکاری) بێت ئەگەر واتای ئەم وشانەمان لە سنووری (رياضة بدنية) واتا (وەرزشی جەستەیی) دانا، دەکرێ لە زمانی کوردیدا هاوتایەکی بۆ دابنێین، ئەویش وشەی (وەرزش)ە.

**٢- لەسەر ئاستی دەستەواژەدا :**

لەم ئاستەدا دەتوانین شیکردنەوەیەکی واتایی بۆ ئەم دەستەواژەیە بکەین، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا (قامت اللجنة المكونة من سبع دول بمناقشة مشروع القرار).

لە زمانی کوردیدا دەتوانین بەم شێوەیە وەریبگێڕین و دەریبڕین (ئەو لێژنەیەی، کە لە حەوت وڵات پێکهاتبوو گفتوگۆی سەبارەت پرۆژە بڕیارەکە کرد).

ئەم وەرگێڕانە سەرەتا لە ڕستەی (ئەو لیژنەیەی لە حەوت وڵات پێکهاتبوو) دەست پێدەکات و واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لیژنەکە تەنیا لە وڵاتێك پێك نەهاتووە.

لێرەدا وەرگێڕانەکە بەم شێوەی لێ دێت: (لیژنەکە گفتوگۆی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە کرد) یان (لیژنە حەوت وڵاتییەکە گفتوگۆی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە کرد).

**٣- وەرگێڕان لەسەر ئاستی دەق:**

وەرگێڕانی دەق بریتییە: لە نوێ داڕشتنەوەی دەقە نووسراوەکە بەپێی ڕێزمانی زمانی سەرچاوە بۆسەر ڕێزمانی زمانی ئامانج بۆ گەیشتن بە واتایەکی گونجاو، لێرەدا وەرگێڕ

پێویستە وشە کلتوورییەکان بپارێزێتو لە ئاستی ڕێزمانیشدا خۆی لە وشە ناوێزەکان لابدات و ئامانجی وەرگێڕان دەقاودەق بە دەستەوە بدات، بۆ نموونە:

((ویتأکد ذلك علی وجه الخصوص بالنسبة للعنصر البشری الذی یعتبر سلوکه وشعوره بالانتماءالعضویة ومن ثم إتفاق صالحه الفردی مع الصالح الجماعی- محدداً رئیسیاً لفروق الانتاجیة بین المجتمعات المختلفة)). (Saide.net:2006: 2)

لەم دەقەدا گشت وشەکان لێکدەدەینەوە بۆ ئەوەی مەبەستەکانیان دیاری بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە کاتی وەرگێڕانی هەر وشەیەکدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە لەوانەیە هەندێك لەم وشانە چەندین واتا هەڵبگرن یان بەپێی شێوازی وەرگێڕانەکە لەناو دەقەکەدا ئەو سنوورەی وشەکەی تێدا بەکار هاتووە پێویستە دیاری بکرێت، وەك لە بەرامبەر کردنی وشە و دەستەواژەکانی ناو دەقەکە. لە هەنگاوی یەکەمدا دەتوانین بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و بەرامبەر وشە و ڕۆنان و دەستەواژەکان وشەی کوردی بدۆزینەوە، وەك:

| وشەی ڕۆنانی عەرەبی | وشەی ڕۆنانی کوردی |
|---|---|
| یتاکد | جەخت دەکرێ، دان پێدا دەنرێت. |
| علی وجه الخصوص | بە تایبەتی، بە شێوەیەکی تایبەتی، بە شێوەیەکی تایبەت. |
| بالنسبة | بە گوێرەی، بەپێی. |
| العنصر البشری | توخمی مرۆیی، هۆکاری مرۆڤی. |
| یعتبر | وا دادەنرێت. |
| سلوکه | هەڵسوکەوتەکەی، ڕەفتارەکەی. |
| الانتماء | ئەندامییەتی، بە ئەندامبوون، سەر بەفلان، سەر بە، پابەندبوون بە. |
| من ثم | بەم جۆرە، لە پاشان، دواتر. |
| إتفاق | ڕێککەوتن. |
| صالحه الفردی | بەرژەوەندی تاکە کەسی، بەرژەوەندی تاکی. |
| الجماعی | بە کۆمەڵ. |
| رئیسیاً | سەرەکی، بنچینەیی، بنەڕەتی. |
| المجتمعات | کۆمەڵان. |
| المختلفة | جۆراوجۆر، جیاجیا، جیاواز، هەمەجۆر. |



هەنگاوی دووەم: دوای گەیشتن بە واتای بنەڕەتی دەقەکە دەست بە داڕشتنەوەی دەقەکە دەکەین، بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- شیکردنەوەی دەق: گرنگیدان بە شیکردنەوەی دەقە سەرەکییەکە لە زمانی سەرچاوەدا بۆ گەیشتن بە چاکترین شێوازی وەرگێڕان.

٢- داڕشتنەوەی دەق: گرنگیدان بە داڕشتنەوەی دەقەکە لە زمانی ئامانجدا لە پێناو گەیاندنی دەقێکی زیندوو بە وەرگر (خوێنەر، گوێگر) ئەم دەقە زیندووەش سەرکەوتنی وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا دەگەیەنێت. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین وەرگێڕان بریتییە لە: ((گۆڕینەوەی هێما لەناو دەقدا لە زمانێکەوە بۆ هاوتابوونی ئەو هێمایە لە زمانی سەرچاوەدا)). (Roger.T.Bell: 1993: 6).

هەروەها وەرگێڕان بریتی دەبێت لە دەربڕین و داڕشتنەوەی دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ سەر زمانی ئامانج لەگەڵ پاراستنی شێواز و واتای دەقەکە لە هەر دوو زمانەکەدا، داڕشتنی دەقەکەش بەپێی ئەو وشە و دەستەواژانەی دیاریکراون بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

بە شێوەیەکی تایبەتی جەخت لە توخمی مرۆیی دەکرێت، کە ئەویش بریتییە لەو ڕەفتارەی،، کە پابەند دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی تاکیو بەرژەوەندی گشتیدا و بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێکدەکەون لەگەڵ بەرهەمهێنان لە کۆمەڵانی جیاجیادا.

## چەمکی هاوتابوون لە وەرگێڕاندا (Equivalence):

لە ستراتیجییەتی وەرگێڕاندا پێش ئەوەی باس لە جۆرەکان و ڕێبازەکانی وەرگێڕان بکەین پێویستە چەمکی هاوتابوون (Equivalence) ڕوون بکەینەوە و جۆرەکانی دیاری بکەین.

هاوتابوون لە کردەی وەرگێڕاندا کلیلی کردنەوەی ئەم پرۆسەیە، چونکە ناتوانرێت بە بێ هاوتا بوون لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا کردەی وەرگێڕان ئەنجام بدرێت.

جۆرەکانی هاوتابوون ئەمانەن:

**یەکەم: هاوتابوون لەڕووی ڕووخساری (الشکلي)** (Formal Equivalence).

هاوتابوونی ڕووخساری دەقە سەرەکییەکە دەگرێتەوە، لەم جۆرە وەرگێڕانەدا چەند توخمێکی بنچینەیی تێدا بەدی دەکرێت:

١- یەکە زمانییەکان.

٢- پێوەستبوون بە بەکارهێنانی وشەکان.

٣- واتای دەوروبەر لە دەقی سەرچاوەدا. (نیدا:١٩٧٦:٣١٨).

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین یەکە زمانییەکان ڕوون بکەینەوە:

١- وەرگێڕانی ناوێك بە ناوێکی تر، یان وەرگێڕانی فرمانێك بە فرمانێکی تر.

٢- پاراستنی دەستەواژە و ڕستەکان (واتا پارچەنەکردنی یەکەکان بۆ دانەی بچووکتر و دارِشتنەوەیان).

٣- دانانی گشت نیشانە خاڵبەندییەکان لە نێو دەقەکەدا.

لێرەدا دەکرێت بڵێین وەرگێڕ لەم جۆرە وەرگێڕانەیدا پێوەست دەبێت بە وشە فەرهەنگییەکان و ڕووخسار و فۆرمی وشەکان خۆی بە واتا نابەستێتەوە، کەواتە خوێنەر لەم جۆرە وەرگێڕانەدا سوودوەرناگرێت جا بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر لەسەر وەرگێڕ پێویستە ئەو وشە و دەستەواژە تازانەی، کە خۆی دایدەڕێژێ و دوورن لە دەستەواژەکانی ناو دەقی سەرچاوەکە بخرێنە نێوان دوو کەوانەو لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ بکرێتو ڕوونیان بکاتەوە.

دووەم: **هاوتابوونی ئەرکی** (وظيفي) (Functional Equivalence).

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا واتای ئەرکی وشە و دەستەواژەکان لە زمانی سەرچاوەدا بۆ زمانی ئامانج بە ئەرك و واتایەوە وەردەگێڕدرێت، بەڵام وەرگێڕ پابەند نابێت بە وەرگێڕانی (وشە بە وشە)ییەوە.

سێیەم: **هاوتابوونی داینامیکی** (Dynamic Equivalence )

((خاڵی گرنگ لەم جۆرە وەرگێڕانەدا زمانی سەرچاوەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە توانایان بە هەردوو زمانەکەدا هەیە و کلتووری هەر دوو زمانەکە شارەزان بەڵام تەنیا لێکچواندن تەوەری سەرەکی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی واتا و ناوەرۆکی دەقەکەش لە زمانی ئامانجدا دەگرێتەوە)) . (نیدا: ١٩٧٦ :٣٢١).

لەم جۆرە هاوتابوونەدا بۆ کردەی تێگەیشتن لای خوێنەر، سێ پێوانە دیاری دەکرێن:

١- ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەبێ بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ زمان و کلتووری وەرگر (خوێنەر یان گوێگر )دا بگونجێن.

٢- وەرگێڕانەکە لەگەڵ پەیامە دیاریکراوەکەدا بگونجێت.

٣- دەبێ لەگەڵ خوێنەرانی زمانی ئامانجیشدا بگونجێت.



بە بۆچوونی ئێمە دەکرێت بڵێین وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی جۆری هاوتابوونەکەدا ئازادە بەپێی ئەو دەقەی وەری دەگێڕێت، کەواتە مەبەستی گشتی لەم هاوتابوونەدا دۆزینەوەی ئەو واتایانەیە چ لە ڕێگەی هاوتابوونی (شێوەیی یان ئەرکی یان داینامیکی)یەوە بێت، بۆ نموونە:

لە وەرگێڕانی ڕستەیەکی وەك: (ضرب الحديد وهو ساخن) دەتوانرێت بەپێی هاوتابوون بەم جۆرەی خوارەوە وەربگێڕرێت:

١- هاوتابوونی ڕووخساری، وەك: (لە ئاسنی سارد دەدات). لێرەدا وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە و خزمەتی واتای ڕستەکە ناکات.

٢- هاوتابوونی ئەرکی، وەك: (ئاسنی سارد دەکوتێ). لەم وەرگێڕانەدا ئەرك و واتای دەقەکەی وەرگرتووە و بە فۆرمی وشەکانەوە خۆی نەبەستووەتەوە.

٣- هاوتابوونی داینامیکی، وەك: (هەوڵدانەکەی بێ کەڵکە). لەم وەرگێڕانەدا وەرگێڕ بە بۆچوونێکی ترەوە واتاکەی لێکدەداتەوە و لە وەرگێڕانی وشە بە وشە دوور کەوتووەتەوە.

هەروەها دەتوانین بڵێین وەرگێڕان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی تێگەیشتن، دەبێتە هۆی داهێنانێکی نوێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. کەواتە وەرگێڕان هۆکارە مەبەست نییە، چونکە دەکرێت ئەو هۆکارە پەرە پێ بدرێت لە پێناو پێشکەوتنی کردەی وەرگێڕاندا و بە ڕۆشنبیری کردنی زمانی ئامانج، بەڵام ئەوەی لە ستراتیجییەتی وەرگێڕاندا پێویستە پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ ئامادەکردنی وەرگێڕ دابنرێت، چونکە وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییە، زۆر لە بابەتە پسپۆڕییە تایبەتییەکان پێویستیان بە وەرگێڕی پسپۆڕ هەیە، چونکە تەنها زمان نابێتە بنەڕەت بۆ سەرکەوتنی کردەی وەرگێڕان.

## ڕێگاکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ لە کردەی وەرگێڕاندا:

١- گواستنەوە.

٢- گۆڕانکاری.

٣- هاوتاکردن.

٤- زیادکردن و کورتکردنەوە.

٥- داڕشتنەوەی دەق. (www.philamoroc.com)

لە کردەی وەرگێڕاندا بە تایبەتی لەو گۆڕانکارییانەی وەرگێڕ لە دەقی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج دەیکات، دەبێ هەر گوزارشت لەو واتایە بکات، کە لە دەقی سەرچاوەکەدا هەیە و هاوتابوونی وشەکان بنەمایەکی بەهێزن بۆ داڕشتنەوەی دەقەکە لە زمانی سەرچاوەدا.

ئاشکرایە لە هەموو زمانێکدا کەرەسە فەرهەنگییەکان و بوارە واتاییەکان و پێکهاتەی ڕێزمانی نێوانیان جیاوازنو هاوتانەبوونیان لەگەڵ یەکە فەرهەنگییەکاندا دەبنە هۆی گۆڕانی واتا، چونکە زۆر واتا هەیە لە زمانی ئامانجدا بە شاراوەیی خۆی دەنوێنێ. کەواتە تەوەری بنچینەیی لەوەرگێڕاندا پاراستنی دەق و ئەو یاسا بنەڕەتییانەیە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ ئاگاداریان بێت، چونکە هاوتانەبوونی وشەیەك سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت.

هەروەها لە کردەی وەرگێڕاندا پێویستە وەرگێڕ ئەو خاڵانەی لە توانادا ببێت،ت اوەکو لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بێت لەوانەش:

١- توانستی دوو زمانی (Bilingual competence).

٢- کارامەیی شیکاری (Analytical skill).

٣- کارامەیی نوسین (Writing skill).

٤- ((توانستی تێگەیاندن و تێگەیشتنی وەرگر (Understanding of his Receivers)).(کەریم زەند: ١٩٧٧: ٥٩).



## ئایدیالۆجیای وەرگێڕان:

وەرگێڕان چالاکییەکی ئایدیالۆجییە لە هەموو قۆناغەکانیدا هەر بڕیارێك، کە وەرگێڕ دەیدات یا هەر بابەتێك هەڵدەبژێرێت، هەر شێوازێك، کە دەیگرێتەبەر لەژێر کاریگەری ئاراستەگیری ئایدیالۆجیای وەرگێڕاندایە.

شافنەر، دەڵێت: ((وێڕای ئەوەی هەر وەرگێڕانێك دەتوانرێت خۆی لە خۆیدا بە بەرهەمی ئایدیالۆجیایەك دابنرێت، و دەشتوانرێت ڕەهەندەکانی ئایدیالۆجیای هەر دەقێکی وەرگێڕدراو لە دڵی وەرگێڕدا دەربکێشرێت و بخرێتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە)). (یار محمدی:١٣٧٩:٣)

دکتۆر یار محەمەدی، دەڵێت: ((لە زمانەوانیدا ئایدیالۆجیا بە کۆمەڵێك باوەڕ و بەرهەمە ئەزموونییەکان و بەها گەلێکی خاوەن سیستەم دەگوترێت، کە لە کۆمەڵێك یان بەشێکی کۆمەڵێکدا بە ڕەوا دەزانرێت و برەوی دەبێت)). (یار محمدی: ١٣٧٩: ٣)

وەرگێڕان چەشنی ئامێری ئاڵوگۆڕی ئەندێشەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری مرۆیی لە ژیانی کۆمەڵانی مرۆڤدا کاریگەری هەبووە.

وەرگێڕیش لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تایبەتدا کار دەکات، بە بەشێك لە کۆمەڵە زمانییەکە دەژمێردرێت و سوود لە وەرگێڕانەکەی وەردەگیرێت.

لەلایەکی ترەوە ((لە کردەی وەرگێڕاندا زۆر جار ڕووبەڕووی پۆلینکاری دوانەیی دەبینەوە، کە بریتین لە:

١- وەرگێڕانی ئازاد بەرامبەر وەرگێڕانی وشە بەوشە

٢- وەرگێڕانی پێوەری بەرامبەر وەرگێڕانی وێنەیی

٣- وەرگێڕانی پێوەندی بەرامبەر وەرگێڕانی واتایی)).

(محمد غضنفری: ١٣٨٣: ٨١).

بەپێی ئایدیالۆجیای وەرگێڕان، ئەگەر ڕستە یان پارستە (Claus) وەك پەیامێ لەبەرچاو بگرێت، ئەم پەیامە لە دوو بەش، بابەت (Theme)[3] و هەواڵ (Rheme) پێکدێ، (بابەت) خاڵی دەستپێکی پەیامە (هەواڵ) دووەمین بەشی ڕستەکە پێکدەهێنێت.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣).

لە ڕاستیدا (هەواڵ) بریتییە لەوەی، کە نووسەر لە بارەی(بابەت)ەوە دەدوێ و گرنگترین بەشی پێکهاتەی ڕستە پێك دەهێنێ.

لێرەدا بۆ ئەوەی وەرگێڕ سەرنجی خوێنەر یان گوێگر بۆ لای دەقە وەرگێڕاوەکە ڕابکێشێ، بە تایبەتی لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا، زۆر جار ڕستەی (بابەت) پێش ڕستەی (هەواڵ) دەکەوێت، وەك:

| بابەت | هەواڵ |
|---|---|
| ١- بەهێزترین وڵاتی جیهان | ئەمریکایە. |
| ٢- ئەمریکا | بەهێزترین وڵاتی جیهانە. |

پێویستە لە وەرگێڕاندا ئەوە بزانرێت، کە مەرج نییە ناو هەمیشە بکەوێتە سەرەتای ڕستەوە، بەڵکو ئاوەڵفرمان یان گرێ بە هۆی ئامرازی دانەپاڵەوە دەتوانن لە جێگای سەرەتادا دەربکەون، بۆ نموونە لە ڕستەی (ساڵانێك وڵاتەکەمان زۆر ئاسوودە بوو) ئاوەڵفرمانی (ساڵانێك) وەکو بابەت دەرکەوتووە، یان لە ڕستەی (لە ڕۆژگارێکی دێریندا پادشایەکی زۆردار فەرمانڕەوایی عیراقی دەکرد).

(لە ڕۆژگارێکی دێریندا) کەوتووەتە سەرەتای ڕستەکەوە. کەواتە بەپێی ئایدیالۆجیای وەرگێڕان گرنگی بابەت و هەواڵی ڕستەکان دەردەکەون، چونکە ئەگەر سەرەتای ڕستەکان بگۆڕدرێن واتای پەیامەکە دەستەمۆی گۆڕانکاری دەبنەوە و پەیامی وەرگێڕانەکە بە شێوەیەکی ڕاست لە زمانی سەرچاوە بۆ سەر ئامانج ناگوێزرێنەوە و لە خزمەتی خوێنەر و خەڵکدا نابن. کەواتە ئایدیالۆجیای وەرگێڕان بەو بیروبۆچوونە دەگوترێت، کە ئەزموونی وەرگێڕ پێك دەهێنێ.

هەروەها بەپێی چەمکی هێماناسی وەرگێڕان چالاکییەکە لەگەڵ کۆمەڵێك هێمادا هەڵسوکەوت دەکات و وەرگێڕ هەوڵدەدات وێڕای مەبەستەکانی نووسەر تایبەتییەکانی هێماناسی دەقی سەرچاوە بۆ دەقی ئامانج بگوازێتەوە، بەڵام ((لە پرۆسەی گواستنەوەدا هەندێك بەربەست و کۆمەڵە لەمپەرێك کاریگەرییان لەسەر شێوازی وەرگێڕ دەبێ، ئەمەش لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی هێماناسیدا دەشێت ئەم زاراوانە لە هەر دوو فەرهەنگی زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا وەك پێویست یەکسان نەبن)). (Hathim. B. Mason: 1990: 23).



## ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستەکانی زماندا:

**١- ئاستی فۆنۆلۆجی.**

**٢- ئاستی مۆرفۆلۆجی.**

**٣- ئاستی سینتاکسی.**

## ئارێشەکانی وەرگێڕان لە ئاستی فۆنۆلۆجی (Phonology)

ئاشکرایە ((زمان دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە، وەك زانراوە بچووکترین کەرەسەی زمان تاکە دەنگەکانیەتی و کۆمەڵە دەنگێك، کە هەموو بەیەکەوە هەمان نرخیان هەبێ لە زمانێکی تایبەتدا یەك فۆنیم (Phoneme) پێك دەهێنن چەند فۆنیمێك بە پێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تایبەت بەزمانەکەوە لەیەکدەدەرێن)). (وریا عومەرئەمین: ٢٠٠٤:٢٤).

لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، وەك گشت زمانانی جیهان، دەتوانرێت جیاوازی واتایی لە نێوان وشەکانی زماندا بە هۆی فۆنیمەکانەوە بکرێت، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (سار) بە فۆنیمی /س/ دەست پێ دەکات، بەڵام (زار) بە /ز/ دەست پێ دەکات ئەمەش گۆڕانێکی واتاییە بە گۆڕینی ئەم فۆنیمە دروست دەبن. لە زمانی کوردیدا نموونەیەکی زۆرمان لەم گۆڕانە دەنگییانە هەن دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە،وەك (نان، ناڤ، ناز...هتد). لە زانستی زماندا ئەم کردەیە بە هۆی جووتۆکەوە ئەنجام دەدرێت.

یەکێك لەو ئارێشانەی لە کاتی وەرگێڕانی وشەیەکدا لە زمانی (عەرەبی)یەوە بۆ زمانی (کوردی) ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوەلایەنی فۆنۆلۆجییە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا هەندێ فۆنیم هەن، کە لە زمانی کوردیدا نین وەك فۆنیمی /ط، ظ، ذ، ص، ض، ث/.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بزوێنە کورتەکان (سەر، بۆر، ژێر) هەن، کەچی لە زمانی کوردیدا ئەمانە هێمایان بۆ دانراوە لە شێوەی (پیت)دا دەنووسرێن، وەك (و) بەرامبەر (ضمة)و (ە) بەرامبەر (فتحة) و (ی) بەرامبەر (کسرة)ی عەرەبی دانراون.

لە لایەکی ترەوە وەرگێڕ دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی ڤاوڵەکانی زمانی عەرەبییەوە، هەبێت چونکە هێندێك ڤاوڵ لەم زمانەدا لە شێوەی (حرکات)دا دەردەکەوێت، بەڵام لە کاتی گۆڕان و وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی دەبنە هێما (پیت)((ڤاوڵەکانی زمانی عەرەبی ئەمانەن)): (نەوزاد حەسەن: ١٩٨٧: ٩٥)

| ڤاوڵە عەرەبییەکان | نموونە | ڤاوڵە کوردییەکان | نموونە |
| --- | --- | --- | --- |
| سەر (َ-) | دَرس | ە | دەرس. |
| ژێر (ِ-) | عِلاج | ی | عیلاج. |
| بۆر (ُ-) | دُعاء | و | دوعا. |
| ئەلف (ً-) | خال | ا | خاڵ. |
| یاء (ٍ-) | بیع | ێ | لێژ. |
| واو (ٌ-) | معلوم | وو | کوور. |
| | | ۆ | رۆن. |
| | | ا | دڵ. |

| نیمچە ڤاوڵەکان لە عەرەبیدا | | نیمچە ڤاوڵەکان لە کوردیدا |
| --- | --- | --- |
| واو | قوم | خەو |
| یا | بیع | سەیر |

## یاسا دەنگییەکان و گۆڕانی واتا لە وەرگێڕاندا:

دەرکەوتووە ((گۆڕانی فۆنەتیکی لە هەموو زمانانی جیهاندا هەیە، زمانی کوردیش لە زمانانی تر جیا نابێتەوە. ئەم دیاردەیەی تێدا هەیە، بەڵام هەریەکەیان بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زمانەکە و تایبەتمەندیی زمانەکە دەگۆڕێت. ئاستی فۆنەتیکی لە زماندا زیاتر گۆڕانی بەسەردادێت زووتر هەستی پێ دەکەین)). (محەمەد مەعروف: ١٩٩٠: ٩٢).

ئاشکرایە لە کردەی وەرگێڕاندا وشەیەك لە زمانی سەرچاوە (عەرەبی) بۆ زمانی ئامانج (کوردی) بەپێی یاسا دەنگییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و ئەم گۆڕانانەش دەبنە هۆی گۆڕانی واتا. ئەمەش لە کردەی وەرگێڕاندا یەکێکە لە ئاریشەکان.

یاسا دەنگییەکان لە زماندا چوار جۆرن:

١- یاساکانی توانەوە (گونجان) (Assimilation Rules).

٢- یاسای زیادکردن (Addition Rules).

٣- یاسای لەناوچوون (لابردن) (Elision Rules).

٤- یاسای دەنگ گۆڕکێ (گۆڕینەوە) (Melathasis Rules).

زمانەوانی ئەمریکی (Whitney) بۆ لێکدانەوەی ئەو گۆڕانانەی، کە لە زماندا روو دەدەن، دەڵێت: ((هەر گۆڕانێك لە زماندا بەر چاو بکەوێت، نموونەیە بۆ ئەو ئارەزووەی لە ژیان و سروشتی ئەو زمانەدا هەیە، بۆ مەبەستی کەم کردنەوەی ئەو تینەی، کە لە کاتی دەرکاندندا بەکاردێت)). (طالب حسێن، ١٩٨٩:٤٧).

هەروەها لە زماندا ئەو گۆڕانانەی بەسەر دەنگەکاندا دێن، لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکانەوە پەیدا دەبن،و نابنە هۆی گۆڕانی واتا، ئەمەش لە هەر دوو ئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجیدا روودەدات گۆڕانەکانیش بەم شێوەیە بەر چاو دەکەون:

١- **یاساکانی توانەوە (گونجان)**[٤] Assimilation

لەم یاسایەدا ((دەنگێك لەژێر کاریگەری دەنگەکانی دراوسێدا بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت هەندێکجار دەنگەکەی پێشەوە دەگۆڕێ و هەندێکجار دەنگەکەی دواوە)). (محەمەد مەعروف: ١١٥:١٩٩٠). یان ((دوو دەنگ لە دوای یەکتر دێن، دەنگێکیان شێوەی ئەوی تر وەردەگرێت)). (Yule: 2006: 48).

دیسانەوە ئەگەر هاتوو ((دوو دەنگ لە کاتی ئاخاوتندا لە سازگەیان بە یەك گەیشتن و دەنگەکان (گڕ) یان (بەرز) بن ئەوە یەکێکیان بە چرپە یان بە سووکی گۆ دەکرێت. واتە لە نێوانیاندا گرژبوون و راکێشان دروست دەبێ، واتە هەر یەکەیان دەیەوێ ئەوی تر بۆ لای خۆی رابکێشێ)). (دولبەر ئیبراهیم: ٢٠٠٠: ٨٩).

زمانەوانەکان ئەم گۆڕانە بە دوو باری جیاواز دادەنێن:

یەکەم: کاریگەری دەنگی پێشەوە لە دەنگی دواوە (Progressive).

دووەم: کاریگەری دەنگی دواوە لە دەنگی پێشەوە (Regressive).

((یاسای توانەوەش بە هۆی کاری فسیۆلۆجیی ئاخاوتنەوە بە مەبەستی ئاسان کردنی هێز و وزەی ئاخێوەر روودەدات یاساکانی توانەوە بۆ ئەم دیاردەیە، لە زماندا پێی دەڵێن (قسەی

(٤) گونجان: زاراوەیەکە (محەمەد مەعروف فەتاح) لە زمانەوانیدا (١٩٩٠) دابەکاری هێناوە، هەروەها (تالب حسێن عەلی) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناوی (فۆنۆلۆژی کوردیو دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا) (١٩٨٩) بەکاری هێناوە.



داهاتوو)، واتە بڵاوکردنەوەی دەنگێك یان بەرەو دواوە هێنانی دەنگێك). ( Formkin: 2003: 99)

لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر فرمانی (زَجَرَ) لەسەر کێشی (إفتَعَلَ) بوو /ت/ کاتێك بکەوێتە دوای/ز/ دەنگی /ت/ دەگۆڕێت بۆ /د/، وەك :

زجر — إ زتجر > إزدجر (محەمەدعەلی:١٩٩٠:٤٠)

لە زمانی کوردیدا کاریگەریی دەنگی پێشەوە لەسەر دەنگی دواوە لە ئاخاوتندا بەپێی زارەکان روو دەدات و مەرجیش نییە لە گشت زارەکانی تری زمانی کوردیدا ئەم گۆڕانە هەبێت، چونکە بەپێی ناوچە و شێوە زارەکان دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانەش لە کردەی وەرگێڕاندا کار لە زمانی ئامانج (کوردی) دەکات، کەواتە دەبێت دەقە وەرگێڕدراوەکە بە زمانێکی باڵا (ستاندەرد) دابڕێژرێتەوە، وەك:

گوڵەکەم دا بە کچەکە > گوڵەکەما بە کچەکە.

١- [ د ] ← [م] / [م]

وێنەکەم پێشان دا > وێنەکەم پێشاننا.

2- [د] ← [ن] / [ن]

گوڵدانەکەی شکاند > گوڵڵانەکەی شکاند.

٣- [ د ] ← [ ڵ ] / [ ڵ ]

لەزمانی کوردیدا بۆ کاریگەری دەنگی دواوە لە دەنگی پێشەوە چەند نموونەیەکمان هەیە، وەك: بۆت دێنم > بۆددێنم، سەرت داگرە > سەردداگرە.

٤- [ت] ← [د] / [د]

٢- **یاسای زیادکردن** (Addition Rules)

لە هەر زمانێکدا بە هۆی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکاندا دەنگی نوێ پەیدا دەبێت، زمانی عەرەبیش یەکێکە لەو زمانانە لە برگەیەکدا دوو کۆنسنانت بە دوای یەکتردا نایەن تەنیا لە باری وەستاندا نەبێ، بەڵام ئەگەر ئەم دیاردەیە لە زمانەکەدا روویدا ناچار دەبن دەنگێك لە شێوەی (حرکة - بزوێن) لە نێوانیاندا زیاد بکەن.

واتە لە/c+c+v+c/ ← /c+v/ v+c/ ، بۆ نموونە لە وشەی (یَمُدْدْ) =/v+c/ /c+c+v+c/دەگۆڕێت بۆ (یَمُدْدَ) = /c+v+c/ v+c/ v+c/، هەروەها لە وشەی (بَحْرْ) /c+c+v+c/ دەگۆڕێت بۆ (بَحِرْ) = /c+v+c/ v+c/. (ئەحمەد مختار: ١٩٧٦: ٣٣٧).

وەرگێڕ لە زمانی ئامانجدا بۆ ئەوەی تووشی ئارێشە نەبێت، پێویستە لە بەر ڕۆشنایی یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردیدا گۆڕانەکان بزانێ و یاسا دەنگییەکان جێبەجێ بکات. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە بڕگەیەکدا دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکتردا نایەن. کەواتە بەپێی ئەم یاسا فۆنۆلۆجییە دەبێ دەنگێکی بۆ زیاد بکرێت. بۆ نموونە:

مامۆستا + یـ + ان > مامۆستایان

ئەو دەرگا + یـ + ە > ئەو دەرگایە

١- Ø ⟵ [y] / ڤ ___ ڤ

بخۆ +ر + ەوە > بخۆرەوە

٢- ڤ ⟵ ڤ [ر] ___ / [ە]

بەڕوو +و + ان > بەڕووان

٣- ڤ ⟵ ڤ [w] / ڤ ___ ڤ

دێ + ھ + ات > دێهات[٥]

**٣- یاسای دەنگگۆڕکێ** (Metathesis Rules)

دەنگگۆڕکێ بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر هەر لە شوێنی دەنگە گۆڕاوەکە بێ ئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە، ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا زۆرە، بەم شێوانەی خوارەوە:

١- گۆڕینی /د/ بە /ئـ/ وەك لە وشەی (دەخۆم) گۆڕینی بۆ (ئەخۆم)[٦]. ئەم دیاردەیەش بەپێی زارەکان دەگۆڕێت.

٢- گۆڕینی /ھ/ و/ع/ بۆ /ئـ/، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا:

---

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ڕێزمانی کوردی، بەشی چوارەم، ١٩٩٨: ٩٥-٩٦).

(٦) بۆ زانیاریی زیاتر و بۆ سەلماندنی (دە) یان (ئە) دەتوانین بگەڕێینەوە سەر دیوانە کوردییەکان لە شیعرەکانیاندا، (دە) زیاتر بەکار هێنراوە.



هەسپ ⟵ ئەسپ

عاسمان ⟵ ئاسمان

قورعان ⟵ قورئان

٣- گۆڕینی /ف/ بە /و/، وەك لە وشەی:

حەفت ⟵ حەوت

نەفت ⟵ نەوت

مزگەفت ⟵ مزگەوت

٤- گۆڕینی /د/ بە /گ/، وەك لە وشەی:

مەند ⟵ مەنگ

دەربەند ⟵ دەربەنگ. (طالب حسێن، ١٩٨٩: ٥١).

٥- گۆڕینی /د/ بە /ت/، وەك:

نەوەد ⟵ نەوەت[٧]

سەد ⟵ سەت

مەهاباد ⟵ مەهابات

هەروەها لە زمانی کوردیدا هەندێك وشە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە شوێنی دەنگەکانیان گۆڕاوە ئەمەش زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت، وەك لە وشەی:

ئەرزاق ⟵ ئەزراق

جومعە ⟵ جوعمە

روبع ⟵ روعب

ئەم گۆڕانە لە زمانی عەرەبیدا زۆر بە کەمی دەبینرێت ئەمەش بەپێی زارەکان دەگۆڕێت، وەك لە وشەی:

معالق ⟵ ملاعق

مسرح ⟵ مرسح. (ئەحمەد مختار: ١٩٧٦: ٣٣٦).

---

(٧) لە زمانی کوردیدا وەستانی کۆتایی لەسەر کپ خۆشترە، بۆیە /د/ دەگۆڕێت بۆ /ت/.

### ٤- یاسای لەناو چوون (لابردن)[٨] (Eilision Rules)

بریتییە لە: ((سوانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا و بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانەش، کە بەسەر وشە یان مۆرفیمەکاندا دێت، لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە بیئەی جیاوازدا دێتە کایەوە)). (طالب حسێن: ١٩٨٩: ٥٨).

بەپێی ئەم یاسا دەنگییە لە بڕگەیەکدا دەنگێك لەناو دەچێت، وەك:

١- لەناوچوونی دەنگێکی کۆنسنانت لە سەرەتای وشەدا بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، بۆنموونە :

دەدان > دان

هوشیار > وشیار

٢-لەئەنجامی لێکدانی دوو وشە یان دوو مۆرفیم دەنگێکی کۆنسنانت یان زیاتر لە ناو دەچێت بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەهێشوە کۆنسنانت، چونکە بەیەکەوە هاتنیان دەبێتە قورسایی درکاندنی هێشوەکە، بۆنموونە:

ڕا + بگرە > ڕاگرە

دا +بنیشە > دانیشە

لە زمانی عەرەبیدا ئەم دیاردە دەنگییە هەیە، ئەویش بە لادانی کورتە بزوێنی (ـِ) (کسرة) لە سەرەتای بڕگەی یەکەمدا، وەك لەم نموونەیەدا روونی دەکەینەوە:

لە وشەی (بِلاد) لە کاتی ئاخاوتندا زۆرجار لا دەبرێت بەم شێوەیە:

[bi+la+d] [blad]

کەواتە لە کردەی وەرگێڕاندا، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی زارەکیدا وەرگێڕ دەبێ هەست بەم گۆڕانە دەنگییانە بکات بۆ سەرکەوتنی کردەی وەرگێڕانەکەی لە زمانی ئاماندا.

---

(٨) زاراوەی (کرتاندن) (محەمەد مەعروف فەتاح) لە زمانەوانیدا (١٩٩٠) بەکاری هێناوە، هەروەها (تالب حسێن علی) لە نامەی ماستەرەکەی زاراوەی (سوان)ی بەکارهێناوە.



## ئاریشەکانی وەرگێڕان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:

زمانەوانی سەدەی هەژدەهەم (ولیەم ڤۆن هامبولت) زمانەکانی جیهانی بەسەر سێ جۆر، بەپێی پەیوەندی نێوان مۆرفیمەکان لەناو وشەدا، دابەشکردووە. (وریا عومەرئەمین: ٢٠٠٤: ١١٦).

١- ئەو زمانانەی وشەکانی لە ڕیزە مۆرفیمێك پێکدێن و مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێن و لێك جیا دەکرێنەوە ناوی لێناون (Agglutinative) واتە (لکاو) مۆرفیمەکان بە ڕیز بەیەکەوە دەنووسێن: وەکو زمانی کوردی، تورکی، ژاپۆنی، سەواحیلی و... هتد.

٢- ئەو زمانانەی، کە مۆرفیمەکانی لەناو یەکدا دەتوێنەوە، بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێنو لێك جیا ناکرێنەوە، ناوی لێناون (Fusional) واتە (ناوگرییە)، وەك زمانی عەرەبی، لاتینی، گریکی و...هتد.

٣- ئەو زمانانەی، کە هەر وشەیەکی لە تاکە مۆرفیمێك پێکهاتووە ناوی لێناون (Isolating) واتە (دابڕاو)، لەم جۆرە زمانەدا هەر دانەیەکی مانا و دانەیەکی ڕێزمانی بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەردەبڕێ، وەك زمانی چینی.

دەکرێت بڵێین سیستەمی زمانی کوردی و عەرەبی تاڕادەیەکی زۆر لێك جیاوازن، چونکە سەر بە یەك خێزانە زمان نین و زمانی عەرەبی زمانێکی ناوگرییە، چونکە مۆرفیمەکانی لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێن. بۆ نموونە (کتب، کاتب، مکتوب، مکتبة، مکاتبة، استکتاب، کتاب، مکاتب، کاتبة، اکتتاب، کُتب...). ئەم وشانە گشتیان یەك رەگیان هەیە و هەمووشیان لە واتادا بەشدارن و رەگەکەیان (کَتَبَ)یە.

بەهۆی دەستنیشان نەکردنی مۆرفیمەکان لە زمانی عەرەبیدا لە کردەی وەرگێڕاندا ئاریشە دروست دەبێت. چونکە زمانی کوردی زمانێکە مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێن و لێك جیا دەکرێنەوە، وەك :

گوڵەکان ← گوڵ + ەکە + ان

گوڵەکانت ← گوڵ + ەکە + ان + ت

هەڵتبگرتینایە ← هەڵ + ت + ب + گر + ت + ین + ایە

## ئاریشەکانی وەرگێڕان لە (ناو، فرمان)دا:

**یەکەم - ناو:** وشەیەکە بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك یان ڕووداوێك بەکار دەهێنرێن وەکو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ لە ناو زماندا چەند تایبەتییەکی هەن، وەکو: (ناسراو-نەناسراو) و (تاك-کۆ) و (نێر-مێ)...هتد.

**١- ناوی نێر و ناوی مێ:**

ناو لە زۆربەی زمانەکاندا بە هۆی کۆتایی ناوەکەوە، یان بە هۆی نیشانەیەك یان مۆرفیمێکی تایبەت جیا دەکرێنەوە بۆ (ناوی نێر—مێ—بێلایەن) بۆ ناسینەوەی ناوی مێ لە ناوی نێر، لە زمانی عەرەبیدا پێویستە ئاگاداری هەر دوو جۆری ناوبین (ناوی حەقیقی) و (ناوی مەجازی).

١- ناوی حەقیقی: ئەوەیە، کە مۆرفیمی مێینە دەکەوێتە کۆتایی ناوەکەوە وەك (-ة، -ء، -ى)، بەڵام لە هەندێك ناودا ئەم مۆرفیمانە بەکار ناهێنرێت وەك لە ناوی (سعاد، زينب)دا.

٢- ناوی مەجازی: پێچەوانەی ناوی حەقیقییە، وەك لە ناوی (صحراء، بشرى)دا دەردەکەوێت.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی دەبێتە ئاریشە لە کردەی وەرگێڕاندا (ت)ی مێینەیە، وەك تایبێکی کراوەی کپ (ساكنة) وەك لە (قامتْ هند) یان بزوێنێکە وەك لە (تَقوم هند)دا بەکار دەهێنرێت. (ئیبراهیم ئەنیس: ١٩٩٤: ١٦٤).

دانانی یان زیادکردنی (ة)ی مێینە بۆ زمانی عەرەبی شتێکی ئاساییە، کەچی لە وەرگێڕندا ئاریشە دروست دەکات ئاریشەکەش لەوەدایە هەندێك ناو و ئاوەڵناو هەن لە زمانی عەرەبیدا بۆ نێرو مێ بەیەك شێوە گۆ دەکرێن، وەك لە وشەی (زوج، غيور، عجوز) یان هەندێك ناو هەن بۆ نێریش بەکاردێن وەك (حامل، مرضع، طالق). کەواتە دەکرێ ئەم (ة)یە بکرێتە پێوانە بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێرومێ، وەك (زوج، زوجة) و (عجوز، عجوزة). (مەحموود خسارە: ٢٠٠٣: ٨٥).

هەروەها ئەگەر ئەم وشانە وەربگێردرێنە سەر زمانی کرمانجی ناوەڕاست هیچ مۆرفیمێك یان نیشانەیەکی دۆخ نییە بچێتە سەر ناو بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێرومێ، وەك ناوی تایبەتی نێر (ئازاد، نەوزاد، دڵشاد...هتد).



ناوی کەسی نێرینە، وەك لە ناوی: (کوڕ، باوك، باپیر...هتد). ناوی گیانلەبەری نێر لە ناوی (ئەسپ، کەڵەشێر، بەران...هتد). ناوی پیشە، وەك لە وشەی: (نانەوا، سەپان، چایچی...هتد). هەر وەك چۆن لە زمانی کرمانجی ناوەڕاستدا ناوی نێر مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت. هەر بەم شێوەیە ناوی مێینەش مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت، وەك لە ناوی تایبەتی مێینەدا (نەسرین، نازدار، شیرین...هتد) و لە ناوی کەسی مێینەدا، لە (کچ، ژن، دایك...هتد) و لە ناوی گیانلەبەری مێینەدا لە (مریشك، مایین...هتد) و لە ناوی پیشەی تایبەت بە ڕەگەزی مێ، وەك لە ناوی (نانکەر، دایەن، جل شۆر...هتد). دیارە دیاردەی نێرومێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و هیچ یاسایەك نییە کۆیان بکاتەوە، بۆ نموونە وشەی (ڕۆژ) لە زمانی عەرەبیدا (مێیە)، کەچی لە زمانی ئینگلیزی دا (نێرە)، بەڵام لە زمانی کرمانجی ناوەڕاستدا هیچ یاسایەکی دیاریکراوی نییە، چونکە لەگەڵ بەکارهێنانی وشەکەدا واتاکەی دەردەکەوێت.

### ٢- ناوی ناسراوی‌و ناوی نەناسراوی (التعريف و التنكير) (Definiteness and Indefinitenees)

ناسراوکردن‌و نەناسراوکردنی ناو لە گشت زمانانی جیهاندا دیاردەیەکی زمانییە هەر ئەو چەمکەش دەگەیەنێتە گوێگر، کە پێوەندی بە کەسێکی دیار و کەسێکی نادیارەوە هەیە، بەڵام ئەو مۆرفێمانەی بەکاردەهێنرێن، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن. زمانی عەرەبیش یەکێکە لەو زمانانە، کە مۆرفیمی تایبەتی بۆ ناسراو کردن و نەناسراوکردنی ناو هەیە.

١- مۆرفیمی (ال) مۆرفیمی پێناسینە، دەچێتە پێش ناو دەیکاتە ناوی ناسراو، وەك لە (المرأة، السمك، الجامعة، الثورة، الصحيفة، الرجل)دا بەکارهێنراوە، بەڵام لە کردەی وەرگێڕانداو لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) هەیەو بە کۆتایی ناوەوە دەلکێت و دەیکاتە ناسراو، بەڵام بەپێی هەلومەرجی فۆنۆلۆجیی زمانەکە لە دەنگەکانی هاوسێیەوە، مۆرفیمەکە گۆڕانی بەسەر دادێت و بەپێی دەنگی کۆتایی ناوەکە دەگۆڕێت لە شێوەی ئەلۆمۆرفی ناسیاری وەك: (ەکە، یەکە، کە، ەك، ە) خۆی دەنوێنێ.

وەك لەم وشانەدا دەردەکەوێت:

ژن +ەکە ← ژنەکە.

ماسی + یـ + ەکە ← ماسی یەکە.

ڕۆژنامە + کە ← ڕۆژنامەکە.

پیاو + ەکە +ان ← پیاوەکان.

باوك + ە ← باوکە[9].




٢- ناوی نەناسراو لە زمانی عەرەبیدا دەبێتە هۆی ئارێشەکی زۆر ئالۆز بۆ وەرگێڕ لە زمانی ئامانج (کوردی)دا، چونکە لە زمانی عەرەبیدا مۆرفیمی نەناسراوی هێمای تایبەتی نییە، تاکو پێی بناسرێتەوە، بەڵکو نونێکی کۆنسونانتەو گۆ دەکرێ، ئەم {ن}نەش لە سێ باردا دەردەکەوێت:

١- ئەگەر ناوەکە لە باری (نصب) دابێت، وەك (سەر - فتحة) گۆ دەکرێن، وەك لە (ساعدَ الغنی محتاجاً) (دەوڵەمەندەکە یارمەتی دەست کورتێکی دا) (کامل البصیر: ١٩٨٥: ٦٦)

لە وشەی (محتاجاً) مۆرفێمی نەناساراو لە شێوەی {ن}ی کۆنسنانتە لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێك دەینوێنی، کە (ێ، یان (ێك))ە دەچێتە کۆتایی ناوەکەوە، وەك لە وشەی (دەست کورت + ێك)دا.

٢- ئەگەر ئەم ناوە لە باری (رفع) دابێت، وەك (بۆر - ضمة) گۆ دەکرێت، وەك لە (نَجَحَ طالبٌ) واتە (قوتابییەك دەرچوو).

لە وشەی (طالبُ) مۆرفیمی نەناسراو لە شێوەیی {ن}ی کۆنسنانتە و لە شێوەی (بۆر) گۆ دەکرێت، لە کاتی وەرگێڕاندا ئەم مۆرفیمە لە شێوەی (یەك) دادەبێت و دەچێتە کۆتایی ناوەکەوە وەك لە وشەی (قوتابی +یەك)دا دەردەکەوێ.

(٩) بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ڕێزمانی کوردی (وشەسازی)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١: ١٩٨).



٣- ئەگەر ئەم ناوە لە باری (جر) دابێت: وەك (ژێر-کسرة) گۆ دەکرێت، وەك لە (سَلمتُ علی رجلٍ) واتە (سڵاوم لە پیاوێك کرد).

لە وشەی (رجلٍ) مۆرفیمێکی نەناسراوە لە شێوەی {ن}ی کۆنسنانتە و لە شێوەی (ژێر) گۆ دەکرێت لە کاتی وەرگێڕاندا ئەم مۆرفیمە لە شێوەی (ێك) دادەبێت و دەچێتە کۆتایی ناوەکەوە، وەك لە وشەی (پیاو+ێك)دا دەرکەوتووە.

### ٣- ناوی تاك، کۆ:

مۆرفیمی کۆکردنەوە، لە هەر زمانێکدا بەپێی یاسای دارشتنی وشەکە دیاری دەکرێت و ئەرکی لە ناو ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسدا دەردەکەوێت. وەك مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی دەچێتە پاڵ مۆرفیمێکی سەربەخۆ.

مەرج نییە هەموو ناوێك کۆبکرێنەوە، لە زمانی عەرەبی دا وشەی (قمح، سکر...) کۆ ناکرێنەوە، هەر وەك چۆن لە زمانی کوردیدا هەر ئەم ناوانەش (گەنم، شەکر...هتد) کۆ ناکرێنەوە.

جۆرەکانی ناو:

١- ناوی تاك: ئەو ناوەیە، کە تەنیا کەسێك یان تەنیا شتێك نیشان دەدات، وەك لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (عائشة، علی، محمد...).

٢- ناوی جووت (المثنی): ئەو ناوەیە، ئاماژە بە دوو کەس یان دوو شت دەکات، لە مێژووی زمانەوانیدا زمانەوانەکان بۆچوونیان جیاوازە بۆ مانەوەی ناوی جووت، وەك دیاردەیەکی زمانی بە تایبەتی لە زمانی سامییەکان تا ئیستا ئەم یاسایە، وەك دیاردەیەك پارێزراوە، بەڵام لە زمانە هیندو ئەورووپییەکاندا ماوەیەك دەبێت لەناوچووە و نەماوە..فندریس ئەم دیاردەیە بەم جۆرە روون دەکاتەوە و دەڵێت: ((ئەو زمانانەی تا ئیستا ئەم دیاردەیەیان لە ناودا ماوەتەوە، زمانی میللەتێکی دواکەوتوون، کەچی ئەوانەی ئەو دیاردە لە زمانەکەیاندا نەهێشتووە،میللەتێکی پێشکەوتوون)). (فندریس، ١٣٣:١٩٥٠). بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بۆچوونە ((ئەحمەدیاقوت) دەڵێت: ((لە زمانی عەرەبیدا چەند هۆکارێك وایکردووە، کە ئەم دیاردەیە بمێنێت،ئەویش پیرۆز راگرتنی قورئانە، چونکە زمانی عەرەبی زمانی قورئانە)). (ئەحمەد سلێمان: ١٩٨٥: ١٣١).

لە قورئاندا ئەم دیاردەیە هەیە، بۆ نموونە بڕوانە (سورەتی کەهف)(کلتا الجنتین، کلاهما) دەیەها نموونەی تر هاتوون.

لە زمانی عەرەبیدا مۆرفێمی (ان) مۆرفیمێکی بەندە، دەچێتە دووای ناوێك و لە ناوێکی تاکەوە دەیگۆرێت بۆ ناوی جووت، وەك لە (حَضَرَ الزائران) هەروەها لە ناوی (الولدان، الطائرتان...) هەروەها مۆرفیمی (ین) دەچێتە کۆتایی ناوێکەوە دەیکاتە ناوی جووت، وەك لە (استقبلتُ الزائرین) یان (سلمتُ علی الزائرین)دا بۆ ئەوەی ئەم ڕستانە لە زمانی عەرەبیدا زیاتر روون بکرێنەوە دەکرێ لە ڕستەی یەکەمدا بەم شێوەیە بگوترێت (حَضَرَ الاثنان) هەروەها لە ڕستەی دووەمدا بگوترێت (استقبلتُ الاثنین) کەواتە ئاماژەپێ کراوەکان تەنیا بۆ دوو کەسە، بەڵام لە زمانی کوردیدا هیچ مۆرفیمێك بۆ دیاریکردنی ناوی جووت نییە، چونکە ئەگەر ناوێك لە تاك زیاتر بوو دەبێتە ناوی کۆ، بەڵام لە زمانی کرمانجی ناوەڕاستدا دەتوانرێت بۆ جەختکردنی ناوەکە ژمارەی (دوو) بخرێتە پێش ناوەکە بۆ ئەوەی لە ناوی کۆ جیا بکرێتەوە، وەك لە (نَجَحَ الطالبان) کە دەبێتە (دوو قوتابییەکە دەرچوون).

٣- ناوی کۆ: ئەو ناوەیە، کە ژمارەی ئاماژە پێ کراوانی لە دوو دانە زیاتر بن. لە زمانی عەرەبیدا مۆرفیمی تایبەتی بۆ رەگەزی نێر هەیە، کە مۆرفیمی (ون)ە، هەروەها بۆ رەگەزی مێ مۆرفیمی (ات) بەکار دەهێنرێن. ئەم مۆرفیمانەش بە دوای ناوە تاکەکەوە دەلکێن. بۆ نموونە مۆرفیمی (ون) ناوی نێر کۆ دەکاتەوە، وەك لە وشەی (الطالبون، المناضلون، المجتهدون...) مۆرفیمی (ات) ناوی مێ کۆ دەکاتەوە، وەك لە: (الطالبات، المجلات...). لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی کۆکردنەوە بۆ رەگەزی نێر و مێ مۆرفیمی (ان)ە، ئەم مۆرفیمەش لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا کاردەکات. وەك لە کۆکردنەوەی ناوی (گوڵ + ان = گوڵان)دا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم مۆرفیمە چەند شێوەیەکی تری هەیە ئەم شێوانەش بە ئەلۆمۆرفی کۆکردنەوە دادەنرێت، کە بە هۆی دەوروبەری دەنگییەوە چەند شێوەیەك وەردەگرن، وەك: (-یان) و (-هات) و (-جات) و (-گەل) و (ات) کە دەکەونە کۆتایی ناوەکەوە. سەیری ئەم نموونانە بکە:

١- ان ⟵ داران، کچان، پیاوان.

٢- یان ⟵ برایان، چرایان، کانی یان.

٣- هات ⟵ دێهات.



٤- جات ⟵ میوەجات.

٥- وات ⟵ سەوزەوات. (McCarus: 1958: 48)

هەروەها ناو لە زمانی کوردیدا تایبەتییەکی تری هەیە، ئەویش بۆ تاك و کۆ بەکار دەهێنرێت و هەردوو مەبەست بە دەستەوە دەدات.

- سێوم خوارد.

ناوی (سێو) ناوێکی تاکە، بەڵام بۆ ناوی کۆ بەکار دێت، چونکە دیار نییە ژمارەی سێوەکان تاکە یان کۆیە، واتە بۆ هەر دوو شێوەکە بەکار دەهێنرێت.

لە زمانی عەرەبیدا هەندێك جار لە کۆکردنەوەی ناودا مۆرفیمی تایبەت بە رەگەزی نێر و مێ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی (سەروبۆر)دادەنرێت و دەکەوێتە کۆتایی ناوەکەوە، وەك لە (جمع التکسیر)دا ئاماژە بە دوو کەس زیاتر دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت.

١- ئەگەر کۆتایی ناوەکە بە (بۆر) هاتبوو، وەك لە (حضرَ الطلابُ) لە وشەی (الطلابُ) (بۆر، ضمة)ەکە نیشانەی کۆیەو بۆ کۆکردنەوەی ناوەکە بەکار هێنراوە.

٢- ئەگەر ناوەکە (سەر)ی لەسەر بێت، وەك لە (رأ یتُ الطلابَ) لە وشەی (الطلابَ) (سەر)ەکە، وەك نیشانەیەك بۆ کۆکردنەوەی ناوەکە بەکار هێنراوە.

٣- ئەگەر ناوەکە (ژێر)ی لەسەر بێت،وەك لە (مررتُ بالطلابِ) لە وشەی (الطلابِ) (ژێر)، وەك نیشانەیەك بۆ کۆکردنەوەی ناوەکە بەکار هێنراوە. (نبیل ابو حلتم: ٢٠٠٥: ١٠).

ئەگەر بمانەوێت ئەم رستانە لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێرینە سەر زمانی کوردی مۆرفێمی (ان) دەچێتە کۆتایی ناوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- قوتابییەکان ئامادەبوون.

٢- قوتابییەکانم بینی.

٣- بەلای قوتابییەکاندا تێپەڕیم.

**دووەم- (کات) لە نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا:**

کات واتایەکی ڕێزمانی نابەرجەستەیە لەگەڵ فرماندا تێکەڵ دەبێت هەر زمانێك بۆ دیاریکردنی کات شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. زۆربەی زمانانی جیهان کات بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکەن:

١- کاتی رابردوو. ٢- کاتی ئێستا. ٣- کاتی داهاتوو.

کاتی رابردوو: ئەو کاتەیە، کە بکەرەکەی لە ڕابردوویێکی دیاریکراودا فرمانەکەی ئەنجام داوە.

کاتی داهاتوو: ئەو کاتەیە، کە بکەرەکەی فرمانێك ئەنجام دەدات لە کاتی دەست پێ کردنی قسەکەر تا کاتێکی دیاری نەکراو.

کاتی ئێستا: تەسکترین بوار لە بوارە واتاییە یەکانی کاتدا، کاتی ئێستایە، چونکە ئەو کاتەیە، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەو کاتەش لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە نێوان کاتی رابردوو و کاتی داهاتووەوە بە ئاوەڵفرمانی (ئێستا) دیاری دەکرێ.

ئەگەر لە زمانی کرمانجی ناوەڕاستدا بڕوانینە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کاتە، دەبینین هیچ مۆرفیمێك نییە تایبەت بێت بەم کاتە، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا مۆرفیمی ئێستای (د) هەیە، کە دەچێتە پێش رەگی فرمانەوە، کاتی ئێستا دروست دەکات، وەك لە: (دچم، دخۆم، دهینم)دا، دیسانەوە دەکرێ بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی کاتی ئێستا لەگەڵ کاتی داهاتوودا ئاوەڵفرمانی (ئێستا، وا، هەنووکە) بخەینە پێش فرمانەکەوە، هەر وەك لەو نموونانەدا هاتووە:

- ئێستا دەڕۆم.
- وا دەڕۆم.
- هەنووکە دەڕۆم.

تایبەتییەکی تر لە زمانی عەرەبیدا ئەوەیە (کات) لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتن (ناو، فرمان، حەرف (الحرف)) تێکەڵ یەك دەکرێن، ئەم تێکەڵبوونەش سێ کات دروست دەکات: (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) کەواتە بۆمان روون دەبێتەوە و دەکرێت کات لە زمانی عەرەبیدا لە رێگەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە بدۆزینەوە ئەمەش لە زمانی کوردیدا لەکردەی وەرگێڕاندا دەبێتە ئاریشە، چونکە رێزمانی چاولێکەری کوردی (چاوگ)ی بە بناغە و سەرچاوەی کات داناوە و رەگی فرمان بەم پێڕەوە وەردەگیرێ.

لێرەدا بۆ ڕەگی داهاتوو رێگای تایبەت و مۆرفێمی تایبەت هەیە، کە کاتەکە دەستنیشان دەکات ئەویش مۆرفێمی (دە)یە، کە لە هاوکاتدا ئامرازی بەردەوامییە و دەچێتە سەر ڕەگی فرمانەکەو فرمانی ڕانەبردوو دروست دەکات وەك لەو نموونانەیەدا هاتووە:



کردن - کە        دەکەم.

(دەکەم) بەلابردنی مۆرفیمی (دە) و (م) رەگی داهاتوو دەست دەکەوێت. (کە) رەگی داهاتووی (کردن)ە.

ناو یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە سەرەکییەکان لە زماندا دەکرێت بە هۆی ناوەوە لە زمانی عەرەبیدا کات دیاری بکرێت، وەك لە وشەی (هیهات و شتان)دا کە کاتی ڕابردوو دەستنیشان دەکەن (غازی مختار: ٢٠٠٠:١٩٧)

هەروەها ناوی (آە. آف) کاتی ئێستا دیاری دەکەن و ناوی (صە، مە) کاتی داهاتوو لە زمانی عەرەبیدا دەردەخەن، بەڵام هەندێك چاوگ هەن گوزارشت لە کاتی ئێستا دەکەن، وەك لە وشەی (سبحانك، لبیك) و بۆ کاتی داهاتووش لە وشەی (رویدك)دا دەردەکەوێ.

دیسانەوە (الحرف) لە زمانی عەرەبیدا رۆڵێکی چالاك دەبینێ بۆ دەستنیشانکردنی کات و ڕوودانی فرمان، بۆ نموونە:

١- حەرفی (لا) دەچێتە سەر فرمانی داهاتوو، وەك (لایحسن ان تجامل الکذاب) یان (لایحسن بك ان تجامله) بۆ وەرگێڕانی ئەم جۆرە فرمانە لێرەدا (باش نییە موجامەلەی درۆزن بکەیت) یان (باش نییە بۆت موجامەلەی بکەیت).

٢- حەرفی (لم) دەچێتە سەر فرمانی رابردوو، وەك (لم اکذب قط) بۆ وەرگێڕانی ئەم جۆرە فرمانە (هیچ درۆم نەکرد).

٣- حەرفی (لن) دەچێتە سەر فرمانەکە و دەیکات بە کاتی داهاتوو، وەك (لن اخادع احداً) وەرگێڕانەکەی لە زمانی کوردیدا دەبێتە (فێڵ لە کەس ناکەم) یان (کەس هەڵناخەڵەتێنم) فرمانەکەی لە کاتی ڕانەبردوودایە.

٤- حەرفی (لما) دەچێتە سەر فرمانەکە، وا لە فرمانەکە دەکات لە کاتێکی داهاتووی نزیکدا ڕووبدات، وەك (لما تشرق الشمس) وەرگێڕانەکەی لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە دەبێت (کە رۆژ هەڵدێت).

لە زمانی ئامانجدا (کوردی) ئاریشەیەکی تر ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، ئەویش لە وەرگێڕانی هەندێك فرماندا لە زمانی عەرەبییەوە بەر چاو دەکەوێت و نەبوونی ئەم جۆرە فرمانانە لە زمانی کوردیدا وا لە وەرگێڕ دەکات زۆر بە کارامەیی مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی بکات تا تووشی هەڵەی واتاییو رێزمانی نەبێت، چونکە لە زمانی (عەرەبی)دا هەندێکجار مۆرفیمی (س) دەچێتە سەر فرمان، وا لە فرمانەکە دەکات لە کاتی داهاتووەوە

بیگۆڕێت بۆ کاتی ئێستای نزیك، وەك لە (سأسافر) کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بەو مۆرفیمێك نییە، کەواتە وەرگێڕانەکە بە ئاوەڵفرمان جێگیر دەکرێت، وەك: (وا دەڕۆم) واتە ئەنجام دانی کارەکە لە کاتی ئاخاوتنەکەدا ئەنجام دەدرێت. هەروەها وشەی (سَوفَ) دەچێتە سەر فرمانی داهاتوو، وا لە فرمانەکە دەکات لە کاتی ئێستادووربکەوێتەوەو فرمانەکە لە دوای ئاخاوتنەکەوە رووبدات، وەك لە: (سوف أرحل) وەرگێڕانەکەی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە هۆی ئاوەڵفرمانی کاتی زیاتر مەبەستەکە روون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت رووداني فرمانەکە لە کاتێکی داهاتوودایە نەك ئێستا، وەك:

- بەیانی دەڕۆم.
- ڕۆژێکی تر دەڕۆم.
- ساڵێکی تر دەڕۆم.

## ئاریشەی وەرگێڕان لە ئاستی سینتاکسدا:

سینتاکس (Syntax) ئاستێکی زمانەوانییە و پێناسەی پێکهاتەی ڕستە (Sentence) و فریز (phrase) لە زمانێکی دیاریکراودا دەکات. زۆربەی زمانەوانەکان وای بۆ دەچن هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکسی ڕێزمان (Grammer) پێك دەهێنن.

هەروەها((لە هەموو زمانێکدا بە فۆنیمێك یان زیاتر مۆرفیم پێك دێت[١٠]، بە مۆرفیمێ یان زیاتر وشە پێك دێت بە وشەیەك یان زیاتر دەستەواژە (Phrase) پێك دێت و چەند دەستەواژەیەکیش ڕستە پێکدەهێنن)). (وریا عومەرئەمین: ٢٠٠٤:١٩٨).

سادەترین ڕستەش لە دوو فریز پێك دێت:

١- فریزی ناوی (Noun phrase)

٢- فریزی فرمانی (Verb phrase)

پێکهاتەی ڕستە بەپێی یاسا سینتاکسییەکان و جۆری ڕیزبوونی کەرەسەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، چونکە بەپێی یاسای زمانەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە: گرینبیرگ

(١٠) ئێستا لە بۆچوونی نوێدا ناگوترێت بە فۆنیمێك یان زیاتر مۆرفیم پێکدێت، بەڵکو مـۆرفیم لـە ڕێگـەی فۆنیمەوە دەنوێنرێت.



(Greenberg) ڕیزبوونی زمانی عەرەبی بە جۆری (فرمان، بکەر، بەرکار) دادەنێت (عبدالقادر الفهري:١٩٨٠:٢٢).

ڕیزبوونی کەرەسەکانی زمانی کوردی بە (بکەر، بەرکار، فرمان) دادەنرێت بەم هێڵکارییە روونی دەکەینەوە:




وێنەی ژمارە (٤)

هەروەها بەپێی ئەم بۆچوونە لە ڕستەی ئاسایی زمانانی جیهاندا، بکەر هەمیشە پێش بەرکار دەکەوێت کەواتە ڕستەی گشت زمانێك ئەم سێ بنچینەیەی تێدایە:

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ١- بکەر | فاعل | (S) Sabject |
| ٢- بەرکار | مفعول به | (O) Object |
| ٣- فرمان | فعل | (V) Verb |

ئاڵۆزترین ئاریشەی وەرگێڕان لە نێوان زمانی سەرچاوە (عەرەبی) و زمانی ئامانج (کوردی)دا لە جۆری ڕستەکانەوە بەدی دەکرێت، چونکە ڕستە لە زمانی عەرەبیدا لە (ڕستەی ناوی - الجملة الاسمية)و لە (ڕستەی فرمانی — الجملة الفعلية) پێك دێت.

## ئاریشەی وەرگێڕان لە ڕستەی ناویدا:

لە زمانی عەرەبیدا ڕستەی ناوی لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، بەشی (المبتدأ - نیهاد) و بەشی (الخبر- گوزارە)، نیهادیش ناوێکە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکەوە و گوزارەش واتای ڕستەکە دەگەێنێت.((ئەو تایبەتییانەی خوارەوەی هەن:

١- نیهادی ڕستەی ناوی، هەردەم لە یەك وشە پێکدێت و گوزارەش لەم وشانە پێك دێت: (ناو، ئاوەلناو، جێناو، ئاوەلفرمان).

٢- ڕستەی ناوی فرمانی تێدا نییە، تەنیا بە هۆی گوزارەکەیەوە واتای ڕستەکە روون دەکرێتەوە. بەلاّم زۆربەی زمانانی هیندی و ئەورووپی بە هۆی فرمانی (بوونو هەبوون)ەوە رۆڵی گوزارەی ڕستە دەبینن)). (ئەحمەد سلیمان: ١٩٨٥:٢٣).

زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە بە هۆی بوون و هەبوونی گوزارەکەیەوە واتای ڕستەکە دەگەیەنێت. هەروەها ئاریشەیەکی تر لە وەرگێڕانی ڕستەی ناویدا بۆ سەر زمانی کوردی، لە هاوتا نەبوونی بەپێی رەگەزی نێرو مێ لە زمانی کوردی ناوەڕاستدا، بەلاّم لە زمانی عەرەبیدا رەگەزی مێ نیشانەی تایبەت دەخرێتە کۆتایی ناوی مێینەکە، کە (- ة) یە، وەك لە ڕستەی (الطالبة ذكية)دا دەردەکەوێت و نەبوونی ئەم نیشانەیە لە رەگەزی نێرینەدا، وەك: (الطالب ذكي).

## ئاریشەی وەرگێڕان لە ڕستەی فرمانیدا:

ڕستەی فرمانی لە زمانی عەرەبیدا هەردەم بە فرمان دەست پێدەکات بەشەکانی ڕستەی فرمانیش ئەمانەن:

١- فرمان (فعل).
٢- بکەر (فاعل).
٣- بەرکار (مفعول بە).

لە ڕاستیدا (بکەر) ناوێکە دەکەوێتە دوواوەی فرمانێکی تەواوی دیارەوە و کارێك ئەنجام دەدات. شوێنی بکەر لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە دواوەی فرمان پێش بەرکار، واتە (VSO) لەگەڵ ئەوەشدا ((هەندێکجار بەرکاری راستەوخۆ (مفعول بە) دەکەوێتە پێش (بکەر - فاعل) ئەویش لەبەر هۆکاری گرنگی پێدان و خۆپاراستنەوە رێگای پێدەدرێت بە جۆرێك وەك خودای



گەورە دەفەرموێت: ﴿ان یَمْسَسكُم قَرحٌ فقد مسَّ القومَ قَرحُ مُثْلُه﴾. (ال عمران:١٤٠). لێرەدا بەرکاری (القوم) پێش بکەرەکەی (قرح) کەوتووە)). (نەریمان عەبدوڵلاّ: ٢٠٠٧:٧).

ئەم پاشوپێش کردنە لە ڕیزبوونی کەرەسەکانی نێو (ڕستەی فرمانی) لە زمانی عەرەبیدا، وا لە بەکارهێنەری زمانەکە دەکات، شێوازی جۆراوجۆر بەکار بهێنێتو بوارێکی باشتری بۆ برەخسێت لە هەلبژاردنی کەرەسەکانی نێو ڕستەکاندا، چونکە وشە لە سنووری ڕستەدا هەڵگری سیمایەکی (الاعراب)یە و بە هۆی ئەو سیمایەوە دەتوانێت شوێنی کەرەسەکانی لە ناو ڕستەدا ئاڵوگۆڕ پێ بکات بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات، بەلاّم لە کوردیدا دیاردەی (الاعراب) نییە، بەڵکو (تحلیل) شیکردنەوە، واتە شیتاڵکردن لە دانەی گەورەوە بۆ دانەی بچووك یان بە پێچەوانەوە هەیە.

هەروەها لە وەرگێڕانی ئەو جۆرە رستانەدا ناتوانرێت هەر بەو پێکهاتەیە ڕستەکان وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی، چونکە هەردەم فرمان دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە و بکەریش لە سەرەتایی ڕستەوە دێت، بۆ نموونە: لە ڕستەیەکی وەك: (پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد) ناتوانرێت بگوترێت (گۆشتەکە پشیلەکەی خوارد)، چونکە (پشیلە) لە ڕستەی یەکەمدا (بکەر)ی ڕستەیە لە هی دووەمدا (بەرکارە)، بەلاّم گۆڕینی شوێنی ئەو وشانە کاردەکەنە سەر واتاکەی و دەبنە هۆی شێواندنی پێکهاتەی ڕستەکە.

## ڕێژەی بکەر نادیار لە وەرگێڕاندا:

چەمکی بکەر نادیار لە هەموو زمانێکدا هەر ئەو چەمکە دەگەێنێت، واتە ئەو کەسەیە یان ئەو شتەی کاری فرمانەکە بە جێدەهێنێ، لە سیمادا دەرناکەوێت. ڕێژەی بکەر نادیاریش لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەوێت، بەلاّم لە زمانی عەرەبیدا ئەم ڕێژەیە کەمترە. بکەر نادیاریش ئەوەیە، کە بکەرەکەی لە دەقەکەدا باس نەکراوە بەرکارەکەشی شوێنی بکەرەکە دەگرێتەوە، بەلاّم چەمکی بەرکاریی خۆی نادۆڕێنێت. لە زمانی عەرەبیدا (نائب فاعل) جێگری بکەر دەکەوێتە دوای فرمانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەرکاری ڕستەکە لادەبرێت.
٢- (نائب فاعل) جێگری بکەر شوێنی بکەر دەگرێتەوە.
٣- مۆرفیمی بکەر نادیار بۆ فرمانی رابردوو دانانی (بۆر) لەسەر دەنگی یەکەم و (ژێر) لەسەر دەنگی پێش کۆتایی، وەك: (قَتَلَتْ الحرب الاف البشر) ڕستەیەکی بکەر دیارە دەگۆڕێت

بۆ بکەر نادیار وەك (قُتِل الآف البشر).یان(قَتَلَ العدو الاف البشر في الحرب) دەبێتە (قُتِلَ الاف البشر في الحرب)

٤- مۆرفیمی بکەر نادیار بۆ فرمانی رانەبردوو و دانانی (بۆر) لە دەنگی یەکەمدا و (سەر) لەسەر دەنگی پێش کۆتاییدا، وەك: (يشرب الطفل الحليب) دەگۆڕێت بۆ (يُشْرَبْ الحليب). هەروەها لە فرمانی رانەبردوودا ئەگەر دەنگی پێش کۆتایی بە (واو) یان (یاء) هاتبێت دەگۆڕێت بۆ (ئەلف)، وەك:

١- لە ڕستەی (يعود المريض) دەگۆڕێت بۆ (يُعاد المريض).

٢- لە ڕستەی (يريد النجاح) دەگۆڕێت بۆ ڕستەی (يُراد النجاح). (سميع ابو مغلي: ١٩٩٨:١٢٦).

ئاشکرایە ئاریشەکی تر لە کردەی وەرگێڕاندا لەوەدا دەردەکەوێ بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا تەنیا دەکرێت لە فرمانی تێپەڕدا بکەر نادیار دروست بکرێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەشێت ئەگەر فرمانەکە (لازم) تێنەپەڕ بوو بە مەرجێك لەگەڵ ئەو فرمانەدا ئاوەلفرمان یان چاوگێکی گەردانکراوی تایبەت یان پێش بەندو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆیی لەگەڵدا بێت، وەك: (سافر الوفدُ يوم السبت) دەگۆڕێت بۆ (سُفِرَ يوم السبت). (هاشم طە: ١٩٨٩:١٥٣).

هەروەها ((لە زمانی عەرەبیدا زۆر ڕستە بەرچاو دەکەون، کە بە شێوازی بکەر نادیار داڕێژراون. واتە فرمانەکە لەسەر یاسای نادیاری خۆی خستوەتەڕوو، بەڵام لە رووی واتاوە ڕستەی بکەر دیارە، وەك:(بُهِتَ الخصمُ) لەم ڕستەیەدا فرمانی (بُهِتَ) لەسەر شێوازی بکەر نادیار داڕێژراوە. واتە لەڕووی ڕووخسارەوە ڕستەکە بە شێوازی بکەر نادیارە، بەڵام لەڕووی واتاوە، بکەر دیارە، چونکە بکەری ڕستەکە باس کراوە)). (نەریمان عەبدوڵڵا:٢٠٠٧:٨٣).

لە زمانی کوردیدا بۆ داڕشتنی ڕێژەی بکەر نادیار چەند تایبەتمەندییەك هەن، کە ئەمانەن:

١- بکەر نادیار دەبێت تەنیا لە بکەر دیارەوە وەربگیرێت.

بۆ روونکردنەوەی ئەم خاڵە دەتوانین بڵێین گەلێك ڕستەی کوردیمان هەن، کە بە بکەر نادیار بەکاردێن و لە ڕستەی بکەر دیاریشەوە وەرنەگیراون، وەك: (ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ) ئەم ڕستەیە لە واتاکەیەوە زۆر دوورە، چونکە لە ڕستەی (ئێمە بە ڕۆژ ئەستێرە نابینین) نەهاتووە، هەروەها لە ڕستەیەکی، وەك (ئێوە دەبینرێن) ناتوانرێت بگوترێت ئەم ڕستە بکەر نادیارە لە ڕستەیەکی بکەر دیاری، وەك (من ئێوە دەبینم)ەوە هاتووە، چونکە کەسی یەکەم بە هیچ



جۆرێك دەوری لە جێبەجێکردن و نەکردنی کارەکەدا نییە. واتە گوێگر بیری بۆ ئەوە ناچێت، کە بکەرە نادیارەکە کەسی یەکەمی (تاك بێت، یان کۆ)، بەڵام ئەگەر بکەرەکە بۆ کەسی سێیەمی تاك بێت، ئەم پێوەندیەی نێوانیان واتە نزیکی واتا و مەبەستیان لە یەکترەوە، دەچەسپێنێ، وەك:

- هێندەی نەمابوو بیکوژێ (بکەر دیار)
- هێندەی نەمابوو بکوژرێ (بکەر نادیار)

٢- فرمانی تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا ناکرێ بە نادیار، وەك:

- منداڵەکە ڕای کرد. * منداڵەکە ڕا کرا.

٣- لە زمانی کوردیدا بکەر نادیاری کورت و درێژ هەن. نادیارە درێژەکان تەنیا لە هەندێ شێوازدا پەسەندە و بە زۆری لە زمانی ڕۆژنامە و گۆڤار و کەرەسەی وەرگێڕراودا دەبینرێ، دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێت ((هەرگیز لە نادیارە کورتەکاندا پێشبینی نادیارە درێژەکان ناکرێ و لە واتای هۆشەکیش دا نادیاری کورت و درێژ جیاوازن)). (فەرەیدوون عەبدول: ١٩٨٨: ٥٢). وەك:

- ئەم دەزگایە بە تەنیا بەڕێوە دەبرێ. (بکەر نادیاری درێژ).
- ئەم دەزگایە بەڕێوە دەبرێ. (بکەر نادیاری کورت).

٤- مەرج نییە لە ڕستەی بکەر نادیاردا بکەر هەمیشە لابرێ، هەندێ جار بکەر وەك بەرکارێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یان تەواوکەری ڕستە دەردەکەوێت.

-ئەم نامەیە لە لایەن کارۆخەوە نێرراوە.

لەم ڕستەیەدا هەرچەندە شێوەی ڕستەکە نادیارە، بەڵام دەبینن بکەرەکەی لە شوێنێکی تر وەك کەرەسەیەکی تری ڕستە دەرکەوتوەتەوە.

(*) نیشانەی ناڕێزمانی ڕستەکە دەگەیەنێت.

# بەشی دووەم

# واتا و جۆرەکانی وەرگێڕان

لـەم بەشـەدا بـاس لـە چـەمكی واتـا و دیـاریكردنی ڕەگـەزەكان و ڕیزبەنـدی هـەرەمی واتادەكەین و تیۆرە واتاییەكان بەگوێرەی بۆچوونی زمانەوانان و واتاناسانەوە ڕوون دەكەینەوە، لەگەڵ شیكردنەوەی واتای وشەو ڕستەدا، لە دووایـدا جۆرەكـانی وەرگێـڕان و تیـۆرە باوەكـان لەگەڵ ڕێبازەكانی وەرگێڕاندادەخەینەڕوو.

## واتا و جۆرەكانی وەرگێڕان:

### واتاسازی و چەمكی واتا:

واتاسازی زانستێكە لە واتا دەكۆڵێتەوە و لقێكی زمانەوانییە و مەرجی سەرەكی لەم لقەدا هەبوونی هێمایە، تابتوانێت واتا هەڵبگرێت، هەروەها بە ((لووتكەی لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان دادەنرێت)). (محمود السعران: ١٩٩٩: ٢١٣)، چونكە چارەسەری گرفتی هێما زمانییەكان لە (وشەو ڕستە)دا دەكات واتا دیاردەیەكی ئاڵۆزە پێوەندیی بە گشت بوارە جیاجیاكانەوە هەیە چ بەرجەستەو چ نابەرجەستە بێت... بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا پێوەندی بە دیاردە زمانییەكانەوە نییە، بەڵكو پێوەندی بە هەندێ دیاردەی تریشەوە هەیە، كە لە دەرەوەی زماندان، وەك: (ژیانی كۆمەڵایەتی و ژینگەی سروشتی...هتد).

ئاشكرایە، تا ئێستا دیاردەی واتا لای زمانـەوانو فەیلەسـووف و لۆجیـستەكان جێگـەی سەرنج و گفتوگۆیە و سنوورێكی دیاریكراوی بۆ دانـەنراوە، چـونكە هـەر تاكـە وشـەیەك لـە زماندا واتایەك یان زیاتر لە واتایەك دەگەیەنێت.

((جۆن لوك (1704-1632) (J.lacke) كە فەیلەسـووفێكە لـە بـواری فەلـسەفەدا ئـەم زاراوەیەی بەكارهێناوە، بەڵام سەرەتاكەی بۆ فەیلەسـووفی ئـەمریكی ( Charles Sanders Peirce) كە لە پێناسەیەكدا، دەڵێت: (ئەو زانستەیە دەكرێ لە نێو گـشت زانـستەكانی تـردا لێكۆڵینەوەی لەبارەوە بكرێت. هەروەها میشیل بریل (Michel Breal) لە كۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمدا، بۆ یەكەم جار لێكۆڵینەوەیەكی زانستی بە نـاوی (Essais de Semantique) لە ساڵی ١٧٩٧دا بڵاوكردەوە)). (نور الهدی لوشن: ١٩٩٥: ١٥).

فردیناند دی سۆسێر، لە (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی)دا لە روانگەی زمانییەوە دەڕوانێتە واتا و وشە بۆ دوو بەشا دابەش دەكات:



١- وشە (Signifiant)[١] بریتییە لە كۆمەڵە دەنگێك وشەیەك پێك دەهێنن یان ((وێنەیەكی دەنگییە و ڕاستەوخۆ بەر هزری گوێگر دەكەوێت و هەستێكی دەروونیشە بۆ دەنگەكانی ناو وشەكە)) (محەمەد حسێن: ١٩٨٨: ١٨).

٢- ئاماژە بۆكراو (Signifier) ئەو شتەیە لە واقیعدا ئامـاژە بـە بیرێـك یـان كۆمەڵـە بیرێك دەكات و ناوێك لە خۆ دەگرێت.

دەكرێت بەم نموونەیە بۆچوونەكەی سۆسێر ڕوون بكەینەوە، پێوەندی نێوان وشەی (ئەسپ) لەگەڵ ئەو گیانلەبەرەی ئاماژەی بۆ دەكرێ پێوەندییەكی گونجاوە. بەڵام هیچ هۆیەك نییە پێوەندی نێوان گۆكردنی وشەكان لەگەڵ ئەو شتەی ناوی لێدەنێ شی بكاتەوە، چونكە ئەو پێوەندییە بە پێویست دانانرێت لە نێوان وێنەی دەنگی (ئەسپ) لەگەڵ ئەو گیانلەبەرەی ئەو وشەیە دەیگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ناوێكی تر بۆ ئەو گیانلەبەرە دابنرێت وای بۆ دەچێت، كە ئەم وشەیە بۆ یەكەم جارە بەكار دەهێنرێت. كەواتە ناوە نوێیەكە ئاماژە بەو ناوە دەكات، كە ئێستا بەكاردەهێنرێت و پێوەندی بە ناوە كۆنەكەوە نامێنێت.

ئەو هۆیانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین پێناسە بۆ واتا ، ئەمانەن:

١- پێوەندی كردنی واتا بە گشت ئاستەكانی زمانەوە، وای لە واتا كردووە ئەم واتایانە لە خۆبگرێت ((واتای فەرهەنگی، واتای ڕێزمانی، واتای مۆرفۆلۆجی و واتای كۆمەڵایەتی... هتد)) (كەمال بشر: ١٩٧١: ٤).

٢- جیاوازی ئەو ژینگانەی گرنگی بە واتا دەدەن بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بۆچوونی جیاواز، چونكە هەر بۆچوونێك لە روانگەیەكەوە سەیری واتا دەكات.

٣- زۆربوونی ئەو دامەزراو و ڕێكخراوانەی گرنگی بە وەرگێڕان دەدەن، هاوتانەبوون و ڕێك نەكەوتنیان لەگەڵ یەكتردا.

(١) لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (دال، المدلول، الدلاله) سێ زاراوەی واتاسازین بۆ ئـەوەی زیـاتر چـەمكەكەی ڕوون بكەینەوە بەم شێوەیە باسی دەكـەین: ١- دال (Signifie = Significant = Signifiant) وشـەیەكی گوتراو یان نووسراوە چەمكێك یان شتێك دەگەیەنێت و دەبێت بەناوێك بۆ كەسـێك یـان شـتێك. ٢- مـدلول (Signifir = Referent = Significatam) بریتییە لە كەسێك، شـتێك، چـەمكێك لـە دەرەوەی زمانـدا بەوشەیەك ئاماژەی بۆ دەكرێت. ٣- الدلاله (Significane = Signification = Meaning) ئەو واتایەیە كە وشە (دال) دەیگوازێتەوە و گوزارشت لە پەیوەندی نێوان (وشە) و ئاماژە بۆكراو (مدلول) دەكات.

## ڕەگەزەکانی واتا:

بچووکترین یەکەی پێکهاتەی واتاسازی بریتییە لە ڕەگەزێکی واتادار (مۆرفیم) ئەو ڕەگەزانەش کۆدەکرێنەوە، بیرۆکەیەك یان چەمکێکی واتایی پێك دەهێنن. ئەمەش بۆ چوار گرووپی بنچینەیی دابەش دەکرێن:

١- شتەکان.
٢- ڕووداوەکان.
٣- سیفەتەکان.
٤- پێوەندییەکان. (Larson: 1984: 29)

ئەم چوار خاڵە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە:

شتەکان ئەمانە دەگرنەوە (فریشتە، ئاسمان، گەردوون، بەرد، خوێن، ...هتد) ڕووداوەکان (گشت فرمانەکان) دەگرنەوە،کە ئەمانەش گۆڕانکاری بارودۆخەکانو زانیارییەکان دەردەخەن، وەك: (خواردن، هەڵاتن، بیرکردنەوە، توانەوە، پێوەلکان، پێکەنین)، هەروەها سیفەتەکانیش سیفەتی چەندیەتی و چۆنییەتی ڕووداوێك یان شتێك، وەك: (نەرم، رەق، لەسەرخۆ، لەناکاو..هتد) پێوەندیەکانیش بریتین لەگشت ئەو پێوەندییانەی، کە لە نێوان (شتەکان و ڕووداوەکان و سیفەت)ەکاندا دەبن، وەك: (لەگەڵ، بەهۆی، لەبەر ئەوە، لە دواییدا، یان...هتد) دەکرێت ئەو پێوەندییانە بە پێی ئەم نموونەیە ڕوون بکەینەوە:

ناوی (کوڕ) مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە، چەند ڕەگەزێکی واتایی تێدا کۆبووەتەوە
١- کوڕ + مرۆڤ = شت.
٢- کوڕ + (نێر + گەنج) = سیفەت
٣- کوڕ + مرۆڤ
+ نێر
+ منداڵ
+ گەنج

لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەکرێت بڵێین ئایا ڕەگەزەکانی واتا چۆن ڕێك دەخرێن؟ و ئایا هەر زمانێك تایبەتێتی خۆی هەیە بۆ ئەم ڕێکخستنە ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: (ناو، ئاوەڵناو) لە ڕێزماندا ئاماژەن بۆ شتەکان و (فرمانەکان) ئاماژەن بۆ ڕووداوەکان، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:



- شتەکان ............ ناو، ئاوەڵناو. تەواوکەری ڕاستەوخۆ
- ڕووداوەکان ........ فرمانەکان
- سیفەتەکان ........ ئاوەڵفرمانەکان (چۆنیەتیی و چەندییەتی)
- پێوەندییەکان........ئامرازەکانی (پێوەندی، لێکدراو، بەستنەوە). بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:
- نەسرین نازدار بانگ دەکات.

لەم ڕستەیەدا هەردوو ناوی (نەسرین، نازدار) بۆ پۆلی واتای شتەکان دەگەڕێنەوە.

وشەی (بانگ دەکات) ڕووداوێکی واتایی و فرمانێکی ڕێزمانییە، هەروەها لەم ڕستەیە (نەسرین = بکەر) و (نازدار = تەواوکەری ڕاستەوخۆ). بەڵام زۆر جار لە نێوان پۆلە واتاییەکان و پۆلەکانی ڕێزماندا لادان ڕوودەدات، وەك لە ڕستەی (من گوێم لێ بوو) لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا (من = بکەر) بەڵام لە ڕستەیەکی، وەك (من گوێم لە دەنگی کاوە بوو بانگی کردم) (کاوە = بکەر) و (من = بەرکار) ئەم جۆرە لادانەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی واتایی ڕستەکەدا.

## ڕیزبەندی هەڕەمیی واتا:

لە واتاسازیدا بچووکترین یەکەی واتا بە مۆڕفیم دەست پێ دەکات بۆ پێکهاتەی چەمك و بیر (وشەکان) چەمکە ئاڵۆزەکان پێك دەهێنن (فریز) بە چەند فریزێك (ڕستە) دروست دەبێ بە هۆی چەند ڕستەیەکەوە پەرەگرافی واتایی ئەمانە دەبنە پێکهێنەری ڕووداوێکی یەك لە دواییەك و دەق پێکدەهێنن، لە دەقیش ئاخاوتن دروست دەبێ. (Larson: 1984: 31)

- ڕەگەزی واتا............ مۆرفیم (رەگ، پێشگر و پاشگر).
- چەمکەکان .......... وشەکان.
- چەمکە ئاڵۆزەکان...... فریز.
- فریزەکان ............. ڕستەکان.
- ڕستەکان .............. پەرەگراف.
- زنجیرە ڕووداوەکان ..... دەق.
- دەق ..................... ئاخاوتن.

کەواتە بچووکترین یەکەی واتا چییە؟

ئەم پرسیارە لە واتاسازیدا بە ئاسانی وەڵام نادرێتـەوە، چـونکە لـە واتاسـازیدا (سـیمیم) بچووکترین دانەی واتـایی نابەرجەسـتەیە، بـەڵام ورد نییـە، ئەمـەش لـە دوو خاڵـدا هەسـت پێدەکرێت:

ا- واتا لە یەك ئاستی زمانەوانیدا نییە، بەڵکو لە زۆربـەی ئاسـتەکاندا هەیـە تـەنیا لـە ئاستی فۆنەتیکدا نییە، چونکە دەنگەکان واتایان نییە.

ب- واتا تەنها لە یەکەکانی واتادا سەر هەڵنادات.

١- مۆرفیم: بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە.

٢- وشە: لە (وشەی ئەرکی و وشەی فەرهەنگی، پێك دێت واتایان هەیە).

٣- ئیدیەم: واتاکەی بەسەر هەمـوو بەشەکانیدا دابەش کـراوە. وەك لـە (مرۆڤێکـی چـاو پیسە) (چاوپیس) واتاکەی لە هەمـوو وشەکەدایە، لە ڕووی واتـاوە یـەك (سـیمیم) دوو واتـای هەیە.

٤- وشەی ئاڵۆز: (دەخۆم) لە ڕووی واتاوە یەك واتای هەیە.

٥- وشەی لێکدراو: (باڵا بەرز) یەك سیمیم و دوو وشەی لێکدراوو یەك واتای هەیە.

٦- لە ڕستەدا: (کاوە هات) یەك سیمیم و دوو وشەیە لە ئاستی ڕستەدایە.

لە ڕاستیدا وەرگێڕانی ئەم یەکە واتاییانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کارێکی دژوارە، چونکە وەرگێڕ دەبێت پێکهاتەی واتا لە زمانی سەرچاوەدا ڕوون بکاتەوەو چەمك و ئەرکەکانیان دیاری بکاتو دووبارە لە زمانی ئامانجدا هەربەو پێکهاتە واتاییە ڕێکیان بخات و دایانبڕێژێتەوە.

## شیکردنەوەی واتای وشە:

زۆربەی ئەو پێناسانەی لە بارەی وشە و واتای وشەوە کراون ،تا ئێستا نەتوانراوە بگەنە پێناسەیەك سەبارەت بە واتای وشە. لە نێو ئەو ڕێگا و شێوازە گونجاوانەدا بۆ پەسنکردن و ڕوونکردنەوەی واتای وشە سێ پێوانە، کە جێگەی بایەخ پێدانن دەخرێنە ڕوو:

١- تیۆری (پێوەندی کردن) پێوەندی نێوان وشەو پێکهاتەکان دیاری دەکرێت.

٢- شیکردنەوەی نزیککردنەوە: ((لەم شیکردنەوەیەدا سوود لە ژمـارە وەردەگیرێـت، وەك سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی پێوانەی فۆرمێکی کیمیاوی واتـە هـەر وشـەیەك بریتییـە لـە ژمارەیەك گەردیلەی واتادار)) (Roger.T.Beel:1993:84).



٣- بچووکترین یەکەی واتادار، کە بریتییە لە پێوەندی واتایەك لەگەڵ واتایەکی تر و بە هۆی دانانی تیۆرێکی پەسەند، بۆ نموونە تیۆری واتادانان بۆ وشەی (پڵنگ) کە ئاژەڵێکی شیردەرە، ئەو ئاژەڵەش جۆرێکە لە ئاژەڵی شیردەر ئەویش جۆرێکە لە ئاژەڵە شیردەرەکانی تر، کەواتە بۆ لێکدانەوەی واتای هەر وشەیەك دەبێت بڕوانینە ئەو تیۆرە واتاییانە، کە لە دواییدا ڕوونیان دەکەینەوە.

سۆسێر بۆ جیاوازی نێوان بەهای زمانیی وشـە و ئـەو مەبەسـتەی وشـەکە دەیگەیـەنێت، دەڵێت: ((وشە تەنیا نیشانەیەکی زمانییە و بیرێکی زمـانی دەگەیـەنێت)). (یـەحیا عبابنـە: ٢٠٠٥: ٨١).

هەروەها بلوومفیلد (Bloom Field) بۆ پێوەندی نێوان وشە و ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات دەڵێت: ((واتای وشە دەبێت لە ڕێگای هۆکارە فسیۆلۆجی و فیزیکییەکانەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، بۆ نموونە (برسیەتی) کاتێك یەکێ دەڵێت (من برسیمە) ئەم بارە بە هۆی گرژبوونی دەمارەکانەوە لە لایەن ئەو کەسەی برسییەتی هەست پێدەکرێ)) هەروەها دەڵێت: ((چەندین وشە هەن واتاکانیان بە هۆی بارە فیزیکییەکەوە پەسندەکرێت)) وەك: لە (خۆشەویستی و رق و کینە)دا دەردەکەوێت، بلوومفیلد بۆ پێوەندی هێماو وشە کەوتوەتە بەر کاریگەریی ڕێڕەوی (ڕەفتاری ماددی)، چونکە وای بۆ دەچێت واتای وشە بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆڤ، هەروەها ((ئەو وشانەی ناو لە شت دەنێن و ئەوانەی ئاماژە بۆکراون بەرامبەریان نییە))(حلمی خەلیل: ١٩٩٦: ٩٤) .

فیرس (Firth) لە لێکۆڵینەوەی زماندا لە هزری فەلسەفی و لۆجیکی و دەروونی دووردەکەوێتەوە وای بۆ دەچێت، کە (زمان خۆی لە توانایدا هەیە بەرەو میتۆدێکی ڕاستمان بەرێت. ئەمەش پشت بە تایبەتییەکانی وشە دەبەستێت، بێ ئەوەی پەنابەرێتە بەر هیچ هۆکارێکی دەرەکی) ئەم بۆچوونە لەگەڵ زانای ئەنترۆپۆلۆجی پۆڵەندی (مالینۆفسکی) یەك دەگرێتەوە، کە دەڵێت: ((وشە واتایەکی سەربەخۆی نییە و بوونی وشەکە و واتاکەی شتێکی ڕێژەیین، هەروەها دەتوانرێت هەردووکیان لە دەوروبەری یەکتردا بەکاربهێنرێن)). (یەحیا عبابنە: ٢٠٠٥: ٨٢).

دەکرێت بڵێین زمانەوانەکان لە دوو لاوە لە واتایان کۆڵیوەتەوە:

١- پێوەندی دەرەکی: بریتییە لە پێوەندی نێوان وشە و تەنێك یان ڕووداوێك یان بارێك لە دەرەوەی زمان، ئەو پێوەندییە لە دەرەوەی زماندا دەکەوێتە دەوروبەرەوە و واتایەکی هۆشەکی هەیە، وەك:




٢- پێوەندی ناوەکی: بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەیەك و هەموو وشەکانی تری زمان بە تایبەتی ئەو وشانەی لەگەڵیدا لە واتادا نزیکن، ئەمەش واتایەکی هۆشەکیی نییە، چونکە لەناو مێشکدایە، واتە لە فەرهەنگ و لەو مێشکدا ئەو پێوەندییە بە پێوەندییەکی ناوەکی دادەنرێت، وەك:




## شیکردنەوەی واتای ڕستە:

ڕستە بە گرنگترین یەکەی واتایی دادەنرێت، هەندێك لە زمانەوانەکان وای بۆ دەچن، کە ڕستە گرنگترە لە وشە بەپێی ئەمە وشە واتای سەربەخۆی نییە، واتاکەی لە ناو ڕستەدا دەردەکەوێت. یان واتای ڕستە دەوەستێتە سەر واتای ئەو وشانەی، کە ڕستە پێکدەهێنن، ڕستەش واتایەکی ڕێزمانی و واتایەکی فەرهەنگی هەیەو هەندێك جار ئەم ڕستانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە واتاکەیان تەواوە ،کەچی لە ڕووی بەکارهێنان و دەوروبەرەوە بە پێچەوانەوەیە.

((دارشتنی ڕستە لە واتاسازیی بەرهەمهێناندا[٢] هەروەك لە ڕێزمانی چۆمسکیدا هاتووە دەوەستێتە سەر ڕۆنانی قووڵی ڕێزمانی، بەڵکو پێکهاتەی واتایی پێکدەهێنن، پاشان ئەم پێکهاتە واتاییە چەند گۆڕانێکی بەسەردا دێت ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی فەرهەنگییەوەدا دەبێت تا دەگاتە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە)). (عادل فاخوری: ١٩٨٨: ٦٤). وەك لەم وێنەیەدا ڕوونی دەکەینەوە:

(٢) واتاسازی بەرهەمهێنان= Generative Semantics = الدلالة التوليدية.






وێنەی ژمارە (٥)

## تیۆری کاتز و فۆدور بۆ ڕستە:

ئەم تیۆرە بۆ یەکەمجار لە لایەن (کاتز و فۆدور) لە ساڵی ١٩٦٣ دا بە ناوی (ڕۆنانی تیۆری واتایی) بڵاو کرایەوە، بە بۆچوونی ئەمانە گرنگترین ئامانجەکانی واتاسازی، بریتییە لە: ((شیکردنەوەی چەند خوێندنەوەیەك بۆ ڕستە)). (پاڵمەر: ١٩٨٥: ٥٩).

(کاتزو فۆدور) بۆ پێکهاتەی ڕۆنانی قووڵی ڕێزمانی شیکردنەوەیەکی واتاییان ئەنجامداوە واتە تیۆری واتایی بە بەشێك لە تیۆری بەرهەمهێنانی ڕێزمانی دادەنێن، چونکە توانای شیکردنەوەی ڕستە لە زماندا دەوەستێتە سەر بەکارهێنەرانی ئەو ڕستەیە پێکهاتەی واتایی لە دوو بەش پێکدێت:

١- **فەرهەنگ:** لە ڕستەدا واتای هەریەك لە یەکە فەرهەنگییەکان بەهۆی فەرهەنگەوە دیاری دەکرێت. ((پێویستە وشەکان لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا لەگەڵ پێکهاتە فەرهەنگییەکاندا هاوواتا بن)) (کارل دیتەر بونتنج: ٢٠٠٣: ٢٦٨). بۆ نموونە: (پیاو، ژن، شێر، خەون) ئەم وشانە هەموویان ناون، بەڵام پێکهاتەی واتاییان جیاوازە و بەپێی ئەم خشتەیە واتا جیاوازەکان دەردەکەون:

| پیاو | ژن | شێر | خەون |
|---|---|---|---|
| + ناو | + ناو | + ناو | + ناو |
| + بەرجەستە | + بەرجەستە | + بەرجەستە | - بەرجەستە |
| + ژمێردراو | + ژمێردراو | + ژمێردراو | + ژمێردراو |
| + زیندوو | + زیندوو | + زیندوو | - زیندوو |
| + مرۆڤ | + مرۆڤ | - مرۆڤ | - مرۆڤ |
| + نێر | + مێ | + نێر | - نێر و مێ |



نموونەیەکی تر:

| | مرۆڤ | نێر | مێ | هەراش | شووکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| منداڵ | + | + | ± | - | - |
| کچ | + | - | + | + | - |
| ژن | + | - | ± | ± | + |
| خووشك | + | - | + | + | + |
| دایك | + | - | + | + | + |

٢- **یاسای کەواندن:**

کاتز و فۆدور ڕووبەڕووی چەمکی ڕەوشتی زۆربەی زاناکانی پێش خۆیان بوونەتەوە، لەم یاسایەدا سیما ڕێزمانییەکان و سیما واتاییەکان و هەڵبژاردەی سنووردار لە فەرهەنگدا دیاری دەکەن. لە هەڵبژاردەی سنووردارەدا بەهۆی دەوروبەرەوە ڕێکەوتنێکی واتایی نێوان یەکە فەرهەنگییەکان بە یارمەتی سیما واتاییەکانەوە پێوەندییە واتاییەکانی ناو ڕستە ڕوون دەکرێنەوە، بۆ نموونە وشەی (سووتان) جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی لە دەوروبەردا (سیاق) بەکارهێنانی لە ناو ڕستەدا چەند خوێندنەوەیەکی واتایی بۆ دەکرێت، لەوانە:

١- جەرگی سووتاوە.

٢- مافی سووتاوە.

٣- دڵی سووتاوە.

٤- ماڵی سووتاوە.

یەکێك لەواتاکان سەرەکییە، ئەوانی تر لاوەکین، جا بەهۆی وشەی (سووتان)ەوە چەند واتایەکی نوێ لە دەوروبەردا دەستکەوتووە. بەڵام (سووتان) تەنیا بۆ شتە بێ گیانەکان بەکارنەهاتووە، بەڵکو بۆ مرۆڤیش بەکارهێنراوە.

هەروەك دەرکەوتووە پێکهاتەی واتایی لە تیۆرەکەی کاتزو فۆدوردا بریتی بوو لە یاسای کەواندن، ئەمەش ((دوو ئامانجی سەرەکی هەیە:

١- جیاوازی نێوان ڕستەی واتادار و ڕستەی بێ واتا دەکەن.

٢- بۆ هەر ڕستەیەکی واتادار یان هەر ڕستەیەك، کە پێکهاتەی واتایی تەواو بێت ڕووخسار و شێوەیەکی واتایی پێدەبەخشن)). (جون لاینز: ١٩٨٠: ١٧١).

هەروەها لە پێکهاتەی واتایی ڕستەدا (سیمای واتایی یەکە فەرهەنگییەکان لەگەڵ پێوەندییە ڕێزمانییەکان لە ڕۆنانی قووڵدا ڕوون دەکەنەوە، بەڵکو پێکهاتەی دەنگ و سیما فۆنۆلۆجییەکانی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەش ڕوون دەکەنەوە). (کلاوس هیشن: ٢٠٠٢: ١٦٣). وەك لەم نموونەیەدا دەرکەوتووە:




وێنەی ژمارە (٦)

### تیۆری فیلمۆر بۆ ڕستە و ڕێزمانی دۆخ (Case Grammer)

فیلمۆر لە دۆخی ڕێزمانی لەو چەمکە کۆنە لادەدات، کە ناو گۆڕانێکی مۆرفۆلۆجی بەسەردا هاتووە. واتە ناو دەبێتە (بکەر یان بەرکار) لە ڕستەدا، بەڵکو ئەو چەمکە ڕوون دەکاتەوە، کە مرۆڤ چەند بڕیارێکی جۆراوجۆر دەدات لە (ڕووداو) و (ئەو شتە)، یان ئەو کەسەی ئەرکی ڕووداوەکەی دەکەوێتە سەر) واتە بەرکار، هەروەها (لە ڕستەدا چی ڕوویداوە؟ و کەی؟ و لە کوێ؟) ئەمانەش کۆمەڵە دۆخێکی واتایی لە ناو ڕستەدا دەگرنە خۆ.



پوختەی ئەم تیۆرە بریتی بوو (لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی زۆر قووڵ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا، بە ڕادەیەك نەك هەر تەنیا پۆلە کەرەسەکان، بەڵکو ئەرکەکانیشیان نیشان بدات)[٣]. بۆ نموونە:

١- تارا دەرگاکەی کردەوە.

٢- کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

٣- دەرگاکە بە دەستی تارا کرایەوە.

٤- تارا بە کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

٥- تارا کلیلەکەی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی دەرگاکە.

دەکرێت بڵێین ڕێزمانی دۆخ بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی چۆمسکی دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەم پێوەندییانە لێکبداتەوە، فرمانی (کردنەوە) لەو جۆرە فرمانانەیە کە دەبێ (ڕووداو) وەربگرێ هەندێکجار بە ئارەزوو (بکەر) و (ئامێر) هەڵدەبژێرێ .کەواتە ئەوەی لە ڕێزمانەکەی فیلمۆردا ئاشکرایە، کە ((ڕستە لە ئاستی ژێرەوەیدا بریتییە لە فرمانێك و کۆمەڵە دۆخێکی واتایی )) (یوسف شەریف: ١٩٩٠: ٩٤)

## تیۆرەکانی واتا:

### تیۆری ئاماژەکردن (Reference Theory):

بۆچوونێکی کۆنە لە ئیفلاتوونەوە دەستپێدەکات لەم بۆچوونەدا ((زمان بریتییە لە هێما و ئاماژە بۆکراویش دەرەوەی زمان. واتە ئەم پێوەندییە دوو قۆڵییە. تیۆری ئاماژەکردن بە تیۆری ناولێنان ناسراوە Theory Naming)) )یەحیا عبابنە: ٢٠٠٥: ٩٣).

ئۆگدنو ریتچاردز لە کتێبی (واتای واتا)دا بە شێوەیەکی زانستی باس لە واتا دەکەن، ئەمەش نرخێکی تایبەتی لە زمانەوانیدا هەبوو، چونکە ئاریشە واتاییەکانیان چارەسەر دەکرد و هەر ئەمەش وای لە زۆربەی زمانەوانەکان کرد، کە بە دووای ئاریشە واتاییەکاندا بگەڕێن، بە شێوەیەکی زانستییانە شییان بکەنەوە.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید، ئاستەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠).

ئەم دوو زانایە لە تیۆرەکەدا چوار توخمی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی واتا دیاری دەکەن (مەبەست، بەها، ئاماژە بۆکراو، هەڵچوون و سۆز) هەروەها لە سێگۆشە بە ناوبانگەکەیاندا لە سێ ڕووەوە لە واتا دەکۆڵنەوە:

١- هزر (Thought).

٢- ئاماژە بۆکراو (Refrent).

٣- ئاماژە(هێما) (Symbol).




وێنەی ژمارە (٧)

هەروەها بۆ دیاریکردنی پێوەندییە ئاماژەکان ئەم هۆکارانەیان دیاریکردووە:

هۆکاری یەکەم: ئەو هێمایانەی، کە نوێنەرایەتی دەنگە لێکدراوەکان دەکەن، دەبنە واتا بۆ چەند وشەیەك و دیاریدەکەن.

هۆکاری دووەم: هزر و ناوەڕۆکی وشەکە دەگرێتەوە.

هۆکاری سێیەم: لایەنی دەرەکی (هێما)یەکە دەگرێتەوە. (نور الهدی لوشن: ١٩٩٥: ٤٨).

تیۆری ناونان بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دەگونجێ، چونکە لە دەوربەرێکدا ناوی تایبەتی ئاماژە بۆ کەسێك یان شوێنێك دەکات، بۆ نموونە (هەولێر) تەنیا یەك شار هەیە بە ناوی (هەولێر). بەڵام کاتێك باس لە ناوێکی گشتی دەکەین وەك (شار) گونجاندن نامێنێ یان کەم دەبێتەوە، چونکە زیاتر لە یەك (شار) هەیە، بەڵام جاری وا هەیە ئاماژەکردنەکە بۆ هەموو (شار)ێکە بۆ ئەوەی لەگەڵ شتەکانی تر جیای بکاتەوە هەر بە ئەو بۆچوونەش دەتوانرێت وشەی (شار) بەپێی بۆچوونەکەی (سۆسێر) ڕوون بکرێتەوە:



١- وشەی (شار) لایەنێکی هزری هەیە و ئەو وشەیە کە بەرگوێی مرۆڤ دەکەوێت و مێشك وەریدەگرێت.

٢- لایەنێکی هەستی بۆ (شار) شێوەی ئەو شارەیە، گەورە، بچووك، شوێنە لەسەر زەوی. کەواتە ئەو کاتە وشەی (شار) واتادار دەبێت، کە هەردوو لایەنەکە هاوتا بن.

پێویستە لە وەرگێڕاندا ئەوە بزانرێت ئایا وەرگێڕ لە وەرگێڕانی ناوێکدا هەر ئەو زانیارییەی لە هزریدا داناوە، کە ببێتە جێگەی متمانە، تاوەکو بتوانێت ئەو چەمك و بیرە پێشکەش بە زمانی ئامانج بکات. بەڵام ئەگەر ئەو پێوەندییە نەبێت، بە ئاریشەیەکی سەرەکی دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ ناتوانێت وشەی گونجاو بەپێی هزر و بیری زمانی سەرچاوە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئامانج. تاکە چارەیەك بۆ ئەم ئاریشەیە ئەوەیە، کە هەندێك لەو هێمایانەی کە لە مێشکماندا هەن ڕێگەمان پێبدەن دووبارەیان بکەینەوە و چەمکەکانیان لەگەڵ هێماکەدا بگونجێنین، بۆ ئەوەی واتای ڕاستی وشەکان دەربخەین.

## تیۆری هۆشەکی (Mentalistic Theory):

بەپێی بۆچوونی هەندێك لە پێڕەوکەرانی ئەم تیۆرە واتا وێنەیەکی هۆشەکییە لە نێوان (وشە و ئاماژە بۆکراو)دا و ئەو وێنەیە لە کاتی گۆکردنی هەر گوتەیەك لە دەرەوەی زماندا لە مێشکماندا دروست دەبێت، کەواتە بۆ هەر وشەیەك بۆچوونێك و وێنەیەکی تایبەتی هەیە.

سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونە لەلایەن فەیلەسووفی ئینگلیزی (جۆن لوك) بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، کە دەڵێت: ((دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بیر بێت)) (عزمی اسلام: ١٩٨٥: ٥٦).

هەروەها پێوەندی نێوان (وشە) و (ئاماژە بۆکراو) بۆ گەیاندنی واتا ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە بیر لە وێنەیەك دەکەینەوە کاتێك دەمانەوێت باسی ناوێك بکەین یان بیر لە ناوێك دەکەینەوە ئینجا وێنەکە لە هزرماندا ئامادە دەبێت، کەواتە هەموو ناوێك بە ئامادەکراوی لە مێشکی مرۆڤدا هەیە. (نیدا: ١٩٧٦: ٧٨).

هەرچەندە ئەم بۆچوونە چارەی هەندێك ئاریشەی واتایی دەکات، بەڵام هەندێك کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت، وەك لە دیاریکردنی واتادا وەڵامی هەندێك پرسیار ناداتەوە. بۆ نموونە (سێگۆشە) وێنەیەکی هۆشەکییە بۆ سێگۆشەیەکی نموونەیی، بەڵام ئەم وێنەیە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت، چونکە چەندین شێوەی تر هەن دەتوانرێت لەسەر شێوەی سێگۆشە

دابڕێژرێت و ببنە وێنەیەکی گشتی بۆ گشت سێگۆشەکانی تر. کەواتە هەرچەندە واتای وشەکان ئەپستراکت بن دەرهێنانی وێنەکە لە مێشکدا قورستر دەبێت، ئەمەش بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ هێمای وشەکەدا پێچەوانە دەبێتەوە.

لە کردەی وەرگێڕاندا تا رادەیەك دەتوانرێت سوود لەم تیۆرە وەربگیرێت، چونکە ((بەپێی ئەم تیۆرە (وشە یا ڕستە) لە هۆشی قسەکەردا واتادار دەبێ، بەپێی ئەو وێنانەی لە کاتی بەکارهێنانیاندا تیایدا دروست دەبێت)). (بێخاڵ عەبدوڵڵا: ١٩٨٩: ٢٨).

بەم شێوەیە لە وەرگێڕاندا دوو وشە کاتێك هاوواتا دەبن، کە لە هەردوو زمانەکەدا دوو وێنەی تەواو لەیەکچوو لە مێشکی وەرگر (خوێنەر یا گوێگر)دا دروست بکەن. کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە لە زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا پێویستە بۆ هەر هێمایەکی تاك بیرێکی تاك لە هۆشی ئەو کەسەی ئەو هێمایە بەکاردەهێنێت هەبێت بەرامبەربە یەك بوەستن، کە ئەو بیرە تاکەش دەبێتە بیرێك بۆ بابەتێکی تاك لەبەر ئەوە بابەتەکە خۆی دەبێتە ناونان بۆ هێما تاکەکە، هەروەها، هەربەم شێوەیە بۆ هەر هێمایەکی گشتی دەبێت بیرێکی گشتی هەبێت.

کردەی وەرگێڕان بەپێی ئەم تیۆرە، لەم وێنەیەدا ڕووندەکەینەوە:




وێنەی ژمارە (٨)



**تیۆری ڕەفتاری (Behavioral Theory):**

ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی گشتی واتا وەك ڕەفتارێکی زمانی لێکدەداتەوە و لەسەر بنەمای وروووژاندن (Stimulus)[٤] و وەڵامدانەوە (Response) بنیاتنراوە و ئەم بۆچوونەش لەسەر تاقیکردنەوەکانی (بافلۆڤ) کە لەسەر گیانلەبەرێك ئەنجامیداوە.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لە دوو روانگەوە لە واتا دەکۆڵنەوە:

١- تیۆری رەفتاری ((لێکۆڵینەوەیەکی دەروونییە بۆ واتا ))(عەلی زوین: ١٩٨٦: ١٨٢). چونکە بلوومفێڵد (Bloom Field) لە پێناو چەمکێکی بنەڕەتی بۆ واتا، گشت ئەو شتانە دوور دەخاتەوە، کە پێوەندییان بە (هزرو هۆشو وێنە و بۆچوون و دەربڕینی هەستی)یەوە هەیە، بۆ ئەوەی ئەو وشانە واتایەك بگەیەنن، دەبێت لە روانگەی دەروونییەوە شیکردنەوە ئەنجام بدرێت، تاوەکو لە مێشکی قسەکەردا شوێنێکی هەبێت. هەر بۆیە گشت ئەو پێناسانەی هۆشەکییەکان بۆ واتایان کردووە رەت دەکاتەوە.

٢- لە ڕوانگەی ڕەفتارییەوە پێناسە بۆ واتا دەکەن، چونکە واتا لە زماندا ((ئەو هەڵوێستەیە، کە قسەکەر بەرامبەر گوتن دەریدەبڕێت وئەو وەڵامدانەوەیە، لە گوێگردا دێتە ئاراوە)). (جورج مونان: ١٩٩٢: ٩٠).

لای بلوومفیڵد ئاخاوتن بریتییە لە کار و کاردانەوە، واتە دەوروبەر وێنەمان دەداتێ و لە مێشکماندا وشە، یان هێمایان بۆ دادەنرێت، لێرەدا تیۆرێکی ماددییە و لە هۆشەکییەکان جیا دەبێتەوە.




وێنەی ژمارە (٩)

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (جورج فیندرس ،١٩٥٠: ٣٠١).

لە وەرگێڕاندا بەپێی ئەم بۆچوونە هەر وشەیەك ڕەفتارێك لای وەرگر (خوێنەر یان گوێگر) دەنوێنێت، ئەم ڕەفتارەش بە کار و کاردانەوە دادەنرێت، چونکە وشەکان واتادار دەبن کاتێك، کە کاردانەوەیەك لای وەرگر بهێننە ئاراوە، یان دوو وشە هاوواتا دەبن، ئەگەرلە وەرگردا بوونە هۆی دروستبوونی هەریەك وەڵامدانەوە. بۆ نموونە وشەی (اذهب) هاوواتایە لەگەڵ (بڕۆ)، چونکە لەهەردوو زمانەکەدا هەردووکیان چاوەڕوانی هەریەك وەڵامدانەوەیان لێدەکرێت. دەکرێت لەم وێنەیەدا کار و کاردانەوە لە وەرگێڕاندا ڕوون بکەینەوە:




وێنەی ژمارە (١٠)

**کاریگەریی تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی لە وەرگێڕاندا:**

شێوازی مۆدێلی شیکردنەوەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکی بووە هۆی بەرپابوونی زنجیرەیەك یاسا بۆ ئاستە پێوەندیدارەکانی ئەم لایەنە ،بە شێوەیەکی سادە دەتوانین هێمای سەرەکی ئەم مۆدیلە لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە:

١- پێکهێنانی یاساکانی پێکهاتەیی فرێز، بریتییە لە لایەنێکی بنچینەیی وەك ڕۆنانی ژێرەوە (Deep Structuer).

٢- دەگوازرێتەوە بە هۆی یاسای گوێزانەوەوە بۆ پێکهاتەیەکی تر. بۆ نموونە (دیار بۆ نادیار) بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی.



٣- ڕۆنانی سەرەوە (Surface Structuer) کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ یاساکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی ملکەچ دەبێت واتە پێکهاتەی دەنگی و پێکهاتەی وشەیی. (Munday: 2001: 39).

نیدا (Nida) لەبارەی وەرگێڕانەوە هاوبەشی لەگەڵ دیاردە سەرەکییەکانی مۆدێلی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی دەکات، بە شێوەیەکی تایبەتی وای دەبینێت، کە وەرگێڕ دەبێت بتوانێت شێواز و ڕێگەیەك بەکاربهێنێت بۆ شیکردنەوەی زمانی سەرچاوە، ئەمەش دەبێتە پرۆسەیەك بۆ شیکردنەوەی زمانی ئامانج.

هەروەها (نیدا) لە کاتی شیکردنەوەی ڕستە لە کردەی وەرگێڕاندا مافی چۆمسکی دەپارێزێت، بەو جۆرە ڕۆنانی سەرەوەی (Surface Structuer) ڕستە لە وەرگێڕاندا شیدەکاتەوە بۆ ڕەگەزی بنچینەیی لە ڕۆنانی ژێرەوە (Deep Structuer)دا، ئەم کردەیەش لە وەرگێڕاندا بریتییە ((لە (گواستنەوە) واتە دووبارە دروستکردنەوەو داڕشتنی پێکهاتەی واتایی بۆ گۆڕانی پێکهاتەیی زمانی ئامانج. ئەم سیستەمە سێ هەنگاوییەی وەرگێڕان (شیکردنەوە، گواستنەوە، دووبارە بەرهەمهێنانی پێکهاتەکان) لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە)). (Munday: 2001: 40).




وێنەی ژمارە (١١)

### تیۆری شیکردنەوە:

ئەم تیۆرە گرنگی بە شیکردنەوەی وشە و توخمە پێکهاتووەکانی وشە دەدات، هەروەها ((بەپێی ئەم بۆچوونە وشە ئەرکێکی زمانی هەیە و دەتوانێت لە چەند بوارێکدا کار بکات، وەك (خوازە، هاودەنگ، هاوواتا)). (یەحیا عبابنە: ٢٠٠٥: ٩٨).

(کاتزو فۆدور) بۆ شیکردنەوەی وشەو واتاکەی سێ توخمی سەرەکییان دەستنیشانکردووە:

**١– سیمای واتایی (Semanitic Marker)**

ئەم نیشانە واتاییە بۆ هەر پێکهاتەیەکی زمانی واتای گشتیی پێکهاتەکە دەستنیشان دەکات ئەمەش لە واتا تاکەکانی ئەو مۆرفیمانەوە دەستپێدەکات کە لێی پێکدێت و بەپێی ئەو ڕێگەیەی لەگەڵ مۆرفیمەکان ڕێکدەکەوێت.

هەروەها دەکرێت بەهۆی ئەو نیشانە واتاییەوە، جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان دیاری بکەین، وەك:

کچ — کوڕ

ژن — پیاو

سیمای جیاکەرەوەی هەر دوو وشەکە بە (+نێر) و (+مێ) جیا دەکەینەوە، وشەی (کچ) هەڵگری چەند سیمایەکی تایبەتییە، وەك: (+ مرۆڤ + زیندووە + مێیە + هەراش)ە، ئەم سیمایانەش لە (کوڕ)دا کۆدەبنەوە تەنیا لە (مێ)دا جیاوازە، هەر ئەو سیمایەش لەگەڵ ((ژن و پیاو)دا هاتوون، تەنیا (ژن) مێیە و (پیاو) نێرە. هەروەها (جیاوازی (کچ) لەگەڵ (ژن) یان (کوڕ) لەگەڵ (پیاو)دا ئەوەیە (ژن و پیاو) هەراشن)) (جون لاینز: ١٩٨٠: ١١٤).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەکرێت بڵێین ئەم دوو واتاناسە کارەکانیان لەسەر بنەمای لێلی و شیکردنەوەی واتاکان بنیادناوە، چونکە لایان وایە ((واتا جیاجیاکانی وشەیەك لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دەستنیشان دەکرێت بە، هەماهەنگی نێوان سیماکان لە لایەکی ترەوە کۆتایی دێت)). (کورش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٣١).

(جون لاینز) لە کاتی خستنە ڕووی سیما واتاییەکان و شێوەی سیماکاندا (کاتزو فۆدۆر) بە ناواقیعی دەزانێت، چونکە پێی وایە هەڵبژاردنی هەر یەك لەم سیمایانە وەك سیمایەکی زاڵ لە ڕێگەی هۆکاری نیشانەکردنەوە چەند ئاریشەیەك دەنێتەوە، لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو سیمایە نیشانەی (+) (-) هەردوو سیماکە دەردەکەوێت، بەڵام (جون لاینز) دەڵێت: دەبێت لە نێوان ئەم جووتە وشانەی، کە نێرەکەیان نیشانە نەکراوە سوود لە سیمای (+ نێر) وەربگیرێت،



سیمای (- نێر) لە هەموو شێوەکانی تری سیمای (+ مێ)دا وەربگرێت. بۆ نموونە: (پارێزگاری شارەکە زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشکرد) (پارێزگار) سیما واتاییەکەی دەستنیشان نەکراوە، دەکرێت (+ نێر) بۆ دابنرێت یان لە هەموو شێوەکانی تردا (+ مێ)ی بۆ دابنرێت. کەواتە هەندێ وشە هەن لە بنەڕەتدا لە ڕووی ڕەگەزەوە دوو لایەنن، بەڵام دووبارەبوونەوەیان لە هزری قسەکەردا جۆرێك لە زانیاریی پێشینەیان لا دروستبووە. بۆ نموونە زۆر ناوی پیشە هەن سیمای واتاییان دیاری نەکراوە (+ نێر) یان (+ مێ)یە، وەك: (مامۆستا، خوێنەر، دادوەر، فەرمانبەر...هتد). بەڵام ئەمە بە گوێرەی زمانی کوردی، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەتوانرێت سیماکان بەپێی ڕەگەز دیاری بکرێن، ئەمەش بەهۆی هاتنی مۆرفیمی نێر و مێ لەگەڵ وشەکاندا، وەك: (معلم + نێر)و (معلمە + مێ).

معلم - + مرۆڤ + نێر + هەراش — مێ.

معلمة - + مرۆڤ + مێ + هەراش — نێر.

**٢– نیشانەی ڕێزمانی (Grammatical Marker):**

ئەم نیشانە ڕێزمانییە، ئەرکی جیاکردنەوەی واتاکانی وشەیەك دەگرێتەخۆ، ((لەم بۆچوونەدا (کاتزو فۆدور) ئەوەندە گرنگییان بە نیشانە ڕێزمانییەکان نەداوە و بە توخمێکی بنچینەیی دانەناون، چونکە لە شیکردنەوەی واتای وشەیەکدا جارێك بە (فرمان) و جارێکی تریش بە (ناو) شیدەکرێنەوە)). (ئەحمەد مختار: ١٩٨٢: ١١٨).

**٣- سیمای جیاکەرەوە (Distinguisher):**

جیاکەرەوە ئەرکی جیاکردنەوە دەبینێت، ((ئەمەش بەهۆی پێوەندی دژ واتایی نێوان یەکەکانی واتای نێوان دوو وشە ئەنجام دەدرێت)). (منقور عبدالجلیل: ٢٠٠١: ٩٢).

وەك سیمای جیاکەرەوەی وشەی (دار) و (بار) هەبوونی /ب/ لە وشەی (بار)دا لە شوێن /د/ لە وشەی (دار)دا دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا لە هەردوو وشەکەدا.

هەروەها ئەم بۆچوونە وشەکانی زمان لەسەر بنەمای سێ ئاستی پلەدار شیدەکاتەوە:

١- شیکردنەوەی وشەکان بەپێی بوارە واتاییەکان و دیارخستنی ئەو جۆرە پێوەندییە، کە بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. (ئەحمەد مختار: ١٩٨٢: ١١٤).

٢- شیکردنەوەی واتای وشە (فرەواتا و هاودەنگەکان) بۆ پێکهێنەرەکانیان، وەك:

شیر (١) = + سپی + تیژ + ڕەق + چەك (شمشێر)

شیر (٢)=—+ سپی + شلە + تام (شیری خواردنەوە). (عەبدولواحد دزەیی: ٢٠٠٥: ٣٠).

٣- شیکردنەوەی واتای تاکە وشە بۆ پێکهێنەرە جیاوازەکانی، وەك:

(کچ) + مرۆڤ + هەراش + مێ — شووکردن.

هەروەها بەپێی ئەم تیۆرە لە زۆربەی زمانانی جیهاندا بە یارمەتی نیشانە واتاییەکان وشەکان شیدەکرێنەوە، بەڵام پێکهاتەی واتایی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تردا جیاوازە لە وەرگێڕاندا دەکرێت واتای وشەکان بەپێی ئەم تیۆرە شیبکرێنەوە ئینجا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێڕدرێت، چونکە ((ئەم تیۆرە گشتییە و لەسەر بنەمای شیکردنەوەی سیما واتاییەکان وشە شیدەکاتەوە)) (جون لاینز:٧ ١٩٨: ٣٥).

کەواتە سیما واتاییەکان پێکهاتەیەکی تیۆرییە و بەشێکن لە تیۆرەکانی واتا. ئەمەش بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانەکاندا دێن ناگۆڕێت، بەڵکو زیاتر بەهۆی نیشانەکانەوە پەیوەست دەبن.

**تیۆری بەکارهێنان:**

لەم تیۆرەدا (فێرس) بەم شێوەیە چەمکی واتا ڕوون دەکاتەوە، دەڵێت: ((چەمکی واتا شتێك نییە لە مێشکدا هەبێ و ببێتە هۆی گۆڕینی پێوەندی نێوان گوتەکان، هەروەها وێنەیەکی هۆشەکی نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك پێوەندی، کە هەڵوێستە زمانییەکان پێکدەهێنن و لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دیاری دەکرێن)) (مەهدی ئەسعەد: ٢٠٠٢: ٤١).

هەروەها بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەی واتا لای (فێرس) دەبێت:

١- دەقە زمانییەکان بەپێی ئاستەکان شیبکرێنەوە.

٢- دەوروبەری دۆخ ڕوون بکرێتەوە، وەك لە (کەسێتی قسەکەر و کەسێتی گوێگر و گشت ئەو بارانەی دەوری ئاخاوتنیان داوە).

٣- دەبێت جۆری ئەرکی ئاخاوتن ڕوون بکرێتەوە.

٤- دەبێت ئەو کاریگەرییە دیار بخرێت، کە لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت، وەك: (پێکەنین و گاڵتەپێکردن) (محمود السعران: ١٩٩٩: ٢٥٣).

دەوروبەری زمانی (دەنگی، وشەیی، ڕێزمانی، فەرهەنگی)، هەروەها دەوروبەری دۆخیش باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوری نێوان قسەکەران و ئاخێوەران دەستنیشان دەکات. کەواتە مەبەست لە دەوروبەری دۆخیش ((ئەو دەوروبەرەیە، کە پرۆسەی تێگەیشتنی تێدا ئەنجام دەدرێت، کاتو شوێنی ئاخاوتن و پێوەندی نێوان ئاخێوەران و نەریتی هاوبەشی



نێوانیان لەگەڵ ئەو قسانەی پێش ئاخاوتن دەگرێتەوە ))(تالب حسێن: ٢٠٠٥: ٢١٢). بەپێی ئەم تیۆرە واتا دابەش دەکرێتە سەر ئەمانە:




وێنەی ژمارە (١٢)

بیرۆکەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ (ڤیتگینشتاین) کە دەڵێت: ((بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ بە دوای بەکارهێنانیدا بگەڕێ)). (جون لاینز: ١٩٨٠: ٢٣). هەرچەندە (فێرس) لە تیۆری بەکارهێناندا هەوڵێکی زۆریداوە بۆ شیکردنەوەی واتا، کەچی ڕووبەڕووی هەندێك ڕەخنە بووەتەوە. پالمەر (Palmer) دەڵێت: (فێرس لە تیۆرەکەیدا نموونەیەکی وای پێشکەش زمانەکە نەکردووە، کە گشت پێکهاتەکانی زمان پەسن بکاتو لە دیاریکردنی واتادا تەنیا جەخت لە ڕۆڵی دەوروبەر دەکات). هەروەها دەڵێت: ((دەوروبەر چەمکێکی دیاریکراوی نییە و ناتوانێت واتایەکی فراوان بۆ ڕستەکانی نێو زمانەکە دیاری بکات)) (پاڵمەر: ١٩٨٥: ٥٤).

لە وەرگێڕاندا چەند توخمێك بۆ دەوروبەری زمانی هەن بۆ ئەوەی بتوانرێت واتای وشە بەپێی دەوروبەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تربگوازرێتەوە، وەك: (دەوروبەری ڕاستەوخۆ، دەوروبەری دابڕاو، دەوروبەری خواستراو). لە دەوروبەری ڕاستەوخۆدا وەرگێڕ هێما بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئەو شتەی لە ژینگەدا بە ڕاستەوخۆیی بەکاردێت، بەکاردەهێنێت چونکە ئاماژە بۆکراوەکە دەتوانرێت ئاماژەی بۆ بکرێت. کەچی هەندێك جار نزیکبوونە لە واتای ئاماژە بۆکراوەکە ڕووبەڕووی لێڵی واتایی دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دیاری نەکردنی ئاماژە بۆکراوەکە لە زمانی سەرچاوەدا، بەڵام لە دەوروبەری دابڕاودا ئاماژە بۆکراوەکە کەسێك یان شتێکی نادیارە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، کە نووسەر لە زمانی سەرچاوەدا زۆرجار باس

له كەسێكی نادیار، كە لەو ژینگەیەدا،كە تێیدا دەژی دەكات، بەڵام بۆ دەوربەری خواستراو هێمایەكان بۆ شتە خواستراوەكان بەكار دەهێنرێن، وەك: لە هەردوو زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا دەتوانرێت بگوترێت: (زەوییەكە هەژارە) یان (خاكەكە دەوڵەمەندە) ئەمانە ئاماژە بە فۆرمێكی دیاریكراو دەكەن، چونكە دەتوانرێت ناوەكان بەم واتایانە پەسن بكرێن. بەڵام زۆرجار ناتوانرێت بەپێی گۆڕان دەوروبەری زمانی لە نێوان هەردوو زمانەكە وەرگێڕان ئەنجام بدرێت. چونكە دەوروبەر بەپێی باری ژینگەیی و سروشتی و كۆمەڵایەتی و كلتووری ،گۆڕانی بەسەردا دێت.

## جۆرەكانی وەرگێڕان و چەند تیۆرێكی زمانی:

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Translation) واتای گشتی بۆ كردەی (وەرگێڕان) هەیە، بەڵام هەندێك لە پسپۆرەكان بەپێی بنەمای جیاواز ئاماژە بۆ دوو جۆر وەرگێڕان دەكەن:

١- وەرگێڕانی زارەكی (Oral Translation)

٢- وەرگێڕانی نووسراو (Written Translation)

بەپێی پێناسە جۆراوجۆرەكانی وەرگێڕان و تیۆرەكانی زمانی بۆ وەرگێڕان، لەم روانگەیەوە زمانەوانەكان خەریكی پۆلێنكردنی جۆرەكانی وەرگێڕان بوون. ئەمەش لە سێ لایەنەوە ڕوون دەكەینەوە:

یەكەم- جۆرەكانی وەرگێڕان لای (كات فۆرد)

دووەم- جۆرەكانی وەرگێڕان لای (جاكو بسۆن)

سێیەم- جۆرەكانی وەرگێڕان لای (نیومارك)

**یەكەم - كات فۆرد (C. Cat Ford):**

زمانناسی ئینگلیزی، بە پراكتیزەكردنی سیستماتیكی هالیدای تیۆری وەرگێڕاندا، ئاستەكانی گواستنەوەی نێوان دوو زمانی پۆلین كردووە، پێی وایە ((سەرەرای لەمپەرەكانی زمانی، گەلێك لەمپەر و ئاستەنگی كولتووریش لەسەر رێگای وەرگێڕاندا هەن، واتە گەلێك وشە، كەوا دیارە واتای هاوشێوەیان لە دوو زمانی جیاوازدا هەن. هەمیشە هێما بۆ هۆیەكی گشتی یەكسان نادەن)).(حسێن یەعقووبی: ٢٠٠٧:١١)



كات فۆرد جۆرەكانی وەرگێڕان بە سێ جۆر دیاری دەكات:

١- وەرگێڕانی تەواو (Full Translation) واتە لە زمانی سەرچاوە دەقێكی تەواو وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئامانج.

٢- وەرگێڕانی ناتەواو (Partial Translation) واتە هەندێك لە بەشەكانی نێو دەقەكە وەرناگێڕدرێت و تێكەڵ بە بەشە (دەق)ە وەرگێڕدراوەكە دەكرێت زۆر جار وەرگێڕ ناتوانێ هەندێ وشە و دەستەواژە لە زمانی سەرەكییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئامانج، ناچار دەبێ بیانگوازێتەوە و تێكەڵ بە بەشەكەی تریان بكات.

٣-كات فۆرد ئاستەكانی زمانی وەرگێڕان لە زمانی سەرچاوەدا، بە دوو جۆر دیاری دەكات.

ا- وەرگێڕانی سەرتاپا (Total Translation):

ئەم جۆرە وەرگێڕانە سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاكسییە، چونكە وەرگێڕ دەقەكە لە زمانی سەرچاوەوە وەردەگێڕێت لەگەڵ گۆڕانی یاسا دەنگی یەكان و شێوەی نووسینەكانیان بۆ هەر ئەو ئاست لە زمانی ئامانجدا.

ب- وەرگێڕانی بەندكراو (Restricted Translation):

وەرگێڕ لەم جۆرە وەرگێڕانەدا پێوەندی بە ئاستێكەوە دەكات، ((واتە وەرگێڕانی دەقەكە تەنیا لە ئاستێكدا دەبێ (مۆرفۆلۆجی، فۆنۆلۆجی یان سینتاكس)، ئەمەش لە وەرگێڕانی زارەكی (Orall Translation) یان لە ئاستی وەرگێڕانی نووسراودا ( Graphological Translation) دەردەكەوێ)). (عبدالباقی الصافی: ١٩٧٤: ١٢).

جیاوازی خاڵی یەكەم و دووەم بە هۆی نەبوونی هاوتایی نێوان هەردوو زمانەكەو نەبوونی پێویستییەكانی پەیامی دەقێكی پێوەندیدار بە وەرگێڕانەوە دەردەكەوێت.

هەروەها ((پێوەرێك كە (كات فۆرد) بۆ ئەم دابەشكردنەی هەڵبژاردووە قۆناغی (یەكەی پێكهاتەی زمانە، كە لەسەر دەستی سیستماتیكی هالیدای رۆیشتووە و لەم دەستوورەدا هالیدای گشت قۆناغە جۆراوجۆرەكانی لە یەكەی پێكهاتەی زمان (دەق، دێر، رستە، فرێز، وشە)دا لەبەرچاو گرتووە)). (حسێن یەعقووبی : ٢٠٠٧ :٦١)

ئەگەر لە وەرگێڕاندا، قۆناغە جۆربەجۆرەکان لە یەکەی پێکهاتەی زمان لەبەر چاو نەگیرێت، (وەرگێڕانی کۆتکراو)ی پێدەگوترێت[٥]، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر وەرگێڕ هەوڵ بدات قۆناغەکانی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج بگوازێتەوە لە (ڕستە بە ڕستە و واتا بە واتا و وشە بە وشە...هتد) پێی دەگوترێت وەرگێڕانی سنووردار.

**دووەم- ڕۆمان جاکۆبسۆن (Roman Jakobson):**

جاکۆبسۆن بۆ لێکدانەوەی واتا پەنا دەباتە بەر تیۆری نیشانەکانی زمان و گەیاندنی واتا و دەڵێت: ((لە بنەڕەتدا شێوەی تێگەیشتنمان لەبارەی شت دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی نیشانەکانی زمان بە نیشانەی تر)). (غازی فاتح:١٩٨٣:٧١)

ئەم گۆڕینە لای جاکۆبسۆن وەرگێڕان دەگرێتەوە و بە تێڕوانینی جیاوازەوە سێ جۆر وەرگێڕان دەست نیشان دەکات:

١- وەرگێڕان هەر لەیەك زماندا (InTralingual Translation)

((زمانەدا بەم جۆرە دەتوانرێت نیشانەکانی زمان لە زمانێکدا وەربگێڕدرێتە سەر نیشانەکانی تر هەر لەو زمانەدا)).(Hatim and munday: 2004: 124 )

٢- وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (InTerlingual Translation)

بە گوێرەی ئەم خاڵە وەرگێڕان واتایەکی تەسك وەردەگرێت، چونکە وەرگێڕان هەر ئەوە نییە نیشانە زمانییەکان بەرامبەر یەك بکرێن یان وشە بە وشە دابنرێت، بەڵکو ئەوەی مەبەستە ئەوەیە، کە هاوتا بوونی نیشانەکان و ڕێکخستنیانە لە هەر دوو زمانەکەدا، بە واتایەکی تر دەبێ واتا دەربڕاوەکە بە شێوەیەکی تەواو بزانرێت.

٣- وەرگێڕان لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر (InTersemiotic Translation) واتا ((گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەی نازمانی، وەکو وێنە و ڕەنگ و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بۆ دەربڕینی واتایەکی تایبەتی)). (غازی فاتح:١٩٨٣:١٧)

هەروەها گۆڕینی پەیامێکە لە جۆرێکی دیاریکراو لە نیشانەیەکی زمانییەوە بۆ نیشانەیەکی تر، وەك گۆڕینی پەیامێکی زارەکی بۆ هەڵکردنی ئاڵایەك لە کاتێکی

---

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Cat Ford, J.C (1980) Linguistic Theory of Translation)



دیاریکراودا لە کاتی جەنگی دەریاوانیی ئەمریکی لە عیراقدا. ئەمەش دەبێتە گۆڕینی نیشانەیەکی زمانی بۆ نیشانەیەکی نازمانی.

جاکۆبسۆن لە پۆلێنێکدا بۆ کردەی پێوەندی کردن (عملیە الاتصال)دا ئەرکی زمان بەم شەش لایەنەوە دەبەستێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە: (سعیدالغانمی: ١٩٨٨:٥٣)




لە کردەی وەرگێڕاندا کردەی پێوەندی کردن و لەیەك گەیشتن لە سنووری زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا کاردەکەن و کۆدی سەرەکیش لە نێوان دەقە بنەڕەتییەکە و دەقە وەرگێڕدراوەکەدا (خوێنەر یان گوێگر)ە، کە لەم پرۆسەیەدا بە تەوەری سەرەکی دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ کردەی وەرگێڕانەکە لە خزمەتی وەرگردا بۆ گۆڕینەوە و هاوتابوونی نیشانە زمانییەکان بە نیشانەیەکی تر ئەنجام دەدات، گەورەترین ئەرکی زمان لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی کۆمەڵایەتی دەبێت.

**سێیەم- نیومارك (New mark):**

نیومارك وای بۆ دەچێت، کە ((گرنگیی تیۆرەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی سەرەکی لە جۆرەکانی وەرگێڕاندا دەردەکەوێت ئەمانەش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دەقی وەرگێڕدراودا ڕێکدەکەون)). (نیومارك:١٩٨٦:٤٤).

نیومارك لە سنووری کارەکەیدا ئاماژە بۆ چەندین بنەما و یاسای دیاریکراو دەکات و چەند ئاریشەیەك، کە پێوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە ،چارەسەر دەکات.

هەروەها لە لایەکی ترەوە، دەڵێت:

((وەرگێڕان پێش سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، وەرگێڕانێکی وشەیی بوو، بە تایبەتی لە دەقە زانستیەکاندا، کەچی دوای ئەم سەدەیە ئاڕاستەی وەرگێڕان بەرەو وەرگێڕانی دەق وەرچەرخاو زیاتر جەختیان لە وەرگێڕانی دەق دەکرد)). (محەمەد مەهدی:١٣٧٣:١٥).

پێوەرەکانی نیومارك بۆ جۆرەکانی وەرگێڕان:

١- وەرگێڕانی پێوەندی: وەرگێڕ لە زمانی ئامانجدا هەوڵ دەدات ئەو کاریگەرییە بخوڵقێنێ، کە لە دەقی سەرچاوەدا هەیە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دەوروبەرەی واتای دەقە سەرەکییەکەوە دەردەکەوێت.

٢- وەرگێڕانی واتایی: ((وەرگێڕ هەوڵ دەدات بە پێی ئەو سنوور بەندییانەی لە ڕێزمان و واتادا لە زمانی ئامانجدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەر ئەو واتایەی دەقەکە، کە نووسەری دەقی سەرچاوە بەکاری هێناوە، هاوواتایان بکات لەگەڵ دەقی زمانی ئامانجدا)). (Newmark: 1988: 47).

نیومارك بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوو پێوەرە دەڵێت:

((وەرگێڕانی واتایی زیاتر زانیاری دەگەیەنێت، بەڵام کاریگەری کەمترە وەك لە وەرگێڕانی پێوەندی، چونکە وەرگێڕانی پێوەندی زیاتر لای خوێنەر و گوێگر ئاشکراترەو لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت)) (نیومارك:١٩٨٦:٨٣)

دەکرێت بلێین نیومارك لە کاتی جیاکردنەوەی وەرگێڕانی واتایی لەگەڵ وەرگێڕانی پێوەندیدا، لە هەڵبژاردنی زاراوەکاندا زۆر ووردنەبووە، چونکە خاڵی جیاوازی لە نێوان هەردوو پێوەردا بریتییە لە هاوتابوون و کاریگەریی نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج.

نیومارك بۆ ئەم دوو پێوەرە، دوو نموونە دەهێنێتەوە:

١- لە وەرگێڕانی: (Be award of Dog)، واتە: (ئاگاداری سەگەکە بە) وەرگێڕانێکی پێوەندییە.

٢- لە وەرگێڕانی: (Savage Dog)، واتە: (سەگێکی دڕندەیە)، وەرگێڕانێکی واتاییە. (Newmark: 1988 : 39)

لە تیۆرییەکەی نیوماركدا دەگەینە ئەو ڕاستییە،کە وەرگێڕانی پێوەندی لەزۆربەی دەقەکاندا بە پێویست دادەنرێت بە تایبەتی لە وەرگێڕانی نووسراوە ئەدەبییەکان و ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوە زانستی و تەکنیکییەکان و پروپاگەندەڕامیاری و بازرگانیەکان هەروەها زیاتر گرنگی بە خوێنەر دەدات و گرنگی بە هاوتابوونی وێنە و واتای پێکهاتەکانی زمانی سەرچاوە



نادات. بەڵام وەرگێڕانی واتایی تایبەت دەبێت بە وەرگێڕانی دەقی فەلسەفیو ئایینی و ڕامیاری و هونەری و ئەدەبی لەم وەرگێڕانەدا دەبێ زیاتر پێکهاتەی وێنەیی و واتایی زمانی سەرچاوە بخرێتە ناو زمانی ئامانجەوە.

## جۆرەکانی وەرگێڕان:

### وەرگێڕانی زارەکی:

وەرگێڕانی زارەکی، ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Oral Translation) و لە عەرەبیشدا پێی دەوترێت (الترجمة الفورية) یان (الترجمة الشفهية) ئەم جۆرە وەرگێڕانەش لە زمانی کوردیدا بریتییە لە (وەرگێڕانی زارەکی).

وەرگێڕانی زارەکی بریتییە لە وەرگێڕانی وتەیەك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ وتەیەك لە زمانی ئامانجدا بە جۆرێك کاریگەری ئەو وتەیە قسەکەری زمانی سەرچاوەوە بگوازرێتەوە بۆ گوێگری زمانی ئامانج. ئەم جۆرە وەرگێڕانەش زۆر دەمێکە بەکار دەهێنرێت و بۆ گەلێك مەبەست کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بە شێوەیەکی فراوان لە کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی جیهانی و دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا بەکار دەهێنرێت، هەروەها بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەکرێت چەند بنەمایەك دابنرێت بۆ ئەوەی وەرگێڕ لە کردەی وەرگێڕانی زارەکی دا پێڕەویان بکات:

١- دەبێت وەرگێڕانی زارەکی پێوەندی بە گۆڕینی دەنگەکانەوە هەبێ و بەپێی یاساکانی زمانی لە زمانی (ا) و زمانی (ب)دا کاریان پێ بکات. (عبدالباقی الصافی:١٩٨٣:٩٦)

٢- پێویستە لەگەڵ گۆڕینی دەنگەکاندا هەوڵی مانەوەی پێکهاتە زمانییەکان لە ڕێزمان و وشەکاندا بدرێت.

٣- هاوتابوونی وەرگێڕان لە وەرگێڕانی زارەکیدا دەوەستێتە سەر هاوتابوونی شێوەی دەنگەکان، وەك گۆڕینی دەنگی /ص/ لە زمانی عەرەبیدا بۆ /س/ لە زمانی کوردیدا، هەروەها /ث/ بۆ /س/و دەنگی /ط/ بۆ /ت/...هتد.

کەواتە یەکێك لەو ئاریشانەی لە وەرگێڕانی زارەکیدا ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە بە تایبەتی لە وەرگێڕانی (ناوی تایبەتیدا) (Proper Nouns) (نیدا:١٩٧٦:٥٢)، چونکە لە هیچ زمانێکدا ناگونجێت دەنگەکان هاوتابن، پێویستە بۆ ڕێککەوتنی دەنگەکان لە نێوان هەر دوو زماندا ئەم شێوانەی خوارەوە وەربگرێت:

١- گونجاندنی تەواوی دەنگە وەرگێڕاوەکە بە پێی دەنگەکانی زمانی ئامانج.

٢- دارشتنەوەی ناوەکان لە زمانی ئامانجدا بە شێوەیەکی سادە بێ گەڕاندنەوە بۆ دەنگەکان و شێوەی ڕێنووسی دەنگەکان لە زمانی سەرچاوەدا.

٣- دەبێت جیاوازی لە نێوان ئەو ناوانەی ناسراون و ئاشکران لەگەڵ ئەو ناوانەی نادیار و دروست کراون بکرێت، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە شێوەیەکی ڕێکوپێك وەربگرێت.

## جۆرەکانی وەرگێڕانی زارەکی:

**١- وەرگێڕانی هاوکات (Simultaneous):**

لە وەرگێڕانی زارەکی هاوکاتدا ((وەرگێڕ لە ڕێگای تێگەیشتن لە یەك یان چەند وشەی سەرەتایی وتەی زمانی سەرچاوەدا، دەست دەکا بە وەرگێڕان و چرکە ساتێك دوای تەواو بوونی وتەکە لە زمانی سەرچاوەدا، ئەو بەشە کۆتایی پێدێنێ )) (کورش سەفەوی: ٢٠٠٥:١١)

بێگومان ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لە کۆنگرە و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەکار دەهێنرێت، چونکە وەرگێڕ یەکسەر لەگەڵ قسەکردنیدا دەست دەکات بە وەرگێڕان، بێ ئەوەی چاوەڕێی قسەکەرەکە بکات لە قسەکردن ببێتەوە.

هەروەها لە بەکارهێنانی وەرگێڕانی هاوکاتدا پەیوەندی بە جۆری دارشتنی وشەکانی هەر دوو زمانەکەوە هەیە و بەستراوە تەوە بە دارشتنی وشەکانی زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج بۆ نموونە شێوەی دارشتنی زمانی عەرەبی (vso)یە، بەڵام لە کوردیدا بریتییە لە (sov).

**٢- وەرگێڕانی دوابەدوایی (Consecutive):**

ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (الترجمه التتبعیه) و لە زمانی کوردی دا دەتوانرێت بگوترێت (وەرگێڕانی دوابەدوایی) لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ دەقە سەرچاوەکە دەڕوات و وەرگێڕ چاوەڕێ دەکات تاوەکو قسەکەرەکە دەوەستێت، ئینجا دەست دەکات بە وەرگێڕان، لێرەدا ماوەی وەرگێڕانەکەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی ناوبڕەکانی قسەکردنی ئەو کەسە ئینجا وەرگێڕانەکە بەردەوام دەبێت.

**٣- وەرگێڕانی بینراو:**

لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (ترجمة منظورة)، بەڵام لە کوردیدا وەرگێڕانی (بینراو)ە. لێرەدا((ئەگەر دەقە سەرچاوەکە دەقێکی نووسراو (وتە یان نووسراوێکی کۆن) بێت. لە شێوەی



وەرگێڕانی زارەکی وەردەگێڕدرێت، ئەم جۆرە وەرگێڕانەش بە باشترین جۆری وەرگێڕانی زارەکی دادەنرێت)). (جورج مونان: ٢٠٠٢:٦١).

## وەرگێڕانی نووسراو:

وەرگێڕانی نووسراو لە گشت بوارەکاندا بە کارێکی داهێنەرانە دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەی ئەم وەرگێڕانەوە زانیاریی مرۆیی و کلتووری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازرێتەوە، هەروەها ئەم وەرگێڕانە سنوورێکی دیاریکراوی نییە و ناتوانێت سنوور بۆ خوێنەرانی نووسراوێکی زمانی سەرچاوە دابنێت، چونکە هەر نووسراوێك دەتوانێت بۆ توێژێکی تایبەت بنووسرێت، بۆ نموونە وەرگێڕێك لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی دا بووەتە پسپۆر دەقێکی زانستی وەرناگێڕێت، هەر ئەمەش لە زانستی وەرگێڕاندا وای لە وەرگێڕ کردووە خۆی بە وەرگێڕانی نووسراو ببەستێتەوە و ئاریشەکانی وەرگێڕان لەم ڕووەوە چارەسەر بکات.

## ڕێبازەکانی وەرگێڕان:

**وەرگێڕانی وشە بە وشە:**

ئەمە کۆنترین جۆری وەرگێڕانە، واتای دەستەواژە و ڕستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازێتەوە. لە زانستی وەرگێڕاندا زۆربەی تیۆرەکان جەخت لە بەکارنەهێنان و دوور کەوتنەوە لەم ڕێبازە دەکەن (ئاتین دولی) دەڵێت: (وەرگێڕ نابێت وەك بەندەیەکی دلسۆز وابێت بۆ دەقە سەرچاوەکە، بەڵکو دەبێ دووربکەوێتەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە). هەروەها لە لایەکی ترەوە (نیدا) دەڵێت: (لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا وەرگێڕ ناتوانێت پارێزگاریی گشت دەستەواژەکانی زمانی سەرچاوەبکات، چونکە دەبێتە هۆی دەقێکی نەناسراو لە زمانی ئامانجدا) هەروەها (فرانسیس ستور) لە ساڵی (١٩٠٩ز) دا جەخت لە بەکارنەهێنانی ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەکات و دەڵێت (وەرگێڕانی وشە بە وشە وەرگێڕان لە ناودەبات) لایەنگرانی ئەم بۆچوونەش بۆ ئەوە دەچن کە ((پابەند بوون بە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەبێتە هۆی شێواندنی دەقە سەرچاوەکە)). (نیدا: ١٩٧٦: ٤١).

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا هۆی سەرنەکەوتنی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە بۆ شارەزا نەبوونی وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکەدا و بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان بە شێوەیەکی رەها و بێ سەرنجدانە واتا تایبەتییەکانی وشەکان و هاوتانەبوونی وشەکان لە نێوان زمانی (ا) و زمانی (ب)دا. هەروەها وەرگێڕ لە وەرگێڕانی هەر وشەیەك بۆ زمانی ئامانج پشت بە فەرهەنگ دەبەستێ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لە وەرگێڕانی دەقە ئاینییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا وەرگێڕ بڕیار لەسەر ئەمانە دەدات:

١- کەڵك وەرگرتن لە وشە وەك یەکەیەکی وەرگێڕان و لەبەر چاوگرتنی وشەکان لە دەقی سەرچاوەدا.

٢- وەرگێڕانی واتای بنەرەتی وشەکان.

٣- هاوتابوونی وشەکان لە زمانی ئامانجدا بە شێوەیەك لەگەڵ واتای وشەی زمانی سەرچاوەدا بگونجێ. (حسێن یەعقووبی:٢٠٠٧:٣٨).

هەروەها دەتوانین وەرگێڕانی وشە بە وشە لە دوو روانگەوە سەیر بکەین:

١- وەرگێڕانی وشە بە وشە بە خراپترین ڕێبازی وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ گرنگی بە دارشتن و پێکهاتەی هەر دوو زمانەکە نادات، وەك لە نموونەیەکی زمانی ئینگلیزی داهاتووە، کە دەڵێت: (It rains cats and dogs). لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە ڕستەیەدا ئەگەر وشە بە وشە بگۆڕێت دەبێتە (سەگ و پشیلە دەبارێ) کەچی وەرگێڕانی واتایی بۆ ئەم ڕستەیە بریتییە لە (بارانێکی بە گوڕ دەبارێت) (بە لێزمە باران دەبارێت) (بارانێکی سەر بە کڵاوە) (شەست و رەهێڵە ئەکا) (کوندەی سەرەوخوار) (دەڵێی بۆ هەتیو دەبارێ)

٢- لە ڕێبازی وەرگێڕانی وشە بە وشەدا هەندێك جار وەرگێڕانەکە شێوەیەکی ڕاست و شیاو وەردەگرێ و پێوەندی نێوان پێکهاتەکان واتادار دەبێ، وەك لەم وشانەدا دەردەکەوێ.

١- الحرب الباردة = جەنگی سارد

٢- دموع التماسیح = فرمێسکی تیمساح

٣- الحرب والسلام = جەنگ و ئاشتی

هۆلمز لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ کردەی وەرگێڕان دەڵێت:

((لە ڕاستیدا وەرگێڕان بە چەند ئاستێك تێدەپەرێت و چەمکی دەقە سەرچاوەکە لە هزر و مێشکماندا هەیە هاوکات چەمکی دەقی زمانی ئامانجیش بەرامبەری دروست دەبێت کەواتە ئەگەر هەر ڕستەیەك لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج وەربگیرێت بە پێی پێوەندی و



یەکبوونی هەردوو چەمکەکان بوو، ئەوا کردەی وەرگێڕانەکە دروستە)). (www.arabswata.org).

هەروەها سادەترین یەکەی واتایی لەم وەرگێڕانەشدا ڕستەیە، چونکە یەکەیەکی سەربەخۆیە و لە چەند وشەیەك پێك هاتووە و بە هۆی پێوەندی نێوان ئەم ڕستەیەوە پەیامی وەرگێڕ پێکدەهێنرێت، هەروەها لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا وەرگێڕ دەبێ ئەمانەتی وەرگێڕانەکە لەبەر چاو بگرێت، هەر وەك سۆسێر دەڵێت: ((وەرگێڕانی وشە بە وشە ناتوانێت ئەمانەتی دەقە سەرچاوەکە بپارێزێت، چونکە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وشەکان رەچاو ناکات و سنووری نێوانیان دیاری ناکات، کەواتە وەرگێڕ پێویستە سەرنجی ئەو پێوەندییانە بدات لە نێوان وشەکاندا هەن، کاتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەیگوازێتەوە. ئەمەش پێویستی بە دارشتنەوەی ئەو پێوەندییانە دەبێ، تاوەکو ئەو واتایەی لە مێشکدا دروست دەبێ تووشی نامۆیی نەبێت و نەگوازرێتەوە بۆ زمانێکی تر)).

(www.Iirqiuritersunion.com).

## وەرگێڕانی واتایی:

وەرگێڕانی واتایی ئەو وەرگێڕانەیە، ((کە واتای دەقە سەرچاوەکە وەردەگیرێت، بێ ئەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی ئەو زمانە لەبەر چاو بگیرێت)) (غازی فاتح: ١٩٨٣:٥٤) .

لێرەدا ڕستە پێوەری وەرگێڕانە و ڕێزمان و شێوەی دارشتنی وشەکان لە زمانی ئامانجدا رەچاو دەکرێ و واتای ڕستە هاوواتاکە بە پێی واتای ڕستەی زمانی ئامانج دیاری دەکرێت. کەواتە لە وەرگێڕانی واتایی دا چەمك و ناوەرۆك و واتای گشتیی دەقە سەرەکییەکە بۆ زمانی ئامانج وەردەگێردرێتو بیرۆکەی سەرەکی بە پێی ئەو زمانە لێکدەدرێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ((لەم جۆرە وەرگێڕانەدا شێوازی وەرگێڕان بە پێی لۆجیك و شێوازی نووسین لە جۆرەکانی تری وەرگێڕان نزیکترە)). (رەشید جەمیلی: ١٩٨٦:٤٠).

لێرەدا دەکرێت ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکەینەوە:

١- هەر یەك لە ڕستەکانی زمانی سەرچاوە بۆ ڕستەیەك لە زمانی ئامانجدا وەردەگێردرێت.

٢- دەستەواژە و پەرەگراف دەبن بە پێوەری وەرگێڕان.

٣- وەرگێڕ لەم وەرگێڕانەدا زۆرتر بایەخ بە دەق دەدات.

٤- لە وەرگێڕانی واتاییدا هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی تەواو واتای دەقی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج وەربگێڕێتەوە و هەندێکجار واتای زمانی ئامانج دەسەپێنرێت. لێرەدا خوێنەری دەقی ئامانج ناتوانێت بە ئاسانی دەقە وەرگێڕدراوەکە بخوێنێتەوە.

٥- ئەم وەرگێڕانە بە باشترین و بڵاوترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ بە شێوەیەکی زانستی واتای دەقی زمانی سەرچاوە دەپارێزێت.

## وەرگێڕانی لێکدانەوەیی (الترجمة التفسيرية):

وەرگێڕانێکە بە شێوەیەکی فراوان بۆ ڕاڤە کردنی شتە شاراوەکانی ناو دەقەکە بەکاردەهێنرێت، ئەمەش پێویستی بە توانای دەربڕین و بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی ورد دەبێت.

(ماریان لودیریر) (Marianni Lederer)[٦] دەڵێت: وەرگێڕانی لێکدانەوەیی لە نێو زنجیرەیەك ڕۆشنبیری پێکەوە گرێدراودا بە سێ هەنگاودا تێدەپەڕێت:

١- تێگەیشتنی واتا.

٢- داماڵین و دابڕینی واتای بنجی لە دەقی سەرچاوەدا.

٣- دارشتنەوەی دەقەکە (ماریان لودیریر: ٨٢:٢٠٠٢).

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵی دووەم دەکرێت بڵێین ئەگەر وەرگێڕ لەم جۆرە وەرگێڕانەدا خۆی لەو دەربڕینە واتاییانەی، کە لە دەقی سەرچاوەدا هەیە دوورنەخاتەوە، ڕووبەڕووی چەند ئارێشەیەك دەبێتەوە، چونکە دووركەوتنەوە لە واتای بنجیی دەقەکە دۆزێکی میتۆدییە لەم وەرگێڕانەدا و ئەو کەسانەی گرنگی ئەمە نازانن لە وەرگێڕانەکانیاندا سەرکەوتوو نابن.

دیسانەوە (لودیریر) دەڵێت: ((ئەگەر مەبەستی وەرگێڕان لە تیۆری زماندا تەنیا گوتن بێت، لە تیۆری وەرگێڕانی لێکدانەوەییدا واتای گوتنەکەیە و ئەو واتایە سادە یان ئاڵۆز بێت بە توخمێکی بنجی دادەنرێت. ئەمەش ئەو ئامانجەیە، کە وەرگێڕ هەوڵی بۆ دەدات)). (لۆدیریر: ١٢١:٢٠٠١)

(٦) کچە توێژەرێکی فەرەنسییە لە قوتابخانەی سۆربۆنی پاریس بۆ وەرگێران لە بواری وەرگێڕانی لێکدانەوەییدا کار دەکات.



دیارە، لە پێناو تێگەیشتنی واتای دەقەکە و بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ لە زمانی ئامانجدا، چەند بنەمایەك لە لایەن (صفاء الخلوصي) دانراون: (صفاء الخلوصي: ١٧٩:٢٠٠٠)

١- بۆ تێگەیشتنی واتاکە، پێویستە دەقەکە چەند جارێك بخوێنرێتەوە.

٢- نابێت وەرگێڕانەکە (وشە بە وشە) یان (ڕستە بە ڕستە) ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەبێ چەمکەکانیان وەربگێڕدرێت.

٣- لە نووسیندا دەبێ لە وشە و دەربڕینی هۆنراوەیی دووربکەویتەوە.

٤- هەوڵبدرێت واتایەکی ڕوون بۆ دەقەکە دابڕێژێتەوە لەگەڵ دووركەوتنەوە لە هەندێ وشە و دەستەواژەی زیاد. ئەمەش وا دەکات هەندێکجار دەربڕینەکانی ناو دەقەکە فراوان بکرێن و هەندێك جاریش کورتبڕی تێدا بکرێت.

٥- نابێت گشت دەربڕینەکانی نێو دەقە سەرەکییەکە وەربگێڕین، بەڵکو تەنها ئەو دەربڕینانەی لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا دەگونجێ، وەردەگێڕدرێت.

٦- دەبێت ڕستە درێژەکان بە ڕستەی کورت بگۆڕدرێت.

٧- هەوڵی پاراستنی شێوازی دەقی سەرچاوە بدرێت .

دەرکەوتووە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ئامانجی سەرەکی هاوتابوونی پێکهاتەکان نییە لە نێو هەردوو زمانەکەدا، بەڵکو لە پێناو گەیشتنی خوێنەرە بەم هاوتابوونە، چونکە خوێنەر چاودێری دەقی نووسراوە و لەم وەرگێڕانەدا بە لایەنێکی سەرەکی دادەنرێت. هەروەها بە شێوەیەکی ئاسایی ((ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ لێکدانەوەی چامەیەك بەکار دەهێنرێت، ئەمەش لە شێوەی پەخشان یان دەربڕینی پارچە نووسراوێکی کۆندایە بە زمانێکی نوێ، بۆ ئەوەی خوێنەری هاوچەرخ لێی تێبگات)). (غازی فاتح: ١٩٨٣: ١٣٦).

لە لایەکی ترەوە وەرگێڕانی لێکدانەوەیی بۆ دەقێکی ئەدەبی، دەکرێت بە هۆی دەربڕینی واتایەکی تایبەتی بە وشەی نوێ، یان گۆڕینەوەی نیشانەکان هەرلەو زمانەدا بە نیشانەیەکی تر بگەیەنرێت.

## وەرگێڕانی داهێنانی:

وەرگێڕ لە وەرگێڕانی داهێنانیدا بیرۆکە و ناوەڕۆکی دەقی سەرچاوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئامانج و ناوەڕۆك و دەوروبەری دەقەکە شیدەکاتەوە ((ئەو جۆرە وەرگێڕانە جۆرە

جوانكارییەك و داهێنانێكی باڵای تێدایە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندكردنی ڕۆشنبیرێتی كۆمەڵ و پێشكەوتنی لە ڕووی جوانكارییەوە)). (غازی فاتح: ١٩٩٩:٢١).

هەروەها ئەگەر بیرە گشتییەكە بە شێوەی وشە بە وشە وەربگێردرێتە سەر زمانی ئامـانج، لە ناو دەقەكەدا بیرە سەرەكییەكە ون دەبێت و دەبێتە هۆی شێواندنی واتای دەقەكـە. كەواتـە ئەركی وەرگێڕ تەنیا گواستنەوەی زمانێك بۆ زمانێكی تر نییە، بەڵكو دەبێ بەهرەی ئـەدەبیی خۆی تێدا بنوێنێت و داهێنانێكی نوێ لە دەقە وەرگێڕدراوەكە دا بكات.

لە وەرگێڕانی داهێناندا لە پێناو داهێنانێكی نوێ لە بەرهەمێكی ئەدەبیـدا دەكرێـت دوو بنەمای سەرەكی دیاری بكرێن:

١- وەرگێڕان بە مەبەستی بەرهەمهێنانەوە (Reproduction)

٢- وەرگێڕان بە مەبەستی داهێنان (Resreation)(سەعید علوش: ١٩٨٤:٥).

بەرهەمهێنانو داهێنان دوو تەوەری بنچین لە وەرگێڕانی داهێناندا ،هـەر كاتێـك وەرگێـڕ بیەوێت بیرو بۆچوونی نووسەری دەقی سەرچاوە بگەیەنێتە خوێنەر، دەبێ شـارەزاییەكی باشـی لەبارەی كەسایەتیی نووسەرو ئەو سەردەمەی نووسەری تێدا ژیاوە، هەبێت.

## وەرگێڕانی كورتكراوە (Précis translation):

لە وەرگێڕانی كورتكراوەدا ،دەقە سەرچاوەكە كورت دەكرێتەوە بە لابردنی كەرەسە پێكهاتووەكانی نێو دەقەكە لە (وشە — ڕستەكان) و بەخشینی ناوەڕۆكێكی واتایی بە دەقە كورتكراوەكە. وەرگێڕ ئەو دەقەی مەبەستیەتی كورتیدەكاتەوە، بەڵام دەبێت ناوەڕۆكو چەمكی بابەتەكە بپارێزێت، هەروەها كاتێك وەرگێڕ لە وەرگێڕانەكەیدا هەست بەوە دەكات لە دەقی سەرچاوەدا درێژدادڕی كراوە ئەم درێژدادڕییەش دەبێتە مایەی بێزاری كردنی خوێنەر، دەقەكە كورت دەكاتەوە. كەواتە وەرگێڕانی كورتكراوە گرانترین ئەزموونە لای وەرگێڕ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زۆربەی زمانانی جیهاندا پێڕەو كراوە، بە تایبەتی بۆ كورتكردنەوەی ئەو ناوە لێكدراوانەی لە چەند وشەیەك پێكهاتوون و یەك واتا دەبەخشن. پسپۆڕان لەم بوارەدا چەندین زاراوی نوێیان دارشتووە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو ناوانە بگرنەوە. بۆ نموونە لە زۆربەی دام و دەزگاكاندا ناوەكان كورتكراونەتەوە، ئەمەش بە وەرگرتنی پیتی یەكەم یان ئاڵوگۆڕكردنی پیتەكان، وەك: (وكالة الانباء السورية) (سانا) یان لە زمانی كوردیدا بە كورتكردنەوەی ناوی هەندێك لە پارتو ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی كوردستانو (ی. خ. ك)، واتە یەكێتیی



خوێندكارانی كوردستان یان (ی.ق.ك) یەكێتیی قوتابیانی كوردستان یان (ی.ن.ك)، (پ.د.ك).

هەروەها بۆ ئەوەی سوود لە ڕێبازی كورتكردنەوە وەربگیرێت پێویستە جەخت لە ئەم خاڵانە بكرێت:

١- لە كورتكردنەوەدا ئاگاداری هەڵەی ڕێزمانیو هەڵەی ڕێنووس بكرێت.

٢- جەخت كردن لە پاراستنی زاراوە و شێواز و پێكهاتەكان و نیشانە فەرهەنگییەكانی نێو دەقەكە و بەكارهێنانی زاراوە راستەكان.

٣- ((كورتكردنەوەی چەمكە گرنگەكان و دووركەوتنەوە لە هەڵـەی واتـایی، بـۆ ئـەوەی دەقە وەرگێڕدراوەكە هەڵەی تێنەكەوێت)). (محمد الديداوي: ٢٠٠٥:٩٩).

دەكرێت سەركەوتنی وەرگێڕانی كورتكردنەوە، لەم خاڵانە دیاری بكرێن:

١- لە وەرگێڕانەكەدا بۆ چەند جارێك دەقەكە بخوێنرێتەوە تا وردەكاریی واتایی نێو دەقە سەرچاوەكە رەچاو بكرێت.

٢- خاڵە گرنگەكان بە تایبەتی دەستەواژە و ڕستە ئاڵۆزەكانی نێو دەقی سەرچاوە دیاری بكرێت.

٣-((بەكارهێنانی جێناوی كەسی سێیەمی تاك و ڕێژەی فرمانی رابردوو لە كورتكردنەوەی دەقەكەدا)) (صفاء خلوصي: ٢٠٠٠: ١٨٧)

٤- لە وەرگێڕانی كورتكردنەوەدا وەرگێڕ ناتوانێت كەرەسە لە دەقی زمانی ئامانجدا زیـاد بكات یان هەڵەكانی نووسەر لە دەقی سەرچاوەدا چاك بكاتەوە.

ئاشكرایە لە كورتكردنەوەی هەر دەقێكدا پێویستە رەچاوی ڕستەكان بكرێت بە تایبەتی ئەو ڕستانەی پێوەندییان بە ڕوونكردنەوەی واتاكەوە هەیە، بۆ ئەوەی هەمووی بەسەر یەكەوە ڕستەیەكی كورتكراوەی واتادار بەرهەم بهێنرێت.بە تایبەتی دەبێ رەچاوی شێوازی دەقەكە بكرێت، ئەگەر راگەیاندن، مەرج، سەرسووڕمان بێت. یان جۆرێك بێت لەو ڕستانەی، كە وروژانی تێدا بێت.

# بەشی سێیەم

# ئارێشەکانی واتا لە وەرگێڕاندا

## واتای فەرهەنگی (Lexical Meaning):

سەرەتا ئەو واتاناسانەی بایەخ بە واتا دەدەن بابەتی واتای فەرهەنگی بە پێویست دەزانن، چونکە بۆ دۆزینەوەی واتای هەر وشەیەك لە فەرهەنگدا بۆی دەگەڕێن، بەڵام ئەو پێناسانەی بۆ فەرهەنگەکان کراون بە تەواوەتی مەبەست نادەن بەدەستەوە، چونکە هەموو ئەو زانیاریانەی، کە پێویستمانن تیایدا نایدۆزینەوە.

واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای ئەو وشانەی، کە لە فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراودا تۆمار دەکرێن، هەروەها لە فەرهەنگی گشت زمانێکدا بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن (ناو-فرمانەکان) واتای فەرهەنگی وشەکە دەگەیەنن.

((زۆربەی زمانەوانەکان جیاوازی لە نێوان واتای فەرهەنگیو واتای ڕێزمانیدا دەکەن، وەك مارتێن (Martine)و هالیدای (Halliday)، ئەم جیاوازییەش بۆ دوو کۆمەڵ دابەش دەکەن، کۆمەڵەی داخراو، کە لە زماندا ژمارەیان کەمە، وەك (ئامرازەکانو ڕێژەی فرمانو ڕەگەزی ناوەکان...هتد)، بەڵام کۆمەڵە کراوەکان ، یەکە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، وەك (ناوەکانو فرمانەکان)). (جون لاینز: ١٩٨٠: ٥٨).

لە کردەی وەرگێڕاندا ئەم جۆرە ئارێشانە لە زمانی ئامانجدا ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، چونکە هەندێ وشە لە زمانی سەرچاوەدا (فرمان)ەو لە زمانی ئامانجدا دەبێتە (ئاوەڵناو)، هەروەها بە پێچەوانەوە، بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی هەر وشەیەکدا دەبێ وشەکە بەپێی واتا شیبکرێتەوە ئینجا لە زمانی ئامانجدا واتاکەی دابرێژرێتەوە.

ئاشکرایە، وشە سادەکان لە گشت زمانێکدا بە یەکەی فەرهەنگی واتا دادەنرێن، بەڵام بەهۆی داڕشتنو ڕۆنانی ڕێزمانییەوە چەندین واتای جیاواز لەخۆ دەگرن، وەك لە وشەی (خانوو) کە بە یەکەیەکی سادەی فەرهەنگی دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بگوترێت (خانوو+ان) کە بەهۆی مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی (ان)ەوە واتای کۆکردنەوەی ناوی (خانوو) دەگەیەنێت، کەواتە هەردوو ناوەکە(خانوو)و ناوی (خانووان) هەر ئەو واتا فەرهەنگییە دەگەیەنن.

هەروەها لە کاتی وەرگێڕانی هەر وشەیەکدا، ئەگەر ئەو دوو زمانە لە یەك خێزانە زمان بن وەرگێڕانەکە ئاسانو واتادارتر دەبێت. بۆ نموونە زمانی عەرەبی سەر بە خێزانە زمانی (سامی)یەو زمانی کوردیش سە ر بە خێزانە زمانی (ئاری)یە، واتە (هیندو ئێرانی).

ئەم دوو زمانە لە هەموو ئاستێکی زمانییەوە لێك جیاوازن، کەواتە بۆ دۆزینەوەی واتای فەرهەنگیی هەر وشەیەك دەبێت بۆ سەرچاوەی وشەکەو ئەو گۆڕانانەی بەپێی کات بەسەر



وشەکەدا هاتووە بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت واتای وشەکە لە زمانی ئامانجدا وەربگێردرێت. لەلایەکی ترەوە هەر وشەیەك لە هەر زمانێکدا وەربگرین واتای گشتیی ناو فەرهەنگ ناگەیەنێت و ئەو واتایەش ناگەیەنێت، کەلە دەوروبەری زمانێکدا بەکاردێت، چونکە وەرگێڕان و گواستنەوەی وشەیەك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو زمانەی پێوە دیار بێت، کە لێی وەردەگیرێت. کەواتە دۆزینەوەی واتای فەرهەنگی هەر وشەیەك لە فەرهەنگدا، دەبێت لە ڕێگەی بوارە واتاییەکانەوە واتاکەی دیاری بکرێت و بدۆزرێتەوە، بواری واتاییش، بریتییە لە: ((گرووپێکی وشە، کە پێوەندییە واتاییەکان لە نێوانیاندا بەدی دەکرێن زۆرجار وشەیەکی گشتی کۆیان دەکاتەوە)). (ئەحمەد مختار: ١٩٨٢: ٧٩).

هەروەها هەر زمانێك بە شێوەی جیاواز پۆلێنی بوارێکی واتایی دیاریکراو لە زمانەکەدا بەسەر شت و ڕووداوەکان دەسەپێنێت، چونکە ئەو وشانە لەناو یەکتردا پێوەندییەکی تایبەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیەو ئەم پێوەندییانەش بەهۆی (هاوواتایی و دژواتایی و هاوبێژی...هتد) ڕێك دەخرێن.

دەکرێت بڵێین گرنگی کردەی وەرگێڕانو شارەزایی و لێهاتوویی زمانی عەرەبی لەلایەن خوێنەران و ڕۆشنبیرانی زمانی کوردییەوە، وای خواستووە فەرهەنگەوانەکان بیر لە دانانی فەرهەنگی دوو زمانی (عەرەبی-کوردی) و (کوردی-عەرەبی) بکەنەوە، بەڵام ئەم فەرهەنگە واتاییانە مەبەستی سەرەکییان لێکدانەوەی وشەکان نەبوو، بەڵکو زیاتر بەدوای دۆزینەوەی هاوتابوونی وشەکاندا دەگەڕان، وەك ئەو واتایانەی، کە لێك نزیکن و ئەوانەی زیاتر لە هزری خوێنەر و گوێگردا هەن.

هەروەها گشت واتا فەرهەنگییەکان واتای زمانین و ئاماژە بە دەوروبەرێکی کلتووری و ڕۆشنبیری و ژینگەیی زمانێکی دیاریکراودا دەکەن، ئینجا ئەم وشانە بە شێوەیەکی گشتی واتای فەرهەنگ پێکدەهێنن .

دەکرێت بەم شێوانەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

١- دیاریکردنی شێوە و ناوەڕۆکی وشەکە یان ئەو ئاماژە بۆکراوەی، کە ئێمە لە وەرگێڕانەکەدا مەبەستمانە، یاخود دیاریکردنی ئەو تایبەتییانەی ئاماژە بۆکراوەکان هەیانە، کە پێویستە لە فەرهەنگدا ڕوون بکرێنەوە. بۆ نموونە دەتوانرێت چەند وشەیەك لە زمانی سەرچاوەدا وەربگرین و لەگەڵ وشەکانی زمانی ئامانجدا بیگونجێنین، وەك کۆمەڵەی (ژمارە یان ڕەنگەکانیان ئەو ناوانەی خزمایەتی) دەگەیەنن، بەڵام ئەم یەکە زمانییانە بە تەنیا واتا

ناگەیەنن لەگەڵ چەند یەکەیەکی تری زمانیدا نەبێت. بۆ نموونە: ژمارەی (چوار) چەند واتایەکی تری هەیە، وەك: چوار + ژمارە ⟵ چوار خانوو.

+ چاو ⟵ خاوەن چاویلکە.

+ پێ ⟵ هەر شتێك چوار پێی هەبێت بە تایبەتی بۆ ئاژەڵ بەکاردێت.

+ شانە ⟵ بۆ مرۆڤێکی زەبەلاح بەکاردێت .

+ گۆشە ⟵ شێوەیەکی ئەندازەییە.

+ داخ ⟵ ناوی شوێن.

+ چرا ⟵ ناوی شوێن.

+ باخ ⟵ ناوی شوێن.

٢- دیاریکردنی هاوواتا وەك دیاردەیەکی واتایی لە زمانی سەرچاوەدا و وەرگێڕانی بۆ زمانی ئامانجو دەستنیشانکردنی ئەو ئاریشانەی رووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، چونکە زۆر وشە هەن لە زمانی عەرەبیدا هاوواتای یەکترن، کەچی لە زمانی کوردیدا تەنیا یەك وشە بەرامبەر ئەو واتایە بەکاردەهێنریت، وەك: لە وشەی (السنة، الحول، العام، الحجة)دا (حاکم مالك: ١٩٨٠: ٢٥١).

ئەم وشانە لە زمانی عەرەبیدا هەریەکە بۆ پێوانەیەکی کات بەکاردێت، بەڵام لە نێو رستە و لە دەوروبەری قسەکردندا واتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا دەتوانرێت بگوترێت (عام الفیل) بەڵام ناتوانرێت بگوترێت (السنة الفیل) یان (الحجة الفیل)، کەواتە مەرج نییە هەموو وشەیەك لە فەرهەنگدا بە هاوواتا دابنرێت لەوانەیە لێکچوونێکی واتایی لە نێوانیاندا هەبێ، هەر بۆیە ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بە وشەی (ساڵ) وەردەگێڕدرێت.

٣- پێویستە لە فەرهەنگدا بۆ بەراوردکردنی وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تردا و بۆ دەرخستنی پێوەندی دژواتایی نێوان وشەکان، وەرگێڕ ئاگاداری گشت ئەو پێوەندییە واتاییانە بێت، کە لە دیاردەی دژواتادا روو دەدەن، وەك لەم جووتە وشانەدا دیارە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| ولد ✕ بنت | کوڕ ✕ کچ |
| الاسود ✕ البیض | ڕەش ✕ سپی |
| کبیر ✕ صغیر | گەورە ✕ بچووك |



٤- لە زمانی عەرەبیدا وشەی (نار) لە چەند دەوروبەرێکی زمانیدا، بەچەند واتایەك بەکارهاتووە. ئەم فرەواتاییە لە زمانی کوردیدا دەبێت رەچاو بکرێت، چونکە لە وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا هاوتاکەی بریتییە لە وشەی (ئاگر)، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بەم واتایانەی خوارەوە بەکار هاتووە:

١- پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرمووێت: (لاتستضیؤ بنار المشرکین)، وشەی (نار) بە واتای (رووناکی) هاتووە. واتای گشتیی فەرموودەکە، بریتییە لە: (خۆتان بە ئاگری کافران رووناك مەکەنەوە).

٢- خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿علیهم نار مؤصدة﴾ سورة البلد(٢٠). لەم ئایەتەدا وشەی (نار) بە واتای ئاگری جەهەنەم (دۆزەخ) بەکارهاتووە. واتای گشتی ئایەتەکە بریتییە لە: (ئاگرێکی جۆش سەندوویان لەسەرە).

٣- هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إنی آنست ناراً﴾ سورة طه (١٠). لەم ئایەتە دا وشەی (نار) بەواتای (ئاگری ئاسایی، کە بە هۆی کردەی (سووتاندن)ەوە ئەنجام دەدرێت و بەم شێوەیە وەردەگێردرێت: (من ئاگرێکم دیتەوە).

٤- وشەی (نار) شێوەی میتافۆر (مەجاز)ی وەرگرتووە ، بە واتای (ئاگری شەر) دێت، هەروەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: ﴿کلما اوقدو ناراً للحرب أطفاها الله﴾ سورة المائدة (٦٤).

بۆ دۆزینەوەی واتای وشەی (نار) و وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، دەبێ بزانین ئەم وشەیە واتایەکی فەرهەنگی زمانی هەیە، کە بە واتای (ئاگر) دێت و واتایەکی ئایینی، بە واتای ئاگری (جەهەنەم) دێت.

٥- مەرج نییە واتای فەرهەنگیی هەر زمانێك لە ناو فەرهەنگی ئاسایی زمانێکی تردا بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی دەقێکی یاساییدا وەرگێڕ رووبەڕووی چەند ئاریشەیەك دەبێتەوە، کە زۆرجار لە وەرگێڕانی وشەیەك یان زاراوەیەکی یاساییدا پەنا بۆ فەرهەنگی زمانی سەرچاوە دەبات، کەچی جیاوازی نێوان ئەم دوو زمانە وا دەکات هاوتابوونی وشەکان لە رێگەی فەرهەنگەوە دیاری نەکرێت. بۆ نموونە (لە یاسای باری شارستانی (القانون المدني)دا جیاوازی نێوان وشەی (الاجازة) لەگەڵ وشەی (الاذن)دا کراوە). (العربی: ١٩٨١: ١١٣).

کەواتە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ناتوانرێت وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیی بۆ بکرێت، بەڵکو دەبێت واتاکەی روون بکرێتەوە، چونکە لەم یاسایەدا وشەی (الاجازة) بە واتای (رێپێدان دوای

کارکردن) دێ و وشەی (الاذن) بە واتای (ڕێپێدان پێش کارکردن) هاتووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتایەکی هاوواتای بۆ دانراوە، کە (ڕێ پێدان یان مۆڵەت وەرگرتن)ە[1]، بۆ نموونە:

١- الاجازة السياقة ⟵ مۆڵەتی لێخوڕین.

٢- الاجازة الدراسية ⟵ مۆڵەتی خوێندن.

٣- الاذن بالطبع ⟵ ڕێپێدان بۆ چاپکردن .

هەروەها بۆ زیاتر دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان بەتایبەتی لە وەرگێڕانی ئەو وشانەی، کە تایبەتن بە ناوی ژینگە و ناوی گیانلەبەر و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە (خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ)دا بەم شێوەیەی خوارەوە وەرگێڕانەکە ڕوون دەکەینەوە:

وەرگێڕانی ئەو وشانەی، کە تایبەتن بە ژینگەو سروشتی زمانی سەرچاوە و دۆزینەوەی واتا و هاوتابوونی وشەکان لە ڕێگەی فەرهەنگی هەردوو زمانەوە، چونکە سروشتی هەر ژینگەیەك لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازە. بۆ نموونە: ((بە گوێرەی زۆربەی ئەو خەڵکانەی لە نیوەی گۆی زەویدا دەژین بەتایبەتی ناوچە فێنکەکان (معتدل) بای باکوور بە هەوای (سارد) دادەنێن، بەڵام بای باشوور واتای (گەرم) دەگەیەنێت، کەچی بای ڕۆژهەڵات بە واتای (باران) هاتووە، بەڵام بای ڕۆژئاوا واتای (ئاسمانێکی بێ باران)). (نیدا: ١٩٧٦: ٤١٤).

هەروەها بۆ وەرگێڕانی دەقێکی زمانی عەرەبی وشەی (صحراء) بەرچاو دەکەوێت وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا چۆن ئەم وشەیە وەردەگێڕێت؟ سەرەتا بۆ دۆزینەوەی واتای وشەکە دەچێتەوە سەر فەرهەنگی ئاسایی لە زمانی عەرەبیدا، کەواتە دەتوانین بڵێین ئایا وەرگێڕ تا چ ڕادەیەك لەم جۆرە وەرگێڕانەدا سەرکەوتوو دەبێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین وەرگێڕ، چونکە خۆی لەناو ئەم ئەزموونەدا نەژیاوە، پێویستە واتای وشەکە باش ڕوون بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکی بیابانی (صحراء- بيداء)دا چەندین زاراوەی تایبەت هەن، وەك: (السراب، الال[2]، الاطلال...).

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەبدولڕەحمان زەبیحی، فەرهەنگی زبانی کورد، ١٩٧٩، ١٩٨.

(٢) أ- (الال والسراب): لە زمانی عەرەبیدا بە هاوواتا دادەنرێن، بەڵام (الال) بە واتای کەسێك بکەوێتە بەر تیشکی خۆر زۆر بە جوانی دەربکەوێت هەروەکو چۆن لەنێوان ئاسمان و زەویدا بێت.

ب- (السراب): ئەو کاتە لە نیوەڕۆدا خۆر لە زەوی دەدات وەکو چۆن ئاوێك بڕوات.



ئەم وشانە واتاکانیان لای خوێنەرێکی کورد ئاشکراو دەرخرا و نابێت، تاوەکو وەرگێڕ بە واتایەکی ڕوون نەیخاتە بەردەستی خوێنەران و گوێگرانی زمانی ئامانج.

هەروەها لە وەرگێڕانی ناوی (الجمل)ی عەرەبی، کە (حوشتر)ی لە زمانی کوردیدا بۆ بەکار هاتووە. لێرەدا سیما واتاییەکانی ناوی حوشتر، بریتیین لە: (+ئاژەڵ+بیابان+ئارام گرتن+گواستنەوە +بارهەڵگرتن+وشکایی—ئاو). لەوانەیە ئەم سیما واتاییانە هەندێك لاوەکی بن، بەڵام ئەم جۆرە واتایە لەم وشەیەدا لە ژینگەیەکی زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت، کەواتە چۆن وەرگێڕ لەم جۆرە وەرگێڕانەدا سەرکەوتوو دەبێ؟ لەلایەکی ترەوە هاوتابوونی بواری واتایی (پۆشین و لەبەرکردن)[3] لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ زمانی کوردیدا لەمەدا جیا دەکرێنەوە، کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ هەر جۆرە لەبەرکردن و پۆشاکێك فرمانی تایبەت هەیە، هەر فرمانەش بە گوێرەی کەرەسەکە، واتە پارچە لەبەرکراوەکە دەردەبڕێت یان فرمانی لێ دادەڕێژرێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە لە زمانی کوردیدا لەبەرکردنەکە بە گوێرەی ئەو بەشەی لەش، کە پۆشاکەکەی بۆ دەبێت واتاکەی دەردەبڕێت، بۆ نموونە: لە زمانی عەرەبیدا وشەی (یَتَعَمَم) لە (عَمامَة)ەوە هاتووە، لە کوردیدا ئەم وشەیە هاوتاکەی بریتییە لە (جامانە یان مێزەر)ی لەسەر نا، کە ئەمەش تایبەتە بە وشەی ئەندامی (سەر) لە مرۆڤدا واتە (مێزەر لەسەر دەنێت).

هەروەها وشەی (قميص) بە واتای (کراس) دێت، بەڵام فرمانی (تَقَمص) واتای لاسایی کردنەوەی ڕەوشتی کەسێك (تَقَمص شخصية فلان) و (اَلبَسَ قميصاً) واتە (کراسی لەبەرکرد)ی لێدا دەڕێژرێت.

هەروەها وشەی (وشاح) بە واتای (مل پێچ یان دەسماڵ) دێت فرمانی (وَشَحَ) واتە (مل پێچی کردە مل) یان فرمانی (تَوَشَحَ) بە واتای (مل پێچی کردە ملی) هاتووە.

واتای (لێنان) لە زمانی عەرەبیدا بوارێکی واتایی فراوانی داگیرکردووە بۆ بەراوردکردنی ئەم بوارە لەزمانی کوردیدا و وەرگێڕانی هەر وشەیەك لەم بوارەدا دەبینین ((فرمان هەیە بەرامبەر دوو فرمان یان فرمانی هەمان بوار دەوەستێ، بە پێچەوانەوە لە کوردیدا فرمان

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هۆگر مەحموود فەرەج، بوارە واتاییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین-ئاداب، ١٩٩٩، ٦٦-٦٧.

هەیە، کە بەرامبەر دوو فرمانی هەمان بوار لە زمانی عەرەبیدا دەوەستێت)). (هۆگر محەمەد: ١٩٩٩: ٧٨).

بۆ نموونە لە وەرگێڕانی وشەیەکی وەك: (سَلَقَ)ی عەرەبیدا بەرامبەر دوو فرمانی هەمان بوار لە کوردیدا (کوڵاندن) و (زەردکردن) دەوەستێت، بەڵام فرمانێکی ترلە زمانی عەرەبیدا هەیە بەرامبەر یەکێك لەو دوو فرمانە (کوڵاندن)ە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ کوڵاندنی شتی رەق بەکاردێت، کەچی لە زمانی کوردیدا بۆ شتی رەق و شل (کوڵاندن) بەکاردەهێنرێت، وەك:

هێلکەکەی کوڵاند (رەق).

ئاوەکەی کوڵاند (شل).

هەروەهالە زمانی عەرەبیدا بۆ شتی (شل) وشەی (سَلَقَ)ە بەکار ناهێنرێت، بەڵکو بەرامبەر ئەم (غَلی) بەکار دەهێنرێت، هەر بۆیە لە زمانی عەرەبیدا بۆ کوڵاندنی هێلکە ناگوترێت (بیض مغلي) واتە (هێلکەی کوڵاو) یان بۆ (کوڵاندنی ئاو) ناگوترێت (ماء مسلوق) واتە (ئاوی کوڵاو)، بەڵکو دەگوترێت (ماء مغلي).

هەروەها لە فرمانی (طَبَخَ، مَطبوخ)دا بۆ نموونە ناگوترێت (ماء مطبوخ) واتە (ئاوی کوڵێنراو)، کەواتە لە وەرگێڕانی ئەم بوارانەدا وەرگێڕ دەبێت زۆر ورد بێت.

ناوی رەنگەکان لە فەرهەنگی گشت زمانێکدا بوارێکی فراوانیان هەیە، چونکە ((بەپێی لێکۆڵینەوەی (بێرلن وکەی) ریزبوونی وشەکانی رەنگ هەمان ریزبوونی رەنگەکانی شەبەنگ وەردەگرنو ژمارەشیان (٧) رەنگە)). (مستەفا زەنگەنە: ٢٠٠١: ٢٤).

لە زمانی کوردیشدا ناوی حەوت رەنگانەی شەبەنگ هەن و وشەکان بەم شێوەیە ریز دەبن: (سوور، نارنجی، زەرد، سەوز، سووری شینباو، شین، مۆر). هەروەها زۆربەی زمانەکان جیاوازی نێوان رەنگە ساردەکان (سپی) و رەنگە گەرمەکان (رەش)[٤] دەکەن.

ڕەنگەکان لە زمانی عەرەبیدا ئەمانەن: (الابیض، الاسود، الاحمر، الاخضر، الاصفر، الازرق، البني، الرمادي، الوردي، البرتقالي).

(٤) لە راستیدا رەنگی رەش بە رەنگ دانانرێت، چونکە هەڵگری رەنگەکانی ترەو هەر کاتێك هەموو رەنگەکان پێکەوە تێکەڵ بکرێن رەنگی رەش دەردەچێت، هەروەها بە گوێرەی رەنگی سپی ئەم رەنگەش بریتییە لە تێکەڵەی هەموو رەنگەکانی چەپکەی تیشکی خۆر کە لەناو خۆیاندا رەنگی راستی نییە و دەتوانرێت ناوی لێبنرێت (هەڵگری رەنگ). (ستیڤن جون گلبەرت: ٢٠٠٧: ١٣).



لە زمانی کوردیدا بۆ وەرگێڕانی ناوی ئەو رەنگانە دەکرێت بۆ هەر رەنگێك ناوچەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، چونکە هەندێك لەم رەنگانە بەتایبەتی رەنگە لاوەکییەکان بۆ ناوی گوڵ یان بۆ سروشت دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە: رەنگی (وەنەوشەیی) دەچێتەوە سەر گوڵی (وەنەوشە) و (پرتەقاڵی) بۆ میوەی پرتەقاڵ، هەروەها رەنگی (شین) دەچێتەوە سەر رەنگی ئاسمان و رەنگی (سەوز) رەنگدانەوەی سروشت و سەوزایی و رەنگی (خاك)ییش بۆ خاك و خۆڵ دەگەڕێتەوە.

ئەمەش وەرگێڕانی رەنگەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| الاحمر | سوور |
| الاسود | ڕەش |
| الابیض | سپی |
| الاصفر | زەرد |
| الاخضر | سەوز (کەسك) |
| الازرق | شین |
| البني | قاوەیی |
| الوردي | پەمەیی |
| البرتقالي | پرتەقاڵی |
| البنفسجي | وەنەوشەیی |
| الترابي | خاکی، خۆڵی |
| لون لبني | ڕەنگی شیری |
| لون مائي | ڕەنگی ئاوی |
| لون فضي | ڕەنگی زیوی (زیوین) |
| لون ذهبي | ڕەنگی زێڕی (زێڕین) |
| لون ناري | ڕەنگی ئاگری (ئاگرین) |
| لون سمائي | شینی کاڵ (ئاسمانی) |

| | |
|---|---|
| قرنفلي | مێخەکی، جەرگی |
| الرمادي | خۆڵەمێشی |
| اسمر(٥) | ئەسمەر |
| شذري | پیرۆزەیی |
| الارجواني | ئەرخەوانی |
| رصاصي | بۆر(خۆڵەمێشی) |
| حنطي | گەنم ڕەنگ |

هەروەها بۆ ئەوەی سیما واتاییەکانی هاووتاکان دیاری بکەین، لە ڕێگەی بوارە واتاییەکانەوە هاوواتاکان پۆلێن دەکەین. بۆ نموونە بواری واتایی (مردن) بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە:

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الموت) بە چەندین وشەی هاوواتا لە فەرهەنگدا لێکدراوەتەوە لێرەدا دەتوانین سیما واتاییەکانی هەندێك لەم هاوواتایانە ڕوون بکەینەوە.

بواری واتایی (مردن) لە زمانی عەرەبیدا ئەمانەن:

(٥) ئەسمەر: مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی لە فەرهەنگی (زبانی کورد) بەم شێوەیە واتای ئەم ڕەنگە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (پیاوێك یان ژنێك ڕەنگی پێستی وەکو ڕەنگی گەنم وابێت (گەنم ڕەنگ) ئەم ڕەنگە لە زمانی عەرەبیدا وەك سیفەتی ڕەنگی نێرینە نییە، بەڵکو بۆ مێینە بەکار دەهێنرێت). (عەبدولڕەحمان زەبیحی، فەرهەنگی زمانی کورد، ١٩٧٩، ١٥٣). دەکرێت بڵێین ئەم ڕەنگە لە پێناسی شارستانی عیراقییەکان بۆ پیاویش بەکار هێنراوە .






وێنەی ژمارە (١٣)

١- قتل: واتای مردنێکی دەستکردە و کەسێك بکەری ئەم جۆرەیە و جۆری مردنەکەش (و دەستکردە) لە کوردیدا بە واتای (کوشتن) دێت.

٢- ذبح: مردنێکی دەستکردە و کەسێك بکەرە، بەڵام بەهۆی ئامێرێکی تیژ (چەقۆ، خەنجەر) ئەمەش بە بڕینی مل، ئەم جۆرەش (دەستکردە) لە وەرگێڕاندا بە واتای (سەربڕین) دێت.

٣- خنق:

ا — مردنێکی ناسروشتییە و کەسێك بکەرە، بەڵام لە ڕێگەی فشار خستنە سەر ملی ئەو کەسە، کە دەیەوێت بیخنکێنێت جۆری مردنەکەش (دەستکرد)ە لە کوردیدا بە واتای (خنکاندن) دێت.

ب- بە واتای ژەهراوی بوون بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دێت.

(٦) قضى علیە: لەناوی برد.

(٧) نفق: مردار بوو، ، مرد.

٤- اغتیل: مردنێکی ناسروشتییە بە هۆی کارێکی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت، جۆرەکەی دەستکردە و بە واتای (تیرۆرکردن، کوشتن، لەناوبردن) هاتووە.

٥-مات: مردنێکی سروشتییە و جۆرەکەشی سروشتییە بەواتای مردنی ئاسایی دێت.

٦-توفی: مردنێکی سروشتییە بەڵام وروژاندنێك و ئاوازێك لە دەربڕیندا بەدی دەکرێ جۆری مردنەکەش سروشتییە و لە کوردیدا بەواتای (کۆچکردن) وەرگێڕدراوە.

٧- استشهد: مردنێکی سروشتی نییە، چونکە لە ڕێگەی کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت بەهۆی کارێکی (ئایینی) لە کوردیدا بە واتای (شەهید بوون) بەکاردەهێنرێت.

٨- اعدم: مردنێکی ناسروشتییە کارای ئەم کردارە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر ملی ئەو کەسە ئەگەر ئەم لە سێدارەدانە بەهۆی دەرچوونی بڕیارێکی دادگا بێت یان لە ڕێگەی بڕیارێکی (شەرعی) بێت لەزمانی کوردیدا دەگوترێت (لە سێدارەدان).

دەکرێت ئەم بوارە واتاییە لە ڕێگەی ئەم وێنەیەدا روون بکەینەوە:

| چەمکی وشەکە | ئاماژەبۆکراو | جۆر (بکەر) | جۆری ناو | زنجیرەی هەرەمی | شێوەی دەربڕین و گۆکردن | جۆری مردن | ڕێگەی مردن | هۆی مردن | ئامێری مردن | شەرعیەتی مردن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مات مرد | مات مرد | الانسان مرۆڤ | اسم ناو | الموت مردن | عادي ئاسایی | طبيعي سروشتی | | | | شەرعی |
| مات مرد | اعدم لە سێدارەدان | الانسان مرۆڤ | اسم ناو | الموت مردن | عادي ئاسایی | صناعي دەستکرد | الخنق خنکاندن | جريمة تاوان | المشنقة سێدارە | ناشەرعی |
| مات مرد | استشهد شەهیدبوون | الانسان مرۆڤ | اسم ناو | الموت مردن | عادي ئاسایی | صناعي دەستکرد | | | | شەرعی |

وێنەی ژمارە (١٤)



## دەربڕینە واتاییەکان:

ئەم دەربڕینانە بریتین لە کۆمەڵە وشەیەك واتایەکی دیاریکراویان هەیە بەهۆی چەند کەرەسەیەکەوە لێکدەدرێن و هەندێك لەم دەربڕینانە دەچنە ناو ئیدیەمەوە. ئاشکرایە زمانەوانە هاوچەرخەکان وەك زمانەوانە دێرینەکان گرنگییان بەم جۆرە دەربڕینانە نەداوە، بۆ نموونە ئەگەر لە هەردوو زمانی عەرەبی (سەرچاوە) و زمانی کوردی (ئامانج)دا دابگەڕێینەوە سەر فەرهەنگەکان هیچ فەرهەنگێکی تایبەت نادۆزینەوە تایبەت بێت بەم دەربڕینە واتاییانە، زیاتر لە نێو نووسراوە کلتوورییەکاندا نەبێ، ئەمەش لە شێوەی پەند و ئامۆژگاریدا دەبینرێن. دەکرێت بڵێین لەهەموو زمانێکدا ئەم دەربڕینانە بە پێویست دەزانرێن، بە تایبەتی بۆ بەکارهێنانی لە دەوروبەری ئەو زمانەی بەکاری دەهێنێت ئەمەش لە ڕێگەی بەشەکانی ئاخاوتن و ئەو پێکهاتە واتاییانەی بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە لەکردەی وەرگێڕاندا روونیان دەکەینەوە:

**١- (فرمان +ناو)، بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| يُحَضِرْ مُحاضَرة | وانە ئامادە دەکات (دەخوێنێت). |
| تُبَذِل جُهدًا | هەوڵدەدات و تێدەکۆشێت. |
| يُلَقِن دَرساً | تۆبەی پێدەکات، دەرسێکی دەداتێ. |
| يَنتَهِزْ الفُرصَة | هەڵدەقۆزێتەوە. |

**٢- (ناو + ناو) بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| سَكَراتْ المَوتْ | کاتی روحدان، کاتی گیان دەرچوون. |
| حَقيقة الامر | ڕاستی شتەکان، ڕاستییەکان، ڕاستییەکەی |
| فُقدانْ الذاكرة | هزر لەناوچوون |
| ساعة الحَسم | کاتی یەك لاکردنەوە |
| الوضع الراهن | ڕەوشی ئێستا |
| رئس القضاء | سەرۆکی دادوەری |
| حُكم الاعدام | بڕیاری لە سێدارەدان |
| شَهر العسل | مانگی هەنگوین |

٣-(ناو+ ئاوەڵناو)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| عاصفة هوجاء | گەردەلوول |
| إنتصار ساحقْ | سەرکەوتنێکی باش |
| إسْتِقْبالٌ حار | پێشوازییەکی گەرم |

٤ – (ئاوەڵناو + ئاوەڵناو)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| حيُ يُرْزَقْ | زیندووە، لەژیاندایە |
| كامِلْ مُكَمل | بە تەواوەتی، تەواوتەواوە |

٥- (ئامراز +ناو)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| تَحْتَ الرعاية | لە ژێر چاودێری |
| على اهبه الاستعداد | لەئامادەبیدایە |
| في مصلحة فُلانْ | لەبەرژەوەندی فلان |
| بناء على نصيحة (فُلان) | بەپێی ڕێنمایی فلان، بەپێی ئامۆژگاری فلان |

٦- (ئاوەڵفرمان + ئاوەڵفرمان)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| مَنْ أعماق القلب | لەناو قووڵایی دڵەوە، لەناخی دڵەوە |
| بكل إخلاص | بە دڵسۆزییەوە، دڵسۆزانە |
| سراً و علانيةً | بەنهێنی و ئاشکرایی |

٧- (ناو + ئامرازی بەستنەوەی (و) + ناو)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| الوسائل والغايات | هۆکار (میکانیزم) و ئامانج |
| عجائب و غرائب | سەیر و سەمەرە[8] |

(٨) لە زمانی کوردیدا هەندێك دەربڕین هەن بە دووبارە بوونەوەی فۆنیمی یەکەمی کەرتی یەکەم لە سەرەتای کەرتی دووەمدا دروست دەبن. بۆ نموونە: (سارد و سر ، شۆخ و شەنگ ، نەرم و نۆڵ ...هتد).



| | |
|---|---|
| الخُبزْ والملحْ | نان و نمەك (خوێ)[9] |
| الطعام والشراب | خواردن و خواردنەوە |

٨- (ئاوەڵناو + ئامراز)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| خائف من... | دەترسێ لە... |
| زعلان من... | توڕەیە لە... |
| ملیء بـ... | پڕە لە... |

٩- (ناو+ ئامراز)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| التلاعب بـ... | یاری کردن بە... |
| تفاخر بـ... | خۆهەڵکێشان بە...، شانازی کردن بە... |

١٠-(فرمان +ناو) = دەنگە سروشتییەکان، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| مواء القطط | میاوەی پشیلە |
| نباح الكلاب | حەپینی سەگ |
| زقزقة العصافير | جریوەی چۆلەکە[10] |

(٩) ئەم دەربڕینە واتاییانە بەوە لە جووتە وشە جیا دەکەینەوە لە کاتی (ناساندن و نەناساندن)ی جووتە وشەکاندا هەردوو کەرتەکە دەتوانن ئەم مۆرفێمانە وەربگرن، بۆ نموونە: لە جووتە وشەی (تەنگ و چەڵەمە)دا دەتوانرێت بگوترێت.

– تەنگێك و چەڵەمەیەکی دروستکرد. (کەوسەر عەزیز: ٢٠٠٤، ٩٦).

بەڵام لە دەربڕینێکی وەك: (نان و نمەك)دا ناتوانرێت بگوترێت (نانێك و نمەکێکی لەگەڵ ئەودا کردووە). چونکە وەکو دەستەواژەیەك کەرتی یەکەم و کەرتی دووەم پێکهاتەیەکی سەربەخۆیان هەیە و واتاکانیان دابەشکراوە بەسەر هەردوو کەرتەکەدا.

(١٠) (جریوە جریو) دووبارەبوونەوەی دەنگە مەکەنزی ئەرکی دووبارە بە دروستکردنی (قڕە، دەنگ) دادەنێ و تەنانەت دووبارە بە (مۆرفی دەنگی) ناو دەبات لەم نموونانەدا: ١- جریوە جریو. ٢- قاسپە قاسپ. ٣- تەپەتەپ.

| | |
|---|---|
| عواء الذئاب | لوورەی گورگ |

هەروەها هەندێك دەربڕین هەنواتاكانیان بە پێی بوارە جیاجیاكان دەردەكەون، بۆ نموونە:

**١- دەربڕین لە بواری وەرزشدا، بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی كوردی |
|---|---|
| الكارت الاحمر | كارتی سوور (دەركردن) |
| الكارت الاصفر | كارتی زەرد (ئاگاداركردنەوە) |

**٢- دەربڕین لە بواری زانستو پزیشكیدا، بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی كوردی |
|---|---|
| القمر الصناعی | مانگی دەستكرد |
| عملية جراحية | نەشتەرگەری |

**٣- دەربڕین لە بواری سەربازیدا، بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی كوردی |
|---|---|
| حملة عسكرية | هێرش (هەڵمەتێكی سەربازی) |
| طلعة جوية | دەرچوونێكی ئاسمانی (هەوایی) |
| ظاهرة التسلح | دیاردەی خۆ پڕچەككردن |
| ضربة عسكرية | گورزێكی سەربازی |
| خرق الاجواء | ئاسمان بەزاندن |
| خرق الحدود | سنوور بەزاندن |

**٤- دەربڕین لە بواری راگەیاندندا، بۆ نموونە:**

| زمانی عەرەبی | زمانی كوردی |
|---|---|
| إنفجار عنيف | تەقینەوەیەكی بەهێز، توند |
| مصدر مسؤول | سەرچاوەیەكی بەرپرس |
| مصدر مقرب | سەرچاوەیەكی نزیك (ئاگادار) |
| الاعلان الدولي | جاڕنامە نێودەوڵەتییەكان |

بێگومان ئەگەر دووبارەبوونەوەكە نەبێت بەردەوامییەكە پەیدا نابێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كەوسەر عەزیز: جووتە وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا، ٢٠٠٤: ٩٩).



| | |
|---|---|
| حرية التفكير | ئازادی بیركردنەوە |
| تغطية الخبر | هەواڵ پۆشكردن. (جەمال عەبدول: ٢٠٠٦: ٤٤٢). |

لە كردەی وەرگێڕاندا و لە نێو دەقی زمانی عەرەبیدا، وەرگێڕ چەندین دەستەواژە و دەربڕین وەردەگێڕێتە سەر زمانی كوردی بە پێی دەستوور و پێكهاتەی ئەو زمانە دایدەڕێژێتەوە، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی كوردی |
|---|---|
| يَزُورْ | سەردانی دەكات، سەردەدات |
| يُنادي | بانگ دەكات |
| يُنَفذ | ئەنجام دەدات، جێبەجێدەكات |
| يَسْتَمِرْ | بەردەوام دەبێت |
| يَسْتَيقْظ | لە خەو هەڵدەستێت، بە ئاگادێت |
| يَنْطَفي | دەكوژێتەوە |
| يَراقِبْ | چاودێری دەكات |
| يَنْفَجِرْ | دەتەقێتەوە |
| يَشْعِلْ النار | ئاگر دەكاتەوە، هەڵدەگیرسێنێت |
| يُمارِسْ | پێڕەو دەكات |
| مواجهة التحدي | بەرەنگاری كردن |
| الاراضي المزروعة | زەوییە چێنراوەكان |
| بَعدَ سَنوات (اعوام) | دوای چەند ساڵێك |

## دەربڕین و هەڵەی وەرگێڕان:

لە کردەی وەرگێڕاندا زۆرجار وەرگێڕانی (وشە بە وشە) دەبێتە هۆی شێواندنی واتای دەربڕینەکە لە زمانی سەرچاوەدا، بۆ نموونە:

| زمانی کوردی | زمانی عەرەبی |
| --- | --- |
| تاقانەی سەردەم | وحيد القرن |
| راو و رووت | صياد وعريان |
| چەپڵەی بە دەرگا لێدا و چووە دەرەوە | صفق الباب بشدة وخرج |
| لە ئاسمان ریشی تاشی | حَلَقَ في السماء |
| شەڕی ناو بەفر | حرب الباردة |

## ئیدیەمو وەرگێڕان:

زمانەوانەکان چەمکی ئیدیەم (Idiom) بەم شێوەیە پێناسە دەکەن:

ئیدیەم ((بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن و ئەو واتایەی، کە دێتەکایەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە لەواتای کەرتەکانەوە، یا لە پێوەندی ڕێزمانیی ئەم کەرتانەوە پێشبینی ناکرێت)). (محەمەد مەعروف: ١٩٨٦: ٦٨).

دەکرێت بڵێین ئیدیەم بریتییە لە یەکەیەکی زمانی لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت واتایەکی تایبەتلەخۆ دەگرێت جیاواز لە کەرەسە پێکهاتووەکانی ناو ئیدیەمەکە.

هەروەها واتاکانی ئیدیەم بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێن: ((واتای بنجی و واتای خوازراو. بەڵام واتای بنجییەکەی ئیدیەم تا لە سنوری خۆی دەرنەچێت و نەگاتە سنووری واتای خوازراو بە ئیدیەم ناژمێرێت، واتە دەربڕینەکە تا واتای خوازراو بەیان نەکات ناچێتە چوارچێوەی ئیدیەمەوە)). (محەمەد مەعروف: ١٩٨٦: ٨٥).

لێرەداو لەگشت زمانێکدا واتا خوازراوەکان هەست بەبوونیان دەکرێتو گۆڕانی واتاییان بەسەردا دێت. بۆ وەرگێڕانی ئەم جۆرە ئیدیەمانە نابێت وەرگێڕانێکی وشەبەوشە بکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو واتاکەی بەسەریەکەوە وەربگێڕیت و لە زمانی ئامانجدا واتاکەی دابڕێژرێتەوە ئەم جۆرە وەرگێڕانەش دەبێتە ئاریشە و ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر شارەزایی لە کلتوورو رۆشنبیری هەردوو زمانەکەدا نەبێت. بۆ نموونە ئەو پەندی



پێشینانانەی لە شێوەی ئیدیەم دەردەبڕێن مەرج نییە ئەو پەندانە لە هەردوو زمانەکەدا بە شێوەی ڕستەیەکە سادەی واتادار دەربڕێت، چونکە واتای تەواو ناگەیەنن، وەك لەوەرگێڕانی پەندێکی عەرەبیدا هاتووە: (الطيور على اشكالها تقع) هاوتاکەی لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە دەبێت: (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێت)، یان (ڕەگ بە ڕەگیشەوە گلێنە بەبنە تۆو).

ئیدیەم لە واتاسازیدا بەپێی ئەم دوو خاڵە لێی دەکۆڵرێتەوە:

**یەکەم:** ئیدیەم ئەگەر لە قاڵبی فرێز و وشەی لێکدراو و ڕستەدا بێت و لە چەند کەرتێك پێکهاتبێت لە ڕووی واتاکەوە کەرت ناکرێت.

**دووەم:** ئیدیەم لە سنووری ڕێزمان و واتاسازیدا دانەیەکی واتاییەو پەیوەندی نواندن دەیبەستێتەوە بە دانەی ڕێزمانی ترەوە. (محەمەد مەعروف: ١٩٨٦: ٦٩).

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت پێوەندی جووتە وشە بە ئیدیەمەوە دیاری بکرێت، بەوەی کە جووتە وشە بە دانەیەکی سینتاکسی و واتایی دابنرێت واتە لە جیاکردنەوەیاندا لە دیاردەی ترفۆرم و واتا بەکاردێت. ((هەرچی ئیدیەمە دانەیەکە لە ئاستی واتاسازیدایە، بەڵام شتێك لە ئارادا نییە، کە ڕێگە لە جووتە وشە بگرێت وەك ئیدیەم واتا بدات، چونکە تەنانەت وشەی سادەو دەستەواژە و وشەی لێکدراو و ڕستە دەگەنە ئەم پلە واتاییە)). (محەمەد مەعروف: ١٩٨٩: ١٤٢).

ئیدیەم لە ڕووی واتاوە چ لە شێوەی وشەی لێکدراو یان ڕستەدا بێت لە وەرگێڕاندا ئەوانەی وەردەگێڕینە سەر زمانی ئامانج (کوردی) لەم نموونانەدا روونیان دەکەینەوە:

| | زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
| --- | --- | --- |
| وشەی لێکدراو: | ١- نظافة اليد | دەستپاکی |
| | ٢- طويل السان (لسان طويل) | زمان درێژ |
| | ٣- طويل الباع | دەستدرێژ، بەدەسەڵات، زۆردار، بەدەست |
| ڕستە: | ١- فلان عريض القفا | پشتی هەیە |
| | ٢- اضرب رأسك في الحائط | ئەوەی نە تکردووە بیکە، سەرت لەبەرد بدە |

پۆلێنکردنی واتای ئیدیەمەکان بەپێی ئەم دابەشکردنە ڕێزمانییە روون دەکەینەوە:

١- (تەواوکەر + تەواوکراو)، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| آخر العنقود | پاشە بەرە |
| إبن الليل | کوڕی تەنگانە |
| خفيف الظل | ڕۆح (ئێسك سووك) |

٢- (دیارخەر+ دیارخراو) = فرێزی ئاوەڵناوی، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| الطابور الخامس | سیخورە شاراوەکان (دەستە و تاقمی پێنجەم) |
| السوق السوداء | بازاڕی ڕەش |
| اليد العليا | باڵادەست |

٣- (فرمان+ بکەر) = فرێزی فرمانی، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| اعطى الضوء الاخْضَر | تیشکی سەوزی داوە |
| يرفع الراية البيضاء | ئاڵای سپی هەڵکرد |
| يصطاد في الماء العَكر | هەڵدەقۆزێتەوە |

٤- (نیهاد + گوزارە ) = فرێزی ناوی، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| اللعب على الكشوف | بێ فرت و فێڵ |
| اللعب بالنار | یاری بە ئاگر کردن[١١]. |
| فلان نَفَسهُ قصير | کابرایەکی تووڕەو منجڕ (زوو هەڵچوو، کمچیکلدانەیە) |
| الخروج من عنق الزجاجة | خۆدەرباز کردن |

(١١) ئەورەحمانی حاجی مارف ئەم جۆرە فرێزانە بە فرێزی گیراو دادەنێت و جیاوازی لەگەڵ فرێـزی بـەرەڵلادا دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: وشەی زمانی کوردی: ١٩٧٥: ٥٩).



## سەرچاوەی دروستبوونی ئیدیەم:

ئاشکرایە ئیدیەم لە زۆر زماناندا سەرچاوەکەی بۆ بەکارهێنانیان لە بواری میتافۆر و خواستن و قسەی ناو خەڵك و لێکچواندن دەگەڕێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەکارهێنانی لە بواری میتافۆر (مجاز)دا، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| حمام الدم | دەریایی خوێن، کوشتارێکی زۆر، کوشتوبڕ |
| كسر عين | چاو شکاندن (چاو ترساندن) |
| دم حار | خوێن شیرین (ئێسك سووك) |

٢- بەکارهێنانی لە بواری خواستن (الاستعارة)دا، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| أم(ست) ا لدنيا | وڵاتی میسر (القاهرة) |
| البلد الامين | شاری مەککە (مكة مكرمة) |
| طيبة الطيبة | شاری منەوەرە (مدينة المنورة) |
| ابن الضاد | عەرەبەکان |

٣- لێکچواندن، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| أنت كالبحر | دڵت فراوانە، تۆ دەریایت (زۆر چاکە دەکەیت) |
| أنت كالاسد | تۆ ئازایت، بەجەرگیت، ئازایت، (تۆ شێریت) |

٤- قسەی ناو خەڵك، بۆ نموونە:

(( اعتقد يا صديقي ان رأسك على كتفيك حقاً! هيا قبل ان يفاجئنا الليل)) (فرسەت ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٧: ٧٨).

ئەم ڕستەیە دوو جۆر وەرگێڕانی بۆ دەکەین:

یەکەم: وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەك:

هاوڕێ، من لەو باوەڕەدام، کە بەهەق سەرت بە شانتەوەیە دەی بابڕۆین تا شەومان بەسەردا نەهاتووە.

دووەم: وەرگێڕانی واتایی، وەك:

هاوڕێ (برادەر) ، هێشتا سەرت سەلامەتە دەبا بڕۆین تا شەومان بەسەردا نەهاتووە.

لەم رستەیە (رأسك علی كتفيك) ئیدیەمێكە بە واتای (سەلامەتی) هاتووە.

## پەیوەندییە واتاییەکان و ئاریشەکانی وەرگێڕان:

تیۆری پێوەندییە واتاییەکان لە زمانەوانیی نوێدا، بە نوێترین تیۆر دادەنرێت. ئەمەش پێوەندی بە فرە وشەیی و فرەواتایی ئەم وشانەوە هەیە، کە لە واتاسازیدا بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت، هەروەها زۆربەی زمانەوانە دێرینەکان لەم دیاردە واتاییانەیان کۆڵیوەتەوە، وەك: (هاوواتا، هاوبێژی، دژواتا، فرەواتا... هتد).

## هاوواتایی (الترادف) (Synonymy):

### چەمك و پێناسەی هاوواتایی:

بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی چەمك و پێناسەی دیاردەی هاوواتاوە بۆچوون زۆرە، بەڵام بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە هەندێکیان دەخەینە روو:

(کرۆز) (Cruse) دەڵێت: ((هاوواتا بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەکان بە مەرجێك ئەم وشانە سیما واتاییەکانیان لە بنەڕەتدا هاوواتا بن، بەڵام هەندێك جار سیما لاوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا جیاواز دەبن)). ( Cruse :١٩٨٦:٢٦٨).

دەکرێت بڵێین (کروز) لەو پێناسەیەی، کە بۆ هاوواتای کردووە روونی دەکاتەوە، کە هاوواتا بریتییە لە لێکچوونو هاوواتابوونی گشت واتای وشەکان و ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی زمانەکاندا نابینرێت.

لە لایەکی ترەوە (Leech) وای بۆ دەچێت: ((هاوواتا و فرەواتا بریتیین لە پێوەندی نێوان فۆرمو واتا، لە هاوواتادا زیاتر لە فۆرمێك پێکەوە یەك واتایان هەیە هەرچی فرەواتایە هەر ئەو فۆرمە چەند واتایەکی هەیە)). ( Leech :١٩٧٥:١٠١).



هەروەها چەمکی هاوواتا لەلایەن زۆربەی تیۆرە واتاییەکانەوە بە واتایەکی هۆشەکی دادەنرێت. واتە هەردوو وشەکە دەبێت لە واتای هۆشەکیدا هاوواتابن بۆ روونکردنەوەی ئەمە (لاینز) جەخت لە ئەوە دەکات و دەڵێت:

١-((واتای هۆشەکی واتایەکی بنەڕەتییە، بەڵام واتای لاوەکی (دەربڕاو) بەهۆی هۆکاری دەروونییەوە کار دەکاتە سەر گوێگر، ئینجا بڕیار لەبارەی ئەو وشانە دەدات، کە بۆ یەکتری دەبنە هاوواتا.

٢- دەبێت گونجاندنێکی تەواو لەنێوان واتای وشەکاندا هەبێتو ئەم واتایەش لەگشت دەوروبەرێکدا بەکاربهێنرێت و لەواتای هۆشەکی و لاوەکیدا هاوتا بن)). (صبیح التمیمي: ٢٠٠٣: ١٨٣).

### دۆزینەوەی دیاردەی هاوواتایی لە وەرگێڕاندا:

ئاشکرایە لە کردەی وەرگێڕاندا هەڵبژاردنی وشە هاوواتاکان و گونجاندنیان لە دەوروبەری زمانی ئامانجدا، کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەتوانین بڵێین:

١- وشە و زاراوەکانی هەر زمانێك تایبەتن بە کلتوور و شارستانییەت و زمانی ئەو میللەتە.

٢- زۆر وشەو دەربڕین لە زمانی سەرچاوەدا واتای وروژاندن و سۆزی تێدایە، کەچی واتای ئەم جۆرە وشانە لە زمانی ئامانجدا هاوواتای نییە.

٣- لەوانەیە زمانی سەرچاوە لە زاراوە هاوواتاکاندا دەوڵەمەند بێت، کەچی لە زمانی ئامانجدا هاوواتای بۆ نەدۆزرێتەوە و ئەمەش دەبێتە ئاریشەیەك لە وەرگێڕانی دەقێکدا رووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە کەواتە پێویستە لە وەرگێڕانی وشە هاوواتاکاندا لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی ئەم بنەمایانە رەچاو بکرێن:

١- جیاوازی لە شێوازی دەربڕیندا:

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الاستفهام) لەگەڵ وشەی (السؤال)دا هاوواتان، بەڵام واتای وشەی یەکەم لە کاتی پرسیارکردندا پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، بەڵام واتای وشەی دووەم پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە. وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی هاوواتایی نێوان ئەم دوو وشەیە دەبێ بزانێ وشەی (الاستفهام) لە کاتێکدا دەکرێت بۆ ئەو کەسانەیە گومانیان لە پرسیارکردنەکەیاندا هەیە، بەڵام وشەی (السؤال) کاتێك دەگوترێت، کە مرۆڤ ئەگەر شتەکە بزانێ و نەیزانێ پرسیارەکە دەکات.

٢- وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا دەبێ ئاگاداری ئاستی مۆرفۆلۆجی بێت، بە تایبەتی جیاوازی لەو (سەر، بۆر، ژێر)انەی، کە دەکەونە سەر وشەکان، چونکە هەریەك لەمانە دەبنە هۆی گۆڕانی واتا، بۆ نموونە:

١- وشەی (الضُعفْ) وشەیەکە (بۆر— ضمة)ی لەسەرە واتای وشەکە تەنیا بۆ (بێ هێزی و لاوازی جەستەی مرۆڤ بەکاردێت)، وەك:

- مرۆڤێکی بێ هێزە.
- مرۆڤێکی لاوازە.
- مرۆڤێکی بێ دەسەڵاتە.
- مرۆڤێکی بێ تاقەتە.

٢- وشەی (الضَعفْ) وشەیەکە (سەر— فتحة)ی لەسەرە واتاکەی بۆ بێ هێزی و لاوازی جەستە و بۆچوون و هزر بە کاردێت، وەك:

- مرۆڤێکی بێ هێزە.
- بۆچوونێکی لاوازە.
- هزری بێ هێزە (بیری تیژ نییە).

٣- لەزمانی عەرەبیدا زۆر وشە هەن هاوواتان، بەڵام لەکاتی وەرگێڕاندا دەبێت ڕەگەزی وشە هاوواتاکان دیاری بکرێت، بۆ نموونە:

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (القدیم) و(العتیق) هەن بەواتای (کۆن) بەکارهاتوون، بەڵام لە ڕستەیەکیوەك (إنا السماء عتیقة) ناتوانرێت بگوترێت (ئاسمان کۆنە) چونکە هیچ ڕەگەزی کۆن لە ئاسماندا بەدی ناکرێت، بەڵام بۆوەرگێڕانی هەردوو وشەکە لە زمانی کوردیدا، ئەم وشە هاوواتایانەمان هەن (کۆن، دێرین، پەڕپووت، بەتەمەن) بۆ نموونە (هەولێری کۆن، دێرین) بەکاردێت.

٤- لەزمانی عەرەبیدا زۆر وشە هەن لە دەربڕیندا دژ واتاکانیان جیاوازن، بۆ نموونە:

وشەی (الهجو)[12] لەگەڵ وشەی (الذم) دا هاوواتان، بەڵام دژواتاکانیان بۆ وشەی (الهجو) وشەی (المدح) بەکار دەهێنرێت و بۆ وشەی (الذم) وشەی (الحمد) بەکارهاتووە، بەڵام لە کوردیدا زاراوەی (داشۆرین، بەدگۆیی، خراپەگوتن) دێت و پێچەوانەکەشی بریتی دەبێت لە

(١٢) بۆ زانیاریی زیاتر براونە: (ابو الهلال العسکري: الفروق في اللغة، ١٩٩٢: ٤٨).



(ستایش، پیاهەڵدان، بە شان و باڵ هەڵگوتن) دێت مەرجی سەرەکیش لە دیاردەی هاوواتاییدا ئەوەیە، کە ئەم دیاردەیە لە ناو یەك زماندا هەبێ نەك لە نێوان چەند زمانێکدا.

**مەرجەکانی هاوواتایی لە زماندا:**

لە زمانەوانیی نوێدا چەند مەرجێکی سەرەکی دانراون دەبێ لە وشەکاندا ڕەچاو بکرێت، مەرجەکانیش ئەمانەن:

١- ڕێککەوتنی تەواو لەواتادا:

((دەبێ وشە هاوواتاکان بەتەواوەتی یەك بن (بە تایبەتی لە بیروهۆشی زۆربەی ئەو کەسانەی، کە لە ژینگەیەکی زمانیدا دەژین، واتە وشەکان لەواتای هۆشەکی و لاوەکیدا یەك بن)). (تالب حسێن: ٢٠٠٢: ٧).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الوغی، الحرب، المعرکة) هاوواتان و واتاکانیان لە دەوروبەردا بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

١- إسْتَبسَلَ الجنود في ساحة المعرکة.

٢- تَشَبَثَ الجنود بمواقعهم في ساحة الحرب.

٣- تَصدی الجنود ببسالة للعدو في ساحة الحرب.

لەم ڕستانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا بەواتای (شەڕ، جەنگ) بەکار دەهێنرێن و دەبن بە هاوواتای یەکتر، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الوغی) پێشتر بەواتای تێکەڵبوونی دەنگ هاتووە لە کاتی شەڕدا، بەڵام بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە و واتاکەی فراوان بووە بۆ شەڕ (الحرب) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت وشەی (شەڕ) لەگەڵ (جەنگ)دا بە هاوواتایەکی تەواو دابنرێت، چونکە ڕێککەوتنێکی تەواو لەواتادا بەدی ناکرێت. لێرەدا خوێنەر یان گوێگری کورد لە بەکارهێنانی وشەی (شەڕ)دا واتایەك تێدەگات و لەهی (جەنگ)دا واتایەکی تر، چونکە ئەو کاتە دەبن بە هاوواتا ئەگەر لە بری یەکتر بەکار بهێنرێن واتاکە نەگۆڕێت. بۆ نموونە:

- سەربازەکە لە گۆڕەپانی جەنگدایە.

* پیاوەکە جەنگ لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات (شەڕ بەکار دەهێنرێت).

٢- زارو شێوەزار لە زماندا دەبنە هۆی دروستبوونی دیاردەی هاوواتایی بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (السیف) لە زمانی کوردیدا بەواتای (شیر) دێت ، بەڵام ناتوانرێت وشەی (المهند، الصارم، الحسام)، کە ئاوەڵناون بۆ ناوی (السیف) ببن بە هاوواتا بۆ وشەکە ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا لە نێو زارەکاندا دەبینرێت، بەڵام مەرج نییە ئەم وشانە لە گشت بەکار هێنانێکدا لە بری یەکتر بەکار بێن و هەر ئەو واتایە بگەیەنێت کە وشەکانی (گەورە، فراوان، مەزن، بەرین)، بڕوانە:

- خانوویەکی گەورە.
- خانوویەکی فراوان.
- خانوویەکی بەرین.
- خانوویەکی مەزن[١٣].

گومان لەوەدا نییە ئەگەر خانوویەك گەورە بێت، فراوانیش دەبێت، بەڵام دەکرێت بگوترێت (خانوویەی مەزن) یان لەگەڵ وشەی (خوشك)دا بگوترێت (خوشکی فراوان، بەرین)، بەڵام دەتوانرێ بگوترێت (خوشکی گەورە، مەزن).

لە زمانی عەرەبیدا ئەم دیاردە واتاییە بەهۆی گۆڕانی دەنگییەوە دروست دەبێت، وەك:

١- پاش و پێش خستنی دەنگ، بۆ نموونە: (بَعْض و بِضْع)، وشەی (بَعْض) بە واتای (هەندێك، پارچەیەك، بڕێك، کەرتێك) هاتووە و وشەی (بِضْع) واتای (بِضْع سنین) چەند ساڵێك دێت. لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە وشانەدا دەتوانین هاوواتایی بۆ بدۆزینەوە، کە هەردوو وشەکان ڕادە و بڕی شتێك دیاری دەکەن، بەڵام ناتوانرێ بە هاوواتایەکی تەواو دابنرێن، بۆ نموونە:

-هەندێك منداڵ
-پارچەیەك زەوی
-بڕێك پارە
-(کەمێك، نەختێك، فرێك) ئاو
-پارچەیەك قوماش .
* (پارچەیەك، فرێك ، نەختێك) منداڵ.

(١٣) نیشانەی بوون و هەبوونی واتای ڕێزمانییە.



٢- لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر هاوواتایی دروست دەبێت، بۆ نموونە لە وشەی (لدغ) و (لذع) واتای وشەی یەکەم لەڕستەی (لدغ فلان بکلمة) واتە بەقسەی ڕەق برینداری کرد. وشەی دووەم لەڕستەی (لذع فلاناً اللسانه) واتە بەزمان برینداری کرد.

لەم دوو ڕستەیەدا هاوواتاییەکە بریتییە لە (برینداركردن)، کە ئەمەش بە هۆی قسەکردنەوەیە و قسەکەش بەهۆی زمانەوە گۆ دەکرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا گۆڕانی دەنگ نابێتە هۆی دروستبوونی هاوواتا وەك لە وشەی (تەرزە و تەزرە)دا بەدی دەکرێت، بەڵام لە هەندێك وشەی نێوزارەکاندا دەکرێت ئەم دیاردەیە بەرچاو بکەوێت، وەك گۆڕانی / ا/بۆ /ێ/ لە وشەی (پا ← پێ) یان گۆڕانی /ز/بۆ /س/ لە وشەی (زگ←، سك).

٤- گۆڕانە واتاییەکان دەبنە هۆی دروستبوونی هاوواتا لە زماندا بە تایبەتی لە زمانی عەرەبیدا هەندێك وشە لەواتایەکی تەسکەوە بەرەو واتایەکی فراوان دەچن لە کردەی وەرگێڕاندا پێویستە وەرگێڕ ئەم گۆڕانە لەبەرچاو بگرێت، بۆ نموونە:

وشەی (الدفن) (نادیە: ٤ ٢٠٠: ٢٧٤) واتای ئەم وشەیە سەرەتا بۆ شاردنەوەی مردوو بەکارهێنراوە، بەڵام لە نموونەیەکی وەك: (دفن سره)، واتە (نهێنییەکەی شاردەوە) واتاکەی فراوانبووە لە سنووری واتا کۆنەکەی دەرچووە. ئەم وشەیەش لە زمانی کوردیدا وەون دیاردەیە واتاییە دروست دەکات، وەك:

- ئازاد خۆی شاردەوە / خۆی مەڵاس دا.

-خۆی شاردەوە /خۆی مەڵاس دا. هەردووکیان هاوواتان، چونکە لە بری یەکتر لەگەڵ مرۆڤدا بەکاردێن، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوەدا (شاردەوە) بەکاردێ نەك (مەڵاس)دا، چونکە هاوواتای تەواو نین.

- ئازاد کتێبەکەی شاردەوە.
— ئازاد مردووەکەی شاردەوە.

٥- هاوواتایی بەهۆی واتای هۆشەکییەوە: ((هەندێ وشە لە گشت زمانێکدا واتای هۆشەکی لەگەڵ واتای لاوەکییەکاندا جیاوازن لە زمانی کوردیدا، وەك لە وشەی: (کچ=کیژ)، (ژن=ئافرەت)). (بێخاڵ عەبدوڵڵا: ١٩٨٩: ٧٩).

لە زمانی عەرەبیشدا هەمان واتای هۆشەکی لەگەڵ لاوەکیدا جیاوازن، وەك لە وشەی: (بنت=عذراء)، (فتی=ولد).

## جۆرەکانی هاوواتا:

هاوواتایی یەکێکە لە دیاردە واتاییەکان وەك دیاردەیەك لە زماندا (بارێکی چەسپاوی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ڕێژەییە بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت) (تالب حسێن: ٢٠٠٢: ١١). هەر بۆیە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت:

### ١- هاوواتای تەواو (الترادف التام) (Complet Synonymy):

هاوواتای تەواو بەو وشانە دەوترێت ((کە دەتوانرێت لە چەند دەقێکدا لە شوێنی یەکتر بەکاربێن بە مەرجێ هیچ گۆڕانێك لەواتای هۆشەکی و لاوەکیدا ڕوونەدات)). (جون لاینز: ١٩٨١: ٧٥).

لێرەدا زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان، کە بوونی هاوواتای تەواو لە زماندا نییە، چونکە واتا لاوەکییەکان هەموو کاتێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئەم پێوەندییە هەبێت بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە لە کاتی وەرگێڕانی هەندێ وشەدا دیاردەی هاوواتایی تێدا بەدی دەکرێت لەوانەیە ئەو وشانە لە دەوروبەردا واتاکانیان گۆڕانی بەسەردا بێت بە ئەو واتا فەرهەنگییە بەکارنەهێنرێن.

وشەی (وَلَجَ – یَلِج) (فیروز ابادی: ٢٠٠٥: ١٤١٨) لەگەڵ وشەی (دَخَلَ – یَدْخُل)دا بە هاوواتای یەکتر دادەنرێن. ئایا وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا واتای ئەم جۆرە هاوواتایە چۆن بدۆزێتەوە؟ چونکە وشەی (وَلَجَ) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (چوونە ژوورەوە بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ماڵ) دێت لە ڕستەیەکی، وەك: (وَلَجَ الرجل بیت جارە).

لە زمانی کوردیدا خوێنەر یان گوێگر لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا هەست بەوە دەکات (پیاوەکە بۆ دزی کردن چووەتە ئەو ماڵە)، بێگومان ئەم ورووژاندنە لەم دەربڕینەدا وا دەکات هاوواتای تەواو دەربکەوێت لەگەڵ وشەی (دَخَلَ) واتە (چوونە ژوورەوە) لەڕستەیەکی وەك: (دَخَلَ السجن) واتە (چوونە زیندانەوە) یان (زیندانی کرا)، واتە چوونە ژوورەوەی زیندان دەگەیەنێت.

هەروەها لە زمانی کوردیشدا بوونی شێوە زار هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی ئەم هاوواتاییە، بۆ نموونە:

١- خەیار = ئاروو

٣- فەرموو = کەرەم کە

٤- ئامۆزا = پسمام، دۆتمام



### ٢ – هاوواتای ناتەواو (الترادف غیر تام) (Partial Synonyms):

لەم جۆرەدا ((دوو وشە یان زیاتر لە ڕووی واتاوە بە جۆرێك لە یەك نزیك دەبنەوە، کە نەتوانرێت بە ئاسانی جیاوازی نێوانیان دیار بکرێن لەبەر ئەوە وەکو هاوواتا تەماشا دەکرێن و بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو جیاوازییە وردانە بن بەکار دەهێنرێن)). (ئەحمەد مختار: ١٩٨٢: ٢٢٠). ئەم جۆرەش لەکوردیدا زۆر بەدی دەکرێت، وەك :

ئێش – ئازار

زەوی — خاك

چاك – باش

لەزمانی عەرەبیدا وشەی (عذب) هاوواتای وشەی (زلال)ە ، هاوواتای ناتەواون، چونکە دەکرێت، بگوترێت: (ماء عذب)، (ماء زلال). (فیروز ابادی: ٢٠٠٥: ٥٦٩).

واتاکەی لە کوردیدا (ئاوی سازگار) دەگەیەنێت، بەڵام وشەی (زلال) بۆ (زلال لسان) بەکارناهێنرێت واتە (زمانی سازگار)، بەڵکو لە کوردیدا (زمانی ڕەوان) یان (زمانی پاراو) بەکاردێت. هەروەها لە نموونەیەکی، وەك (صواب) و (صحیح) کە لە زمانی عەرەبیدا بەیەك واتا بەکاردێت و لە کاتی وەرگێڕانیش لە زمانی کوردیدا، وەك: (فَقَدَ فُلان صوابە) وەربگێڕریت بە واتای (صحیح)، چونکە (صواب) واتای (ڕەوا، هەق، ماف، ڕاستی، هۆش، هەستو نەست، بیرو هۆش)، کەواتە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیە دەبێتە (فلان هزری خۆی لەدەستداوە)، بەڵام ناتوانرێت بەم شێوەیە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، وەك:

* فلان چاکیی خۆی لەدەستداوە.
* فلان ڕاست و ڕەوانی خۆی لەدەستداوە.
* فلان دروستیی خۆی لەدەستداوە.

### ٣- نزیك بوونەوەی واتا (Near Synonymy):

زۆربەی زمانەوانەکان جەختی هەبوونی ئەم جۆرە واتایە دەکەن، هەروەها ئەم واتایە بە واتایەکی سروشتی دادەنێن، واتە دوو وشە لەواتا و بەکار هێناندا لەیەك نزیك دەبنەوە لەگەڵ هەبوونی تاکە سیمایەك لە نێوان هەردووکیاندا. بۆ ئەم جۆرەش لە هەردوو زماندا نموونەمان زۆرە، وەك::

لە زمانی عەرەبیدا جیاوازی نێوان وشەی (النجوی) لەگەڵ (السِّرُ)دا کراوە. (ابوهلال: ١٩٨٢: ٤٨). (النجوی) واتە گوتەی نهێنی و پەنهانی نێوان دوو کەس. ئەم وشەیە بۆ ئەم کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە گوتەکانیان پلەیەکی بەرزی بدرێتێ و جیاواز لە گوتەی کەسانی ئاسایی وەکو قسەکردنی خودای گەورە لەگەڵ پێغەمبەر (موسی)(س.خ) بە (مناجاة) ناونراوە، ، واتە (دوان لەگەڵ خودا).

وشەی (السِّر) بە واتای شاردنەوەی شتێك دێت، جا ئەم شاردنەوەیە بۆ شتی بەرجەستە بێت یان راز و نهێنی دڵی کەسێك بێت، وەك دەڵێت: (سري عند فلان) واتە (رازم لای کەسێکە) یان (نهێنییەکەم لای کەسێکە، لای فلانە). کەواتە لە وەرگێڕانی ئەو دوو وشەیەدا وەرگێڕ بۆی دەردەکەوێت، کە سیمای نزیك بوونەوەی (نهێنیو پەنهانی) واتاکانیان نزیك دەکاتەوە. هەروەکو لە مەرجەکانی هاوواتاییدا باسمان کرد، ئەم واتایەش دەتوانرێت لە رێگەی بوونی چەند زار و شێوە زارێك لە زماندا وەك هۆکارێك ببێتە هاوواتا یان بە شێوازی جیاواز لە دەربڕینی، وەك (بەرێزم، گەورەم)دا دەردەکەوێ.

## هاوبێژی (المشترك اللفظي) (Homonymy):

ئاشکرایە لە گشت زمانێکدا توانای دەربڕینی هەر وشەیەك بە چەند واتایەك تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ و دەتوانرێت واتای ئەم وشانە لە رێگەی فەرهەنگەوە بدۆزرێنەوە، بەڵام تەنیا فەرهەنگ ناتوانێت واتای ئەم وشانە روون بکاتەوە، چونکە لە هاوبێژیدا دوو وشە یان زیاتر دەنگەکانیان وەك یەکن، بەڵام ئەگەر ئەم وشانە لە کاتی بەکارهێناندا نەخرێنە دەوروبەرەوە واتا نادەن بەدەستەوە. (کریستەڵ) بەم جۆرە پێناسەی هاوبێژی دەکات و دەڵێت:

((زاراوەیەکی واتاسازییە لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگییانە دەکات، کە لە فۆرمدا یەکن لەواتادا جیاوازن ٩)). (Crystal: 2003:220).

ئەورەحمانی حاجی مارف، دەڵێت: (( چۆن لە گشت زمانێکدا، هەروەها لە زمانی کوردیدا وشە هەن، کە بە خوێندنەوە و نووسین وەك یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە)). (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ١٦٥).

زۆربەی زمانەوانەکان وای بۆ دەچن، کە دیاردەی هاوبێژی لە زماندا بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی لێکچوونی دەنگەکان و رێژەی فرمانی رابردووو رانەبردوو



(ئێستا و داهاتوو)، هەروەها لە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە ئەم دیاردەیە سەرهەڵدەدات (ناو، فرمان، ئامراز) بەشەکانی ئاخاوتنیش لەناو ئاستی (مۆرفیم و وشە و فریز و رستە)دا دەور دەبینن. هەروەها ئەم دیاردە واتاییە بە رێککەوتنی دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر لەگەڵ چەند رێژەیەکدا رێککدەکەون. بەڵام ((زۆربەی وشەکانی زمان لە رێژەیەك زیاتر دەنوێنن، هەر رێژەیەکیش پێوەندی بە خودی وشەکەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە جیاوازی نێوان وشەکە خۆی هەروەها نێوان رێژەکە بکەین)). (تالب حسێن: ١٩٩٨: ٥٥).

هەروەها لە باسکردنی دیاردەی هاوبێژیدا دیاردەی دژواتایی سەرهەڵدەدات، وەك لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (باعَ) واتە (فرۆشتی) دەبێتە دژواتای (شَرَی) واتە (کڕی)، کە چەندین نموونە لەم زمانەدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە (عوبەیدەی کوڕی رەبیعە) کە سەر بە تیرەی (تەمیم)ە، نەیدەویست ئەسپەکەی کە ناوی (سکاب) بوو بە یەکێك لە مەلیکەکان بفرۆشێت، هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

أبيتَ اللّعنَ إن سِكاب عِلْقُ    نفيسُ لا يُعارولا يُباع. (توفیق محەمەد: ١٩٨٠: ٣٤٩).

لە وەرگێڕانی ئەم دێڕە هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت، کە دیاردەی دژواتایی لە وشەی (کڕین) و (فرۆشتن)دا دروستبووە، هەروەها خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وأَحَلَّ اللهُ الْبَيْعَ وحَرَّمَ الرِّبا﴾(سورة البقرة: ٢٧٥). واتە خودا کڕین و فرۆشتنی حەلال کردووە، بەڵام (ریبا)ی حەرام کردووە. هەروەها لە زمانی کوردیدا دەکرێت دیاردەی دژواتایی بدۆزینەوە، وەك لە رستەی (پیاوێکی باشە)دا بەهۆی ئەو هێز و ئاوازەی دەکەوێتە سەر وشەی (باش) دەربکەوێت، کە پیاوێکی باشە یان پیاوێکی خراپە.

### پەیدابوونی دیاردەی هاوبێژی لە زماندا:

دیاردەی هاوبێژی وەك گشت دیاردەکانی تر بەهۆی چەند هۆکارێکەوە سەری هەڵداوە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا روونی بکەینەوە:

١- جیاوازی زارو شێوە زار و رێککەوتنیان لە گوتن یان نووسین و جیاوازییان لە واتادا .

٢- گۆڕانی واتایی لە واتای راستەوخۆوەوە بۆ واتای میتافۆر و بەکارهێنانیان لە یەك کاتدا.

٣- گۆڕانی دەنگی دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی هاوبێژی لە زماندا.

٤- وەرگرتنی هەندێك وشە لە رێگەی خواستنەوە بۆ زمانی کوردی، بۆ نموونە وشەی (بیر) بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

- بیر واتە هزر و هۆش.
- بیر واتە (بئر)ی عەرەبی.

ئەم وشەیە لە ڕێگەی خواستنەوە بە ڕێکەوت هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام واتاکە پێوەندی بە واتای عەرەبییەکەوە نییە.

**هاوبێژی لە ئاستی وشەدا:**

وشە لە گشت زمانێکدا سەرچاوەی دروستبوونی دیاردەواتاییەکانە لە زمانی عەرەبیشدا سەرچاوەی دروستبوونی هاوبێژییە بۆ نموونە وشەی (العين) ناوێکە دەکرێت بە چەند واتایەکی جیاواز لە چەند دەوروبەرێکی جیاوازدا بەکار بهێنرێت. لە کاتی وەرگێڕانی ئەم جۆرە وشانەدا ئەگەر هاوواتایان بۆ نەدۆزرێتەوە لە وەرگێڕاندا دەبنە ئاریشە، جا بۆ ڕوونکردنەوەی وشەی (العين) لە هەردوو زمانەکەدا ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوەی بۆ دەکەین و واتاکەی ڕوون دەکەینەوە:

١- العين: بە واتای (کانی) بەکار هاتووە، خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثنَتا عَشرَةَ عَيْناً﴾ سورة البقرة (٦٠) لە کوردیدا بە واتای (کانی، کارێز، سەرچاوە) دێت.

٢- العين: بە واتای زێڕ یان پارە (دراو) بەکارهاتووە، وەك: (إشتَرَيتُ العبد بالدين أو بالعين). (ابن المظور: ٣٠٥).

هەروەها لە فەرهەنگدا بەم واتایانە تۆمارکراوە: ((خاوەن ماڵ، شتی بەنرخ، نەفس بەرز، باشترین شت، شەریف، سەرۆکی سوپا، بەڕێز، گەورەیی)). (لویس معلوف: ١٩٥٦: ٥٤١).

وشەی (خاڵ) لە زمانی کوردیدا لە دەربڕیندا یەکە، بەڵام لە واتادا جیاوازە هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا دەکرێت هەربەو شێوەیە بەرچاو بکەوێت. بەچەند واتایەکی جیاواز دیاردەی هاودەنگ دروست دەبێت، وەك:

١- (الخال) واتە برای دایك.

٢- (الخال) واتە خاڵی ڕوخسار لە زمانی عەرەبیدا لەلایەن (عمر بن ابی ربيعة) هاتووە و دەڵێت: إذْ تَمَنّيْتُ أنني لَكِ بَعْلُ    آه بل لِيْتَني بِخَدِّكِ خَالاً. (توفیق محەمەد:١٩٨٠: ٢٦٢).

شاعیر لە نیوەی دێری دووەمدا هیوای ئەوە دەخوازێت ببێتە خاڵێك لەسەر گۆنای یارەکەی، هەروەها شاعیرانی کوردیش چەندین شیعریان بەم شێوەیە داڕشتووە، بۆ نموونە مەحوی شاعیر، دەڵێت:



زوڵـــــــــفی بە دەوری خاڵەکەیا دێ هەموو دەمێ

((مـــــەحوی)) ببینە عەنبەری سارا غولامی میسك (مەلا عەبدولکەریم: ١٩٨٤: ١٩٠).

٣- (الخال) بە واتای (لواء الجيش) بەکارهاتووە، بۆ نموونە: کاتێك (عبدالله بن الصمه) دەکوژرێت (عنترە) دەڵێت:

فَإنْ يكُ عبدالله لاقَى فَوارِساً    يَردونَ خالَ العَرِضِ اَلمُتَوَقّد. (توفیق محەمەد: ١٩٨٠: ٢٦).

لەم نموونانەدا بۆمان دەرکەوتووە، کە وشەی (خاڵ) لە هەردوو زمانەکەدا هاوبێژن، چونکە لە ڕەگەز و لە ڕووی ئیتمۆلۆجییەوە هەست بە پێوەندی نێوانیان ناکەین.

لە بواری پێوەندییەکاندا ڕەنگ بوارێکی زۆر فراوانی داگیرکردووە دیاردەی هاوبێژی لە یەکێك لەم ڕەنگانە وەردەگرین، کە چەندین واتای جیاواز هەن بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ڕەنگی (سپی) لە بەکارهێناندا بەم واتا جیاوازانە بەکاردەهێنرێن، کەچی لە فەرهەنگدا بە پێچەوانەی ڕەنگی (ڕەش) تۆمار دەکرێت، بۆ نموونە:- ڕەنگی کراسەکەی سپییە، واتە (ڕەش نییە) -منداڵەکە سپی هەڵگەڕاوە، واتە (ترساوە) - ڕووی سپی بێت کچێکی باشە، واتە (بە ڕەوشتە) — ڕەش و سپی لێك جیا ناکاتەوە ، واتە (نەزان، گێل)ە -بەختی سپییە، واتە (بەختی باشە) - سێوەکەم بۆ سپی کرد ، واتە (پاکم کردەوە) -خانووەکەی سپی کرد، واتە (گەچ کاریی تێدا کردووە) - پرچی سپی بووە، واتە (پیر بووە، بەتەمەنە) - پرچی سپی هۆنیووەتەوەن واتە (شووی نەکردووە) - ئیشی سپی دەکات، واتە (کاری یاسایی کردووە).

**هاوبێژی لە ئاستی ڕستەدا:**

هاوبێژی لە ڕستەدا، ئەو کاتە دروست دەبێت، کە ((دوو ڕستە یان زیاتر لە سیمادا جووت بن، کەچی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا زیاتر لە لێکدانەوەیەکی هەبێ. بە واتایەکی تر ڕستەیەك ڕۆنانی سەرەوەی هەبێ بەرامبەر بە چەند ڕۆنانێکی ژێرەوە)). (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٠: ١٨).

بۆ نموونە لەکاتی وەرگێڕانی ڕستەیەکی، وەك: (سَقَطَ من عَيني) ئەم ڕستەیە لە ڕۆنانی سەرەوەدا یەکە، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دوو واتای هەیە.

سَقَطَ من عَيني

له بەرچاوم کەوت ← → له بەرچاوم کەوت

لەبەر چاوم کەوت

سَقَطَ أمام عيني ← → سَقَطَ من عيني

کەوتنی میتافۆری — کەوتنی راستەقینە

واتای رستەی یەکەم بۆ کەسێك بەکاردێت، کە کارێکی نابەجێی کردبێ و له بەرچاوی خەڵك بکەوێت، واتای رستەی دووەم بۆ شتێك بەکاردێت لەپێش چاو بکەوێتە خوارەوە، وەك: (منداڵەکە له بەرچاوم کەوت) له بەربوونەوەوە هاتووە. هەروەها له نموونەیەکی، وەك:

فَتَحَ عَينَهُ

چاوی کردەوە ← → چاوی کردەوە

چاوی مرۆڤ — چاوی کردەوە بۆ دونیا

(میتافۆر)

ئەم رستەیە له رۆنانی ژێرەوە دوو واتا دەگەیەنێت، له رستەی یەکەمدا بە واتای (چاوکردنەوە) واتە پێچەوانەی (چاونووقاندن) هاتووە، کەچی له رستەی دووەمدا واتایەکی تری وەرگرتووە، ئەویش بە واتای (چاکبوونەوەی نەخۆش) دێ.

(علی عهد فُلان) ئەم دەربڕینە کاتێك وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەم واتایە وەردەگرێت (له سەردەمی ئەو)دا ئەگەر بخرێتە ناو رستەیەکەوە، بۆ نموونە: (کان علی عهد فلان) وەردەگێڕێت بۆ: (له سەردەمی ئەودا بوو) ئەم رستەیە له رۆنانی سەرەوەدا یەکە، بەڵام له رۆنانی ژێرەوەدا دوو واتای هەیە، کەواتە یەك سیما و دوو بنجی هەیە:



١- لەسەر زاری ئەو دانیشتبوو.

٢ - له (وەختی ژیانی) ئەودا ژیابوو. (سەباح رەشید: ٢٠٠٠: ١٩).

دەکرێت ئەم رستەیە له زمانی کوردیدا بەم شێوەیە روون بکرێتەوە:




## دژواتایی (التضاد) (Oppositeness of Meaning):

دیاردەیەکی زمانیو واتاییە، رۆڵێکی گرنگ له روونکردنەوەی واتای وشەدا دەبینێت، هەرچەندە له گشت زمانێکدا دژواتای تەواو نییە، بەڵکو له چەند سیمایەکدا دژواتای یەکترن و بەشێك له دژواتایی بە جۆرێك له هاوواتا دادەنرێت، بەڵام هاوواتاکان سیمایەکی ئەرێنی بۆ بوارە واتاییەکان دیاری دەکەن، کەچی دژواتاکان سیمایەکی نەرێنی دیاری دەکەن.

ئاشکرایە، له گشت زمانێکدا له وشە دژواتاکاندا پێوەندی له نێوان فۆرم و واتای وشەکان بەدی دەکرێت و ئەم پێوەندییەش له نێوان یەکێك له وشە دژواتاکانی ناو ئەوزمانەدا هەیە زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەم پێناسەیە کۆکن، کە دژواتایی بریتییە له: ((دوو وشە له واتادا دژواتان)). (Yule: 2006: 104).

بە شێوەیەکی گشتی ئەم نموونانە له گشت زمانێکدا چەمکی دژواتایی دەگەیەنن، بەڵام شێوازی بەکارهێنانیان له دەوروبەری ئەو زمانەدا دەگۆڕێت .ئەمەش له کردەی وەرگێڕاندا تەوەرێکی سەرەکییە، چونکە هاوتابوونی دژواتاکان و وەرگێڕانیان له زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج، ئامانجی سەرەکی وەرگێڕە، وەك: (ژیان—مردن)، (گەورە—بچووك)، (خێرا—لەسەرخۆ)، (غەمبار— دڵخۆش)، (سارد— گەرم)، (کورت— درێژ)، (نێر— مێ)، (هەژار—دەوڵەمەند)، (راست— هەڵە)، (تاڵ— شیرین)، (تەواو— ناتەواو)، (بەهێز— بێهێز)... هتد.

## جۆرەکانی دژواتایی:

پۆلێنکردنی جۆرەکانی دژواتایی لەلایەن زمانەوانەکانەوە، بە تایبەتی لای (جون لاینز) بۆ سێ جۆر دابەش کراوە:

١- پێچەوانەیی[١٤] (التخالف) (Antonyms)
٢- بەرامبەری (التعاکس) (Converseness)
٣- تەواوکەری (التباین) (Complementarity)

### ١- دژواتایی پێچەوانەیی:

**أ- دژواتای پلەدار (تضاد متدرج) (gradable):**

جۆرێکی دژواتاییە دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پلەدار بکرێت. ئەم جۆرە واتایەش لە نێوان دوو وشەدا دەبێت، بەڵام ((ناکردنی یەکێك لە وشەکان نابێتە هۆی هاوتابوونی وشەیەکی تر)). ( Löbner: 2002 :٨٩).

هەروەها ئەو سیفەتەی، کە لە وشەیەکدا بووبێت، ناکرێت لە وشەیەکی تردا هەبێ، بۆ نموونە سروشتی گشت وڵاتێك وەك یەك نییە، چونکە کەش و هەوای وڵاتێکی بیابانی وەك ژینگەیەکی عەرەبی زۆر جیاوازە لە ژینگەو سروشتی وڵاتێکی شاخاوی، کەواتە نووسەر لە زمانی عەرەبیدا بە چەندین وشە گوزارشت لە سروشتی ناوچەکەی دەکات و وەرگێڕیش لە زمانی ئامانجدا دەبێ هاوتای بۆ بدۆزێتەوە و دایبڕێژێتەوە، هەروەها دەکرێ سیفەتی ڕێژەیی تێدا بێت، واتە ڕێژەی سارد و گەرمی ناوچەکە دیار بکرێت، وەك: (إنَ الجو لیس بارداً) واتە (ڕۆژێکی سارد نییە) مەرج نییە دژواتاکەی (ڕۆژێکی گەرم) بێت، کەواتە لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە دژواتاییەدا لە نێو ئەمۆێنەیەدا ڕوونی دەکەینەوە:

(١٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید: واتاسازی و شە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٩). هەروەها بۆ ئەم زاراوانە دکتۆر (هۆگر مەحموود فەرەج) لە دیمانەیەکدا لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان ڕۆژی (٢٣/١٠/٢٠٠٧) گوتی: بۆ (زاراوەی (تباین) نابەرانبەری و زاراوەی (التخالف) لەیەك نەچوونو زاراوەی (التعاکس) دووڕووگەیی)م بەکار هێناوە.



| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی | |
|---|---|---|
| غال | کوڵاو[١٥] | |
| حار | گەرم | |
| دافیء | فێنك[١٦] | شلەتێن / شێدار |
| معتدل | | |
| بارد | سارد | |
| متجمد | بەستوو | |

دژواتاکان ئەمانەن:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| غال[١٧] — متجمد | کوڵاو - بەستوو |
| حار — بارد | گەرم — سارد |
| دافیء — معتدل | فێنك |

لە وەرگێڕانی وشەی (معتدل) دا هەندێ جار ناتوانرێت لە زمانی کوردیدا بە (فێنك) بەرامبەر بکرێت، چونکە زیاتر واتاکەی ئاڕاستەی بۆ (سەرما) دەچێت، نەوەکو لە ناوەندی (ساردو گەرم)دا ڕابوەستێت، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی، وەك: (ئیمڕۆ گەرمە)، (ئیمڕۆ گەرمترە لە دوێنێ). لەم دوو ڕستەیەدا دەکرێت ڕێژەی نێوان گەرمی (دوێنێ و ئیمڕۆ) بەم ڕستەیە دیاری بکرێت (دوێنێ فێنك تر بوو). یان لە ڕستەیەکی، وەك: (ئیمڕۆ ساردە)، (ئیمڕۆ ساردە،

(١٥) زاراوەی (کوڵاو) تەنیا بۆ ئاو بەکاردێت، بەڵام بۆ هەوا دەگوترێت (ئەوەندە گەرمە دەیکوڵێنێ).

(١٦) زاراوەی (فێنك) بۆ هەوا بەکار دێت و دەکرێت ڕێژە و پلەی سەرماکە بە وشەی (شێدار) پلەدار بکرێت. بۆ نموونە: (بایەك یان هەوایەکی شێدارە). لە زمانی عەرەبیدا بە (الجو ندی) بەرامبەر بکرێت، هەروەها زاراوەی (شلەتێن) ڕێژەی نێوان سارد و گەرم دەگەیەنێت و تەنها بۆ ئاو (شلە) بەکاردێت. دەکرێت لە زمانی عەرەبیدا بە زاراوەی (فاتر) بەرامبەر بکرێت.

(١٧) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (د. ئەحمەد مختار عومەر: نظریة الحقول الدلالیة واستخداماتها المعجنیة، مجلة کلیة الاداب والتربیة، جامعة الکویت، العدد الثالث عشر، حزیران ١٩٧٨م، ١٧).

بەڵام ساردترە لە دوێنێ). دەتوانین ئەم ڕستەیە پلەدار بکەین و ڕێژەکەی بەم شێوەیە دیاری بکەین: (دوێنێ گەرم تر بوو).

هەروەها ئەم جۆرە وشانە لە بواری واتایی ڕادەدا، وەك: (گەورە— بچووك)، (کەم— زۆر)...هتد، یان لە بواری واتایی ڕەنگ (ڕەش—سپی)، (سەوز—سوور)...هتد، لە بواری ڕەنگەکاندا دەکرێن ئەمانە دژواتای یەکتربن هەرچەندە (تایچسن) دەنووسێ: ((نەرێی یەکیکیان ئەرێی ئەوی تر دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوە ڕەنگی (سوور— شین)، (سوور- سپی) لە ئاستی یەکتر نین)). (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٧: ١٣٨).

هەروەها لە دژواتایدا ئاوەڵناوەکان پۆلێن دەکرێن بەپێی ئەم پێوانانەی خوارەوە:

١- پێوەری هەڵسەنگاندن: (باش-خراپ)، (پاك-پیس)، (تازە (نوێ)-کۆن)، (خۆش- ناخۆش)، (جوان-ناشیرین)، (تاڵ- شیرین)، (گران- هەرزان). دژواتایی نێوان جووتە وشەی (گران— هەرزان) لەم ڕستەیەدا ڕووندەکەینەوە:

- ئەم کتێبە گرانە.

وشەی (گران) لە ڕستەدا لێڵی واتایی دروستکردووە، چونکە (گران) بۆ نرخ و قورسایی بەکاردەهێنرێت، واتە: (ئەم کتێبە گرانە)، (ئەم کتێبە لەو کتێبە گرانترە (قورسترە)). واتای ڕستەی دووەم ئەوە دەگەیەنێت، کە (کتێبی یەکەم هەرزانترە لە هی دووەم)، کەواتە بەهۆی وشەی (هەرزان) دژواتایی وشەی (گران) لێڵی واتاکەی نامێنێت.

٢ — پێوەری هێز: (بە هێز - بێ هێز)، (گەورە - بچووك)، (دەنگی بەرز ، گەورە) - دەنگی نزم)، (لاواز - قەڵەو)، (ڕووناك - تاریك).

٣- پێوەری جموجۆڵ: (جووڵە - بێ جووڵە)، (دەمارگرژ - ئارام (هێمن))، (گەرم - سارد)، (خێرا - لەسەرخۆ)، (ڕەق - نەرم)، (ڕەق - شل)، (تەڕ -وشك).

بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت (کەسێکی گەرمە) واتە کەسێکە لە قسەکردن و هەڵسوکەوتدا لەگەڵ خەڵکدا جووڵەی زۆرە، بەڵام، کە دەگوترێت (کەسێکی ساردە) دژواتایی گەرم دەگەیەنێت و واتای ئەمانە دەچنە ناو ئیدیەمەوە.

### ب — دژواتایی بێ پلە (غیر متدرج) (Ungradable)

جۆرێکە لە دژواتایی، کە ناکرێت پلە لە نێوانیان هەبێت، چونکە ناکردنی یەکێکیان سەلماندنی ئەویتریان دەگەیەنێت. بۆ نموونە لە وەرگێڕانی ئەم جووتە وشانەدا دەردەکەوێت، کە



ئەمانە واتاکانیان ڕێژەیی نییە و پلەیان بۆ دانانرێت، هەروەها واتای ئەم وشانە لە واتای هۆشەکیدا نین:

زۆربەیان واتا لاوەکییەکان دەگرنەخۆ، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
| --- | --- |
| ذكر - أنثى | نێر - مێ |
| متزوج - أعزب | بە ژن - بێ ژن (ڕەبەن) |
| ميت - حي | مردوو — زیندوو |

لەم وشانەدا دەردەکەوێت، کە ناوێك (نێر) بوو ، واتە (مێ) نییە، یان ئەو کەسەی ژنی نەهێنا بێت پێی دەگوترێت (ڕەبەن) یاخود ڕادە و ڕێژەی بەپێی کەم و زۆری دیار بکرێت، وەك: (مردوو—زۆر مردوو- کەم مردوو...هتد)، پێچەوانەی (زیندوو—زۆر زیندوو— کەم زیندوو...هتد) بەکاربهێنرێت. وەرگێڕ لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە واتایانەدا نابێت خۆی بە فەرهەنگەوە پێوەست بکات، چونکە لە وەرگێڕانی هەندێ وشە لە دەقێکی ئەدەبیی زمانی سەرچاوەدا بەتایبەتی هۆنراوە، کە بۆ پەسەندکردنی شێوە و ڕوخساری ژن دانراوە، دەکرێت وەرگێڕ هاوتاکەی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی ئەم جووتە وشەیە لە زمانی عەرەبیدا، ، وەك: (الحُسْن-القْبح)[١٨]دا واتای (جوان، قەشەنگ، ناشیرین) لە زمانی کوردیدا دەگەیەنن، لە ڕستەیەکی وەك: (کچێکی جوان نییە) مەرج نییە (کچێکی ناشیرین) بێـت. هەروەها وشەی (الطَلآقة - العُبوس)، کە لە زمانی کوردیدا واتای (ڕووخۆش، بەختیار، شادمان، کامەران) — (مۆنیو گرژی، ڕوو بە یەکدادان) دەگەیەنن، ئەگەر بگوترێت (ژنێکی ڕووخۆش نییە) ڕووخۆش یەکێکە لە سیما ئەرێنییەکانی مرۆڤ، کەواتە ناکرێ بگوترێت (ژنێکی گرژو مۆنە)، هەروەها دەتوانین بڵێین وشەی (بەختیاری، شادمانی، کامەرانی) هاوواتای یەکترن و دەبن بە دژواتایی (گرژ و مۆنی) بەڵام ئەم وشانە بە یەك لایەن (ئەرێنی) یان (نەرێنی) دیاری دەکرێن، چونکە (ژنێکی بەختیار، شادمان، کامەران) دەبنە دژواتایی (ژنێکی بەختیار نییە).

(١٨) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (نادية رمضان النجار: أبحاث دلالية ومعجمية : ٢٠٠٦ :١٣٩).

**٢- دژواتایی بەرامبەری:**

دوو وشە ناتوانرێت بەبێ یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە بۆچوونەکان یەکتری تەواو دەکەن، هەروەها ((یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم جووتە کەرەسانە ئەوەیە، کە ناکردنی (نفی) یەکێکیان بریتییە لە پەسەندکردنی یان سەلماندنی ئەوی تریان و دیسان سەلماندنی یەکێکیان ناکردنی ئەوی تریانە، کە بە جیاجیا وەریان بگرین) ). (بێخاڵ عەبدوڵڵا: ١٩٨٩: ٨٣).

ئەم پێوەندییە واتاییەش بە پێوەندیەکی مسۆگەری بەرامبەری دادەنرێ، کە ئاراستەکانیان جیاوازە، وەك:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| زوج - زوجة | مێرد (شوو) - ژن |
| أب - إبن | باوك - کوڕ |
| أم - إبنة | دایك - کچ |
| أخ - أُخت | برا — خوشك |

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی چەند فرمانێکەوە ئاراستەی واتاکەی دیاری دەکرێت و لە زمانی کوردیشدا هەربە دژواتایی وشەکە وەردەگیرێت، بەهۆی گۆڕانی ریزبوونی پێکهاتەی ڕێزمانی لە نێوان هەردوو زماندا، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| أعطى - أخَذَ | دای -وەری گرت |
| یبیع - یشتری | دەفرۆشێت - دەکڕێت |
| یعلم - یتعلم | فێر دەکات - فێر دەبێت |
| یقرض - یستعیر | قەرز دەدات — قەرز وەردەگرێت |

بۆ نموونە:

- نەرمین چەپکە گوڵێکی (دا) بە نەخۆشەکە.
- نەخۆشەکە چەپکە گوڵێکی لە نەرمین (وەرگرت).

(دان —وەرگرتن) دژواتای یەکترن، راستەوخۆ ئاڕاستە و جووڵەی شوێن دەردەخەن.

لە دژواتایی بەرامبەریدا دوو جۆری لێ دەست نیشان دەکرێت:



**١- دژواتایی ئاراستەیی (التضاد الاتجاهي):**

ئەم دژواتاییە ئاراستەی دژواتاکان دیاری دەکات و لە زۆربەی زمانانندا ئاوەڵفرمانەکان دەچنە ناو ئەم جۆرەوە، بۆ نموونە:




دەکرێت بۆ روونکردنەوەی ئەمە بڵێین ئاراستەی (باکوور) بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئاڕاستەیەکی ستوونییە ، بەڵام ئاڕاستەی (باکوور) بۆ خواروو یان بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئاڕاستەیەکی بەرامبەرییە

لێرەدا (Lyons) وای بۆ دەچێت، کە هەر زمانێك یەکێکیان بە ئەرێنی و ئەویتریان بە نەرێنی دادەنێت، هەر بۆیە ئاخێوەرانی وا سەیری شتە بچووکەکان دەکەن، کە (گەورەیی) خۆیان لە دەستداوە، یان وا دەڕوانە گەورەکان کە شێوەی بچووکی خۆیان ونکردووە، کەواتە بچووکەکان نەرێین و گەورەکانیش ئەرێنین. (ئەحمەد مختار: ١٩٧٦: ١١)

لەوانەیە ئەگەر شتێك زۆر (بچووك، کەم، کورت) بێت پلەکەی دەگاتە (سفر)، بەڵام بەرامبەر ئەم پلەیە (گەورە، درێژ، فراوان) دادەنرێت.

**٢- دژواتای ستوونی:**

ئەم جۆرە دژواتاییە لە نێوان دوو جووتە وشەدا دەبێ هەردەم وشە ئەرێنییەکە ئاماژە پێکراوەکە دەبێت و لەگەڵ رادەدا بەکار دەهێنرێن .

- بەرز ئاراستەکەی بۆ سەرەوەیە.
-نزم ئاراستەکەی بۆ ژێرەوەیە.

دەتوانین راستەوخۆ رادەکەی نیشانە بکرێت، وەك:

خانوویێکی چەند بەرزە؟

| | | |
|---|---|---|
| - زۆر بەرز (نزم) | زۆر | ئاسۆیی |
| - کەمێك بەرز (نزم) | کەمێك | ستوونی |
| - هەندێك بەرز (نزم) | هەندێك | |
| -نیو ئەوەندە بەرز (نزم) | نیو | |

**٣- تەواوکەری:**

جۆرێکە لە دژواتایی لەگەڵ پێوەندی بەرامبەریدا بەرامبەر یەك دەوەستن، وەك: (کڕین— فرۆشتن) و (ژن هێنان— شووکردن).

- ئازاد رووناکی هێنا.
- رووناك شووی بە ئازاد کرد.

واتای رستەی دووەم بە تەواوکەری واتای رستەی یەکەم دێت . ئەم دیاردەیە لەزماندا بەندە بە ریزبوونی کەرەسەکانو ئەو گۆڕانە رێزمانییانەی بەسەر زمانی عەرەبیدا دێت و چۆنیەتیی وەرگێڕانیان هەربەو واتایە بۆ زمانی کوردی، بۆ نموونە:

-إنَ محمداً باعَ مَنْزلاً لعلي.

- إنَ علي اشترى مَنْزلاً من محمد.

واتای ئەم رستانە لە زمانی کوردیدا بەم جۆرە وەردەگێڕێت: (محەمەد خانوویەکی فرۆشتە عەلی)، (عەلی خانوویەکی لە محەمەد کڕی).

لە دژواتای تەواوکەریدا چەندین وشە هەن، وەك: (راست—درۆ)، (ژیان—مردن)، (کردنەوە— داخستن)، بۆنموونە ئەگەر لە رستەیەکدا بگوترێت: (ئەم دەرگایە نە کراوەتەوە. مەرج نییە ئەم دەرگایە داخراو بێت).

ئەم وشانەش بەپێی ئاستی مۆرفۆلۆجییە دەتوانن بەهۆی چەند مۆرفیمێکەوە چەمکی دژواتایی بگەیەنن، چ ئەرێ و چ نەرێ بێت:

١- مۆرفیمی ناکردنی (نا)، بۆ نموونە: (ساز - ناساز)، (پاك - ناپاك)، (رێك - نارێك)، (دیار - نادیار).



٢- مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژی (بە)، بۆنموونە: بە خۆشی - بە ناخۆشی (بە + نا + خۆش +ی)، (بە نەرمی - بە رەقی)، (بە چاکی - بە خراپی)، (بە توندی - بە شلی (بە سووکی)).

٣- گۆڕینی مۆرفیمی (بە) بۆ مۆرفیمی (بێ)، بۆنموونە: (بەهێز - بێ هێز)، (بە سوود - بێ سوود)، (بە تام - بێ تام)، (بە نرخ - بێ نرخ).

ئەو وشانەی، کە تایبەتن بە پێوەندی خزمایەتی لە زمانی کوردیدا نموونەیەکی زۆرمان هەیە هاوکات لە زمانی عەرەبیدا دەتوانین ئەو پێوەندییە بدۆزینەوە لەگەڵ زمانی کوردیدا هاوتاو بەرامبەر بکرێن، وەك:

١) س (زوج) بێت پێویستە ص (زوجة) بێت. (زمانی عەرەبی)

س (مێرد) بێت پێویستە ص (ژن) بێت. (زمانی کوردی)

٢) س (ابن) کوڕ ص (أب) باوك.

٣) س (أم) دایك ص (إبنە) کچ.

٤) حسن ابن علی حەسەن کوڕی عەلییە

علی ابو حسن عەلی باوکی حەسەنە.

س ابن (کوڕ) ص اب (باوك)

لەوەرگێڕانی ئەم جۆرە دژواتایانە گۆڕانەکان بە هۆی مۆرفیمی (نێر و مێ) لە زمانی عەرەبییەوە دەبێت.

## فرەواتایی (تعدد المعنى) (Polysemy):

فرەواتایی لەزمانەوانیدا یەکەیەکی فەرهەنگییە، وەك بابەتێکی واتاسازی لێی دەکۆڵرێتەوە ((وشەی (Polysemy) وشەیەکی یۆنانییە (Poly) بە واتای (فرە) یان (زۆر) دێت و (Seme) چەمکی واتا دەگەیەنێت، هەردووکیان دەبن بە (فرەواتا) ئەمەش (ناوێك (دال) چەندین ناو لێنراوو (مدلول) کە پێوەندیان بە یەکەوە هەیە گرێیان دەدات)). (جێرمان، لۆبلان: ٢٠٠٦: ٢٦).

هەروەها ((ئۆلمان) لە دوو گۆشە نیگای ئێستا و مێژووییەوە لە ئاریشەی فرەواتای کۆڵیوەتەوە، بە بۆچوونی ئەو فۆرمێکی زمانی دەتوانێت لە کاتێکی دیاریکراودا چەندواتا لەخۆ بگرێ، یان لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کاتەوە واتای جیاجیای هەبێ، هەروەها ئاماژە بە

هۆیەکانی فرەواتایی دەکات، پۆلێنیان دەکات بەسەر (گواستنەوە لە بەکارهێناندا)، (بەکارهێنانی تایبەت)، (رەوانبێژی)، (کاریگەریی زمانی بێگانە)). (کورش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٢٦).

بەپێی بۆچوونی (ئۆلمان) لەگواستنەوە لەبەکارهێناندا ئاوەڵناو وەك بەشێکی سەربەخۆ بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەون ئەمەش بەهۆی نزیکبوونەوەی فۆرمی زمانەکە لەگەڵ فۆرمی فرەواتاکە لە کردەی وەرگێڕاندا لای وەرگر (خوێنەر، گوێگر) واتای جیاواز دەبەخشێت، ئاوەڵناوی چۆنیەتیی لە دیاردەی فرەواتایدا بوارێکی فراوانی داگیرکردووە، بەڵام ئاوەڵناوی رەنگ لە کاتی بەکارهێنانی لەناو دەقدا بوارێکی فراوانتر پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| کراسێکی رەشم کڕی. | (ڕەنگی رەش نەك سپی) |
| پیاوێکی رەشە. | (ناشیرینەو جوان نییە) |
| پیاوێکی دەست رەشە. | (ئیدیەمی (دەست رەش) |
| پیاوێکی زگ رەشە. | (نیەتی پاك نییە) |
| لە بازاری رەش کاردەکات. | (نایاساییە) |

هەروەها ئاوەڵناوی (کەم، زۆر، هەندێك، فرە...هتد) رادەی ناوەکە دیاری دەکەن و دەبن بە فرەواتا، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (قلیل) لە بەکارهێناندا دەتوانێت چەند واتایەك وەربگرێت، بەڵام سەرچاوەی گشتیان لەیەك رەگەزەوە هاتووە، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| قلیل | نەختێك، کەمێك، تۆزێك، چۆڕێك، هەندێك، بڕێك |
| قلیل الحیاء | بێ شەرم، بێئابڕوو، کەم ئابڕوو |
| قلیل الادب | بەد رەوشت، کەم رەوشت |
| قلیل الوجود | دەگمەن، زۆر کەم |
| قلیل الکلام | کەمدوو. |

(بەکارهێنانی تایبەت) بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك لە کار و پیشە جیاجیاکاندا، بۆ نموونە (غرفە العملیات) ئەم دەربڕینە لە کاتی جەنگدا بۆ (ژووری عەمەلیات) بەکاردێت، بەڵام هەر بەو دەربڕینە لە بواری پزیشکیدا بۆ (ژووری نەشتەرگەری) بەکاردەهێنرێت.

لە لایەکی ترەوە (ئۆلمان) روونیدەکاتەوە: ((ئەگەر وشەیەك چەند واتایەك بگەیەنێت، دەبێتە بنەمایەك بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ و هەبوونی ئەو تاکە وشەیەش بۆ ناونانی شتێك دەبێتە



بارێکی گران بەسەر هزری مرۆڤەوە)). ( ستیفن اولمان: ١٩٩٧: ١٣٥). کەواتە وەرگێڕ لە کردەی وەرگێڕاندا و لە هەڵبژاردنی وشەکاندا چەند واتایەکی لەبەر دەستدا دەبێ تا بتوانێ واتای وشەکان بەکاربهێنێت و چەند ئەرکێکی جیاواز و ئاوازێکی خۆش بەو وشانە ببەخشێ بێ ئەوەی واتا کۆنەکەی ون بکات، هەروەها (باطنی) بۆ زیاتر جەخت کردن لە بۆچوونەکەی (ئۆلمان) دەڵێت: ((لە فرەواتایدا وشە پەیوەندی بەچەند وێنەیەکی هۆشەکییەوە هەیە، هەروەها گرنگترین هۆ بەکارهێنانی وشەیە بەچەند چەمکێکی نزیك لەیەك و لەو کاتەدا دێتە کایەوە، کە وێنە هۆشەکییەکە پەیوەست دەبێ بە فۆرمی وشەیەکی راستەوخۆوە)). (کورش سەفەوی: ٢٠٠٦: ٥٦).

(پالمەر) وشەی فرەواتا بەوە دادەنێت، کە وشەیەکە چەندین واتای هەیە. لە لێکۆڵینەوەی واتادا ئاماژە بەچەند ئاریشەیەك دەکات:

یەکەم: وشەکان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە وێنەی جیا جیا دەکەن، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت فرەواتا دەستنیشان بکرێت لە کردەی وەرگێڕاندا و لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی وشەی (فاسد) لە زمانی عەرەبیدا و وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بەم شێوەیە چەند واتایەك لەخۆ دەگرێت، کە ئەمانەن:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| بَیضٌ فاسد | هێلکەی پیس |
| حَلیبٌ فاسد | شیری بۆگەن |
| لَحمٌ فاسد | گۆشتی بۆگەن |

وەرگێڕ لە دۆزینەوەی دیاردە واتاییەکان و وەرگێڕانی واتاکانیان لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا بە تایبەتی لە دیاردەی فرەواتایی هاوتابوونی واتا زۆر بە ئاسانی نادۆزێتەوە، بۆ نموونە (نَزَلَ) وشەیەکە لە زمانی کوردیدا بەواتای (دابەزین، هاتنە خوارەوە) بەکار هاتووە لە کاتی بەکارهێنانیدا ئەم واتایانەی لەخۆ گرتووە، کەواتە وەرگێڕ دەبێ زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە وەرگێڕانەدا بکات و لە وەرگێڕانی وشە بە وشەیی دووربکەوێتەوە، چونکە زۆرجار ئەم وشانە شێوەی میتافۆر وەردەگرن لە واتا هۆشەکییەکان دوور دەکەونەوە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| نَزَلَ | دابەزی، هاتە خوارەوە |
| نَزَلَ الثَمَنْ | نرخ دابەزی، هاتە خوارێ |
| نَزَلَ الحمی | تاکەی دابەزی، هاتە خوارەوە |

| | |
|---|---|
| نَزَلَ الطائر على الشجرة | باڵندەکە لەسەر دارەکە نیشتەوە |
| نَزَلَ على رأيه | لە راوبۆچوونی خۆی دابەزی (هاتەخوارەوە) |
| نَزَلَ دَرَجته | نمرەکەی هێنایە خوارەوە |
| نَزَلَ العَلم | ئاڵاکەی هێنایە خوارەوە، دابەزاند، داگرت |
| نَزَلَ السعر | نرخەکەی دابەزاند |
| نَزَلَ المصباح | تیشکی چراکەی کەمکردەوە (فاضل نظام الدين: ٢٠٠٤: ٧٣٠). |

هەروەها فرمانی (کَسَرَ) لە زمانی عەرەبیدا وەك یەکەیەکی واتایی لەناو دەق و لە بەکارهێناندا وشەیەکە چەند واتایەکی هەیە، لەکاتی وەرگێڕانیشدا بۆ زمانی کوردی، چەندین واتا وەردەگرێ، لە شێوەی دیاردەی فرەواتایی لەزمانەکەدا بەکاردەهێنرێت و لەناو فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| کَسَرَ الولد النافذة. | کوڕەکە پەنجەرەکەی شکاند. |
| کَسَرَ الانفجار طوق الصمت. | تەقینەوەکە بێ دەنگییەکەی شکاند. |
| هذا العمل کَسَرَ ظهره. | ئەم ئیشە پشتی شکاند. |
| کَسَرَ المصارع عِظام خَصْمَهُ. | یاریزانەکە ئێسکی بەرامبەرەکەی شکاند. |
| کَسَرَ قَلْبهُ. | دڵی شکاند . |
| کَسَرَ شَرَفَهُ. | ناموسی شکاند. (ئابرووی برد) |
| کَسَرَ عَینهُ. | چاوی شکاند. (سەری پێ شۆڕکرد) |
| کَسَرَ الوصیة. | وەسیەتنامەکەی شکاند. (بەجێی نەهێنا) |
| کَسَرَ العطش. | تینوێتی شکاند[١٩]. |

دووەم: بەکارهێنانی خواستنی وشەکان لە وەرگێڕاندا بە یەکێك لەو ئاریشانە دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ بۆ دەستنیشان کردنی واتای وشەیەك رووبەرووی ئەو وشانە دەبێتەوە، کە لە فەرهەنگی زمانی سەرچاوەدا هەیە و دەشێ ئەم وشەیە یەکێك لە واتاکانی وەربگیرێت و وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئامانج. گرنگترین جۆری پێوەندی نێوان وشەکانیش (خواستن)ە، بۆ نموونە

(١٩) لە زمانی کوردیدا و لە کاتی مانگی رەمەزانـدا (بەربانگ) دەڵێن: (رۆژووی شکاند) بە واتای (الافطار)ی عەرەبی دێت.



لە بواری ئەندامەکانی لەش (دەست، چاو، پێ، زمان...هتد)[20]دا، ئەمانە پێوەندییان بە لەشی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام لە رێگەی خواستنەوە بەشێك لەم ئەندامانە واتایەکی تر وەردەگرن و نارێکترین جۆری فرەواتاش ئەوانەن، کە واتاکانیان لە رێگەی خواستنەوە دروست دەبن، بۆ نموونە:

- رجلْ الساعة — پێی کاتژمێر
- لغة القلم — زمانی قەڵەم (خامە، پێنووس).

دەکرێت لە هەردوو زماندا ناوی (دەست) وەربگرین لە ناو دەقدا بەچەند واتایەکی ئاسایی و واتای خوازراو بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە:

| زمانی عەرەبی | زمانی کوردی |
|---|---|
| يد الانسان | دەستی مرۆڤ |
| يد الدهر | دەستی رۆژگار |
| يد الفأس | دەستی داس |
| يد الطائر | باڵی باڵندە (دەست) |
| اليد الطويلة | دەستی درێژ (دز) |
| يد الرحمة | دەستی بەزەیی |
| اليد القصيره | دەست کورت (هەژار). |

سێیەم: جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژی: زمانەوانەکان هەوڵیانداوە هەردوو دیاردەی هاوبێژی‌و فرەواتایی لێك جیا بکەنەوە بە رای ((لیۆنز و لیچ و کریستەڵ) ئەگەر دوو وشە هەمان رەگەزیان هەبێ ئەو دوو وشە فرەواتای یەك وشەن، بەڵام ئەگەر ژێدەرەکەیان جیاواز بوو ئەوە هاودەنگە)). (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٤: ٦٨).

جیاوازی نێوان فرەواتایی و هاوبێژی لەم روانەوە دیاری دەکرێن:

١- لە رووی مێژووییەوە ئێتمۆلۆجی[٢١].

٢- لە رووی دووری و نزیکی واتاوە.

(٢٠) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان: هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا: ٢٠٠٥: ٤٦)، هەروەها (سازان رەزا معین: واتاو دەوروبەر: ٢٠٠٥: ٥٠).

(٢١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (سەباح رەشید قادر: هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، ٢٠٠٠، ١٦).

## لێڵی واتایی (الغموض الدلالي) (Ambiguity)

لێڵی لە زماندا ئەوەیە، کە (دەربڕینێك زیاتر لە مانایەك ببەخشێ). (وریا عومەرئەمین: ٢٠٠٤: ٢٩٣). دوو جۆری لێ دەست نیشان کراوە:

١- لێڵی لێکسیکی (فەرهەنگی).

٢- لێڵی سینتاکسی (ڕێزمانی).

### هۆیەکانی لێڵی واتایی لە زماندا:

**یەکەم: جیاوازیی زار و شێوەزار:**

لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی جیاوازیی زارەکان لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوە هەندێ وشە بەکاردێت لە شوێنێکی تردا بەو واتایە بەکارناهێنرێن، ئەم وشانەش دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی. بۆ نموونە لە وڵاتی (مەغریب)ی عەرەبیدا لە ناسنامەی شارستانیدا لە بڕی (تاریخ الولادة) دەگوترێت (تاریخ الازدیاد). (مەهدی ئەسعد: ٢٠٠٢: ٢٠٦). هەردوو دەربڕینەکە بە واتای ڕۆژی لەدایکبوون دێت، بەڵام وەرگێڕی کورد لە وەرگێڕانی دەربڕینی یەکەمدا سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام لە دەربڕینی واتای دووەم لە (تاریخ الازدیاد)دا دەبێت بگەڕێتەوە سەر قورئانی پیرۆز یان لای فەرهەنگی زارەکان تاوەکو لێڵیی واتایی لە وشەدا دروست نەبێ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿اللهُ یَعْلَمُ ما تحمل کل انثی وما تغیض الارحام وماتزداد﴾ سورة الرعد(٨).

کەواتە وشەی (ازدیاد) واتای زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوان دەگەیەنێت. هەروەها قسەکەرانی وڵاتی میسر وشەی (السکة) بەکاردەهێنن لە بڕی وشەی (السبیل) یان (الطریق)، بۆنموونە (إبتعد عن هذه السکة) هاوواتاکەی (إبتعد عن هذا السبیل، الطریق). لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی لە زار و شێوەزارەکانی زمانی عەرەبیدا نەبێت ناتوانێ واتای دەقە سەرچاوەکە بە تەواوەتی بۆ زمانی کوردی بگوازێتەوە، چونکە ئەم وشە و دەربڕینانە لە زمانی عەرەبیدا لێڵی واتاییان دروست کردووە.

**دووەم:** لە زمانی عەرەبیدا بە هۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانەی بەسەر وشەکاندا هاتووە، زۆربەی وشەکان لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، واتایەکی نوێیان وەرگرتووە، وەرگێڕ پێویستە ئەو گۆڕانە واتاییانە بزانێت بۆ ئەوەی لە دەقی ئامانجدا واتایەکی گونجاو بۆ دەقەکە دابڕێژێت، بۆ نموونە خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: ﴿إنَ



الذینَ فَتَنوا المُؤمنینَ والمؤمنات﴾. لەم ئایەتەدا وشەی (الفتنة) لە واتا ڕاستییەکەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و واتای (الاحراق) سووتاندنی وەرگرتووە، وەك (یوم هم علی نار یفتنون)، واتە (بە ئاگر دەسووتێن) هەروەها لە (فَتَنَتْ الفضة والذهب) بە واتای تواندنەوەی زێڕ و زیو هاتووە. (مەهدی ئەسعد: ٢٠٠٢: ٢١١).

**سێیەم: لێڵی واتایی لە هاوبێژیدا:**

هاوبێژی یەکێکە لە هۆیەکانی پەیدابوونی لێڵی واتایی، بۆنموونە لەوەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا (المدینة) دوو واتای جیاوازی هەیە بووەتە هۆی دروستبوونی لێڵی لە زماندا (انَ تلك المَدینَة تَطلُبْ المزید مِنْ البضائع).

١-واتای یەکەم: ئەو شوێنەیە، کە خەڵك تێدا نیشتەجێ دەبن، وەرگێڕانی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت: (ئەو شوێنە داوای کەلوپەلێکی زۆرتر دەکەن).

٢-واتای دووەم: المُدینَة (قەردار) ئەو ژنەیە، کە شتی زۆر کڕیووە و قەرداره، بەم شێوەیە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی: (ئەو ژنە قەردێکی زۆری لەسەرە) واتە (ئەو ژنە قەرداره).

**چوارەم: فرەواتایی و لێڵی واتایی:**

فرەواتایی دیاردەیەکی واتاییە، هۆیەکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی لێڵی واتایی ئەم لێڵییەش چ وشەیی بێت و چ لە ڕستەدا بێت. وەرگێر لە وەرگێڕانی ڕستەیەکی عەرەبیدا دەکرێت بەچەند شێوە واتایەك ڕستەکە بخوێنێتەوە و ئاوازی ڕستەکەش کار دەکاتە سەر گۆڕینی واتای ڕستەکە، بۆ نموونە: (في الدار رَجلْ) یان (الدار فیها رَجلْ).




١-واتای یەکەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (واتە ژن نییە).

٢-واتای دووەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (واتە یەك پیاو)

٣-واتای سێیەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (سیفەتی مرۆڤێکی چاك).

**لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:**

**١- ئاستی وشە:**

وشە لە گشت زمانێکدا، سەرچاوەی دروستبوونی لێڵی واتاییە ئەگەر چەند واتایەکی هەبێت هەندێکجار لە زمانی عەرەبیدا لە کاتی بەکارهێنای وشەکاندا لەناو رستەدا دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی. ئەم جۆرە بەکارهێنانەش دەبێتە ئارێشە لەبەردەم وەرگێڕی کورددا، ئایا وەرگێڕ چۆن واتای ئەم وشەیە بەپێی زمانی کوردی روون دەکاتەوە؟ و ئایا هەر ئەو لێڵییە واتاییە دروست دەکات؟ بۆ نموونە: (أكّلَ الرجلُ الوَلَدَ)، وشەی (أكّلَ) بووەتە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی لە ناو رستەدا، چونکە ئەگەر بگوترێت: (پیاوەکە کوڕەکەی خوارد) پێکهاتەی رێزمانیی تەواوە، بەڵام لە رووی واتاوە تەواو نییە، کەواتە وەرگێڕانەکە دەبێتە:

١- پیاوەکە خواردنەکەی دا بە کوڕەکە.

٢- کوڕەکە نانەکەی بەدەستی پیاوەکە خوارد.

لە هەردوو بارەکەدا فرمانی (أكّلَ) دەچێتە ناو بەشە ئاخاوتنی (فرمان) و روودانی فرمانەکە روون دەکاتەوە، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا (ت)ی بکەر بەپێی ئەو سەروبۆرانەی (فتحة، ضمة، كسرة) ژمارە و کەسی بکەرەکە دیاری دەکات ، لەکاتی وەرگێڕاندا نەبوونی ئەم حەرەکاتانە دەبنە هۆی لێڵی واتایی و سەر لە وەرگێڕ دەشێوێنن، بۆ نموونە: (أكَلْتُ) خواردم، (أكَلْتِ) خواردت، (أكَلْتَ) خواردی.

**٢- ئاستی فرێز:**

ئاشکرایە، لە زمانی عەرەبیدا ئامرازەکان بەتایبەتی (حرف الجر) بەکارهێنانیان لەگەڵ فرماندا دەبنە هۆی گۆڕینی واتای فرمانەکە لەناو رستەدا ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەزمانی عەرەبیدا دەبێتە دروستبوونی لێڵی جا لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ زمانی کوردی دەبێ واتای هەریەك لەم ئامرازانە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکارهاتووە، وەربگێڕدرێت بۆ ئەوەی لێڵییەکەی برەوێتەوە، وەك:

رَغِبَ في ⟵ ویستی

رَغِبَ عن ⟵ دوورکەوتەوە لێی (وازی لێ هێنا).

ئامرازی پێوەندی (في) لە یەکەمدا واتای (ویستن)ی فرمانەکە دەگەیەنێت، کەچی ئامرازی پێوەندی (عن) (وازهێنان)ی فرمانەکە دەگەیەنێت.

هەروەها هەندێك فرێز هەیە لە (دیارخەر+ دیارخراو) دروستبوون، بۆنموونە:



-رأيتُ البيت الابيض والبني فأعجبني كليهما. لە وەرگێڕانی ئەم رستەیەدا دەگوترێت: (خانووە سپی و قاوەییە کاڵەکەم بینی و سەرنجیی راکێشام). فرێزی (خانووە سپی و قاوەییە کاڵەکە) لێڵی واتایی تێدایە، بەم شێوەیە دەبێت:

١- خانووی سپی و خانووی قاوەیی کاڵ.

٢- خانوو سپی و قاوەیی کاڵ.

هەروەها فرێزی (البيت الابيض) لە رستەی (رأيتُ البَيت الابيض بأمريكا) (خانووی سپی) واتە (کۆشکی سپی)یە، کە کۆشکی سەرۆکایەتییە.

**لێڵی لە ئاستی سینتاکسدا:**

أ- لە رستەی سادەدا: (أعطى ازاد احمد كتابه)، لەم رستەیەدا لێڵی لە کتێبەکەدایە، چونکە نەزانراوە:

١- ئایا کتێبەکە هی ئازادە یان هی ئەحمەدە؟

٢- ئایا ئازاد کتێبەکەی دایە ئەحمەد؟

٣- ئایا ئەحمەد کتێبەکەی لە ئازاد وەرگرت؟

ب- لە پێوەندی رێزمانیدا ((هەبوونی دوو پێوەندی جیا لە نێوان بەشەکانی رستە لە بنجدا (Deep structure) و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سەرەوەدا ( Surface structure)). (وریا عومەرئەمین:٢٠٠٤: ٢٩٧). بۆ نموونە: (رجل وإمرأة عجوزة على الباب)، ئەم رستەیە دەکرێت بە دووواتا روون بکرێتەوە، چونکە لێڵی لەناو رستەکەدا هەیە:

١- پیاوێکی پیرو و ژنێکی پیر لە دەرگان.

٢- پیاوێك و ژنێکی پیر لە دەرگان.



پ — ڕستەی لێکدراو: بۆ نموونە: (كَتَبْتُ بالقَلم على الورق ثُمَ أغْلَقتُهُ)، لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا دەگوترێت: (بە قەڵەمەکە لە کاغەزەکەم نووسی پاشان دام خست)، خوێنەر یان گوێگر لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا وا تێدەگات:

١- بەقەڵەمەکە دام خست.

٢- کاغەزەکەم داخست.

هەروەها لەڕستەیەکی تردا: (كَتَبْتُ بالقلم على الورق ثُمَ رَتَبْتُهُ). وەرگێڕانەکە دەبێتە:

١- بە قەڵەم لەکاغەزەکەم نووسی و پاشان ڕێکم خست.

٢- کاغەزەکەم ڕێك خست.

لێڵی لە ئیدیەمدا: بۆ نموونە: (حَكَمَ القاضي باخلاء العين المؤجرة)، لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە ئیدیەمانەدا وەرگێڕ دەبێ زۆر زیرەکانە هەوڵ بدات واتاکەی بگوازێتەوە، چونکە (العين المؤجرة) ئیدیەمێکە بە هیچ جۆرێك وەرگێڕانی وشە بە وشەیی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت بگوترێت: (دادوەر بڕیاری چۆڵکردنی چاوە بەکرێ دراوەکەی دا). (العين المؤجرة) بەواتای (شوێنە بەکرێ دراو) هاتووە، کەواتە وەرگێڕانی واتایی بۆ ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەبێت (دادوەر بڕیاری چۆڵکردنی شوێنە بەکرێ دراوەکەی دا)، هەروەها لەلایەکی ترەوە وشەی (العين) لەم ڕستەیەدا بەواتای ڕاستی خۆی بەکارنەهاتووە، بۆ نموونە: (هذا هو عين الصواب والعقل). ئاشکرایە، وەرگێڕانی (عين الصواب) ئەگەر وشەیی بێت دەبێتە (چاوی ڕاست)، کەواتە واتای ڕستەکە دەبێتە (ئەمەیە چاوی ڕاست)[22]، بەڵام وەرگێڕ ڕووی دووەمی واتای وشەکە وەربگرێت و وەریبگێڕێتە سەر زمانی کوردی، وەك: (ئەمەیە ڕاوبۆچوونی ڕاست و ژیرانە). کەواتە دەکرێت بڵێین لە هەر زمانێکدا لێڵی چ لە وشە و چ لە ڕستەدا سەرهەڵبدات بەهۆی ئاستی واتاسازی و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتاوە واتاکەی ئاشکرا دەبێت بەڵام هەموو لێڵییەك لە دەوروبەردا نامێنێت و دەڕەوێتەوە ..

(٢٢) لە زمانی کوردیدا (چاوی ڕاست) وەکو ئیدیەمێك لە زمانەکەدا بەکاردێت، بەتایبەتی بەو کەسانە دەوترێت کەڵای قسەکەر زۆر خۆشەویست بن. بۆ نموونە: (چاوی ڕاستم هات) یان (چاوی ڕاستمی).



## گرتنەوە (Hyponymy):

یەکێکە لە پێوەندییە سەرەکییەکانیواتا ((ڕەنگدانەوەی تایبەتێتی مێشکە، کە توانای پۆلێنکردن یان دابڕینی هەیە)). (محەمەد معروف:٠ ١٩٩: ١٦٣).

گرتنەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((پێوەندیی گشتییە بە تایبەتەوە، یان ئەو پێوەندییەیە، کە وشەی تایبەت بە گشتییەوە دەبەستێتەوە)). (عەبدوڵڵا عەزیز: ٢٠٠٥: ١٢). بۆ نموونە، کە زاراوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێت چەندین وشەی تایبەت دەچنە ناو ئەو کۆمەڵەوە، ئەوانی تریش پێیان دەگوترێت ئەندامی کۆمەڵ. پێوەندی گرتنەوەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لەناو شێوەزارەکانی یەك زمانیشدا ئەم گۆڕانە بە جۆرێکی تر دەبینرێت. لە زمانی سەرچاوەدا هەڵبژاردنی وشەکان لە کردەی وەرگێڕاندا بەپێی بار و شوێنی جوگرافی و سروشتی ناوچەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، چونکە هەندێك وشە لە زمانی سەرچاوەدا بە سەرەکی، کەچی هەندێکی تر بە ناسەرەکی دادەنرێن. وەرگێڕ لە زمانی ئامانجدا ئەم پێوەندییە واتاییە دەدۆزێتەوە و دایدەڕێژێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم وشانە بکەین دەبینین وشەی یەکەم لە هەر کۆمەڵێکدا واتای گشتی نێو کۆمەڵەکە دەگرێتەوە و پۆلێن دەکرێن بەسەر چەند واتایەکی تایبەتیدا، وەك (حيوان) کە واتای (گیانەوەر- گیانلەبەر) لە زمانی کوردیدا دەگەیەنێت، بۆ ئەم وشانە پۆلێن دەکرێن:




وەرگێڕانی ئەمانە بەپێی کۆمەڵی گشتی بریتییە لە:




ئەم پۆلێنکردنە کە لە زمانی کوردیدا وشەی (حوشتر) نابێتە پێوەندی تایبەت بە گشت، چونکە لە ژینگەدا بوونی نییە.

بواری ڕەنگ لە فەرهەنگی گشت زمانێکدا پۆلێن دەکرێن بەسەر چەندین واتای جۆراوجۆر، کەواتە (ڕەنگ) وەك ناوێکی گشتی چەندین ناوی تایبەتی دەچنە ژێر باڵییەوە، بۆ نموونە: لە زمانی عەرەبیدا (ڕەنگ) دەتوانێت بۆ چەندین ڕەنگ پۆلێن بکرێت:




لەم پۆلێنکردنەدا پێوەندی گشتی بەتایبەتەوە روونکراوەتەوە، بەڵام لەناو پێوەندییە تایبەتییەکەشدا چەندین پێوەندی تر دەبینرێن، وەکو لەڕەنگی (شین)دا روونکراوەتەوە و پۆلێنکراوە بۆ (شینی کاڵ، شینی تۆخ، شینی ئاسایی، ڕەنگی کل)، هەروەها (شینی ئاسمانی، شینی ئاوی)یش بەکار دەهێنرێت.

## جۆرەکانی گرتنەوە[٢٤]:

١- کاتێك واتای تایبەت بە تەواوەتی لەگەڵ واتای گشتی تێکەڵ دەبن، گرتنەوەی تەواوی پێدەگوترێت، وەك: پێوەندی گشتی باڵدار: (چۆلەکە، کۆتر، مریشك، قاز، مراوی).

٢- کاتێك پێوەندی گرتنەوە لە نێوان پێوەندی گشتیو پێوەندی تایبەتی وشەکان بەدی نەکرێت پێیدەگوترێت گرتنەوەی ناتەواو، وەك: (باوکم کەلوپەلی خوێندنی بۆ کڕیم).

پۆلێنکردنی پێوەندی گشتیی وشەی (خوێندن) لەم وێنەیەدا رووندەکەینەوە:




(٢٣) بڕوانە بەشی سێیەمی نامەکە لە بواری ڕەنگ و واتای فەرهەنگدا.

(٢٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Jeffries, L. (2006), Discovering Language, 170).



لێرەدا ئەگەر بگوترێت (ئەم کتێبە) مەرج نییە کتێبی (خوێندن) بێت، چونکە وەك (مامۆستاکە کتێبێکی پێشکەشی یەکەمی پۆلەکە کرد) لەم رستەیەدا (کتێب) وەکو کەلوپەلی خوێندن بەکار نەهێنراوە، بەڵکو جۆرێکە لە (بەرز نرخاندن)ی خوێندکارەکە وەك دیاری.

کەواتە ئارێشەی سەرەکی لە هەر کردەیەکی وەرگێڕاندا ئەوەیە لە زمانی سەرچاوەدا چەند وشەیەك پێوەندی واتای گرتنەوەکەیان لە گشت بۆ تایبەتە، کەچی لە زمانی ئامانجدا پێچەوانەیە ئەو پێوەندییە واتاییەش ناتوانێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، هەروەها ((هیچ لە هایپۆنیمەکان تەواو نابنە هاوواتای یەکتر، چونکە هەرچەندە ئەوانە هەموو لەیەك بواری تایبەتن، بەڵام لەیەکتری جیاوازن و هەریەکە هەندێ خەسڵەت و ئەدگاری تایبەت بەخۆیان هەیە، کە جیاواز لەوی دیکە ناکرێ لە بڕی یەکتر بەکار بێت)). (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٧: ١٣٩).

دەکرێت وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانی ئەم جۆرە پێوەندییە سود لەم هێڵکارییە وەربگرێت، کە پێوەندی گشتی بە تایبەتەوە روون دەکاتەوە:



وێنەی ژمارە (١٤)

(٢٥) بۆ وەرگێڕانی ئەم هێڵکارییە سوود لە (احمد مختار عمر: علم الدلالة: ص ) وەرگیراوە



## ئاریشەکانی میتافۆر لە کردەی وەرگێڕاندا:

میتافۆر لەوەرگێڕانی تیۆری و پراکتیکیدا بە ئاریشەیەکی سەرەکی دادەنرێ، چونکە ئەو میتافۆڕانەی وەردەگێڕدرێن لە توانای وەرگێڕ دەردەچن، هۆکاری دروستبوونی ئەم ئاریشانە بریتین لەهۆکاری زمانیو کلتووری لە زمانی سەرچاوەدا، کەواتە وەرگێڕ ناتوانێ لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ وشەکان بکات تاوەکو شارەزایی لەم بوارەدا نەبێ سەرەتا لە وەرگێڕاندا پێویستە وەرگێڕ یەکەکانی وەرگێڕان (وشە، فرێز، رستە، دەق) دیاری بکات، وەك یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە ئەم دەقە بەشێکە لە کلتووری دەقی سەرچاوە.

لێرەدا رۆڵی وەرگێڕ ئاشناکردنی وەرگر (خوێنەر–گوێگر)ە بە کلتوور و رۆشنبیریی زمانی سەرچاوە، هەروەها پاراستنی پێکهاتە کلتوورییەکانی زمانی سەرچاوە، وا لەخوێنەر دەکات زیاتر لە دەوروبەری زمانی سەرچاوە بگات. میتافۆر وەك دیاردەیەکی زمانیی ئاڵۆز، دەکرێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت:

محەمەد مەعروف فەتاح، دەڵێت: ((میتافۆر بریتییە لە تایبەتییەکانی زمانی و یاری کردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێك و بەر رۆشنایی هەندێکی تر)). (سازان رەزا:٢٠٠٥:٤٨)

هەروەها عەزیز گەردی، دەڵێت: ((وشە بۆ واتای دروستی خۆی بەکار نەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازری و مەبەستێکی تر بگەیەنێ) ). (عەزیز گەردی: ١٩٨٢: ٢٥).

دەکرێت بڵێین پێناسەی میتافۆر لەوەرگێڕاندا گواستنەوە و لێکچواندنی وشەیەك دەگەیەنێت و گوزارشت لەو ئاماژە بۆکراوە دەکات، کە ئەویش ئاماژە بە ئاماژە بۆکراوە سەرەکییەکە دەکات، ئەمەش یەکێکە لە سیما تایبەتییەکانی میتافۆر. کەواتە چەمکی میتافۆر لە وەرگێڕاندا گواستنەوەی دەقێکە لە دەوروبەری بنەڕەتییەوە، لە زمانی سەرچاوە بۆ دەوروبەرێکی تر واتە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ ئەو دەوروبەرە لە زمانی ئامانجدا. بۆ نموونە: لە وەرگێڕانی (عمر أسداً) واتە (عومەر شێرە) وشەی (شێر) لە دەوروبەری (گیانلەبەر) گواستراوەتەوە بۆ دەوروبەرێکی تر، کە (شەڕ)ە واتای ئازایەتی دەگەیەنێت، هەروەها لە کوردیشدا دەگوترێت: (کاوە شێرە)[٢٦] واتە (ئازایە، چاونەترسە، بەجەرگە...هتد)، بەڵام لە

(٢٦) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کامل حەسەن عەزیز البصیر: زانستی ئاوەڵواتا، ١٩٨١: ٩٥).

وەرگێڕانی ئەم جۆرە میتافۆرانەدا کاتێك خوێنەر یان گوێگر ئەم دەربڕینە وەردەگرێت هەست بە بوونی واتا میتافۆرییەکە ناکات، چونکە وشەی (شێر) بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکار نەبراوە، ئەمەش بە وەرگێڕانێکی وشە بە وشە دادەنرێت، هەروەها لە رستەیەکی میتافۆری وەك: (الجمل سفينة الصحراء)دا چەمکی میتافۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی واتایەکی جیاواز لەلایەن خوێنەری دەقی زمانی ئامانج، چونکە کە دەگوترێت: (حوشتر پاپۆری بیابانە) خوێنەر دەزانێ واتای فەرهەنگیی وشەی (حوشتر) گیانلەبەرێکی بیابانییە و (پاپۆر)یش شتێکی (بێ گیان)ە، کەواتە بۆ نەهێشتنی ئەم جیاوازییە خوێنەر لەزمانی ئامانجدا زۆر جار رێگە چارەیەك دەدۆزێتەوە، بەهۆی ئامرازی لێکچوون لە نێوان وشەی (حوشتر و پاپۆر)دا، وەك: (حوشتر لەبیاباندا وەك پاپۆڕ وایە). (حوشتر) سیمای تایبەتی خۆی لە دەستداوە، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ناوی (پاپۆر)دا کۆیان دەکاتەوە، چەمك و هۆکاری (گواستنەوە)یە.

## جۆرەکانی میتافۆڕ:

لە کردەی وەرگێڕاندا چەند تیۆرێك بۆ وەرگێڕانی میتافۆر هاتنە کایەوە، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانەی لە وەرگێڕاندا دروست دەبن (نیدا) یەکێکە لەوانەی، کە لەم بوارەدا کاری کردووە و چەند جۆرێکی دیاری کردوون:

١- میتافۆر بۆ میتافۆر.

٢- میتافۆر بۆ لێکچواندن.

٣ میتافۆر بۆ نامیتافۆر. (نیدا: ١٩٧٦: ٤٢٢)

بە بۆچوونی (نیدا) باشترین وەرگێڕان (میتافۆر بۆ لێکچواندن)ە، چونکە لە رێگەی ئەم جۆرە وەرگێڕانەوە لە واتای وشەیی دوور دەکەوینەوە.

## جۆرەکانی وەرگێڕانی میتافۆڕ لای نیومارك:

(نیومارك) بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەی میتافۆری وای بۆ دەچێت، کە میتافۆر بەکارهێنانی وشەیەکە لە بری وشەیەکی تر. دەکرێت جۆرەکانی وەرگێڕانی میتافۆر لای نیومارك بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:



### یەکەم: وەرگێڕانی میتافۆڕی مردوو (Dead Metaphor)[٢٧]

میتافۆری مردوو ئەو وشانەن، کە خەڵك بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاریان هێناون، وای لێهاتووە، کە واتای حەقیقی (Direct meaning) و واتای میتافۆرییەکەی (Transferred meaning) لێك جیا ناکرێنەوە، (نیومارك) وای بۆ دەچێت لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ئاریشە دروست نابێت، چونکە وەرگێڕ گرنگی بە واتا حەقیقییەکە (کۆنەکە)ی نادات، چونکە وەك وێنەیەکی مردوو لە زماندا بەکار دێت. سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم جۆرە وەرگێڕانە زۆر جار دیاردەی فرەواتایی لە رێگەی میتافۆرەوە دێتە ناو زمانەوە، کە وشەیەك چەندین واتا دەگرێتە خۆ، بۆ نموونە: لە وەرگێڕانی ((أسفل الجبل، بطن الوادي، فم البئر، أرجل المنضدة، ظهر الهضبة، رأس الجبل، عقربا الساعة...)). (غازی مختار: ٢٠٠٠: ٢٣٥).

لەم وەرگێڕانانەدا (دامێنی چیا، سگ (ناو)ی دۆڵ، دەم (زار)ی بیر، لاقی مێز، سەری گرد، سەری چیا) دەربڕینەکان ئەندامەکانی لەشی مرۆڤن لە واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە بۆ واتایەکی تر خواستراون و لە وەرگێڕاندا ئاریشە دروست ناکەن، چونکە لە زمانی کوردیدا دەکرێ هاوتاکەی بۆ بدۆزرێتەوە وەك لە وەرگێڕانی (فم البئر)دا وەردەگێڕدرێت بۆ (دەم) یان (زاری بیر)، بۆ نموونە: (زاری بیرەکەی گرت)، (زارکی بیرەکەی گرت)، (زاری بیرەکە بگرە، تا بۆنی نەیێ).

لە زمانی کوردیدا وشەی (دەم) چەندین واتای جیاواز وەردەگرێ، بۆ نموونە: (دەمی ژنەکە، دەمی داسەکە، دەمی چەقۆکە...هتد). بەڵام لە وەرگێڕانی میتافۆڕێکی، وەك: (عقربا الساعة)[٢٨] خوێنەر یان گوێگر لە زمانی عەرەبیدا واتا میتافۆرییەکەی وشەی (عقرب) تێدەگات و لە واتا راستەوخۆییەکەی جیای دەکاتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت ئەم دەربڕینە بە (دووپشك) بەرامبەر بکرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەوەی، کە (دقیقة)

(٢٧) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پیتر نیومارك: دوره آموزش فنون ترجمه ویژه مقاطع کارشناسی و کارشناسی ارشد، ١٣٨٢: ١٣٨-١٤٢).

(٢٨) لە راستیدا (خوولەك ژمێر) و (چرکە ژمێر) دوو ئامێرن بۆ ژماردنی کات تەرخان کراون، کەچی لە زمانی کوردیدا واتای وشەی (الساعة) بە (کاتژمێر) بەرامبەر کراوە، بەڵام وشەی (کاتژمێر) ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی بە واتای (حاسبة الساعة) دێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەحمەد دڵزار: پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم ، ٢٠٠١: ٢٤).

خولەکی پێ دەژمێرێت پێیدەگوترێت: (خولەك ژمێر)و بۆ ژماردنی چرکەش دەگوترێت: (چرکە ژمێر)، کەچی لە زمانی عەرەبیدا (عَقْرَبُ الدقیقة) بۆ (خولەك ژمێر) و (عَقْرَبُ الثانیة) بۆ (چرکە ژمێر) بەکار هاتووە.

هەروەها لە وەرگێڕانی دەربڕینی (شاب أخضر) یان (فُلان اخضر) لە زمانی عەرەبیدا، کە واتای (کەسێك کە خێر و بەرەکەتی زۆر بێت) یان (گەنجێکی قۆز بێت). بەڵام وەرگێڕانی لە کوردیدا دەبێتە (گەنجێکی سەوز) یان (ئەو سەوزە) لە کوردیدا بۆ واتای یەکەم دەگوترێت: (گەنجێکی تەڕە)، بەڵام هی دووەم (سەوزە) واتە (یەکێتی)یە کە واتای دەقەکە ناگەیەنێت.

**دووەم: میتافۆڕی کۆن (Cliche Metaphor):**

ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لەگەڵ دەقە زانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێ بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن، چونکە بە وەرگێڕانێکی کاتی دادەنرێت و بە شێوەیەکی کاتی وشەیەك یان دەربڕینێکی واتایی لە بڕی یەکتردا بەکاردەهێنرێت.

وەرگێڕپێویستە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا دوور بکەوێتەوە، چونکە لە وەرگێڕانەکەیدا دەبێت ئەو واتایانە لێکبداتەوە، کە زیاتر زیندوویەتی بە دەقەکە دەبەخشن، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت: (یَمْسَح الارض بِفُلان) واتە (زەوییەکەی بە ئەو سڕییەوە) ئەمە وەرگێڕانێکی وشەییە، بەڵام واتا میتافۆڕییەکەی کە بۆی خواستراوە (کاری خۆی بە ئەو دەکات) یان (خەوش (عەیب)ی خۆی بە ئەو دادەپۆشێ) یان (دەستە چەورەکەی خۆی بە ئەو دەسڕێت)، کەواتە لە وەرگێڕانی ئەو ڕستەیەدا، دەکرێت بڵێین: ((واتای ڕستەی میتافۆڕی هەرگیز لە کۆی واتای تاکە وشەکانییەوە نایەن، هەر لەبەر ئەمەشە لێکدانەوەی ئەم جۆرە ڕستانە ئەرکێکی گەورەتر دەخاتە سەر مێشکی گوێگر یان خوێنەر)). (بەکر عومەر:٢٠٠٠: ٤٢). ئەم ئەرکە گەورەیەش زیاتر دەکەوێتە سەر ئەستۆی وەرگێڕ، چونکە دەبێت واتای ئەم ڕستە میتافۆڕییانە بە تەواوەتی لە دەقە سەرچاوەکە بگەیەنێتە زمانی ئامانج.

**سێیەم: میتافۆڕی پواو (Stock Metaphor):**

ئەم جۆرە میتافۆڕە بە بۆچوونی نیومارك چالاکترین جۆری وەرگێڕانە، چونکە لە دەوروبەرێکی نافەرمیدا دەتوانێ گشت ڕەوشی (ماددی و هزری و ئاسایی) بەیەکەوە بگرێتەوە. دەکرێت چەند تایبەتییەکی ئەم جۆرە وەرگێڕانە دیاری بکەین: ١- بەرهەمهێنانی هەرئەو وێنە لە زمانی ئامانجدا. ٢- گۆڕینەوەی وێنە بنەڕەتییەکە لە زمانی سەرچاوەوە بە وێنەیەکی چاکتر لە زمانی ئامانجدا. ٣- لەم وەرگێڕانەدا کاتێك وەرگێڕ ناتوانێت وێنە



بنەڕەتییەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئامانج واتا میتافۆرییەکەی بە واتای لێکچواندن دەگۆڕێتەوە. بۆ نموونە لە پەندێکی عەرەبیدا هاتووە: (الید التي لاتستطیع أن تعضها قبلها) دەتوانرێت هەر بەو واتایە هاوواتای بۆ بدۆزرێتەوە و هەر ئەو چەمکە بگەیەنێت، وەك: (دەستێك نەتوانیت بیبڕیت ماچی بکە) ئاشکرایە ئەم جۆرە دەربڕینانە زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە دەوروبەرێکی نافەرمیدا بەکاردەهێنرێن بە میتافۆرێکی پواو (پەککەوتوو) دادەنرێت.

**چوارەم: میتافۆڕی نوێ (الاستعارە الحدیپە) (Recent Metaphor)**

ئەم جۆرە وشە نوێیانە لە زماندا بە شێوەیەکی خێرا بڵاودەبنەوە، دەکرێت وەرگێڕ هەر ئەو وێنەمیتافۆڕییە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئامانج، هەروەها دەبێت پارێزگاریی واتای وشەکە بکرێ ، بێ ئەوەی واتا میتافۆرییەکەی بپارێزرێت، بۆ نموونە: (لغة مبتذلة) و (شفافیة) لە وەرگێڕانی ئەم وشانەدا دەتوانین هەر ئەو واتایە وەریبگێڕین ، لە وشەی یەکەمدا بە واتای (قسەی پڕوپووچ، قسەی قۆڕ، فش) دەگەیەنێت لەهی دووەمدا واتای (ڕوونی و ئاشکرایی) لە ڕامیاریدا دەگەیەنێت.

ئاشکرایە، لە زمانی عەرەبیدا زۆربەی واتا میتافۆرییەکان بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بۆ نموونە بەکارهێنانی واتای میتافۆر بۆ واتای میتافۆڕێکی تر لە ناو قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿فأما الذینَ آمَنواوعَمِلُوا الصَالِحات فَیُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ﴾. سورة الجاثیة (٣٠).

لە وەرگێڕانی ئەم ئایەتەدا وشەی (رَحْمَتِهِ) واتایەکی میتافۆری وەرگرتووە، بەڵام دەکرێت بەهۆی ئاماژەکردنی فرمانی (فَیُدْخِلُهُمْ) واتایەکی میتافۆڕیی تر دەربکەوێت، کە بەهەشتە، چونکە خەڵك، کە بکەوێتە بەر بەزەیی (ڕەحمەت) خوای گەورە ، چوونە بەهەشت دەگەیەنێت و بەزەییش ئەگەر واتاکە لە فەرهەنگدا سەیر بکەین واتای چوونە ژوورەوەی تێدا نییە. هەروەها لە زمانی کوردیدا وەرگێڕ دەبێت لەهۆنراوەدا زۆر ئاگاداری وەرگێڕانی میتافۆڕیی بێت، چونکە وشە هەیە چەندین واتای میتافۆڕی وەردەگرێت و لە واتای فەرهەنگی دوور دەکەوێتەوە. (الاعشی) دەڵێت:

جُنْدكَ التالُد العتیق مَن السَّا     داتِ أهْل القِباب والآكال (ابن المنظور: مجلد ١٣: ٢٠).

وشەی (الآكال) ئەگەر بە واتا فەرهەنگییەکەی وەربگێڕدرێت واتای (زۆر خواردن) دەگەیەنێت، کەچی لەم دێرە هۆنراوەیەدا بە واتایەکی میتافۆڕی بەکار هێنراوە، واتە (الرِّزق)

له ئاخاوتنی رۆژانەدا، زۆر جار دەگوترێت: (إن العظیم الاکل في الدنیا)، واتە رزقێکی زۆری له دونیادا هەیە. هەروەها له دەربڕینێکی تردا، دەگوترێت: (إنْقَطَعَ أكلهُ) واتا میتافۆڕییەکەی (مردن) دەگەیەنێت، هەروەها دەگوترێت (فُلان ذو أكل) ئەگەر وەرگێڕانێکی وشەیی بێت بەواتای (ئەو خاوەن خواردنە) یان (ئەو خواردنی هەیە). بەڵام ئەمە واتا میتافۆرییەکەی ناگەیەنێ، چونکە واتاکەی بریتییە له (ئەو لەدونیادا بەختی هەیە)، واتە خوا رزقێکی زۆری داوەتێ وەك لەم دێڕە هۆنراوەیەدا ، دەڵێت:

مَنُهرَت الاشْداقِ عضْبِ مُؤكَل    في الآهلينء اخترامِ السُّبُل

وشەی (مؤكل) واتە (سەر بە رزق) بە کەسێك دەگوترێت کە بەخت یاوەری بێت.

**جیاوازی نێوان میتافۆری (رەها) و درکە (Metonymy) له وەرگێڕاندا:**

سۆسێر بۆ جیاوازیی نێوانیان، دەڵێت: ((میتافۆر بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی یەکگرتوون‌و پێوەندییەکی ستوونی له زماندا بەرهەمدەهێنن، بەڵام درکە پێوەندی نێوانیان یەك له دواییەکەوەیە و پێوەندییەکی ئاسۆیی له زماندا بەرهەم دەهێنن)). (ترنس هوکز: ١٩٨٦: ١٧). له زمانی کوردیدا ئەم جیاوازییە له وەرگێڕاندا دەکرێت رەچاو بکرێت، بۆ نمونە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ومَا أرسَلْنا مِن رَّسُولٍ إلآ بلِسانِ قَومِهِ﴾. سورة ابراهیم (٤٠). له وەرگێڕانی (لسان)دا واتای زمان دەگەیەنێت، بەڵام (زمان) دوو واتای هەیە:

١- واتای فەرهەنگی: ئەندامێکی لەشی مرۆڤە.

٢- واتای میتافۆری: زمانی قسەکردن (وەکو ئامێری قسەکردن).

کەواتە (لِسان قَومِهِ) بە واتای (زمان حاڵی میللەتەکە) دێت لەوەرگێڕاندا بۆ ئەوەی واتای وشەی (زمان) له میتافۆرەوە لەگەڵ واتای درکەیی وشەکە جیا بکرێتەوە، بۆنموونە له پەندێکدا هاتووە، دەڵێت: (قَطَعَ لِسانه). (ئەحمەد هنداوی: ٢٠٠٥: ١٩٩). (إنقَطَعَ لِسانه ذَهَبَت سلاطته)، واتە (زمانی بڕاو نقەی نەما). لەوەرگێڕانی وشەی (لسان) واتایەکی زمانی و واتایەکی زاراوەیی درکەیی هەیە ، ئەویش بەهۆی هێمایەکی ئاشکراوە، کە (بڕین)ە دەکرێت واتای (لسان)ی عەرەبی کە (زمان)ی کوردی له واتای فەرهەنگی و میتافۆری جیا بکرێتەوە، بەوەی واتای (بێدەنگ بوون) یان (مردن) دەگەیەنێت. ئەم وێنەیەش له زمانی کوردیدا بەم پەندە روون دەکەینەوە: (زمانی درێژە بیبڕە بەچاکی).زمانی درێژە دوو واتای هەیە:



١- درێژی زمانەکە دەگەیەنێت. ٢- کەسێك، کە زۆر بڵێ بێت قسەی باش و خراپ دەکات. هەروەها (بڕینی زمان)یش دوو واتای هەیە:

١- بڕینی زمان بە چەقۆ یان هەر ئامێرێکی تیژ (بڕەر). ٢-واتای بێدەنگ کردن دێت.

هەروەها له زمانی کوردیدا له شێوەی ئیدیەمدا وشەی زمان بەکار هێنراوە، وەك: (زمانی بڕاوە). واتە قسەی بۆ ناکرێ چ له شەرمان یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ((میتافۆر ئامرازێکمان دەداتێ کە بەهۆیەوە دەتوانین باری نویی بدۆزینەوە و لێکی بدەینەوە، تاوەکو لەوێشەوە ڕێگەی خۆمان بدۆزینەوە و جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ناوچانەی زمان پێی ئاشنا بێ، واتە میتافۆر کۆن‌و نوێی بەیەکەوە دەبەستێ بەمەش کردەی تێگەیشتن و فێر بوون ئاسانتر دەبێ)). (بەکر عومەر: ٢٠٠٠: ١٣). وەرگێڕانیش بەهۆی میتافۆرەوە چەندین چەمکی جوان له زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج دەگوازێتەوە تا خوێنەر شارەزای کلتووری ئەو زمانە بێت.

## هێزو ئاواز و گۆڕینی واتا له وەرگێڕاندا:

### هێزی وشە:

هێز (Stress) زیادە وزەیەکی دەنگییە، دەخرێتە سەر ڤاوڵی هەر بڕگەیەك له بڕگەکانی وشە یان رستە .

((هێزی سەرەکیش دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەی تەنیا بێ ئەوەی رەچاوی ژمارەی بڕگەی وشە بکرێت، کە لەنێوان بڕگەیەك‌و چوار بڕگەدایە)). (Fattah: M.M: 1997: 47)

دەکرێت بڵێین هەر زمانێك دەستەیەك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بە خۆی هەیە، بەهۆیانەوە شوێنی هێزەکان له وشەکاندا دەست نیشان دەکەن، بەپێی ئەم هێزانە:

١- هێزی سەرەکی (Primary Stress)[٢٩]

٢- هێزی دووەم (Secondary Stress).

٣- هێزی سێیەم (بێ هێز) (Weak Stress).

٤- هێزی چوارەم (Tertiary Stress).

(٢٩) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح: گۆڤاری زانستی زانکۆ، سلێمانی، بەشی (ب) مرۆڤایەتی، بەرگی شەشەم، ژمارە ٢، ١٩٨٠).

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە، ئەم جۆرە هێزەش دەچێتە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە ڕۆڵی لە گۆڕینی واتای وشەکەدا دەبێت. لە رووی فۆنەتیکەوە سروشتی هێز دەبێت لە لایەن گوێگرەوە بزانرێت چ سروشتێکی دەنگ وا دەکات، کە بڕگەکە بەلای گوێگرەوە هێزدار بێت، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین، کە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا چ چالاکییەك دەنوێنێ لە دەربڕینی بڕگەی هێزداردا. زۆربەی زمانەوانە عەرەبەکان پێیانوایە، کە هێز لە زمانی عەرەبیدا وەکو فۆنێم بەکار ناهێنرێت، بەڵام ئەمە بەم واتایە نییە، کە لەم زمانەدا هێز نییە، بەڵام چەندین نموونە هەن ئەوە دەسەلمێنن، کە هێز لەو زمانەدا دەبنە هۆی گۆڕینی واتا و سیمایەکی دەنگی و ئەرکێکی واتایی دەبینن. کەواتە لە هەر زمانێکدا ((ئەگەر گۆڕینی شوێنی هێزی سەرەکی نەبووە هۆی گۆڕینی واتا ئەوە دەگەیەنێت، کە لەو زمانەدا هێز وەکو سیمایەکی دەنگیی جیاکەرەوە نییە و ئەرکی نییە)). (ڕەحمان ئیسماعیل: ١٩٩٨: ٨٠).

ئاشکرایە، لە گشت زمانێکدا هێزی وشە بەپێی بڕگەکانیان دیاری دەکرێت، کە هێزی وشەی سادە و وشەی نەسادە (داڕژاو- لێکدراو) لە زمانی کوردیدا هەیە، هێز بە تەواوەتی تایبەت کراوە بە سێ جۆر پۆلە وشە ئەوانیش: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان)ن. بەڵام ((فرمانەکان مەیلیان لەوەیە کە هەموو هێزی خۆیان لە دەست بدەن)). (ڕەحمان ئیسماعیل: ١٩٩٨: ١٠٠).

لە کردەی وەرگێڕاندا بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر لە زمانی عەرەبیدا وشەیەك لە یەك بڕگە پێکهاتبوو هێز دەکەوێتە سەر ناوکی بڕگە، واتە سەر (ڤاوڵەکە)، بۆ نموونە:

هذا ← **c^vv** [٣٠]

مَنْ ← **c^v c**

لە وەرگێڕانی ئامرازی (مَنْ) بۆ زمانی کوردی، هێزی وشەکە دەکەوێتە سەر کۆتایی بڕگەکە: کێ؟ ← **c ^v**

لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر وشەیەك لە دوو بڕگە پێکهاتبوو، هێزی سەرەکی لەوشەکەدا دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، بەڵام بڕگەی دووەم هێزی لاواز وەردەگرێ. لە زمانی کوردیشدا

(٣٠) /^/ نیشانەی هێزی سەرەکییە.

/w/ نیشانەی هێزی لاواز (بێ هێز)ە.



ئەگەر وشەکە لە دوو بڕگە پێکهاتبوو هەڵچوونێکی لە پڕ لەسەر بڕگەی یەکەمدا سەرهەڵدەدات، ئەمەش لە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژێکانەوە دەبێت، ئەم لەرینەوەیەش لەبڕگەی دووەمدا بەدی ناکرێت.

دارس ← **c^vv / c^vc**

هێزی سەرەکی کەوتووەتە سەر بڕگەی یەکەم و هێزی لاوازیش کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم، هەروەها لەزمانی کوردیدا، بۆ نموونە:

- بەڵام ← **c^v / cvc**

هەروەها فرمان کاتێك بەکار دەهێنرێت، کە هێزی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش بەپێی جۆری داڕشتنی وشەکە شوێنی هێزەکەی دەگۆڕێت لە زمانی عەرەبیدا زۆربەی ئەو فرمانانە یان ئەو وشانەی، کە لە سێ بڕگە پێکهاتوون هێزی سەرەکی دەچێتە سەر یەکێك لەبڕگەکان و بڕگەکانی تر هێزی لاوازیان لەسەر دەبێت، بۆ نموونە:

كَتَبَ ← **c^v /cv /cv**

يَكْتُبُ ← **c^vc /cv/cv**

كَتَبْنا ← **cv/c^vc /cv**

مَكْتُوبُ ← **cv/ c^vv/ cv**

نَجَحَ ← **c^v/cv/cv**

لە وەرگێڕانی ئەم فرمانانەدا بۆ زمانی کوردی ژمارەی بڕگەکانیان دەگۆڕێت، ئەمەش بەپێی داڕشتن و پێکهاتەی وشە لە زمانی کوردیدا هێزی سەرەکیش، بەپێی ئەو زیادە وزەییەوە دەچێتە سەر یەکێك لە بڕگەکان، بۆ نموونە:

نووسی ← **c^v/cv**

لەم فرمانەدا ئەگەر مەبەست لە وشەی (نووسی) هەواڵ گەیاندن بێت هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، بەڵام ئەگەر بۆ پرسیارکردن و سەرسوڕمان بێت هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، وەك:

نووسی ← cv/**c^v** (هەواڵ گەیاندن)

نووسی ← **c^v/cv** (پرسیارکردن)

نووسی ← **c^v/** cv (سەرسوڕمان)

هەروەها لە وەرگێڕانی فرمانی (يَكْتُبْ)دا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیە لە سێ بڕگە پێکهاتووە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەگەر بۆ مەبەستی فرمانی (نووسین) هاتبێت، وەك:

دەنووسێ ← c^v/cv/cv

بەڵام بۆ مەبەستی فرمانی (نووساندن) بەکاربێت هێزەکە دەچێتە سەر بڕگەی دووەم، وەك:

دەنووسێ ← cv/c^v/cv

هەروەها ئەگەر بۆ مەبەستی پرسیارکردن و سەرسوڕمان بێت هێزەکە دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی لە وشەکەدا، وەك:

دەنووسێ ؟ ← cv /cv/c^v

دەنووسێ ! ← cv/cv /c^v

لە فرمانی (كَتَبْنا) لە زمانی کوردیش ئەگەر جێناوی خاوەنییەتی بدرێتە پاڵ کەسەکان و دیارییان بکات، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، وەك:

نووسیمان ← cv / c^v /cvc

هێنامان ← cv / c^v /cvc

هەروەها لە زمانی کوردیدا هەندێك لەو ناوانەی لە رەگی فرمانەوە دادەڕێژرێن، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، وەك:

نووسراو ← c^vc/ cvc

برژاو ← c^vc/ cvc

دەکرێت بڵێین لە وەرگێڕانی فرمانێکی وەك (نَجَحَ)دا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیە لە سێ بڕگە پێکهاتووە، دەبێتە دوو بڕگەو هێزی سەرەکیش دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، چونکە هەندێك وشە، کە پێشگر وەردەگرن هێزی سەرەکییەکە دەکەوێتە سەر ئەو پێشگرە، وەك:

سەرکەوت ← cvcc / c^vc

دەرچوو ← / c^vc/ cv

بەڵام ئەگەر وشەی (سەرکەوت) بە شێوەی ناو بێت، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، وەك:

سەرکەوت ← cvc/ c^vcc



کەواتە ئەم وشە فەرهەنگییانە لە کاتی وەرگێڕاندا، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی زارەکیدا، دەبێت ئاگاداری هێزی سەرەکیی وشەکان بێت، تاوەکو گوێگر لەزمانی ئامانجدا هەست بە جیاوازی دەربڕینەکە نەکات.

**هێزی رستە:**

هێزی رستە بەپێی ئەو دەوروبەرەی ئەو زمانە بەکار دەهێنن لە زمانەکەیدا دەگۆڕێت، ((ئەمەش لە هەر وشەیەکدا بڕگە سەرەکییەکانی ئەو هێزە وەردەگرن پێی دەگوترێت: (هێزی رستە (**Sentence stress**)). (عەبدولقادر عەبدولجەلیل: ٢٠٠٢: ٣٧٣).

هێزی رستە لە زمانی عەرەبیدا لە چەپەوە بۆ راستی رستەکە هەژمار دەکرێت و شوێنی لە پێکهاتەی رستەدا دیاری دەکرێت، چونکە ژمارەی بڕگەکان پێش دابەشکردنیان بەپێی هێزی سەرەکی لە کۆتایی رستەکەوە دەستی پێکردووە بەرەو سەرەتاکەی ئەمەش بۆ دیاریکردنی واتای (هەواڵ گەیاندن، پرسیارکردن، سەرسوڕمان، جەختکردن) لەناو رستەدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە: (كَسَرَ الولدُ الزجاج) لە وەرگێڕانی ئەم رستەیەدا (کوڕەکە شووشەکەی شکاند) ئەگەر هێزی سەرەکی بچێتە سەر ناوی (کوڕەکە) ئەوە دەگەیەنێت، کە (کوڕەکە) شووشەکەی شکاندووە کەسێکی تر نەیشکاندووە، بەڵام کاتێك هێزەکە دەگوازرێتەوە بۆ سەر (شووشە) واتە جەخت لەسەر شکاندنی شووشەکە دەکات. واتە هیچ شتی تری نەشکاندووە. هەروەها ئەگەر ئاراستەی هێز بەرەو (شکاند) چوو، ئەوە دەگەیەنێت، کە هەواڵ گەیاندنەکە گومانی تێدا نییە و روویداوە. هەروەها ئەگەر بگوترێت: (كَسَرَ الولدُ زجاج النافذة) واتە (کوڕەکە شووشەی پەنجەرەکەی شکاند) هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر (پەنجەرە).

**ئاوازە** (Intonation):

فۆنیمێکی ناکەرتییە رۆڵی لە گۆڕینی واتادا هەیە بەهۆی لەرینەوەی دەنگە ژێکانەوە و بەپێی ئەو هەڵسوکەوت و هەستان و دابەزین و ئەو رەوتەی لە کاتی قسەکردندا هەیەتی دەگۆڕێت. کەواتە ((پێناسەیەکی تەواو بێ کەمو کورتی فۆنیمە ناکەرتییەکان بەگشتی و ئاواز بەتایبەتی کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش، لەبەر ئەوەی ئاوازە وەك یەکەیەکی ناکەرتی پێوەندییەکی بە ئاستەکانی ترەوە هەیە. ئاوازە چەندین ئەرك لەزماندا بەجێدەهێنێت، ئەو

هەموو پێوەندی و ئەرکە جیاوازانە و چڕکردنەوەیان لە پێناسەیەکدا زەحمەت ئەنجام بدرێ)). (رەحمان ئیسماعیل: ١٩٩٨: ١١٢).

**ئاستەکانی ئاوازەی رستە:**

١- ئاستی بەرز /ا /[٣١].

٢- ئاستی ئاسایی /اا /.

٣- ئاستی نزم /ااا / (عەبدولقادر عەبدولجەلیل: ٢٠٠٢: ٣٧٦).

**هێڵی ئاوازە (خط التنغیم):**

هێڵی ئاوازە ئەو جۆرە ئاوازەیە، کە لە ئاوازەی سەرەتایی وشە و ئاوازەی پێش کۆتایی و کۆتایی پێکدێت، کە هەڵوەستەیەکی کۆتایی بەرەو ژوور یان بەرەو خواری لەگەڵ دایە. ↙

لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج ، دەبێ بزانین قسەکەر↗یان نووسەر لە کاتی رستە دەربڕین و قسەکردندا بەشێوەیەکی دیاریکراو یان بە ئاوازێکی دیاریکراو چۆن دەدوێت بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێ ئەوەی دەیبیستێ پرسیارە یان هەواڵە یان سەرسوڕمانە ((ئەم تێگەیشتنەش لە رێگەی ریتم و ئاوازەی ئاخاوتنەوە دەردەکەوێ و رۆژانەش دووبارە دەبێتەوە. واتە بەهۆی ئاوازەوە دەزانین ئەو رستەیەی کە گوێمان لێدەبێت هەواڵییە یان پرسیارییە یان سەرسوڕمان یان فەرمانە)). (محەمەد مەعروف: ١٩٩٠: ١٧١).

هێڵی ئاوازەش لە وەرگێڕاندا بەم شێوەیە روون دەکەینەوە:

یەکەم: هێڵی /اا/— /ا/—/ااا/↙ئەم ریتمە ئاوازە لەگەڵ زۆربەی رستە هەواڵییەکاندا دێت و هەروەها لەگەڵ ئەو رستە پرسانەی کە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵام نادرێنەوە ئەمەش بە ئاوازی ئاسایی /اا/ دەست پێدەکاتو بەردەوام دەبێ و پێش کۆتایی دەچێتە سەر ئاوازی بەرز /ا/ و لە کۆتاییدا دێتە خوارەوە بۆ ئاوازەی نزم /ااا/ لەگەڵ هەڵوەستەیەکی نزمدا /↙/[٣٢]. بۆ نموونە:

(شَرِبَ المریضُ الدواءَ)

(٣١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (د.محمد علي الخولي: الاصوات اللغوية: ١٦٨)، هەروەها (د.عزالدين محمد امين: التنغيم والنحو، جامعة صلاح الدين، مجلة زانكو، العدد ٤، السنة الثالثة، ١٩٩٩: ٩٢).

(٣٢) / ↙ / نیشانەی هەڵوەستەی نزم دەگەیەنێت.

// نیشانەی هەڵوەستەی بەرز دەگەیەنێت.



١- ئەگەر ئەم رستەیە واتای هەواڵ گەیاندنی هەبێ، دەبێتە:




٢- ئەگەر واتای پرس بگەیەنی دەبێتە:




دووەم: هێڵی /اا/— /ا/— /ا/ ↖

ئەم هێڵە بۆ ئەو رستە پرسانەیە، کە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵام نادرێنەوە بە ئاوازەی ئاسایی /اا/ دەست پێدەکات و دواتر بۆ ئاستی ئاوازەی بەرز /ا/و بەردەوام دەبێت تا کۆتایی لەگەڵ هەڵوەستەیەکی بەرز /↖/ بۆ نموونە:

- مَنْ ألقى الخطاب؟

لە وەرگێڕانی ئەم رستەیەدا ئاوازەی رستەکە لە سەرەتای رستەکەوە بەرەو ناوەڕاست و کۆتایی رستەکە بەرز دەکرێتەوە، لەگەڵ هەڵوەستەیەکی بەرز، بۆ ئەوەی گوێگر هەست بکات ئەم رستەیە رستەیەکی پرسیارییە، بەڵام وەڵامەکەی بە ئامرازی پرس نادرێتەوە. وەرگێڕانەکەشی بەم شێوەیە دەبێت:




هەروەها لە وەرگێڕانی دەقێکی سەرچاوەدا، دەکرێت چەندین ئاستی ئاوازە دیاری بکەین و بەپێی زمانی کوردی دەری ببڕین، بۆ نموونە:

- كَسَرَ الولدُ الزجاج.

دەکرێت لە وەرگێڕانی ئەم رستەیەدا چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێت:




١- کوڕەکە شووشەکەی شکاند.

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی هەواڵییە و ڕیتمی ئاوازەکەی ئاوازەی ئاسایی /II/ دەست پێدەکات بە ئاوازەی نزم /III/ کۆتایی دێت لەگەڵ هەڵوەستەیەکی نزمدا / ↙.




٢- کوڕەکە شووشەکەی شکاند ؟

لەم ڕستەیەدا خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێکان لەسەر فرمانی (شکاند) زیاد کراوە دەبێتە ڕستەیەکی پرس.




٣- کوڕەکە شووشەکەی شکاند

خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێکان لەسەر ناوی (شووشە) کە زیاد دەبێت و دەبێتە وەڵامی پرس بۆ ڕستەی (کوڕەکە چی شکاند ؟)




٤- کوڕەکە شووشەکەی شکاند

خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێکان لەم ڕستەیەدا لەسەر ناوی (کوڕەکە) زیاد بکرێت، دەبێتە وەڵامی ڕستەی (کێ شووشەکەی شکاند؟). کەواتە لە وەرگێڕاندا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاوازەی ڕستە ڕۆڵێکی گرنگتر لە خاڵبەندی دەبینێ، چونکە بەرز و نزمی ڕیتمی دەنگەکان دەبنە هۆی گۆڕان و دیاریکردنی واتای ڕستەکە. ئەم گۆڕانەش ڕۆڵێکی گرنگ لە (پرسیارکردن، سەرسوڕمان، نەرێ کردنو ڕازی بوون) دەبینێ. هەروەها باری دەروونیی قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا، لە: (تووڕەبوون، خۆشی، ناخۆشی، ترس، گومان...هتد) دیاری دەکات، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا کاتێك ڕستەیەك وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، ئامرازی پرسی تێدا نییە وەرگێر دەتوانێ بەهۆی ئاوازەی ڕستەکەوە ڕستە عەرەبییەکە بخوێنێتەوە، بە ئامرازێکی نەرێ لە زمانی کوردی دایبڕێژێتەوە یان هەربەو ئاوازەیە دەریببڕێت، وەك: خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَحلفونَ باللهِ لكُمْ لِيُرْضوكُم واللهُ ورسُوله احَقّ أنْ يرضُوهُ إن كانوا مؤمنين﴾ سورة التوبة (٦٢).

لەم ئایەتەدا ئاوازەی ڕستە شوێنی ئامرازی (أ) هەمزەی عەرەبی بۆ پرسیارکردن گرتووەتەوە ، کە پێشتر (أيحلفون) بوون.



## نیشانەکانی خاڵبەندی لە وەرگێڕاندا (Punctuation):

نیشانەکانی خاڵبەندی لە نووسیندا، بۆ دابەشکردنی دەق لە ئاستی سینتاکس و واتا بەکاردەهێنرێت و پەیوەندی واتایی نێوان پێکهاتەکانی گوتن و نووسین دەستنیشان دەکەن. لە زمانی ئامانجدا نیشانەکانی خاڵبەندی لە کردەی وەرگێڕاندا بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕستەکان، ڕۆڵکی گرنگ دەبینن، چونکە وەرگێڕ بەپێی پێکهاتەی ڕێزمانی زمانی ئامانج نیشانەکان بەکاردەهێنێت، بەڵام لە نووسیندا ((نیشانەکانی خاڵبەندی عەرەبی بەکاردێنین و لە ڕووی ڕووخسارەوە بە تەواوەتی ڕوونووسیان دەکەین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە لە عەرەبیدا لە کوێ دووخاڵ یان دووکەوانە یان تەقەڵ... دایان بنێن دەبێ لە کوردیدا هەر لەو شوێنانە دایان بنێین)). (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٤٧).

لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەو یاسا و دەستوورە گشتییانەی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا هەن وا بکات زۆربەی نیشانە خاڵبەندییەکان لە کردەی وەرگێڕاندا هەر لەو شوێنەدا دابنرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەوەندە گرنگی بە واتای نیشانە خاڵبەندییەکان نەدراوە، چونکە لە وەرگێڕانی هەر دەقێکی زمانی عەرەبیدا، وەرگێڕ بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ دەقەکە نیشانەکانی داناوە یان بەپێی ئەو ئاوازەی، کە وەرگێڕ لە کاتی خوێندنەوەدا بۆ دەقەکە دەیکات، دەقەکە وەردەگێڕێتو لە زمانی کوردیدا دایدەڕێژێتەوە، بەڵام لە دانانی هەندێك نیشانەدا ناچار دەبێ پێڕەوی هەندێ یاسای تایبەت بە پێکهاتەی زمان بکات. پۆلێنکردنی نیشانە خاڵبەندییەکان لەم وێنەیەدا ڕووندەکەینەوە:




وێنەی ژمارە (١٥)

**نیشانەکانی خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا:**

**یەکەم: (.) خاڵ (Full stop) :**

١- لە کۆتایی هەموو رستەیەکدا، جگە لە رستەی پرسیاری و سەرسوڕماندا نەبێ، بەکاردەهێنرێت. وەك: (شَكَرَ المدرسُ الطالبَ)، مامۆستاکە سوپاسی خوێندکارەکەی کرد.

٢- خاڵ کاتێ دادەنرێ، کە نووسەر بە پێویستی بزانێ بە تەواوەتی رستەیەك لە رستەیەکی تر جیا بکاتەوە. وەك:(( با بچین تۆزێ بدوێین. زۆر شت هەیە دەمەوێ پێت بڵێم)). (هیمداد حسین: ١٩٩٧ : ١٠٠).

**دووەم: (، ) وێرگوڵ (Comma) :**

١- بۆ جیاکردنەوەی رستەی سادە لە رستەی لێکدراو بەکاردەهێنرێت. وەك: ئەو چرایەی، کە لەسەر مێزەکە دانراوە، کوژاوەتەوە.

٢- لە دوای ناوێکی بانگکراودا دێت. وەك:(( کوڕینە، بۆ من دەزانم؟ پاکیزە خۆی چی بووێت دەیکات)). (عەبدولکەریم شێخانی: ١٩٨٢:١٩٨).

٣- لە نێوان ئەو رستە تەواو نەکراوانەی، کە پێکەوە رستەیەکی تەواو پێکدەهێنن، وەك: سەر بۆ سەربڕین، نەك بۆ سەرزەنشت. بە خۆم بڵێن ئاغا، بە ژنەکەشم، بڵێن ئاغاژن.

٤- لە جیاتی ئامرازی پێوەندی (و) لە نێوان چەند وشەیەکدا بەکاردێت، وەك: (وتلك القوة تحدد إسم مبدأ الكون ومن يملك الكون نفسه، الالة، المادة، العقل، الطاقة، كلها أسماء من مفاتيح السر، قادر على حل المشكلات). ئەو هێزانە بنەڕەتییەکانی گەردوون، ئەوانەی گەردوون دەیانگرێتەخۆ دیار دەکەن لە خواوەند، کەرەسە، هزر، وزە، ئەمانە گشتیان ناون و کلیلی نهێنییەکانن و توانای چارەسەرکردنی ئاریشەکانیان هەیە.

٥- دەچێتە دوای ئامرازی وەڵامدانەوە (بەڵێ)، (نەخێر)، وەك: (نعم أنا اتعلم). بەڵێ، من فێردەبم. (لا انا لا أوافق). نەخێر، من رازی نابم.

**سێیەم: (:) دوو خاڵ (Colon) :**

١- لە پێش هێنانەوەی گوتە، یان دوای (گوتن)، (دەڵێت) بەکاردەهێنرێت. وەك: (يقول هنتجون: ((إن الاختلاف بين الحضارات هو الذي يولد الحرب)). (ئیسماعیل ئیبراهیم: ٢٠٠١: ١٠). هینتگۆن، دەڵێت: جیاوازی نێوان شارستانییەتەکان دەبێتە مایەی بەرپابوونی جەنگ.

٢- بۆ روونکردنەوەی واتایەکی فەرهەنگی، وەك: (زعامة): سەرکردایەتی، پێشەوایەتی، رابەری، سالاری.



٣- بۆ پۆلێنکردن بەکاردەهێنرێت، وەك: ((فيما يخص لهجات اللغة الكردية الرئيسية، فان التقسيم الاكثر واقعية والمنسجم مع الحقائق اللغوية والجغرافية هو الاتى: ١- الكرمانجية الشمالية، ٢- الكرمانجية الوسطى، ٣- الكرمانجية الجنوبية، ٤- السورانية)).(فؤادحمە خورشید: ١٩٨٣ :٢٦)

سەبارەت بە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، دابەشکردنی زیاتر راست و گونجاو لەگەڵ راستییە زمانەوانی و جوگرافییەکاندا، ئەمانەن: ١- کرمانجی باکوور، ٢- کرمانجی باشوور، ٣- کرمانجی ناوەڕاست، ٤ - گۆران.

**٤- چوارەم: (؟) نیشانەی پرسیار (Question mark) :**

نیشانەیەکی خاڵبەندییە، ئاوازەی رستەکان پێوەندییان لەگەڵ زۆربەی نیشانە خاڵبەندییەکاندا هەیە بە تایبەتی لەگەڵ نیشانەی پرسیارکردن و سەرسوڕماندا یارمەتییان دەدات بۆ تێگەیشتنی راستی و دەرخستنی مەبەستی دەربڕینەکە لە دەقەکەدا.

١- ئەگەر بۆ مەبەستی توڕەبوون بێت، وەك: (ولماذا تخبرني الان؟). بۆچی ئێستا پێم رادەگەیەنیت؟

٢- ئەگەر بۆ مەبەستی گاڵتەپێکردن بێت، وەك: (ولماذا قدمت عليه إذن؟). کەواتە بۆچی رووت تێکرد؟

٣- لە دوای گوتەیەکی زۆر نزم و ئاوازێکی نزمدا، وەك: کوڕی خۆم تۆ کێی؟

**پێنجەم: (!) نیشانەی سەرسوڕمان (Exclamation mark) :**

١- لە کۆتایی ئەو رستانەی سەرسوڕمان و جەختکردن و سۆزداریدا دادەنرێت، وەك ((مرۆڤ چەند سەیرە! هەمیشە لە ناخی خۆیدا سەرکەوتووە)). (غەریب شێخ رەئووف: ٢٠٠١: ٦٠٢).

٢- دوای هاوارکردن، وەك: خوایە! خوایە! تاکەی بە دەست گەندەڵییەوە بناڵێنین.

٣- (ليت والدتك على قيد الحياة!). خۆزگە دایکت بمابووایە!

**شەشەم (؛) وێرگوڵی خاڵدار (Semicolon) :**

نشانەیەکی خاڵبەندییە، وەرگێڕ لە دانانی ئەم نیشانەیەدا زیاتر گرنگی بە واتا دەدات. وەك:

١- بۆ جیاکردنەوەی ئەو رستانەی، کە لە رووی بنیاد و واتاوە سەربەخۆ دێنە پێش چاو، بەڵام لە دەربڕینێکی دووروودرێژدا پێوەندی واتاییان پێکەوە هەیە، وەك: ((لەم جەنگەڵستانی بێزارییەدا؛ هێور هێور بەسەر شەقامی کەنەفتیدا هەنگاوی دەنا)). (غەریب شێخ رەئووف: ٢٠٠١: ٦٠).

**حەوتەم: (..)، (...) دوو یان سێ خاڵ (Dots) :**

١- کاتێك دەقێك وەردەگێردرێت بۆ پیشاندانی وشە و رستە سڕاوەکان بەکاردێت، وەك: ((هەموو رۆژێ وەك جاران... بەیانیان بۆ فەرمانگەو نیوەڕۆیان پشوویەك خەو... ئێواران بۆ مەچکۆ... شەوانیش بۆ یانە و خواردنەوە... درەنگانی شەویش بۆ ئوتێلی ماڵەوە...)). (سابیر رەشید: ٢٠٠١: ٥٧).

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا زۆرجار وەرگێر رووبەڕووی ئارێشە دەبێتەوە، چونکە ئەو رستە و دەربڕینە سڕاوانەی لەلایەن نووسەرەوە بەکارهێنراون، بەلای وەرگێڕەوە واتاکەی روون نییە و دانانی ئەم (...) خاڵانەی لەزمانی ئامانجدا، ئەو مەبەست و واتایە ناگەیەنن.

٢- دەکەوێتە نێوان گوتەیەکی ناتەواو، وەك: ((دەزانم، دەزانم... ئەمانە هەموویان دەزانم... بەردەوام بە.)) (عەبدولکەریم شێخانی: ١٩٨٦: ١١٥).

٣- کاتێك نەتوانیت وشەیەك یان دەربڕینێك لە دەقێکدا بخوێنیتەوە ئەم نیشانەیە بەکاردەهێنرێت، وەك ((نەهەنگەکانی دەریا...!)) (سابیر رەشید: ٢٠٠١: ٥٧).

**هەشتەم: "" جووت کەوانی بچووك (Quotation marks) :**

١- بۆ وەرگرتنی گوتەیەك یان رستەیەك، کە راستەوخۆ لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە وەرگیرابێت. وەك ((لە یەکەم لاپەڕەی نووسیبووی: "پێشکەشە بە پێشمەرگەکانی شەڕی ئازادی کوردستان")). (مەریوان فەتحی: ٢٠٠١: ٥٩).

٢- ناو و ناونیشان و زاراوەی زانستی و ئەدەبی و تەکنیکی دەخرێتە نێوان جووت کەوانی بچووکەوە. وەك: ((ئەو دەقەی "دریدا" دەینووسێت بە تەنیا فەلسەفە و بە تەنیا ئەدەبیش نییە، بەڵکو تێکەڵاوێکە لە هەردووکیان)). (رێبین رەسووڵ: ٢٠٠١: ٩٣).

**نۆیەم: (—) تەقەڵ (Hyphen):**

لە نووسینی دەقێکدا لە بری ناوێك بەکاردەهێنرێت، تا ئەو ناوە دووبارە نەکرێتەوە، وەك: (أنت -أيها المناضلة- لن تطلبي غير الحرية والمساواة للكوردستان). تۆ -ئەی تێکۆشەر- تەنیا ئازادی و یەکسانی کوردستانت دەوێت.



**دەیەم: () دوو کەوانەی گەورە (Brackets)**

ئەم نیشانەیە بۆ سەرنجدانی خوێنەر، وشەکە یان دەربڕینەکە دەخرێنە ناو دوو کەوانە، ئەو وشانەی دەخرێنە ناودو کەوانە (ناو، نازناو، هاوواتا، دژواتا)ن. وەك: ((ئاخاوتنی نێو کەسەکان (دیالۆگ)و خۆدواندا (مەنەلۆگ) لەنێو کورتیلە چیرۆك و چیرۆکی کورتدا زۆر بەکار ناهێنرێ)). (عادل گەرمیانی: ٢٠٠١: ١١٨).

# بەشی چوارەم

# پراکتیزەکردنی رستە و دەقەکان لە وەرگێڕاندا

لەم بەشەدا وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەقێکی زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی، پێڕەوی چەند ڕێبازێکی وەرگێڕان دەکات لێرەدا چەند دەقێك وەردەگێرڕێتو شییان دەکەینەوە:

## ١- وەرگێڕانی وشە بە وشە:

یەکێك لە تایبەتییەکانی وەرگێڕانی وشە بە وشە ئەوەیە، کە تەرازووی وەرگێڕانەکە بە لای وشەکەدا دەچێت و هاوسەنگی وەرگێڕانەکە بە وشە دەکرێت و هاوتابوونی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردیدا و گونجاندنیان لەگەڵ پێکهاتەی زمانی کوردیدا، ئامانجی سەرەکیی وەرگێڕ دەبێت، وەك:

**دەقی عەرەبی:**

عندما كُنتُ طالباً، كُنتُ أمارسْ الرياضة بصورة منتظمة، كُنتُ أخرج الى التزحلق كل صباح سبت و أحد من الشتاء وكُنتُ أذهب الى البحر الاسود كل صيف.

**دەقی کوردی:**

کاتێك، کە خوێندکاربووم، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك وەرزشم دەکرد، هەموو بەیانییەك لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی وەرزی زستاندا بۆ خلیسکانێی سەر بەفر دەچووم و گشت هاوینانیش بۆ دەریای ڕەش دەچووم.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا ڕستە لێکدراوەکان لە ناو دەقدا بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دەدرێنە دەم یەکترەوە. ئەم دەقە بریتییە لە زنجیرە ڕستەیەك، کە یەك چەمك و واتا دەگەیەنن هەر بەو شێوەش ڕستە لێکدراوەکان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕدرێن، وەك:

**دەقی عەرەبی:**

((دَخَلْتُ الغُرفَة، فَبَدَلْتُ مَلابِسي وجَلَسْتُ الى الطاولة ثُمَ نَهَضْتُ فَفَتَحْتُ الراديو وإسْتَمَعْتُ إليه قَليلاً ثُمَ ذَهَبْتُ الى المَطْبَخ فَصَنَعْتُ فِنْجاناً مِن القَهوة وشَرِبْتُهُ ثُمَ إسْتَلْقَيْتُ على سَريري لأسْتَريح وأخَذْتُ جَريدة فَتَصَفَحْتُها وعَلِمْتُ إن الاخبارَ لَيسَتْ على ما يُرام)). (نبيل ابو حلتم: ١٩٨٠: ٥٥٩).



**دەقی کوردی:**

چوومە ژوورەوە، جلەکانم گۆڕیو لەلای مێزەکە دانیشتم پاشان هەڵسام و ڕادیۆکەم کردەوە و هەندێك گوێم لێگرت، لە دووایدا بۆ ناندینەکە چووم و قاوەیەکم لێنا و خواردمەوە، پاشان چوومە سەر جێگاکەم تا پشوویەك بدەم، ئینجا ڕۆژنامەیەکەم گرتە دەست و سەیرم کرد، زانیم هەواڵەکان باش نین.

دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر بۆ دەقی زانستیو یاسایی و ئابووری و ئایینییەکان بەکاردەهێنرێت، وەك:

**یەکەم: وەرگێڕانی بەندەکانی جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ:**

بەندی (٣)

دەقی عەرەبی:

((لكل فرد حق في الحياة والحرية وسلامة شخصه)).

دەقی کوردی:

هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

بەندی (٩)

دەقی عەرەبی:

((لايجوز القبض على اي انسان او حجزه او نفيه تعسفاً)).

دەقی کوردی:

((هیچ مرۆڤێك نابێت بەشێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، یان دەستبەسەر بکرێت یاخود دوور بخرێتەوە)). (وەزارەتی مافی مرۆڤ: ٢٠٠٦: ٣-٩).

**دووەم: وەرگێڕانی یاساکانی ڕەگەزنامەی عیراقی.**

ماددەی (١٢)

دەقی عەرەبی:

((اذا تزوجت المرأة العراقية من غير العراقي واكتسبت جنسية زوجها فأنها لاتفقد جنسيتها العراقية مالم تعلن تحريرها عن الجنسية العراقية)). (سعيد: ٢٠٠٦: ٣٢).

دەقی کوردی:

- ئەگەر ژنێکی عیراقی بە پیاوێکی بیانی شوویکرد رەگەزنامەی مێردەکەی وەرگرت، ئەو ژنە رەگەزنامە عیراقییەکەی لەدەست نادات، ئەگەر بە نووسراو وازهێنانی خۆی لە رەگەزنامە عیراقییەکەی ئاشکرا نەکات.

**سێیەم: وەرگێڕانی (نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی بۆ عیراق).**

ماددەی (١)

دەقی عەرەبی:

- جمهورية العراق دولة اتحادية واحدة مستقلة ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها جمهوري نيابي (برلماني) ديمقراطي وهذا الدستور ضامن لوحدة العراق.

دەقی کوردی:

- کۆماری عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵی سەربەخۆیە، خاوەن سەروەرییەکی تەواوە، سیستەمی حوکم تیایدا کۆماریی، نوێنەرایەتی، پەرلەمانی، دیموکراتییە، ئەم دەستوورەش زامنی یەکێتیی عیراقە.

ماددەی (٦٧)

دەقی عەرەبی:

- رئيس الجمهورية هو رئيس الدولة ورمز وحدة الوطن، يمثل سيادة البلاد، يسهر على ضمان الالتزام بالدستور والمحافظة على استقلال العراق وسيادته و وحدته وسلامة أراضيه وفقاً لاحكام الدستور.

دەقی کوردی:

- ((سەرۆك کۆمار خۆی سەرۆکی دەوڵەتە و هێمای یەکێتیی نیشتمانە و نوێنەرایەتی سەروەریی وڵات دەنوێنێت و شەونخونی بۆ مسۆگەرکردن و پابەندبوون بە دەستوورەوە دەکات، پاراستنی سەربەخۆیی عیراق و بەپێی برگەکانی دەستوور سەلامەتی خاکەکەی لە ئەستۆیدایە)). (بەحری برادۆستی: ٢٠٠٦: ١٣٢-١٥٠).

وەرگێڕانی دەقی ئایینی بە گرانترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە چاك تێنەگەیشتنی ناوەڕۆکی دەقەکە بۆ وەرگێڕ دەبێتە هۆی ئەرکێکی گران، کەواتە وەرگێڕ پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی گشت ئایینە ئاسمانییەکان (قورئان، تەورات، ئینجیل)ەوە هەبێت. گشت چەمك و بنەڕەت و بیر و بۆچوونەکانیان هەبێت، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی



ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)دا، کە چەندین وشە بە چەندین واتای شاراوە بەکار هاتوون.

وەرگێڕ لەم جۆرە وەرگێڕاندا ڕێبازی وشە بە وشە دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی رووبەڕووی هەڵەی واتایی نەبێت و نەبێتە هۆی تێکدانی دەقە سەرچاوەکە، وەك:

**چوارەم: دەقێکی ئایینی:**

پێغەمبەر (د.خ) لە دوایین وتاردا بۆ موسڵمانان، دەفەرمووێت:

دەقی عەرەبی:

((أيها النّاسُ: إسمعُوا قَولي لا أدري لَعلّي لا ألقاكم بعدَ عامي هذا بهذا الموقف أبداً. أيها النّاسُ، إنّ دماءَكُم وأموالَكم و اعراضَكم حرامٌ عليكُم، كحُرمة يومِكم هذا، في شَهرِكُمْ هذا في بَلدِكُمْ هذا ألا وإنَّ كلَّ شيءٍ مِن أمرِ الجّاهلّيةِ تحتَ قَدَمَيَّ موضوعَ ودماءُ الجاهلية موضُوعةٌ.

أيها النّاسُ: إسمعوا قولي وآعْقِلوه، تَعْلَمُنَّ أنَّ كُلَ مُسلمٍ أخٌ للمسلم وأنَّ المسلمينَ إخوةٌ، فلا يَحلُّ لأمريٍّ مِنْ أخيه إلاّ ما أعطاه عن طيبِ نفسٍ مِنْهُ فلا تَظلِمُنَّ أنفسُكم، اللَّهُم هلْ بَلَغتُ؟ وسَتلْقُونَ ربكم فلا تَرجعوا بعدي ضُلاّلاً يضربُ بعضُكم رقابَ بعضٍ، ألا ليُبلّغ الشاهد الغائب فلَعل بعضَ مَنْ يُبلِّغهُ أنْ يكونَ أوعى له مِن بعضِ سَمعِه، وأنتُم تُسْألونَ عنّي فما أنتُمْ قائلونَ؟ قالوا: نشهدُ أنّك قد بلغّتَ وأدّيتَ ونَصَحْت...)). (اللغة العربية: ٢٠٠٦: ٧٩).

دەقی کوردی:

ئەی خەڵکینە، گوێ لە قسەکانم بگرن، چونکە نازانم لەوانەیە لەم ساڵم بەدواوە جارێکی تر نەتان بینمەوە، ئەی خەڵکینە خوێنتان و ماڵ و گیان و ناموستان لێتان حەرامکراوە، وەکو حەرامکردنی ئەم رۆژە، لەومانگەتانو لەو شارەتان.ئەی خەڵکینە هەموو شتێك لە کردەوە و خوێنی جاهلییەت لەژێر پێمدایە. ئەی خەڵکینە، گوێڕایەڵی قسەکانم بن تێبگەن، دەزانن هەر موسڵمانێك برای موسڵمانێکە و موسڵمانان بران، هیچ شتێك نابێتە موڵکی موسڵمانێکی تر، تەنیا ئەگەر موسڵمانەکە خۆی بە دڵی خۆی پێی نەبەخشێت، زوڵم لە خۆتان مەکەن، ئەی خودایە پێم راگەیاندن؟

پاشان بەخودای خۆتان دەگەن لە دووای من پاشگەز نەبنەوە و گومڕێ بن، هەریەکەتان لە ملی ئەویترتان بدەن، ئەی ئەوانەی ئامادەن بەوانیتر، کە ئامادەنینە رابگەیەنن، لەوانەیە

ئەوەی پێی رادەگەیەنرێت هۆشیار تر بێت لـەوەی، گـوێی لێبـووە ئێـوە لـە پاشمـەوە لێتـان دەپرسرێت چی دەڵێن؟

گوتیان: شاهێدی دەدەین، کە تۆ پێت راگەیاندین و نکوڵیت نەکردووە و ئامۆژگاریمانت کرد.

لە کردەی وەرگێڕاندا دەگەینە ئەو راستییە، کە وەرگێڕانی وشە بە وشە بە باشترین رێبازی وەرگێڕان دادەنرێت بۆ وەرگێڕانی دەقی رامیاری و ئابووری وئایینی و زانستی و زۆربەی ئەو وتارانەی لە لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاودەکرێنەوە، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ دەقەکە پەیام و مەبەستی دەقە سەرچاوەکە دەگەیەنێتە خوێنەری دەقی ئامانج. خوێنەریش زیاتر سوود لەم جۆرە وەرگێڕانە دەبینێت، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە لایەنی جوانکاری و رەوانبێژی دوورەدەکەوێتەوە، راستی دەقەکە دەخاتە روو بێ ئەوەی کار لە واتای بنچینەیی دەقەکە بکات. بۆ نموونە لە وەرگێڕانی وتەیەکی سەرۆکی کۆماری عیراق، بەڕێز (مام جلال) لە کۆنگرەی سێیەمی لووتکەی دەوڵەتانی ئەندامی (ئۆپیك)دا، وەك:

دەقی عەرەبی:

((ان العراق الجديد ينشد السلام والوئام مع كافة جيرانه دون استثناء ونحن عازمون على بناء علاقات وطيدة، مستقرة مع جيراننا و مع كافة دول العالم مستندين الى المصالح المشتركة و احترام حقوق الآخرين، ونعتقد بأن العراق الجديد سيساهم بصورة فعالة و اجابية فى اشاعة روح السلام والامان في هذه المنطقة المهمة من العالم و لما لهاذا من آثار ايجابية على أمن امدادات النفط و الطاقة الى الدول المستهلكة .

ان العراق الجديد عازم على دعم وحدة منظمة الاوبك و تماسكها و تعزيز دورها البناء في اشاعة الاستقرار في اسواق النفط و الطاقة العالمية و بالرغم من حاجة العراق الملحة للمواد المالية لاعادة بناء اقتصاده، الا أننا نعتقد بان الاتجاه التصاعدي المستمر لاسعار النفط لا يخدم مصالح الدول النامية الاعضاء في منظمة و أنه يتعارض مع الهدف الاساسي الذى أسست المنظمة من أجله وهو استقرار أسعار النفط العالمية، عند مستويات مجزية للمنتجين ولاتلحق ضرراً بالاقتصاد العالمى)) (الاتحاد:٢٠٠٧: ٣ ).



دەقی کوردی:

((عیراقی نوێ خوازیاری ئاشتی و تەبابییە لەگەڵ گشت هاوسێکانیدا بە بێ جیاوازی، سووریشن لەسەر بنیاتنانی پەیوەندی بەتین و جێگیر لەگەڵ هاوسێکانمان و لەگەڵ گشت دەوڵەتانی دونیادا، پاڵپشت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و رێزگرتن لە مافی خەڵکانی تر، پێشمانوایە عیراقی نوێ بە شێوەیەکی کارا و ئەرێنی بەشداری لە بلاوکردنەوەی گیانی ئاشتی و دڵنیایی لەم ناوچە گرنگەی دونیادا دەکات، ئەمەش شوێنەواری ئەرێنی بەسەر ئاسایشی هەناردەی نەوت و وزە بۆ دەوڵەتە بەکارهێنەرەکان دەبێت عیراقی نوێ سوورە لەسەر پشتگیریکردنی یەکێتی رێکخراوی ئۆپیك و تۆکمەییەکەی و بەهێزکردنی رۆڵە بنیاتنەرانەکەی کە لە بلاوکردنەوەی جێگیری لە بازاڕەکانی نەوت و وزەی جیهاندا، ئەگەر چی عیراق پێویستی زۆربەی بە داهاتی دارایی هەیە، بۆ ئەوەی ئابووریی خۆی بنیاتبنێتەوە، بەڵام ئێمە پێمانوایە کە ئاڕاستەی بەردەوامی روو لە هەورازی نرخی نەوت، خزمەتی بەرژەوەندیی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی ئەندام لە رێکخراوەکەدا ناکات و پێچەوانەی ئەو ئامانجە بنەڕەتییەیە، کە کە رێکخراوەکە لە پێناویدا دامەزراوە، کە ئەویش بریتییەلە جێگیربوونی نرخی نەوتی جیهان لەم ئاستانەدا، کە بۆ بەرهەمهێنەرەکان قازانج بەخشن و زیان بە ئابووریی جیهانیش ناگەیەنن)) (کوردستانی نوێ: ٢٠٠٧: ٢)

**پێنجەم: وەرگێڕانی دەقێکی کۆن**

(جاحظ) لەبارەی پەسنکردنی کتێب (پەرتووك) و روونکردنەوەی چاکییەکانییەوە، چەندین وشە و دەربڕینی واتایی بەکارهێناوە، لێرەدا بە پێی شێوازی نووسینی ئەو نووسەرە ناتوانرێت لەزمانی کوردی وەرگێڕانێکی واتایی بۆ ئەو دەقە بکرێت.

دەقی عەرەبی:

((الكتابُ نِعمَ الذُخْرُ و العُقدَة، والجليسُ والعُمْدَة، و نِعْمَ المُشْتَغَلُ و الحِرفَة، ونِعْمَ الانيسُ ساعَةَ الوَحْدَة، الكتابُ وِعاء مَليىء علماً، وظَرْفٌ حُشيَ ظرْفاً، واناءُ شُحِنَ مُزاحاً، ان شِئْتَ كانَ أعْيا من باقلٍ وان شِئْتَ كانَ أبْلَغَ مِن سُحْبَان وائلٍ وان شِئتَ سَرَتْكَ نَوادِرُهُ و شَجَعَتْكَ مواعِظُهُ، ومن لَكَ بِواعِظٍ مُلْهٍ، وبناسكٍ فاتكٍ وناطقٍ أخْرَسَ، ومن لَكَ بِشيءٍ يَجْمَعُ الاول والاخرَ، والناقصَ والوافر والشاهد والغائب و الرفيع و الوضيع و الغَثَ و السمين و بَعْدُ: فَما رايتَ بُستاناً يحملُ في رُدْنٍ، ورَوْضَةً تُنْقَلُ في حِجرٍ، ينطقُ عن الموتى، و يُتَرْجِمُ عن الاحياء، ومن

لك بمؤنسٍ لاينامُ الا بنومك، ولا يَنْطقُ الا بما تهوى، آمن من الارض، وانتم للسّرّمن صاحب السّرّ، وأحفظَ للوديعة من صاحب الوديعة)) (الجاحظ:٢٠٠٦: ٦٢)

دەقی کوردی:

کتێب باشترین شوێن و هانابەرە، هاوڕێ و پاڵپشتە، باشترین ئیشکەر و کارزانە، باشترین هاوڕێی کاتی تەنیاییە، دەفرێکی پڕ زانستە، دەفرێك پڕ لە هۆشیاری، دەفرێك پڕ لە گاڵتەوگەپ، ئەگەر ویستت هۆشمەندترە لە (باقل)، ئەگەر ویستت لە (سُحبان وائل) پێگەیشتووترە، ئەگەر ویستت بەهاکانی خۆشبەختی دەکردیتو ئامۆژگارییەکانی هانی دەدایت، کێ بۆ تۆ؟ بۆ کەسێکی بێباك و گوێنەدەر و خواپەرستێکی لەناوبەر، بە قسەکەرێکی لاڵ، کێ هەیە سەرەتا و کۆتاییت بۆ کۆبکاتەوە، کەم و کورتی و بێ کەم و کورت، ئامادەبوو دواکەوتوو، پایەبەرز و کەسێکی سوك و رسوا، و خێرکەر و بێخێر لە پاشان: نەم دیت باخچەیەك لە ناو کیسی پارە هەڵبگیرێت، و باخچەیەك لەناو ژوورێك بگوازرێتەوە، قسەکردن لەلایەن مردوان، روونکردنەوەش لەلایەن زیندوان، و کێ وەك تۆ هاوڕێی ئەو کەسەیە، کە نانووێت تەنیا بە نووستنی تۆ نەبێت، تەنیا بەو وشەیەی، کە پێت خۆشە بدوێت، ئایا ئارامی لەسەر زەویدا هەیە، باشترین پارێزراو لە نهێنییەکان خاوەن نهێنییەکەیە، باشترین راسپاردەی پارێزراویش لەلایەن خاوەنەکەیەتی.

## ٢- وەرگێڕانی دەق بەپێی ڕێبازی وشەیی و واتایی:

زۆرجار لەکردەی وەرگێڕاندا وارێك دەکەوێت دەقێك لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە وەردەگێڕرێتە سەر زمانی ئامانج هەندێك وەرگێڕانەکەیان وشەیی، هەندێکی تریان واتاییە. لێرەدا ئەم دەقە ئەدەبییە دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و بە پێی هەردوو ڕێبازەکە دەقەکە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، وەك:

**یەکەم : دەقی عەرەبی ڕۆمانی (الشیخ و البحر)، دەقی کوردی ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا)**

**وەرگێڕانی دەقەکە:**

((كان رجلاً عجوزاً يصيد السمك وحده في قارب صغير عريض القعر في (تيار الخليج))، (عبدالباقي الصافي: ١٩٧٤: ٢٢).



**١- وەرگێڕانی وشەیی:**

پیاوێکی پیر ماسی راو دەکرد و بە تەنیا لە بەلەمێکی بچووك و پانوپۆڕدا لە تەوژمەکانی ئاوی کەنداودا.

**٢- وەرگێڕانی واتایی:**

((لە بەلەمێکی بن قوڵی پانوپۆڕدا، بەسەر (تەوژمە ئاوی کەنداوەوە) پیرەمێردێك بە تەنیا خۆی، خەریکی راوە ماسی بوو)) (شێرکۆ بێکەس: ١٩٨٢: ١٠)

**٣- لە وەرگێڕانی واتاییدا دەبێت بەم شێوەیە وەربگێڕدرێت:**

پیاوێکی پیر بوو، لە لووزەکانی بەتەنیا لە بە لەمێکی بچووکی بنپاندا، ماسی راو دەکرد.

- كان قد أمضى اربعة و ثمانين يوماً دون ان يفوز بسمكة واحدة.

١- وەرگێڕانی وشەیی:

- هەشتاوچوار رۆژ تێپەڕی بوو بە بێ ئەوەی یەك ماسی بباتەوە.

٢- وەرگێڕانی واتایی :

((هەشتاوچوار رۆژی رەبەقی بەسەربردوو تەنیا ماسییەك چییە دەسکەوتی نەبوو)) (شێرکۆبێکەس: ١٩٨٢: ١٠).

٣- دیسانەوە دەبێت وەرگێڕانی واتاییەکە بەم جۆرە بێت:

- هەشتاوچوار رۆژی رەبەقی بەسەربردوو تەنانەت ماسیەکیشی چنگ نەکەوت.

- وقد صحبه صبي في الايام الاربعين الاولى لكنه بعد الاربعين يوماً التى لم يوفق فيها الى صيد أخيرا ابو الصبى ابنهما ان الشيخ منحوس نحساً لا خلاص منه.

**١- وەرگێڕانی وشەیی:**

- کوڕێکی منداڵی لەگەڵدابوو، لە چل رۆژی یەکەمدا بەڵام دوای چل رۆژەکە، کە هیچ ماسییەکی راو نەکرد، دایكوباوکی منداڵەکە بە کوڕەکەیان گوت: ئەم پیرەمێردە بەدبەختە و نەگبەتی دایگرتووە بە دەست ئەم نەگبەتییە رزگاری نابێت.

**٢- وەرگێڕانی واتایی:**

((لە چل رۆژی یەکەمدا، کوڕێکی منداڵی لەگەڵدابوو، کە ئەو چل رۆژەی تێپەڕی و هیچی راو نەکرد، دایكوباوکی منداڵەکە بە کوڕەکەیان وت: دیارە ئەو پیرەمێردە بەدبەختە و شوومە)) (شێرکۆ بێکەس: ١٩٨٢: ١٠)

- ئەم پەراگرافە پێویستە بەم شێوەیە وەربگێڕدرێت:

- لە چل رۆژەی یەکەمدا، کوڕێکی منداڵی لەگەڵدابوو، لەو ماوەیەدا هیـچی راو نـەکرد، دایكوباوکی منداڵەکە بە کوڕەکـەیان وت: دیـارە ئـەو پیرەمێـردە بەدبـەختی و نەگبەتییـەك دایگرتووە و رزگاربوونی نییە.

- فامتثل الصبى لامر ابويه و عمل في قارب آخر فاز بثلاث سمكات رائعات في الاسبوع الاول.

١- وەرگێڕانی وشەیی:

- ئەو کاتە منداڵەکە بە گوێی دایكوباوکی کرد و لە بەلەمێکی دیکەدا دەست بـەکاربوو سێ ماسی چاکی لە هەفتەی یەکەمدا بردەوە.

٢- وەرگێڕانی واتایی:

((ئەوسا بە پێی فەرمانی ئەوان لە بەلەمێکی تردا دەست بەکاربوو، لەوێ هەرلە هەفتەی یەکەمدا سێ ماسیی چاك (نایابوپوخت)ی راو کرد)) (شێرکۆ بێکەس: ١٩٨٢: ١٠)

- وقد أحزن الصبى ان يرى الشيخ يعود كل يوم خالى القارب،

١- وەرگێڕانی وشەیی:

- منداڵەکە دڵتەنگ بوو، چونکە دەیبینی پیرەمێردەکە هەموو رۆژێك بە بەلـەمی بـەتاڵ دەگەڕایەوە.

٢- وەرگێڕانی واتایی:

((منداڵەکە غەمی دەخوارد، کە هەموو رۆژێ پیرەمێردەکەی دەیبینی بە دەستی بـەتاڵ و بەلەمی خاڵییەوە ئەگەڕایەوە))

- فكان يمضى باستمرار و مساعدته في عمل صنانيره الملتفة او مجنتورمح صيده (او حربونة) و الشراع المطوى حول السارية.

١- وەرگێڕانی وشەیی:

- بەڵام بـەردەوام دەیبینـی و یارمـەتی دەدا لـە ئیشی قولابـە لوولـدراوەکان و نێـزەی راوکردنەکە و کەشتییە لە دار پێچراوەکە.

٢- وەرگێڕانی واتایی:

((بەڵام گورج ئەچوو بە پیریەوە و لە هەڵگرتنی چارۆگە لـە ئەسـتوون پێـچراوەکەوە .... قولابە لوولخواردووەکان... نێزەکە و...گۆچانە قولابییەکەدا یارمەتی ئەدا))



٣- وەرگێڕانەکە بەم شێوەیەی لێدێت:

- بەڵام هەردەم لـە ئیـشی قولابـە لوولـدراوەکان و نێـزەی راوکردنەکـە و کەشـتییە لـە دارپێچراوەکە یارمەتی دەدا.

- وكان الشراع مرتفعاً باكياس دقيق و بدأ وهو مطوى حول السارية و كأن راية للهزيمة الابدية.

١- وەرگێڕانی وشەیی:

- کەشتییەکە بە چەند پارچە گونییە ئاردێکی کـۆن پینـە کرابـوو، وەهـا بـە دارەکـەوە پێچرابوو وەکو ئاڵایەکی رووخاوی بێ کۆتا دەچوو.

٢- وەرگێڕانی واتایی:

بەلەمەکە بە چەند گونییە ئاردێکی کۆن پینە کرابوو، دیمەنەکەی بەو پێچراوەییە لە ئـاڵای شکاو و بەزیوی هەتاهەتایی ئەچوو) لە کۆتایی وەرگێڕانی ئەم دەقەدا دەکرێت بڵێین وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە دووربکەوێتەوە، بۆ نموونە لـە وەرگێڕانـی (گونییـە ئـاردێکی کۆن) بکرێ بە (گونییەیەکی کۆن) یان بەکارهێنانی ئـەو وشـە و زاراوانـەی زیـاتر بـۆ دەقـە ئەدەبییەکە دەشێن، کەواتە وەرگێڕانەکە بەم شێوەیە دەبێت:

- بەلەمەکە بە چەند گونییەیەکی کۆن پینە کرابوو، دیمەنەکەی بەو پێچراوەییە لـە ئـاڵای شکاو بەزیوی هەتاهەتایی دەچوو.

**دووەم : دەقی عەرەبی: زمانەوانی (تعريفات النص)**

((وَيُعَدُ اهم ملمح لهذا العلم أنه متداخل في صورة وثيقة مع علوم اخرى، كعلوم الـشعر و البلاغەوالاسلوب و الاجتماع والنفس و غيرها))

١- وەرگێڕانی وشە بە وشە:

(گرنگترین ئاماژە بۆ ئەم زانستە ئەوەیە، کە چووەتە ناویەکەوە لە شـێوەی بەڵگەنامـەدا لەگەڵ زانستەکانی تردا، وەك زانستی شیعر و رەوانبێـژی و ئـەدەب و شـێواز و کۆمـەڵگا و دەروون...هتد).

٢- وەرگێڕانی واتایی:

- سیما گرنگەکانی ئەم زانستە ئەوەیە، کە لەگەڵ زانستەکانی تردا لە شێوەی بەڵگەنامەدا چووەتە ناویەکەوە، وەك زانستی شیعر و ڕەوانبێژی و ئەدەب و شێواز و کۆمەڵ و دەروون ...هتد.

(( لانه هذه العلوم تشتغل بالنصوص من اجل غايات تختلف باختلاف وجهات النظر الخاصة بالدارسين )).

١- وەرگێڕانی وشە بە وشە:

(چونکە ئەم زانستانە سەرقاڵن بە دەقەکانەوە لە پێناوی مەبەستەکاندا، کە جیاوازی بە جیاوازی بۆچوونە تایبەتیەکانی خوێنەرەکانەوە).

٢- وەرگێڕانی واتایی:

- چونکە ئەم زانستانە لە پێناو مەبەستەکاندا بە دەقەکانەوە خەریکن و جیاوازییان لەگەڵ بۆچوونە تایبەتییەکانی خوێنەرەکان هەیە.

((غير ان علم لغة النص الذي يرتكز على النصوص في ذاتها، أشكالها قواعدهاو وظائفهاو تأثيراتها المتباينة، بوصفه فرعاً علمياً متداخل الاختصاصات بشكل محور الارتكاز بين هذه العلوم، الا أنه يتأثر دون شك بالدوافع و وجهات النظرو المناهجو المقولات التى تقوم عليها هذه العلوم ))

١- وەرگێڕانی وشە بە وشە:

((لە کاتێکدا زانستی زمانی دەق، کە پێ لەسەر خودی دەقەکان و شێوە و ڕێزمان و ئەرکەکان و کاریگەرییە جیاوازەکان دادەگرێت، بەو پێیەی لقێکی زانستییە، کە پسپۆرییەکان تێیدا چوونەتە ناو یەکترەوە و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم زانستە دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان کاریگەرییە پاڵنەر و پرۆگرام و وتراوەکانەوە. کە ئەم زانستەی لەسەر بنیادنراوە)).

٣- وەرگێڕانی واتایی:

هەر چەندە زانستی زمانی دەق جەخت لە خودی دەقەکان و شێوەو ڕێزمان و ئەرك و کاریگەرییە جیاوازەکان بەو پێیەی، کە لقێکی زانستی فرە پسپۆرییە و چوونەتە ناو



یەکترییەوە، خاڵی چەسپاوی نێوان ئەم زانستە دیاری دەکات. بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا بە پاڵنەر و پرۆگرام و وتراوەکانەوە کاریگەرە، کە ئەم زانستەی لەسەر بنیادنراوە.

((ويلاحظ أنه قد ترسخت في هذا العلم عدة مقولات صارت اساس التحليل المنظم واهم هذه المقولات الاستعمال و الشأثيرو التفاعل و الاتصال و الانظام و الواقع اللغوى والواقع الخارجى و البنية الكبرى و البنية الصغرى و القواعد الكبرى والقواعد الصغرى و اشكال مختلفة للسياقات والمقامات و غيرها من المقولات و التصورات التى نحتاج الى ايضاح لما تتضمنه في اطار هذا العلم من خصوصيات في التعريفات و الاستخدام والتوظيف)). (سعيدحسن: ٢٠٠٧: ٩٤).

١- وەرگێڕانی وشە بە وشە :

((ئەوەی تێبینی کراوە ئەوەیە کۆمەڵێك مقولات ڕەگیان داکوتاوە لەم زانستەدا وە بوونەتە بنچینەی شیکاری ڕێکخراو لە گرنگترین ئەو مقولاتە (بەکارهێنان- کاریگەری- هەڵچوون- پەیوەندی- ڕێسا- واقیعی زمانی- واقیعی دەرەکی- بنیادی گەورە-بنیادی بچووك- شێوازە جیاوازەکانی سیاقەکان و مقولەکان وە هەموو وتە و بۆچوون و تەسەورانەی پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا لە تایبەتمەندییەکان و پێناسە و بەکارهێنان و ئەرك و فرماندا)) (ئیدریس کەریم:٢٠٠٧: ٦).

٢- وەرگێڕانی واتایی:

ئەوەی تێبینی کراوە، کە چەندین وتراو لەم زانستەدا ڕەگیان داکوتاوەو بوونەتە بنچینەی شیکاری پێڕەو بەند، گرنگترین ئەو وتراوانەش (بەکارهێنان- کارتێکردن- پەیوەندی- ڕێسا و بوویەری زمانەوانی و بوویەری دەرەکی و بنیادی گەورە و بنیادی بچووك و ڕێزمانی گەورە و ڕێزمانی بچووك و شێوە جیاوازەکانی دەوروبەرەکان لەگەڵ هەندێك لەو وتە و بۆچوونانەی لە سنووری ئەم زانستەدا لە تایبەتمەندییەکان بۆ پێناسەکردن و بەکارهێنان و ئەرك و فرماندا پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە.

## وەرگێڕانی چەند دەقێك لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی كوردی:

**یەكەم: دەقی عەرەبی (مێژوویی): (سياسة التعريب في الوقت الحاضر)**

((لقد تنفس المواطنون في العراق، الصعداء هم يشهدون انهيار النظام البائد سنة ٢٠٠٣م و استشعر الشعب الكردي، لاسيما المواطنون في الاجزاء التى كانت ولاتزال خارج اقليم كردستان العراق، بحلاوة النصر، والحرية، والعدالة... بعد ان زال عنهم كابوس الظلم و التشرد و الحرمان... وظن (المرحلون) ان يوم العودة بات قريبا، وان لقاء الاهل والوطن قاب قوسين أو أدنى... ولكنه ومع مرور السنين ... تعرض حتى الذين بقوا صامدين بوجه السلطة في محافظة نينوى، الى التهجير من جديد... ناهيك عن وضع كل العراقيل ضد الذين يرغبون العودة منهم الى الوطن... وذلك باساليب جديدة وطرق متنوعة... من بينها الارهاب، وزرع بذور الفتن والفرق بين أبناء المدينة الواحدة والمجتمع الواحد)). (خليل اسماعيل: ٢٠٠٦: ٩).

**دەقی كوردی:**

((هاووڵاتییانی سەركەوتووی عیراق بە دیتنی رووخانی رژێمی رابردوو لە ساڵی (٢٠٠٣) پشوویەكی ئاسوودەییان هەڵكێشا، گەلی كورد بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هێشتا لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانن، دووای ئەوەی مۆتەكەی زوڵمو دەربەدەری و بێبەشییان لەسەر لاچوو تامی سەركەوتن، ئازادی و دادوەرییان كرد...(ڕاگوێزراوان) وایانزانی رۆژی گەڕانەوە نزیكەو شادبوونەوە بە كەس و نیشتمان زۆری نەماوە... بەتێپەڕبوونی ساڵەهای ساڵ.. تەنانەت ئەوانەی لە پارێزگای نەینەوا بەرەو رووی رژێم راوەستان دووبارە كەوتنەوە بەر راگواستن. ئەمە جگە لە تێكڕایی ئەو گرفتانەی دەخرێنە بەردەم ئەو كەسانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە ناو نیشتمان .. ئەوەش بە رەوشگەلی نوێ و رێبازی جۆراوجۆر... لەوانە تیرۆر، چاندنی تۆوی دووبەرەكیو ئاژاوە لە نێوان رۆڵەكانی یەك شار و یەك كۆمەڵگا...)) ( مستەفا غەفور : ٢٠٠٦: ٩)

لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە وەرگێڕ چەندین زاراوەو دەربڕین لە شێوەی ئیدیەمو میتافۆردا بەكارهێناوەو فەرهەنگی زمانی كوردی پێ دەوڵەمەند كردووە، بۆ نموونە:

١- (حلاوة النصر) واتە (تامی سەركەوتن) دەربڕینێكی میتافۆرییە، چونكە وشەی (تام) بۆ واتای راستەوخۆیی و فەرهەنگی بۆ (خواردن) بەكارنەبراوە. بەڵكو واتایەكی میتافۆری وەرگرتووە و بۆ شتێكی مەعنەوی بەكارهاتووە، كە (سەركەوتنە لە پرۆسەی راپەڕین)دا .

٢- (كابوس الظلم) واته (مۆتەکـەی زوڵـم و زۆرداری) دەربڕینێکـی میتافۆرییـە وشـەی (کابوس) بە واتای خۆی بەکار نەهاتووە .

٣- (زرع بذور الفتن) واته (چاندنی تۆوی دووبـەرەکی و ئـاژاوە) (زرع= چـاندن) بـۆ تـۆو دەبێت، کە توانای شین بوونی تێدایە تۆوی ئاژاوە، ناچـێژێ بـە واتـا راسـتەقینەکەی چـونکە توانای چاندنی نییە.

لێرەدا چاندن لەگەڵ تۆوەکە بە واتایەکی میتافۆری بەکارهاتووە. سیمای واتـایی (تـۆو + چاندن) = یەکگرتن

چاندن + تۆو

+ دار

+ رووەك

ئاژاوە — چاندن .

## دووەم: دەقی عەرەبی (کۆمەڵناسی) (طبيعة المدنية)

((ان المجتمع البشري لا يستطيع ان يعيش بالاتفاق وحده . فلابد ان يكـون فيـه شـيء مـن التنازع أيضاً لكي يتحرك الى الامام.و القدماء حين ركزوا انتباههم على الاتفـاق وحـده . انمـا تنظروا الى الحقيقة من وجه واحد و اهملوا الوجه الآخر. فهم بعبـاره اخـرى: قـد أدركـوا نـصف الحقيقة. اما النصف الاخر منها فبقي مكتوما لا يجرأ أحد على بحثه.

ان الاتفاق يبعث التماسك في المجتمع، و لكنه يبعث فيه الجمود أيـضاً. فاتحـاد الافـراد يخلـق منهم قوة لايستهان بها تجاه الجماعات الاخرى و هو في عين الوقت يجعلهم عاجزين عـن التطـور أو التكيف للظروف المستجدة.

ان التماسك الاجتماعى و الجمود توأمان يولدان معاً ومن النادر ان نجد مجتمعاً متماسكاً و متطوراً في آن واحد)) (علی الوردي: ٢٠٠٦: ١٧)

دەقی کوردی: (سروشتی شارستانییەت)

((کۆمەڵی مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا لە رێگەی یەکگوفتاریدا بژی، چـونکە دەبـێ شـتێك لـە ناکۆکیش هەبێ بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوات. پێشینان، کە جەختیان بە تەنیا یـەکگوفتاری کردووە تەوە لەبەر ئەوە بووە، کە تەنیا لەیەك رووەوە سەیری راستیەکانیان کردووە و رووەکەی



دیکەیان چاو لێ پۆشیوە، بە واتایەکی دیکـە ئـەوان تـەنیا نیـوەی راسـتییەکەیان ناسـیوە و نیوەکەی دیکەی بە شاردراوەیی ماوەتەوە و کەس نەیتوانیوە لێی بکۆڵێتەوە.

یەکگوفتاری دەبێتە هۆی یەکگرتنی کۆمەڵ، بەڵام دەبێتـە هـۆی چەقبەستوویـشی، یـەك گرتنی تاکەکان دەبێتە هۆی هێزێکی باش بەرامبەر کۆمەڵانی دیکە و هاوکاتیشدا، وایـان لێ دەکات کە لە پێشکەوتن بوەستن یان نەتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنن.

یەکگرتوویی کۆمەڵ و چەقبەستوویی، جمکی یەکترن و پێکەوە لـە دایـك دەبـن بۆیـە بـە دەگمەن کۆمەڵێکی یەکگرتوو و پێشکەوتوو دەبینن)).

لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا ئەم پەرەگرافە دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە:

**دەقی عەرەبی:**

((و القدماء حين ركزوا انتباههم على الاتفاق وحده. انما تظهروا الى الحقيقة من وجه واحـد واهملوا الوجه الاخر. فهم بعبارة اخرى قد ادركوا نصف الحقيقة اما النصف الاخر منهـا فبقـي مكتوما لا يجرا أحد على بحثه))

١- لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا نووسەر بە پێی رێبازی وشە بە وشـە دەقەکـەی وەرگێڕاوەتـە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە وەرگێڕانی هەندێ زاراوەدا وەك لە وشـەی (اهملـوا)دا بـە واتـای (چاولێ پۆشین) وەرگێڕاوە، بەڵام وشەی (چاو لێ پۆشین) لە زمانی کوردیدا بەرامبەر (تـسامح - سماح)ی عەرەبی دەوەستی، چونکە فرمـانی (چـاو لێ پۆشـین) لـە بـاری ئاگاییدایـە و لـە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە، کە چاوی لێدەپۆشی، کەچی دەکرێت بۆ وشەی (اهملـوا) بـە وشـەی (فەرامۆش کردن یان وەلانان) بەرامبەر بکرێت.

هەروەها لە فرمانی (ادرکوا) وەرگێڕانەکەی بـە وشـەی (ناسـیوە) کـراوە، بـەڵام فرمـانی (ادرکوا) لە (ادرك) هاتووە، واتە (زانین) کەواتە دەبێ لە بڕی (ناسیوە) بکرێ بە (زانیووە) بـۆ ئەوەی واتای دەقەکە تەواوبکات. لێرەدا دەکرێت دەقەکە بەم شێوەیە وەربگیرێت.

- پێشینان، کە تـەنیا لەیـەك رووەوە بـۆ راسـتیەکانیان روانیـوە و رووەکـەی دیکـەیان فەرامۆش کردووە، بە واتایەکی تر ئەوان تەنیا نیوەی راستییەکەیان زانیووە و نیوەکەی تری بە شاردراوەیی ماوەتەوە و کەس نەیتوانیوە لێی بکۆڵێتەوە.

## سێیەم: دەقی عەرەبی (وتاری رامیاری)

((استخدمت الرئيس بوش حقه الدستوري في نقض مشروع قانون المخصصات الاضافية لنفقات الحرب في العراق و افغانستان الذي أقره الكونغرس الاسبوع الماضي و يعارض بوش ما تضمنه مشروع القانون من تحديد موعد للبدء بسحب القوات من العراق و هو ما قالت الاغلبية الديمقراطية في الكونغرس انه تعبير عن رغبة الامريكيين في انهاء الحرب و قال بوش ان تحديد موعد للانسحاب يتعارض مع تقييم القيادة العسكرية الامريكية في العراق)) (التآخي: ٢٠٠٧: ١)

**دةقی کوردی:**

((جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا مافی ڤیتۆی دژی پرۆژە یاساکەی کۆنگریسی تایبەت بە پارەدار کردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق و ئەفغانستاندا بەکارهێنا. لەم کارەشدا جۆرج بۆش رووبەرووی ئەو پرۆژە یاسایە دەبێتەوە کە کاتێکی دیاریکراو بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە هەمبەر بە کۆتا هاتنی جەنگی دادەنێت لە عیراقدا. لەم بارەیەوە گوتی: دیاریکردنی وادەی کشانەوەی هێزەکانمان لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەی فەرماندە سەربازییەکانمان لە عیراقدا یەك ناگرنەوە)). (خەبات: ٢٠٠٧: ٣).

دەکرێت بڵێین لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا وەرگێڕ رێبازی لێکدانەوەیی لە وەرگێڕانەکەیدا گرتووەتەبەر و چەمکی گشتی دەقەکەی وەرگێڕاوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر واتای دەقەکەی لا روونتر بێت، پێویستە وەرگێڕانێك بۆ دەقەکە بکرێت گشت وشە و دەربڕینەکان وەربگێردرێن، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی ئەم وتاردەدا چەندین دەربڕین لەناو دەقەکە باس نەکراون یان بە واتایەکی گونجاو هاوتای بۆ نەدۆزراوەتەوە لەبەر پێویستی لێکۆڵینەوەکە، دەقەکە وەردەگێڕینەوە.

- سەرۆك بۆش مافی ڤیتۆی دژی پرۆژە یاساکەی تایبەت بە خەرجکردنی ئەو پارمەتییانەی بۆ هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق و ئەفغانستان بەکارهێنا، کە هەفتەی رابردوو کۆنگرێسی ئەمەریکی بڕیاری لەسەردابوو، هەروەها بۆش دژی ئەو پرۆژە یاسایەش دەوەستێت، کە کاتێکی دیاریکراو بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە عیراقدا دادەنێن ئەمەش داواکاریی زۆرینەی دیموکراتییەکان بوو لە کۆنگرێس و گوزارشت لە خواستی ئەمەریکییەکان دەکات بۆ کۆتایی هێنانی شەڕ. لەم بارەیەوە بۆش گوتی: دیاریکردنی کاتی کشانەوەی هێزەکانمان لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەی فەرماندە سەربازییەکانمان لە عیراقدا یەك ناگرنەوە.



## چوارەم- وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی:

وەرگێڕ لە وەرگێڕانی هەر دەقێکی ئەدەبیدا: (کورتە چیرۆك، چیرۆك، رۆمان، هۆنراوە، گێڕانەوەی ئەفسانەیی، پەسنکردنی ناوچەیەکی جوگرافی...هتد)، دەبێت ئاگاداری شێوازی نووسینی نووسەری دەقی سەرچاوە بێت، بۆ نموونە: (لە زمانی عەرەبیدا نووسەران چەندین شێواز لە نووسینەکانیان بەکار دەهێنن، وەك:

١- شێوازی کۆن
٢- شێوازی نوێ
٣- شێوازی گران
٤- شێوازی سووك. (عەبدوڵلا عەبدولرەزاق : ٢٠٠٥: ١٤٧).

لێرەدا لەسەر وەرگێڕ پێویستە بچێتە ناخی دەقە سەرچاوەکەوە و باش گشت وێنە هونەری و ئەدەبییەکانی نێو دەقەکە باش بخوێنێتەوە و واتای وشە و دەربڕینەکان چاك روون بکاتەوە. دەتوانێت بۆ ناساندنی هەر وشەیەکیش بچێتەوە سەر فەرهەنگ، بەڵام مافی ئەوەی نییە دەستکاریی واتای وشە و دەربڕینەکانی نێو دەقەکە بکات و دەبێت لە وەرگێڕانی وشەیی دوور بکەوێتەوە بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەقێکی هۆنراوەییدا رەچاوی کێش و سەرواکەی بکات بەپێی زمانی ئامانج وەریبگێڕێت، وەك:

**دەقی عەرەبی:**

(النهر والموت)بدر شاكر سياب
بوَيبُ.. يا بوَيبْ،
عشرون قد مضينَ، كالدُّهور كلُّ عام.
واليوم، حين يطبقُ الظلامْ
واستقرُّ في السرير دون أن أنام
وأرهف الضميرَ: دوحةً الى السَّحَرْ
مرهفة الغصونِ والطيور والثمر-
أحِسُّ بالدِّماء والدموع، كالمطرْ
ينضمُهُنَّ العالمُ الحزينْ
أجراس موتى في عروقي تُرعشُ الرنينْ،
فيدلهُمُّ في دمي حنين.

الى رصِاصة يشق ثلجُها الزُّؤامْ
اعماق صدري، كالجحيمُ يشعل العظام.
أودُّ لو عدوتُ اعْضد المكافحَينْ
أشد قبضتي ثم اصفعُ القدَرْ
أودُّ لو غَرقتُ في دمي الى القرار،
لا حملَ العْبء مع البشرْ
وابعثَ الحياة، إن موَتي انتصار! (بدر شاكرسياب: ١٩٦٩: ١٢٧).

**دەقی كوردی:**

(ڕووبار و مەرگ)
بوەیب...هۆ بوەیب
بیست تێپەڕی، هەر ساتێكی بەهەزاران
ئەمڕۆش، كە تاریكی دادێت
لە جێگەدا، بەبێ نووستن، هەڵدەنیشم
ویژدانم گوێ قولاخ دەكەم پەلكە دارێكی،
لق و باڵندە و بەر گوێ قولاخ تا بەری بەیان
هەست بەخوێن و فرمێسكی وەك باران دەكەم
دونیای خەمبار دەبیرژێنێ
زرنگەی زەنگۆڵەی مەرگ لە دەمارما دەلەرێتەوە
سۆزی لە خوێنما جۆش دەخوا
بۆ گوللەیەك كە بەفری دڕی
قووڵایی سنگم ببڕێ
وەكو دۆزەخ ئێسك و پروسكم داگیرسێنێت
حەزدەكەم غاربدەم پشتی تێكۆشەڕان بگرم
هەردوو مشتم گرمۆڵە دەكەم، مشتێ لە قەدەر دەدەم
حەزدەكەم لە خوێنما نوقوم ببم تا قووڵایی
تا باری گران لەگەڵ مرۆڤدا لە كۆڵ گرم
ژیان ببوژێنمەوە...
مردنم سەركەوتنە. (لەتیف محمد: ١٩٩٧: ٢٥)

## ئەنجام

١- واتای وەرگێڕان تەنیا لە سنووری وشە و رستە سادەکاندا ناوەستێت، بەڵکو لە رستەی لێکدراو، رستەی ئاوێتە، دەق، ئاخاوتن. کەواتە پێکهاتە و کەرەستەی سەرەکی وەرگێڕان بریتییە لە دەق.

٢- هاوتابوونی پێکهاتەکان تەنیا لە ئاستی رێزماندا کارناکات، بەڵکو گشت ئاستەکانی تری زمان دەگرێتەوە، بە تایبەتی واتاسازی .

٣- زمانەوانەکان و تیۆرەکانی وەرگێڕان زیاتر جەخت لە بەکارهێنانی رێبازی واتایی و شیکردنەوەو دوورکەوتنەوە لە رێبازی وشە بە وشە دەکەن، چونکە وشە بە وشە واتای دەقە سەرچاوەکە ناگەیەنێتە زمانی ئامانج.

٤- هەبوونی ستراتیجیەت و ئایدیالۆجییەتی وەرگێڕان لەم پرۆسەیەدا دەوەستێتە سەر شارەزایی و لێهاتوویی وەرگێڕ.

٥- زمانی عەرەبی (سەرچاوە) زمانێکی ناوگرییە و مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێن ئەمەش کاردەکاتە سەر وەرگێڕانی دەقەکە و دروستبوونی ئارێشە لە وەرگێڕاندا

٦- زمانی ئامانج تاڕادەیەك سوود لەواتای فەرهەنگی نابینێت، چونکە فەرهەنگ ناتوانێ گشت واتای وشە و دەربڕینەکانی ناو دەقی زمانی سەرچاوە روون بکاتەوە، بەڵکو پەنا دەباتە بەر دەوروبەر (سیاق)ی گوتن، چونکە لەوەرگێڕاندا ئەم دەوروبەرە رۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانی واتادا دەبینێت.

٧- پێوەندییە واتاییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن و زۆر بە ئاشکرایی دەردەکەون، چونکە هەبوونی هەندێ دیاردەی واتایی و نەبوونی هەندێکی تریان، لەزمانی ئاماندا کار دەکەنە سەر واتای دەقەکە.

٨- یەکێك لە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبی ئەوەیە، کە کاتەکان لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا دەدۆزرێنەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت بەهۆی بەشەکانی ئاخاوتنەوە کات دیاری بکرێت.

٩- لە کردەی وەرگێڕاندا ئەگەر وەرگێر شارەزایی لە ژینگە و کلتووری زمانی عەرەبیدا نەبێت ناتوانێت واتای ئیدیەم و میتافۆڕەکان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕرێت.



## سەرچاوەکان

**یەکەم: بەزمانی کوردی**


١- ئەحمەد دلزار (٢٠٠١) پاشکۆی بیرەوەریەکانم، بەشی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی بیری نوێ، هەولێر.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٣- ---------------- (١٩٨٦) نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

٤- ---------------- (١٩٨٧) لە بواری فەرهەنگ نووسی کوردیدا، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

٥- ---------------- (١٩٩٨) رێزمانی کوردی (ژمارە و کردار)، بەشی چوارەم، بەغدا.

٦- ---------------- (٢٠٠١) رێزمانی کوردی ( وشە سازی) بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٧- ---------------- (٢٠٠٢) بەرهەمە زمانەوانییەکانم، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.

٨- بەکر عومەر عەلی مەعروف (٢٠٠٠) میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩-بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید (١٩٨٩) واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٠- تاهیرە سەففارزادە (٢٠٠٥) بنچینەکانی وەرگێڕان، وەرگێڕانی: قادر وریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١١- جەمال عبدول (٢٠٠٦) فەرهەنگی راگەیاندن، سلێمانی.

١٢- حسێن یەعقووبی (٢٠٠٧) زمان و وەرگێڕان و پێوەندی کلتوورەکان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٣- دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی (١٩٩٨) یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤ - رەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی (١٩٩٨) پەیڕەوی فۆنێمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

١٥- رزگار کەریم (٢٠٠٧) فەرهەنگی دەریا (عەرەبی - کوردی) بەشی دووەم، تهران، نشر احسان، چاپخانەی مەهارەت.

١٦- سەلام ناوخۆش بەکر (٢٠٠٤)، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، لە بڵاو کراوەکانی کتێب فرۆشی سۆران، هەولێر.

١٧- ------------ ( ٢٠٠٧) رێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان، گۆڤاری رامان، خوولی سێیەم، ساڵی یازدە، ژ (١٢٠) هەولێر.

١٨- سەباح رەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرە واتایی لە (گیرەك) دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٩- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٣) رستەو پاش رستە تیۆڕوانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٠- سازان رەزا معین (٢٠٠٥) واتا و دەوروبەر لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٢١- ستیڤن جون گلبەرت (٢٠٠٧) زمانی جەستەی رەنگ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە- کەمال حەسەن، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە.

٢٢- تالب حسێن عەلی (١٩٨٩) فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٣- ------------ (١٩٩٨) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٤- ------------ ( ٢٠٠٢)دیاردەی هاوواتایی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، ژ (١٦) کۆلێجی پەروەردە، هەولێر.

٢٥- ------------ (٢٠٠٥) تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی ، ژ (٢٥) کۆلێژی پەروەردەبۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .





٢٦- عەبدوڵڵا عەزیز محمد بابان (٢٠٠٥) هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٧- عەزیز گەردی (١٩٧٢) رەوانبێژی لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

٢٨- عەبدولرەحمان محمد امین زەبیحی (١٩٧٩) فەرهەنگی زمانی کورد، کۆڕی زانیاری، بەغدا.

٢٩- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥) رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٣٠- غازی فاتح وەیس (١٩٨٣) وەرگێڕانی ئەدەبی، المكتبة الوطنية للطباعة، بغداد.

٣١- کەریم زەند (١٩٧٧) زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، المكتبة الوطنية، بغداد.

٣٢- کەوسەر گەلاڵی (٢٠٠٦) جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣٣- کامل حەسەن عەزیز البصیر (١٩٨١) زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

٣٤- ------------ (١٩٨٥) بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، (دەستەی کورد ) بەرگی سێیەم، کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

٣٥- کلود جێرمان، ریمۆ لۆبلان (٢٠٠٦) واتاسازی، وەرگێڕانی: د. یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

٣٦- کوروش سەفەوی (٢٠٠٥) حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، وەرگێڕانی: رەفعەت مرادی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. سلێمانی.

٣٧- ------------ (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی: دلێر سادق، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣٨- فەرەیدون عەبدول مەحموود (١٩٨٨) نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٣٩-فاضل نظام الدین (٢٠٠٤) فەرهەنگی شیرین، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٤٠- فەتاح مامە عەلی (١٩٨٩) هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٤١ — محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠) گۆڤاری زانکۆ-زانکۆی سلێمانی، بەشی (ب) مرۆڤایەتی، بەرگی (٦)، ژ (٢).
٤٢- ------------ (١٩٨٦) دیسان ئیدیەم پێداچونەوەیەك لە بەر رۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، (دەستەی کورد) بەرگی پازدەهەم، کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.
٤٣- ------------ (١٩٨٩ ) وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ، ژ (١٢٤)، بەغدا.
٤٤- ----------- (١٩٩٠) زمانەوانی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٤٥- مستەفا محەمەد کەریم زەنگەنە (٢٠٠١) رەنگ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لیکسیکی سیمانتیکییە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٤٦- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠٠٧) بکەر نادیار ( لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رووناکبیری هەتاو، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٤٧- هەژار (١٣٦٩) چوارینەکانی خەیام، طهران.
٤٨- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن (٢٠٠٧) چەشنەئەدەبی و رۆژنامە نووسییەکانو رەنگدانەوەیان لە (ژیانو ژین)دا (١٩٣٢- ١٩٥٠) بنکەی ژین، سلێمانی.
٤٩- هۆگر مەحموود فەرەج (١٩٩٣) بوارە واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٥٠- ------------ (٢٠٠٧/١٠/٢٣) دیمانەیەك، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥١- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩) رۆژنامەی ئاسۆ، ژ (١٢٠).
٥٢- -------- (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.



**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

٥٣- ابراهيم انيس (١٩٩٤) من اسرار اللغة، الطبعة الثامنة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة..
٥٤-ابن منظور : لسان العرب، المجلد الثالث عشر، دار صادر، بيروت.
٥٥- ابو هلال العسكرى (١٩٩٢) الفروق في اللغة، القاهرة.
٥٦- احمد مختار عمر (١٩٧٦) دراسة الصوت اللغوي، الطبعة الاولى، عالم الكتب، جامعة الكويت.
٥٧- ---------- (١٣٩٨هـ- ١٩٧٨م) نظرية الحقول الدلالية و استخداماتها المعجمية، مجلة كلية الاداب و التربية، العدد الثالث العشر، جامعة الكويت.
٥٨- ---------- (١٤٠٣هـ– ١٩٨٢م) علم الدلالة، الطبعة الاولى، مؤسسة الخليج للطباعة و النشر، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت.
٥٩- احمد سليمان ياقوت (١٩٨٥) في علم اللغة التقابلي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
٦٠- الفيروز أبادى (٢٠٠٥) قاموس المحيط، رتبه و وثقه، خليل مأمون شيما، الطبعة الاولى، دار المعرفة، بيروت، لبنان.
٦١- آمنة الزغبى، يحيى عبابنة (٢٠٠٥) علم اللغة المعاصر، دار الكتاب الثقافي، الاردن، اربد.
٦٢-أ، ف پالمر (١٩٨٥) علم الدلالة، ترجمة: مجيد الماشطة، المكتبة الوطنية، بغداد.
٦٣- پيتر نيومارك (١٩٨٦) اتجاهات في الترجمة (جوانب من نظرية الترجمة) ترجمة: د.محمود اسماعيل صحيتى، دار المريخ.
٦٤- ترنس هوكز (١٩٨٦) البنيوية وعلم الاشارة، ترجمة: مجيد الماشطة، المكتبة الوطنية، بغداد.
٦٥- جورج مونان (١٩٩٢) المسائل النظرية في الترجمة، ترجمة و تقديم: لطيف زيتونة، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٦٦- ------- (٢٠٠٢) علم اللغة والترجمة، ترجمة: احمد زكريا ابراهيم، مراجعة: احمد فؤاد عفيفي، الطبعة الاولى، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.
٦٧- جون لاينز (١٩٨٠) علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، كلية الاداب، جامعة البصرة.

٦٨- ------- (١٩٨٧) اللغة والمعنى و العقل، ترجمة: الدكتور عباس صادق الوهاب، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٦٩- حلمى خليل (١٩٩٦) الكلمة (دراسة لغوية و معجمية) دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
٧٠- رشيد جميلى (١٩٨٦) حركة الترجمة في المشرق الاسلامي في القرنين الثالث والرابع للهجرة، دار الحرية للطباعة، بغداد.
٧١- ستيفن اولمان (١٩٩٧) دور الكلمة في اللغة، ترجمة: د.كمال بشر، دار غريب للطباعة، القاهرة.
٧٢-سعيد الغانمى (١٩٨٨) مجلة الاقلام، العدد الثالث، دار الشؤن الثقافية، بغداد، العراق.
٧٣- سعيد علوش (١٩٨٤) الترجمات العربية بين المنافقة و المقارنة، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (٥-٦) السنة الرابعة، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، العراق.
٧٤- سميع ابو مغلى، مصطفى الفاز (١٩٩٨) المهارات الاساسية في اللغة العربية، دار الفكر للطباعة، عمان، الاردن.
٧٥- شحدة فارع، د. جهاد حمدان، د. محمد العناني، د. موسى عمايره (٢٠٠٦) مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، الجامعة الاردنية.
٧٦- صبيح التميمى (٢٠٠٣) دراسات لغوية في تراثنا القديم، الطبعة الاولى، دار مجدلاوى، عمان، الاردن.
٧٧- صفاء خلوصى (١٩٥٦) فن الترجمة في ضؤ الدراسات المقارنة، وزارة التربية والاعلام، بغداد.
٧٨- --------- (٢٠٠٠) فن الترجمة، الطبعة الثانية، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.
٧٩- عادل فاخورى (١٩٩٨) اللسانيات التوليدية والتحولية، ط١، دار الطليعة للطباعة و االنشر، بيروت.
٨٠- عبداللة عبدالرازق ابراهيم (٢٠٠٦) الترجمة المبادىء و التطبيقات، دار النشر الجامعات، القاهرة، مصر.
٨١- عبدالباقي الصافي (١٩٧٤) الترجمة بين النظرية و التطبيق، دار المعرفة الحديثة، بصرة، عشار.



٨٢- ----------- (١٩٨٣) نظرية لغوية للترجمة، كلية التربية، جامعة البصرة.
٨٣- عبدالقادر عبدالجليل (٢٠٠٢) علم اللسانيات الحديثة، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر، عمان.
٨٤- عبدالقادر الفاس الفهري (١٩٨٠) اللسانيات و اللغة العربية ودلالية، دار الشؤون الثقافية العامة، (آفاق عربية) بغداد، العراق.
٨٥- عبدالكريم الجبورى (٢٠٠٥) سبيلك الى فن الترجمة (انگليزى- عربي) دار و مكتبة الهلال، بيروت.
٨٦- عزالدين محمد امين (١٩٩٩) التنغيم و النحو، مجلة زانكو، العدد (٤) السنة الثالثة، جامعة صلاح الدين.
٨٧- عزمي اسلام (١٩٨٥) مفهوم المعنى، حوليات كلية الاداب، جامعة الكويت.
٨٨- على زوين (١٩٨٦) منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديث، الطبعة الاولى، بغداد
٨٩- غازي مختار طليمان (٢٠٠٠) في علم اللغة، الطبعة الثانية، دار طلاس، دمشق.
٩٠- فندريس (١٩٥٠) اللغة، ترجمة: عبدالحميد الدواخلى و محمد القاص، مطبعة البيان العربي، القاهرة.
٩١- كارل. ديتر بونتنج (٢٠٠٣) المدخل الى علم اللغة، ترجمة و تعليق: د. سعيد حسن البحيرى، الطبعة الاولى، مؤسسة المختار، القاهرة.
٩٢- كلاوس هيشن (٢٠٠٣) القضايا الاساسية فى علم اللغة، ترجمة: الدكتور سعيد حسن بحيرى، الطبعة الاولى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة.
٩٣- كمال بشر (١٩٧١) دراسات في علم المعنى (سيمانتيك)، ط١، دار المعارف، القاهرة.
٩٤- لويس معلوف (١٩٥٢) المنجد، الطبعة الثالثة عشر، المطبعة الكاثوليكية، بيروت.
٩٥- --------- (١٩٥٦) المنجد، المطبعة الكاثوليكية، بيروت.
٩٦- ماريان لوديرير (٢٠٠١) الترجمة و التأويل، ترجمة: د. محمد نبيل النحاس الحمصى، مجلة التعريب، العدد (٢).
٩٧- --------- (٢٠٠٢) المشكلات العملية في الترجمة، مجلة ترجمان، المجلد (١١)، العدد (١)

٩٨- محمد الديداوى (٢٠٠٥) منهج المترجم (بين الكتابة والاصطلاح والهواية والاحتراف) الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب.

٩٩- محمد حسن يوسف (١٤٢٦هـ- ١٩٩٨م) كيف تترجم ؟، الطبعة الاولى، الجامعة الامريكية، الكويت.

١٠٠- محمد حسين على صغير (١٩٨٨) تطور البحث الدلالى، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية (مطبعة العاني) بغداد.

١٠١- محمد على الخولى (١٩٩٠) الاصوات اللغوية، دار فلاح للنشرو التوزيع، سويلح، عمان الكبرى، الاردن.

١٠٢- محمود السعران (١٩٩٩) علم اللغة: مقدمة للقارىء العربي، دار الفكر العربي، القاهرة.

١٠٣- ممدوح محمد خساره (٢٠٠٣) قضايا لغوية معاصرة، الطبعة الاولى، دار الوطنية الجديدة، دمشق، سوريا.

١٠٤- منقور عبدالجليل (٢٠٠١) علم الدلالة (اصوله و مباحثه في التراث العربي ) من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١٠٥- مهدى اسعد عرار (٢٠٠٢) جدل اللفظ و المعنى (دراسة في دلالة الكلمة العربية) الطبعة الاولى، دار وائل اانشر، عمان، الاردن.

١٠٦- ناديه رمضان النجار (٢٠٠٤) اللغة و انظمتها بين القدماء والمحدثين، مراجعة و تقديم، د. عبده الراجحى، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية.

١٠٧- ------------ (٢٠٠٦) ابحاث دلالية ومعجمية، القسم الثاني، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.

١٠٨- نبيل ابو حلتم، نظمى الجمل، نبيل الزين، زهدي ابو خليل (٢٠٠٥) موسوعة علوم اللغة العربية، دار السلام، عمان، الاردن.

١٠٩- نور الهدى لوشن (١٩٩٥) علم الدلالة (دراسة وتطبيقا) ط١، جامعة قاريونس، بنغازى.

١١٠- نوزاد حسن احمد (١٩٨٧) تأثير اللغة العربية في اللغة الكردية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد.





١١١- هاشم طه شلاش واخرون (١٩٨٩) المهذب في علم التصريف، وزارة التعليم العالي و البحث العلمى، جامعة بغداد.

١١٢- يوجين.آ. نيدا (١٩٧٦) ترجمة: ماجد النجار، وزارة الاعلام، الجمهورية العراقية.


**سێیەم: بە زمانی فارسی:**


١١٣- پيتر نيومارك (١٣٨٢) دوره آموزش فنون ترجمه ويژه كارشناسى و كارشناس ارشد، مترجمان: دكتر منصور فهيم و سعيد سبزيان مراد ابادى، تهران، رهنما.

١١٤- حسن عميد (١٣٦٤) فرهنك فارسى عميد، جلد اول (آ- د) مؤسس انتشارات امير كبير، چاپ ششم، تهران.

١١٥- محمد غضنفرى (١٣٨٣) جلوه‌هاى از بازتاب ايدئولوژى در ترجمه، مترجم (٣٨) سال سيزدهم.

١١٦- محمد مهدى حيدر پور (١٣٧٣) نقش زبان شناشى در ترجمه و عبور ترجمه‌هاى مذهبى از صافى آن، نامى دكتورا، دانشگاه فردوسى مشهدى، دانشكده ادبيات و علوم انسانى.

١١٧- يار محمدى (١٣٨٣) مترجم (٣٨)، سال سيزدهم.


**سەرچاوەی نموونەکان:**

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**


١١٨- ئێرنست هێمنگوایی (١٩٨٢)پیرەمێرد و دەریا و: شێرکۆ بێکەس، وەزارەتی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١١٩- بەحری برادۆستی (٢٠٠٦) چەند وێستگەیەك لە نووسینەوەی دەستووری فیدرالی بۆ عیراق، چاپەمەنی شەهاب، هەولێر.

١٢٠- جاری جیهانی مافی مرۆڤ (٢٠٠٦) حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ.

١٢١- رۆژنامەی خەبات (٣/ ٥ /٢٠٠٧)، ژ (٤٤٢٧)، هەولێر.

١٢٢- رۆژنامەی كوردستانی نوێ (١١/٢٠ / ٢٠٠٧)، ژ (٢٤٨٣)، سلێمانی.

١٢٣- گۆڤاری توێژینەوە (٢٠٠٦)، ژ (٧)، هەولێر.

١٢٤- گۆڤاری رامان (٢٠٠٧)، ژ (١١٩)، هەولێر.

١٢٥- گۆڤاری كاروان (٢٠٠١)، ژ (١٥٤)، هەولێر.

١٢٦- ---------- (٢٠٠١)، ژ (١٥٥)، هەولێر.
١٢٧- ---------- (٢٠٠١)، ژ (١٥٩)، هەولێر.
١٢٨- ---------- (٢٠٠١)، ژ (١٦٠)، هەولێر.
١٢٩- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ (٢٠٠٧)، ژ (٤٤)، سلێمانی.
١٣٠- گۆڤاری وەرگێڕان (١٩٩٨)، ژ (٢)، هەولێر
١٣١- نیکۆس کازانتزاکی (١٩٨٢) برا کوژی، و: عەبدولکەریم شێخانی، چاپچانەی علاء، بەغدا.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١٣٢- احمد هنداوى هلال (٢٠٠٥) المجاز اللغوي في لسان العرب لابن منظور (دراسة بلاغية و تحليلية)، الطبعة الاولى، مكتبة وهبة، القاهرة.
١٣٣- اللغة العربية للصف الرابع الاعدادي (٢٠٠٦) ط١، مطبعة عبدالصمد، وزارة التربية، حكومة اقليم كوردستان، العراق.
١٣٤- المعجم العربي الاساسي للناطقين بالعربية و متعليمها (١٤٠٨هـ- ١٩٨٨م) تأليف واعداد جماعة من كبار اللغويين العرب، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم، تونس.
١٣٥- بدر شاكر سياب (١٩٦٩) انشودة المطر، دار مكتبة الحياة، بيروت.
١٣٦- توفيق محمد شاهين (١٩٨٠) المشترك اللغوي (نظرية و تطبيقا) الطبعة الاولى، مكتبة وهبة، القاهرة.
١٣٧- جريدة الاتحاد (١٩/١١/ ٢٠٠٧) العدد (١٧٠٧) السنة السادسة عشر، السليمانية.
١٣٨- جريدة التأخى (٣/٥/٢٠٠٧) العدد (٥٠١٩) الدورة الثالثة، دار التأخى للطباعة والنشر، بغداد
١٣٩- حاكم المالك لعيبى (١٩٨٠) الترادف في اللغة، وزارة الثقافة و الاعلام، الجمهورية العراقية.
١٤٠- سعيد حسن بحيرى (٢٠٠٢) علم لغة النص المفاهيم و الاتجاهات، مؤسسة المختار، مصر الجديدة، القاهرة.
١٤١- صناعة المعجم العربى لغير الناطقين بالعربية (١٩٨١) ابحاث دورية التدريبية، الرباط، المملكة المغربية.
١٤٢- فؤاد حمه خورشيد (١٩٨٣) اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، االمكتبة الوطنية، بغداد.
١٤٣- مجلة العربي (٢٠٠١) العدد (٥١٦) مكتب العربي في الكويت.



**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- Bell, R.t (1993) Translation and Translating. Theory practice: London: Longman Press.
2- Cat Ford, J.C (1980) Linguistic Theory of Translation: London: Oxford University Press.
3- Cruse, D.A (1986) Lexical semantics: Cambridge, Cambridge University Press.
4- Crystal, D (2003) A Dictionary of Linguistics and phonetics , $5^{thd}$ , Blackwell publishing.
5- Fattah.M.M (1997) A Generative grammar of Kurdish: University of Amsterdam Unpublished Doctoral Dissertation.
6- Fromkan, V and Rodman, and Mams (2003) An Introduction to Language, 7thd, Thomson Heinle: Australia.
7- Hathim, B and Mason, L (1990) Discourse and the Translator: Longman: London
8- Hatim, B and Munday. J (2004) Translation An advanced resource: Rutledge: London.
9- Jeffries, L (2006) Discovering Language: Polgrove Macmillan: New York.
10- Larson, M.L (1984) Meaning – based translation a guide to cross Language equivalence: London: All university press of America books.
11- Leech, G (1975) Semantics: Harmon worth: Pengain.
12- Löbner, S (2002) Understanding semantics: London: Oxford University press.
13- McCarus, E. N (1954) A Kurdish grammar Descriptive analysis of The Kurdish of Sulaimaniya , Iraq: New York.
14-Munday, J (2001) Theories and Applications : London; Rutledge.
15- Peter, N (1988) Text book of Translation: London: prentice Hall
16- Yule, G (2006) The study of Language: New York: Cambridge University press.
17- Said. Net./doat/ has n/ 42 him 2006.
18- www. Arabs wata. Arg 2002/ 03 /07.
19- www. Philamoroc.com
20- www. Irqiuriter Sunion.com

## فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| Syntagmatic | ئاسۆیی |
| Signifier (Referent) | ئاماژە بۆ کراو |
| Intonation | ئاوازە |
| Idiom | ئیدیەم |
| Antonymy | پێچەوانەیی |
| fusional | ناوگری |
| Reference Theory | تیۆری ئاماژە |
| Behavioral Theory | تیۆری ڕەفتاری |
| Distinguisher | جیاکەرەوە |
| Isolating | دابڕاو |
| Metonymy | درکە |
| Converseness | دژواتای بەرامبەری |
| Ungradable | دژواتای بێپلە |
| Gradable | دژواتای پلەدار |
| Complementarity | دژواتای تەواوکەری |
| Deep Structure | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Surface Structure | ڕۆنانی سەرەوە |
| Target  Language | زمانی ئامانج (مەبەست) |
| Source Language | زمانی سەرچاوە |
| Transfer Strategy | ستراتیجیەتی گۆڕین |
| Paradigmatic | ستوونی |



| | |
|---|---|
| Polysemy | فرەواتایی |
| Analytical Skill | کارامەیی شیکاری |
| Writing Skill | کارامەیی نووسین |
| Hyponymy | گرتنەوە |
| Metaphor | میتافۆر |
| Stock Metaphor | میتافۆری پواو |
| Cliché Metaphor | میتافۆری کۆن |
| Recent Metaphor | میتافۆری نوێ |
| Naming Theory | تیۆری ناولێنان |
| Proper nouns | ناوی کەس |
| Agglutinative | لکاو |
| Punctuation | نیشانەی خاڵبەندی |
| Grammatical Marker | نیشانەی ڕێزمانی |
| Semantic Marker | نیشانەی واتایی |
| Equivalence | هاوتا بوون |
| Functional Equivalence | هاوتا بوونی ئەرکی |
| Dynamic Equivalence | هاوتابوونی داینامیکی |
| Formal Equivalence | هاوتا بوونی رووخساری |
| Homonymy | هاوبێژی |
| Synonymy | هاوواتایی |
| Complete Synonymy | هاوواتایی تەواو |
| Partial Synonymy | هاوواتایی ناتەواو |
| Thought | هزر |

| | |
|---|---|
| Stress | هێز |
| Secondary Stress | هێزی دووەم |
| Weak Stress | هێزی سێیەم |
| Symbol | هێما |
| Generative Semantics | واتاسازی بەرهەم هێنان |
| Direct meaning | واتای حەقیقی |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| Transferred meaning | واتای مەجازی |
| Consecutive Translation | وەرگێڕانی دوابەدوایی |
| Reproduction Translation | وەرگێڕانی بەرهەم هێنان |
| Full Translation | وەرگێڕانی تەواو |
| Partial Translation | وەرگێڕانی ناتەواو |
| Recreat Translation | وەرگێڕانی داهێنان |
| Oral interpretation | وەرگێڕانی زارەکی |
| Total Translation | وەرگێڕانی سەرتاپا |
| Restricted Translation | وەرگێڕانی بەندکراو |
| Précis Translation | وەرگێڕانی کورتکراوە |
| Written Translation | وەرگێڕانی نووسراو |
| Assimilation rules | یاساکانی توانەوە (گونجان ) |
| Metathesis rules | یاسای دەنگگۆڕکێ |
| Addition rules | یاسای زیاد کردن |
| Deletion rules | یاسای لەناوچوون (لابردن) |



## ملخص البحث

تضمن البحث الموسوم (الترجمة والمعنى) دراسة في الترجمة المباشرة المتعلقة بالتراكيب اللغوية للمصدر (اللغة العربية) و لغة الهدف (اللغة الكردية) بالآخص في ترجمة النصوص ضمن اطارها السياقي الذي يؤدي الى تغير معنى النص في اللغتين.

الترجمة كطريقة لـ (التفاهم والتقارب) كانت مدار البحث و الدراسة من قبل اللغويين أما اللغةالكردية فلم نجد دراسة خاصة و مستفيضة لبيان الجوانب الخفية للمعنى في هذا الاتجاه و تحليلاته لذا كان اختيارنا لهذا الموضوع.

يتكون البحث من مقدمة و اربعة فصول :

في الفصل الاول ذكر البحث المفهوم و نظريات الترجمة و مشاكلها في المستويات اللغة كتهيئة للآرضية لازمة للمباحث التالية، و فيه ذكر لمفهوم الترجمة و أراء بعض اللغويين و النظريات التي وضعت في هذا السياق كنظرية (سوسير، فيدروف) كذلك خصص محوران أخران في ستراتيجية و ايدلوجية الترجمة عند مفهوم التطابق فيها.

الفصل الثاني خصص للمعنى و انواع الترجمة و التحليلات الدلالية للكلمة و الجملة و دورهما في تغير المعنى عند عملية الترجمة. كما ذكر بصورة مختصرة انواع النظريات الدلالية و انواع الترجمة و النظريات الشائعة فيها كنظرية (كات فورد، جاكبسون، نيو مارك)

الفصل الثالث عالج مشاكل دلالة المعنى في الترجمة فقد ذكر فيه مشاكل المعنى عند الترجمة و التى من ابرزها (المعنى المعجمي، التعابير الدلالية، المصطلحات، الكناية، المشترك اللفظي، الترادف، الغموض الدلالي، التضاد، ا لتلوين اللغوي، النبر، التنغيم، علامات الترقيم) في تغيير المعنى عند الترجمة.

الفصل الرابع وقف عند تطبيقات الجملة و النصوص عند الترجمة ضمن مبادئها من لغة الصدر (العربية) الى لغة الهدف (الكردية) موضحاٌو محللاً و مترجماً لنصوص مترجمة مؤكدا أهداف رئيسة تواجه الترجمة هذه و لاتقف عند حدود ترجمة الكلمة أو الجملة بل تتعداهما الى السياق اللغوي المراد و الهدف الكامن من الترجمة.

وهناك ثبت لنتائج البحث و مصادره.

# Abstract

This M.A. talks about the relationship between translation and meaning. It is a semantic study directly connected to the structures of the Sourse language (Arabic) and Target language (Kurdish) concerning translation the text due to the envivonment-context which causes the change of the meaning of the text in both languges.

Brushing aside the introduction and conclusion the present thesis comprises four chapers.

The first chapter covers the concept, theories of translation and the problems of translation in the levels of languge. This is just an in troduition and it is a theortical part. This chapter talks generally about the concept of translation .It presents some linguists views about translation. The following theories have been shown: Saussure, Anderi fedorov.

This chapter deals with the strategy and ideology of translation with the concept of the equivalence in translation as well.

The second chapter devoted to the meaning and the types of translation .In This chapter the concept of meaning analysing the meaning of word, sentence and their roles in changing the meaning in the process of translation has been dealt as well. Furthermore it talks briefly about the types and theories of meaning and the types of translation and common theories: Cat ford, Jakobson, Newmark.

The third chapter devoted to the problems of meaning in translation This chapter is the core of the study It covers the following topics ,Lexical meaning, Semantic expression, Idiom, Synonymey, Homonyney, polysemy, oppositioness of meaning, Hyponemy. In addition, it talks about the stress, intonotion and the role of punctuation in changing the meaning in the translation.

The fourth chapter devoted to the application of the sentences and text in translation. This chapter, the translation from the Source language Arabic, in to the Target language Kurdish due to the model of translation has been shown. It covers as well the translating of some texts and explaining the meaning of them in the translated text in the Target language.